سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە
لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ

هاوکاری

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

وە لەماوەی قۆناغی داهاتودا ، پێویستی زیاتر قوڵ کردنەوەی ژیانی دیموکراتی ئەسەلمێنین بەپێی بریارەکانی کونگرەی قوتری هەشتەم ، دیسان پێویستە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز موقعی زیندوی لەژیانی دیموکراتیماندا بگرێ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەرکانەی کە پەیمانی کاری نیشتمانی دیاری کردوە .

سەرۆك احمد حسن البكر

● چوارشەممە ٨ی ئەیلولی ١٩٧٦ ژمارە (٣٣٤) ●

● الاربعاء : ٨ أيلول ١٩٧٦ العدد (٣٣٤) ●

گۆڕانێکی پڕ لە مەترسی لە شەڕی لوبناندا

سەروتار :

ڕەخنە و ڕێبازو بەرپرسیاری بنیات نانی نیشتمانی

داوای بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لە کۆبونەوەی بەرینی لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو لیژنەکانی بەرە لە پارێزگاکاندا بۆ بەرەپێدانی کارتێکردنێکی کاریگەر لە نێوان لایەنەکانی بەرەدا وەلامدەری پێداویستیەکانی ئێستاو دواڕۆژی خەباتە بۆ بەرەنگار بونەوەی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو بەرەپێدانی خەباتی نیشتمانی لە پێناوی دروستکردنی سوشیالیزمو قوڵترکردنی دەستکەوتەکانی شۆرشدا .

ئەو داوایە بایەخێکی تایبەتی هەیە بە هۆی ئەو هەڵو مەرجە ئەسکەوە کە کەلی ئێمەو بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی عەرەب بە شێتی پێیدا دەڕواو بەهۆی هەوڵو تەقەلای ئیمپریالیزمو زایۆنیزمەوە بۆ ئەوەی مەلبەندەکەمان بکەنەوە ناوچەی دەسەلاتی ئیمپریالیزم .

لە هەڵو مەرجی توندبونی پیلانگێڕانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم لە ناوچەدا کە هێندێك ڕێژیمی عەرەبیو لە پێش هەمویانەوە ڕێژیمی لادەری سوریا بوە ئامێرێك بۆ لێدانی دەستکەوتە رزگاریخوازیەکانمان و بۆ سەباندنی چارەسەری پاك کەرەوە (التصفوية)ی مەسەلەی فەلەستین ئالەم هەڵو مەرجەدا زۆر پێویستی بەبەرەپێدانی کاری بەرەیی عەیەو داوا دەکا باشتر بزانین بۆ خۆراگرتن و پاراستنی دەستکەوتەکانی جەماوەر چیمان پێویستە .

ڕاستی و دروستی ڕێبازی بەرەیی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو هەوڵدانی بەردەوامی بۆ قوڵترکردنی هاوپەیمانەتی نیشتمانی هەمو ڕۆژی لە بەردەوامبونو بەرەسەندنی نەخشو پیلانەکانی ئیمپریالیزمدا دەردەکەوێ کە دەیەوێ دەستکەوتە نیشتمانیەکانمان کەم بکاتەوەو لادانێکی کشتی لە نیشتمانی عەرەبدا دروست بکات .

بەرەی نیشتمانی بەلای حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە ئەنیا چەکێك نیە لە دژی مەترسیو هەرەشەی ئیمپریالیزم ، بەلکە ڕێبازێکی ئەکۆراوی حیزبە بەمەبەستی کۆکردنەوەی هێزی کۆمەلانی دلسۆزو دەستە بەرکردنی بەشدار بونیان لە ئاڵو کۆزەکانی وڵاتی ئێمەدا بە پێی بۆچونو ئاقیکردنەوەی خۆیان .

باش تێپەڕبونی هەشت سال بەسەر شۆرشو دەستکەوتە پێشکەوتوانەکانیدا ئێستا زیاتر لە هەمو کاتێك پێویستی بەهێزکردنی پێیوەندی بەرەیی و بترکردنی کاریگەربونی ئەو پێوەندیە لە بنیاتنانی شورشگێرانەداو لە دابین کردنی یەکیەتی جەماوەری هاوپەیمان بەرابەرایەتی حیزبی سەرکردەدا بۆ ریشە دارکردنو پاراستنو بەرەپێدانی ئاڵو کۆزە ئابوریو کۆمەلایەتیەکان خۆی دەنوێنی .

شتێکی سروشتیە کە لە کاری ڕۆژانەداو لە جێبەجێ کردنی هەنگاوە شۆرشگێریەکانداهەلە دەربکەوێ . هەر بۆیە بەریز جێگر سەلاندی کە گیانی ئیجابیو بنیاتنەرو بەکار هێنانی ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن مافو ئەرکی هەمو لایەنە نیشتمانیەکانە بۆ قوڵترکردنی دەوری خۆیانو بەشدار بونیان لە بنیات نانی کۆمەڵداو لە پاراستنی کۆمەل لە مەترسیو هەرەشەی ئیمپریالیزمدا .

ڕەخنە ئەنیا هۆیەکی ڕواڵەتی نیە بۆ بەکار هێنانی دیموکراتی ، بەلکە بەشداریەکی دلسۆزانەی هەمو لایەنەکانە بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەکانو خۆش کردنی ڕێبازو کەم کردنەوەی زەرەرو زیانی ئەو هەڵەو چەوتیانە کە لە کاتی جێبەجێ کردنداا ڕو دەدەن .

فرەوان بونەوەی ئەلقەی بەشداری لایەنە نیشتمانیەکان لە پال پێوەنانی ڕەوتی پێشکەوتنداا ، و بەشداربون لەسەرخستنی هەنگاوە پێشکەوتنخوازیەکانی سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆرش لە هەمو

بروانە ل : ٦

هاوڕێ صدام بەشداری کۆڕێکی دەکا دەربارەی بەرهەم

ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوێنی بەیانی لە یەکەم کۆبوونەوەی کوڕی تایبەتی لیکولینەوەی هویەکانی نزم بوونەوەی بەرهەم بەشداری کرد .

جێگری بەرێز داوای لەسەرۆکایەتی کۆڕەکە کرد کە کۆبونەوەکانی بەکراوەی بمێنێتەوە خۆی بەو دوو ڕۆژەوە نەبەستێتەوە کە دانراوە تاکوو بتوانێ بگەنە ئەنجامی ئیجابی وە دانانی چارەسەری بنەڕەتی دیاردەی نزم بوونەوەی بەرهەم .

لەم کوڕەدا چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش وە چەند ئەندامێ لە عەاوڕێیانی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەبو وەزیرەکانو سەرۆکانی دەزگا بەرهەمهێنەرەکانو سەرۆکو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی ئشت نەقابەکانی کرێکاران و مەکتەبی مەرکەزی حزبو سەروکی یەکێتی پیشەسازانەکانی عیراق بەشداریان کرد .

ئەم کوڕە لە هویەکانی دەرەوەو بۆسەرئەو یاسادانانەی بۆ کارکردن کراون وەسیستەمی سیاسیو ڕێکخستنی ئەقابی و باری کۆمەڵایەتی چینی کرێکاران . هەروەها لیکولینەوە لە پەیوەندیەکانی بەینی لایەنە بەرهەمهێنەرەکانو دەوری چینی کرێکاران لەجێبەجێ کردنی نەخشەی کەشە سەندنداا وە جی بەجێ کردنی یاساکانی کار .

سەختترین شەڕو کوشتار لە لوبناندا

بیروت -٦- ئاژانسەکان :

چۆنیتی ئیستای لوبنان کەوتۆتە بارێکی ناخۆش و ئاڵۆزەوە کە لە ماوەی ١٧ مانگی ڕابوردوا بەو جۆرە نەبوە ، کوشتارێکی بێشومار کەوتۆتە ناوچەکانی الجبل و زنجیرەلێکدان و تەقەو کوشتاریك بیروتو دەوروبەری و ژوروو خواروی گرتۆتەوە کە سەرەتای شەڕێکی سەروماڵی لە هەمولوبنانا تیا بەدی ئەکرێ .

دەقی هەردوو وتارەکەی هاوڕێ صدام حسین لە بەردەم ئەنجومەنی گەلی پارێزگای "تأميم" و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی نۆتۆنومی

لە ڕۆژانی نێوان ٥ - ٨ی مانگی تەموزی ڕابوردوا هاوڕێ صدام حسین جێگری ئەمینداری ئەنجومەنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و سەرۆکی لیژنەی بالای کاروباری ژوروو ، لەسەردانەکەیا بۆ ناوچەی نوتونومی چاوی بە کەلێك لە لیژپرسراوان کەوتوە لەناوچەی نوتونومیو هەردو پارێزگاکەو لەگەل ڕۆلەکانی گەلا کۆبۆنەوە لەگەلیانا دواوە .

لەو بینکەیشتن و چاوپێکەوتنەگرنگانەدا کە بە ڕاستی و ئاشکرا دواوە هاوڕێ جێگر لە ئەل ئەنجومەنی گەلی لە شاری کەرکوك لە بارێزگای ئەنبار و ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی نوتونومی کۆبۆنەوە .

دەقی وتارەکە لە لاپەڕەکانی (٢ و ٣ و ١٠)دا ئەخوێنیتەوە

فەلەستین بوو بە ئەندامی جامیعەی وڵاتانی عەرەب

باش نیوەڕوی ڕۆژی سێ شەممە ڕابوردو بەپۆنەی هەل کردنی ئالای فەلەستینەوە لە جامیعەی وڵاتە عەرەبەکاندا لە بارەگاکەدا ئاهەنگێکی گەورە کراوە ، لە هەل کردنی ئەو ئالایەدا حبیب الشرتی وەزیری دەرەوەی تونس بەشداری کردوە لەبەر ئەوەی کە سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجومەنی جامیعەکەیە هەروەها محمود ریاض ئەمینداری گشتی جامیعەکەو وعبدالمحسن ابومیزر ئەندامی لیژنەی ڕێکخەری ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینو جمال الصورانی بەڕێوەبەری مەکتەبی ڕێکخراوەکە لە قاهیرە بەشداریان کردوە ، وە لە ئاهەنگەکەدا وەزیرانی دەرەوەی عەرەب ، ئەوانەی لە کۆبونەوەکانی شەستو شەش هەمینی خولی ئەنجومەنی جامیعەکەدا بەشداری ئەکەن ، لەگەل بالوێزە باوەڕپێکراوەکانی عەرەب لەئەمینداریتی گشتیدا بەشداریان کردوە ..

ئەوەی شایانی باسە لیژنەی سیاسی کۆبونەوەی دەورەی ٦٦ی ئەنجومەنی زانکۆی دەولەتە عەرەبیەکان ڕۆژی دووشەممە موافەقەتی کرد بۆ وەرگرتنی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی وەك ئەندامی تەواو لە زانکۆی عەرەبیدا .

بەمە ڕێکخراوی رزگاری دەبێتە ئەندامی بیستو یەکەمی زانکۆکە .

جنبلاط چاوی بە هاوڕی عبدالرحیمو دوکتور حبش کەوتوە :

لە لایەکی ترەوە کمال جنبلاط سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی ناوەندی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان ئەمڕۆ چاوی بە هاوڕێ عبد الرحیم احمد ئەمینداری بەرەی رزگاری دەری عەرەبیو دوکتۆر جورج حبش ئەمینداری گشتی بەرەی گەلی بۆ رزگاری فەلەستین کەوتوە .

بروانە ل : ٦

ڕێژیمی سوریا لەگەل دوژمندا سەبارەت بە یەکبوون ڕێك ئەکەوێ

خاکی زەوتکراو : ئا.د.ع :

ئەفسەرێکی هێزەکانی دەولەتان ، لە بارزاییە داگیرکراوەکانی سوریا ئەوەی سەلماندوە . کە ڕێژیمی لەڕێ لادەری دیمەشق لەسەر ئەوەموافەقەتی کردوە لەسەر ناوبراو بە یەك خستنەوەی خێزانەکانی ناوچەی سەرسنووری نێوان فەلەستینی داگیرکراوو سوریا .

ڕادیوی دوژمن کە دوێنێ ئەم هەوالەی بڵاو کردەوە باری سەرنجی وا دەبری کە ڕێکەوتنی تایبەتی لەم بارەیەوە لە ماوەی دوو هەفتەداچێبەجێ ئەبێ .

نوێنەرانی شۆڕشی فەلەستین و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان لە بارەی عەسکەری و سیاسی ئەکۆڵنەوە

نوێنەرانی شۆڕشی فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان پیری کۆبونەوەیەکی بەردەڕێیان کرد بۆ لێکۆڵینەوەی باری سیاسیو عەسکەریو ئاڵو کۆزەکانی تەنگ و چەڵەمەی لوبنان .

لەم کۆبونەوەدا یاسر عرفات دەری فەلەستینو کمال جنبلاط سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی ناوەندیو ژمارەیەك لە سەرکردەکانی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانو ابو ماهرو ابو مازن ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بزوتنەوەی « فتح » کە لە دمشق هاتبونەوە ئامادەبون .

زانراوەکە لەو کۆبونەوەدا پێشنیارەکانی ڕێژیمی سوریا بۆ وەستاندنی شەڕ لە لوبنانو بەناو ڕێکەوتنەوەی بەرگری فەلەستینو ڕێژیمی سوریا باس کراون .

سەرچاوەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی گوتویانە پێشنیارە تازەکان تەنیا هەوڵدانێکن بۆ بوژاندنەوەی ڕێکەوتنەکەی پێشوی دمشق و بۆ وەدی هێنانی ئەو شتانەی کە ڕێژیمی دمشق لە باری عەسکەریەوە بەدەستی نەهێناون ، لە ڕێگای سیاسیەوە .

ڕێژیمی سوریا لە بروبیانو دەگەڕێ

هەروەها گوتویانە هیچ ئوزانێك لە بارەی ڕوداوەکانی لوبنانەوە بەسەر هەڵوێستی ڕێژیمی سوریادا نەهاتوەو لوبنان لە نێوان شارەکانی طرابلس و زغرتادا بێتەی سەندوە ، گۆشەگیرەکان بە پشتیوانی هێزەکانی ڕێژیمی سوریا ئەیانەوی ڕێگای ژوروی لوبنان بۆسەر ستوری سوریە لە ژوروی ڕۆژهەڵاتەوە یکەنەوە .. وە لەبەر ئەمەیە کە بەلاماری هەمو مەلبەندە نیشتمانیەکان ئەدەن بۆ ئەوەی دابەشکردنی جوگرافیایی بەدێبهێنن تەنانەت ئەگەر هەمو هەوڵدانو بڕۆژەیەك لە بارەی کوتایی هێنان بە کێروگرفتی لوبنان سەرنەگرێ .

● خۆ ورچ کردنەوە بۆ بەلاماریکی فراوان بۆسەر مەلبەندە نیشتمانیەکانی خواروی لوبنان .

ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەر بڵاوی کردۆتەوە کە هێزی گۆشەگیرەکان بە هاریکاری لەگەل هێزەکانی ڕێژیمی سوریادا ئیستا خۆیان بۆ بەلامارداننکی فراوان ئورچ کردۆتەوە کە بەلاماری بەرەکانی صیدابدەن لە خواروی لوبناندا بۆ ئەوەی ڕێگای نێوان شارەکانی صیداو صور ببڕنو ئەیەلن یارمەتیو کەرەسەی خواردنو ئاژوقە بگاتە هێزە نیشتمانیەکان لەو ناوچەیەدا ، وە لەبەر ئەمە پێری هێزەکانی ڕێژیمی لادەری سوریا ناوچەی جزینو شاری روم لە ڕۆژهەڵاتی صیداو مەلبەندی هێزە نیشتمانیەکانی گەم کردی تۆپ باران کردوە .

بروانە ل : ٦

● شەڕی خوێناوی بە درێژی لە بەرەکانی بیروتەوە ناگەیەنێ الجبل

ئاژانسی دەنگوباسی یونایتدپریس وتویە هێزە هاوبەشیەکانو هێزەکانی تاقمە گۆشەگیرە کە بە درێژایی نێوان بیروتو عیون السیمانو شارەکانی عینطورەو المتین لە چیای لوبناندا کەوتونەتە شەڕەوەو هەمو جۆرە چەکێکیان بەکارهێناوە بە تایبەتی تۆپی گەورەو تانکو موشەکی زەویبو .

هەوالەکان ئەڵێن تا ئیستا شەڕی وا گەرمو خوێناوی لە هیچ شوێنێکی لوبناندا نەبوە ، چونکە پالەپەستۆو هەمو کردارو زەبرو لێدانێکی ئەسکەری ئیستا کەوتۆتە ناوچەکانی الجبلو گوندەکانی ناوچەکە توپباران کراون .. بەڵام هێزە هاوبەشەکان توانیویانە لەم شەڕەدا زیانێکی زۆر لە گۆشەگیرەکان بدەن .

● درێژەکێشانی شەڕەکە لە ژوروی لوبناندا

ئاگری شەڕەکە لە ژوروی شارەکانی طرابلس و زغرتادا بێتەی سەندوە ، گۆشەگیرەکان بە پشتیوانی هێزەکانی ڕێژیمی سوریا ئەیانەوی ڕێگای ژوروی لوبنان بۆسەر ستوری سوریە لە ژوروی ڕۆژهەڵاتەوە یکەنەوە .. وە لەبەر ئەمەیە کە بەلاماری هەمو مەلبەندە نیشتمانیەکان ئەدەن بۆ ئەوەی دابەشکردنی جوگرافیایی بەدێبهێنن تەنانەت ئەگەر هەمو هەوڵدانو بڕۆژەیەك لە بارەی کوتایی هێنان بە کێروگرفتی لوبنان سەرنەگرێ .

● خۆ ورچ کردنەوە بۆ بەلاماریکی فراوان بۆسەر مەلبەندە نیشتمانیەکانی خواروی لوبنان .

ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەر بڵاوی کردۆتەوە کە هێزی گۆشەگیرەکان بە هاریکاری لەگەل هێزەکانی ڕێژیمی سوریادا ئیستا خۆیان بۆ بەلامارداننکی فراوان ئورچ کردۆتەوە کە بەلاماری بەرەکانی صیدابدەن لە خواروی لوبناندا بۆ ئەوەی ڕێگای نێوان شارەکانی صیداو صور ببڕنو ئەیەلن یارمەتیو کەرەسەی خواردنو ئاژوقە بگاتە هێزە نیشتمانیەکان لەو ناوچەیەدا ، وە لەبەر ئەمە پێری هێزەکانی ڕێژیمی لادەری سوریا ناوچەی جزینو شاری روم لە ڕۆژهەڵاتی صیداو مەلبەندی هێزە نیشتمانیەکانی گەم کردی تۆپ باران کردوە .

بروانە ل : ٦

کونگرەی بەرزی بینج قولی ئەفەریقایی کوتایی هات

دوێنی کونگرەی بەرزی بینجقولی سەرۆکە ئەفەریقاییەکانی کوتایی هات ئەم کونگرەیە کە بۆ باسی باری خواروی ئەفەریقابوو دوو ڕۆژی خایاند .

ئەو بەیاننامەیەی دوای کونگرەکە دەرچوە ئەلی کینث کواندای سەروکی زامبیاو ئوگستینو نیتوی سەروکی کونگوو جولیوس نایریری سەروکی تەنزانیاو یوتسوانی سیرتیس سەروکی بوتسوان سامۆز ماشیل سەروکی موزمبیق لەسەر بەهێز کردنی خەباتی چەکداری لەل زیمبابوی ڕیکەوتون .

Institut kurde de Paris

راپۆرتی سیاسی

رەگەزپەرستان و ئەمەریکاو ئەوشەپەی لەجیاتی ئەکرێ

نووسەری سیاسی « هاوکاری » نووسیویەتی ، ئەڵێ :

دووا ئەسالییەکانی رژێمی رەگەزپەرستانەی خوواروی ئەفریقا بۆ ئەوەی کەس شتێ لە بارەی شۆرشی ئەوێ نەزانێ ، ئەو پروپاگەندەیەیە کە ئوایە ئەوەی ئێستا لە شاری ، «سویتو» ، کە (١٥)کم لە پایتەختەوە (جوهانسبرگ) دوورە ، روو ئەدات تەنیا ناکۆکیێکە لە نێوان قولەرەشەکان خۆیان ، سەرەرای ئەوەی کە وەزیری عەدلو پولیسیان دانی بەوە ناوە کەوا زیاتر لە (٨٠٠) کەس گیراون لەوەتی رابەرینەکە لە شارە گەورەکانی خواروی ئەفریقا دەستی پێ کردووە .

لە لایەکی ترەوە ئەو هەواڵانەی کە لە خوواروی ئەفریقاوە دێن ، وا ئەگەیێنن کەوا بەدرێژایی دوومانگی رابوردوو پرۆسیسە سوپاییەکان بەردەوام بوویتەو دووا کۆمەڵە پرۆسیسێکی نامروڤایەتیانە ئەوانە بووە کە لە کۆتایی مانگی ئابی رابوردوودا کراونو هێزەکانی رژێمی رەگەزپەرست لە سوپاو پولیسو بەکرێ گیراو بەشداربیان تێدا کردووە دژی هاونیشتمانیی بە ئەفریقاییە رەسەنەکان .

لەم پرۆسیسانەدا هەمە جورە چەکێکیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی خۆپیشاندانو مانگرتنەکانی خەڵکی تێک بدەن ، تەنانەت تانکو هیلوکوپتەرە کانیش بەشداربیان کردووە دژی هاونیشتمانیە بێچەکەکان .

بۆ پاکانە کردن ، سەرۆکی رژێمی رەگەزپەرست بیانوێکی ئێجگار پروپوچ دێنێت کە تاوانەکانی چەقو وەشێنو پیاو کوژەکانی خۆی زیاتر ئەکات ، ئەڵێ :

(ئەرکی سەرەکیمان ئەوەیە بە زیندوویی بمێنین ، بۆیە بە پێ دودڵی ڕێگا بە سەربازەکان ئەدەین بۆ بەکار هێنانی زەبروزەنگ) .

رەگەزپەرستی ژمارە یەکی خوواروی ئەفریقا ئەوەی لە بیر کردووە کە مەتەرلیوزو تانکو توپو بالەفرەکان ناتوانن شۆرشی (٢٠) ملیون ئەفریقایی بکوژێننەوە کە لە هەموو مافێکی رەوای خۆیان بێبەشن ئەگەر چی لە سەرخاکی خۆیانن ، لە کاتێکدا کە بێست سێیە رەگەز پەرستەکان لەو بەری خۆشیدا ئەژین .. تەنها لەبەر ئەوەی بێست سێین ، بەڵام بۆ قولەرەشەکان هەموو شتێ قەدەغەیە تەنانەت هاتووچۆی ناو وڵاتی خۆیان بەبێ بسولەی تایبەتی . ئەمە جگە لەوەی کە نابێ نیقاباتیان هەبێو گوناح لەوە گەورەترتیە ئەگەر لە شوێنی کە بو سێیەکان تەرخان کراوە ، رەشێك بچێتە ناوەوەی . خۆ ژن هێنانو شوکردن لە نێوان رەشو سێیدا هەر ممکن نیە ببێتو تەنها شتێك کە بە قولەرەشەکان رەوابینراوە ئەوەیە کە بە دیلی بمێنێو بەردەوام لە خزمەتی بێست سێیەکاندا بن .

بێگومان ئەم دووا ئسلوبەی دەسەڵاتدارەکانی رژێمی رەگەزپەرست بۆ هەڵخەڵەتاندنی رای گشتی کە گوایە شەرەکە تەنها لە نێوان رەشەکان خویاندایە ، نوێ نیە ، بەڵکو لەکاتێکدا کە خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی « سویتو » دەستی پێ کرد لە حوزەیرانی رابوردوودا ، دیسان رەگەزپەرستەکان هەوڵیاندا بزوتنەوەکە وا بخەنە بەرچاو کە گوایە لە پێناو خوێندنو هەندێ گیروگرفتەکانیەتی ، بەڵام رووداوەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە خۆ پیشاندانی ئاشتی خوازانەی منداڵان تیشکدانەوەیێکی شۆرشو ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی بوو دژی تێکرای رژێمی رەگەزپەرستی چەوسێنەر .

ئەمریکاش بەپێی سیاسەتەکەی دژ بە گەلانو سەربەستیانو بەردەوام پشتگیری کردنی رەگەزپەرستو کونەپەرستەکانی جیهان ، وەزیری دەرەوەی خۆی هنری کیسنگەری نارد ئەفریقا بۆ ئەوەی تەقینەوەی شۆرش دووابخاتو چارێك بۆ بڵاو بوونەوەی گیانی شۆرش بکات بە تایبەتی دووای سەرکەوتنەکانی گەلانی مۆزامبیقو ئەنگۆلا ، کە دەورێکی گرنگیان بوو ، لە بەرز کردنی خەباتی شورشگێرانە دژی رژێمی رەگەزپەرستی خواروی ئەفریقا

ئێستا رژێمی رەگەزپەرست - کە ئەمە هۆی سەرەکی جموجۆڵەکەی کیسنگەر بو - ناتوانێ بە ئاسانی رابەرینەکەی شارەکانی خواروی ئەفریقا بکوژێنێتەوەو خەڵکی بێ دەم کوت ناکرێو ئانێستا شاری (سویتو) ملی نەداوە سەرەرای بوردومان کردنو سیاسەتی درندانەی رەش بگیریو خەڵکی لەو قەصابخانەیانە ناترسێ کە رژێمی رەگەزپەرست سازی دەکاو هەروەکو لە سەر سنوری مۆزامبیق (٢٠٠٠) کە سی کوشتو بە بلدۆزەرەکانی ناشتنیەوە .

ئاشکراشە ، ئەو پەیمانانەی کە رژێمی رەگەزپەرست ئەی بەستێت لە گەل رەگەزپەرستەکانی فەلەستینی داگیرکراو هیچ لە چارەرە شەکەیان ناگوڕێو هیچ لە گیروگرفتە ئابوریەکانیشیان چارەسەرناکاتو بەڵکو تادێت زیاتر توقم ئەبن لە زلکاوی گیروگرفتی ئابوریو سیاسیو لە کاتێکدا کە رابەرینە بیرۆزەکەی کۆمەڵانی خەڵکی تادێت پەرە ئەسێنیو بەرفراوانتر دەبێ .

ئاخۆ جموجۆڵی کیسنگەر بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەم رابەرینە سەرکەوتو ئەبێت وەکو ئەوەی سەرکەوتوبوە لە گەل هەندێ رژێمی خۆ بەدەستەوە دەری عەرەبو کە سوریای کردوە بە وەکیڵ خۆی بۆ لێدانی بزوتنەوەی نیشتمانی لە لوبناندا و بۆ ئەوەی شۆرشی فەلەستین لە ناوبەرێت !.

مێژوو ئەڵێ : میللەتان بە هێزترن و سەرەنجام میللەتان هەر سەر ئەکەون .

دەقی هەردوو وتارەکەی هاوری صدام حسین

لە بەردەم ئەنجومەنی گرل لە پارێزگای "تأمیم" و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

برایانی بەڕێز :

رێکەوتێکی دڵ خۆشکەرە ، ئەم ئێوارەو لەم شارە میژوویە جوانەدا شاری (کەرکوك) لە پارێزگای «تأمیم» پێتان بکەینو سڵاوی سەرۆکی تێکوشەر احمد حسن البکرتان پێ بگەیەنین ، وە سڵاوی ئەو برا ئەندامانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشو سەرکردایەتی قطری کە لە گەلمانا نین ، بایەخدانمان بەوەی راستەوخۆ پێتان بگەیێنو فراوانو ئەورە بوو ، بۆ ئەوەی بارى سەرنجتان دەربارەی ئەو رنگایەی پارێزگاکەی پێ بەرەپێ ئەدرێو خزمەت گوزاری لەم رووەوە بزانین ، هەروەها بۆ ئەوەی بارى سەرنجمان بزانین کەلە رووی بەرەپێدانی بارى دانیشتوانی پارێزگاکەو زاڵ بون بەسەر لایەنە سەلبیەکانا لەبارو زروفیاندا بەرەو خزمەتکردنی گەلو نیشتمان چی بکرێ بارى سەرنجی ئێوەمان ئەوەی سەبارەت بە لایەنە سەلبیەکانی دەزگا ئیدارییەکانی ئەم پارێزگایە ، بارى سەرنجی ئێوەمان ئەوێ دەربارەی رژێمو برا بەعسیەکانتان کە لەم پارێزگایەدا کارئەکەن ، ئەمانەوێ بزانین تێگەیشتنتان بەرامبەر ئەو ئەساسانەی بەرەپێدانی کاروبارى کۆمەڵایەتی لە ئێستاو باشە رۆژدا لەسەری ئەروات بەرێوە . دیسان بارى سەرنجی ئێوەمان ئەوێو بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بەکاروانی شورشو کاروانی حزبەکەتان ، حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ، هەروەك چەندان جار وتومانە ، برایان :

لەعیراقدا دەردیمان چەشتوە لەبەر ئەوە ، یەکێك لەو باوەرە ئەساسیانەی کە کاروبارى حیزبی لەسەرەو دەوڵەت ئوسلوبەکانی لێ هەڵێنجاوە کارکردنی بەکۆمەڵە وە کارکردنی بەکۆمەڵ بوونی دەزگا لێبرسراوەکانە ئە دەوڵەتاو لەحیزبدا بۆ لێ کۆڵێنەوەی بیروڕاکان بە شێوەیێکی دیمکراتیانە ، وە لە چوارچێوەی ئشتی بیروباوەری حزبو بنەرەتەکانیدا .

ئێمە دڵخوشین بەوەی کە بێتان ئەگەیێنو ئێوە نوێنەرانی کەرتە فراوانەکانی گەلن،وە وەك هاووڵاتیانی عیراق کە باوەرتان بە ئیشتمانەکەتان هەیەو دڵسۆزن بۆی و ئێمە هیوامان بە کاروبارەکانتانە لە پێناوی خێرخوازیدا ، لە پێناوی خێری ئەم گەلەدا ئێستاو باشە رۆژ ، هیوامان زۆرەو چاوەمان لەوەوەیە بارى سەرنجەکانتان بەشێوەیێکی راستەوخۆ بیبستین ، وە وەك زۆر جار ووتومانەو دووبارەمان کردۆتەوە ، بیروڕای سەربەستی دڵسۆزو داهێنەر ، وە رەخنەی بە سود باجی لەسەر نیە ، لەتێگەیشتنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو نابوریدا .

هیوادارم ئەم ووتە کورتەم کلیلی ووتەی ئێوە بێو راستەوخۆ گویمان لێی بێ هەریەکی لە ئێوە چی لەدڵیایە بیڵێ ، کاتێ رای خەڵکی سەبارەت مەسەلەیەك وەرئەگیرێ هەڵەکەم ئەبێ ، وە شۆرشی لەسەر ئەوە لێ برسراینەتەوە ئێمەداوا ئەکەین هەر یەکێ لە ئێوە نمونەیەکی لەم پارەیەوە لایەو ئێمە نازانین پێمان باڵێو ئێمە لای خۆمانەوە لێبرسینەوەی لەسەر ئەکەینو پێرازی نابین . ئێستا ماوە هەیە بۆ هەر یەکەتان بیروراو بارى سەرنجی خۆی دەربڕێ .

(دوای ئەوەی هاوری صدام حسین لە وتەکەی بوودە ئەنداماني ئەنجومەنی ئەل لە شاری کەرکوك چەسپاند بارى سەرنجیان بەرچاوخستو پرسیاریان ئاراستەکرد کە سەبارەت بسە پەرەپێدانی پارێزگاو خزمەت گوزاری هاونیشتمانیەکانەوە بوو . دیسان سەبارەت بە گواستنەوەی کاریەددستان لە پارێزگاکانی وڵاتداو یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵو تێگەیشتن لەهەسەلەی بەربەرەکانی کاری (المعارضە) .

دوای ئەوە هاوری صدام حسین سەبارەت بەبارى سەرنجو پرسیارەکانی خەلکەکە ووتی :

برایان سوپاستان ئەکەین دەربارەی ئەو بارى سەرنجانەی لەم کۆبونەوەیدا دەرتان بڕی ، ئێستا لە باوەرمانەوە بەپێی سیاسەتمان قسە ئەکەین مەبەستمان خۆ رازیکردن نیەو مەبەستیشمان رازی کردنی هیچ یەکی لەئێوە نیە بە ئوسلوبی تەقلیدی چونکە مەسەلەی رازیکردنتان بەلامانەوە گرنگە ، ئەو سەرکردانەی بایەخ بە رازی کردنی گەلەکەیان نادەن ناتوانن سەرکردایەتی بکەن ، ئێمە وەك هەموو جارێش ووتومانە ئەلێین جیاوازی زۆرە لە نێوان کەسێکا هەر بیەوێ حوکمزان بێو کەسێك بەشێوەیێکی رەوا چاوی لەوەوە بێ سەرکردەیی گەلەکەی بکا ، جیاوازی چەوەری هەیە لەنێوان سەرکردەو تەنیا حوکمزاندا ، **هیچی تیا نیە سەرکردە حوکمران بێ بەڵام هەموو حوکمرانێك سەرکردە نیە ، سەرکردایەتی مەرجی هەیە ، هەروەها هەڵی ئارەواشی هەیە کە ماوەئەدا بە هەندێ کەس خۆیان بگەیەنن حوکمرانی ، بەڵام مرۆڤ بیەوێ بێ بە سەرکردە ، بۆ ئەمە مەرجی زۆر ئران هەیە ، لەبەر ئەوە ، ئێمە سورین لەسەر رازیکردنتان بەلایەنی رەواییەوە ، واتە بە لایەنێکدا لەگەڵ بزوتنەوەی شورشدا بەرەو پێشەوە و بەپێی ئامانجە ئاشکراکانی بگونجێ .**

لەمەسەلەیەکەوە دەست پێ ئەکەین کە لەلایەن

حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب ، نەنیا حزبی بەعسیەکان نیە ، بەڵکو حزبی هەموو هاونیشتمانیەکی بەرگری کارو دڵسوزو باوەڕبووە بە نیشتمانەکەی

حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب تەنیا حزبی بەعسیەکان نیە ، حزبی هەموو هاوولاتیە دڵسۆزەکانە کە باوەریان بە نیشتمانەکەیان هەیەو بەرگری لێ ئەکەنو لەپێناویا ئیش ئەکەن ، لە پێناوی بەختیاری ئەدا بەبێ جیاوازی ، بێ زۆرداری ، بێ هێز خستنە سەرو تەنگاو کردن ، بەبێ سڵەمێنەوەو ترس ، جا لەبەر ئەوەو لەچوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا ، حزبی هەموتانە چونکە لە پێناوی بەختیاری هەموتاندا بێجیاوازی هاتوتەکایەوە .

ئێمە جاومان لەوەویە هەموو ئەم بارى سەرنجانە بیبستین،چونکە پێ گەیشتنەکەمان لەگەلتانا پێگەیشتنی شکڵی نیە وە بەمەبەسی وێنەگرتنیو بڵاوکردنەوەی لە تەلەفزیونو ئیسگەدا نیە .

بیروباوەری خێرخواز بە درێژایی مێژوو ئەنجامی شارەزایی پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتی بووە لە چوارچێوەی یەك بوونو تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی دڵسۆزانەدا لەسەر ئەم بنەڕەتە . بەرەپێدانی مرۆڤایەتی بەلای خێرخوازیدا لەرێڕەوی خێرخوازیوە ڕۆیشتوە ، مرۆڤ، هەر مرۆڤێ کە کارێ دەست پێ ئەکات ، لەوانەیە هەڵە بکات ، بەمە نامەوێ ترخی بارى سەرنجەکانتان لەسەر هەڵەو بێویستی کەم کردنەوەی کەم بکەمەوە ، بەڵکو بێویستە بەلایەنە ئونجاوەکانی کاروبارا بڕوین ، بۆ ئەوەی رێگەییکی فرەوان لەبەردەم بارى سەرنجەکانتان بکەینەوەو بەو جۆرەی لەو باوەرەدان کە لەپێناوی بنیاتنانو پەرەپێداندا موناسبە ، ئەو مرۆڤەی پێ نەوترێ تۆ هەڵەت کردووە ، بەهەڵەکەی نازانێو تێناگا راستی کردووە یان هەڵە ، حوکمی فەردیشی (تاقەکەسی) بەدرێژایی مێژوو بەرەو تەگەرە ڕۆشتوە ، وە ئێمە ئێمە لە ١٧ - ٣٠ تەمووزی ١٩٦٨وەو بەردەوام بەرەو سەرەوەی بنیاتنان ئەچێ ، بەڵام زۆر هەڵە هەیە چی لە دەزگاکانی حیزبدا یان دەزگاکانی دەوڵەتدا ، هەڵەشی هەیە لە هەندێ جارو لەهەندێ شتی بەجووکدا ئەگەر رێرەوی ستراتیجیدا کە سەرکردە ئەیکات ، سەرکردایەتی لە راپۆرتی کۆنگرەی هەشتەمدا بەئاشکرا رەخنەی لەخۆی گرت ، هەڵەی (فەردی) تاکە کەسی هەیە کە رۆڵەو برا بەعسیەکانتان کردویانە ئەوەش بەهۆی کەم تەجروبەییەوە کە کەمی تەمەن کاری کردۆتە سەریان بەهۆی ئەشارەزاییەوە یان ئاگادار نەبوونەوە لە بوونی کەموکوڕیدا کە ئەمانە بوونەتە هۆی کەموکوری لە بڕیارداندا ، زۆر کاروباری بنیاتنانیش هەیە ، لەوانەیە وای بۆ چووبن کە ئەبوایە بەم شێوەیە نەبوایە بەڵکو بە شێوەیێکی تر بوایە ، چونکە هەندێ هاونیشتمانی عیراق بارى سەرنجیان هەیە بەرامبەر لایەنێکی ئەو کاروباری بیناکردنو گەشەپێدانەی کە هەموومان لە کەل ئێوەدا لەپێناوی ئەم وڵاتە تێکوشەرەدا ، عیراق ، ئەیکەین .

ئەمانەوێ راستەوخۆ لەئێوەی ببیستینو ئەوەی ئەیڵێن لێیان بکولینەوە ئەبێ دەست بۆ مەسەلەیەکی سەرەکی بکێشم ، ئەویش مەسەلەی شێوەی حوکمی زاتیە وەك عیراقیەکان تێئەگەن ، بەرامبەر ئەم تێگەیشتنە شێوەیێکی دیاری کراومان بەرچاوخستووە لە بارەگای ئەنجومەنی ئیشتمانی لێمان کۆلیەوە ، هەروەها لە بەغدا لە هۆلی خلد لەکەل ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیەکان قسەمان لەسەر کردوە بەر لەوەش لەبەغدا وپارێزگاکانی ترداکوڕی بۆ بەسترا .

ئەمەوێ ئەوەتان لێبرسم ، ئایا بیستوتانە هاونیشتمانیەك ، بە بیرورایەکی کەوە کە جیاوازی بیروڕای دەوڵەتو حزبێ قسەی لەم بارەیەوە کردبێو لەبەر ئەوە لێ برایەکەوە بەرچاو خراو لەوەیش لە بەغدا لەلایەن بەعسیەکانەوە بیستوومانە هەروەها لە هاونیشتمانیەکانمان بیستوە ، ئەویش بوونی چەند دیاردەیەکی سەلبی یە لە پارێزگاکەدا ، وەك مەسەلەی کۆسپو تەگەرە خستنە رێگای خانووکردنەوە ، هەروەها لە رێگای ئەقل کردنی ملکیەتو شتی تردا ، هەر وەك ئەزانین ئەم پارێزگایە موقعیکی تایبەتی هەیەو هاونیشتمانیەکانی عیراق کە تیایدا ئەژین ئیمتمای نەتەوەییان تێکەڵە ، وە بەلیبرسراوانی پارێزگاکەمان ووتوە ،ژیان لە پارێزگاکەدا با لەسەر ئەساسی موناقەسە نەبێ چونکە ئەنجام زوربە ئەیباتەوە وە پێویستە مەسەلەی ژیانی هاونیشتمانیەتی لەرووی گواستنەوەیەوە بۆ دەرەوە ناگونجی بەپێی ئەو رێگاو شوێنە نەبێ کە دەوڵەت سەربەرشتی ئەکا ، بەڵام وا دیارە هەندێ جێبەجێ کردنی نابەجێ لەهەندی لایەنی ژیاندا بەپێی بۆ چوونی کراوە کە لەم دوایەدا چاکرانو راسپاردەی پێویست دراوە کە مافی هاونیشتمانیەکان بەپێی دەستوری دەوڵەت زامن بکات ، **بەپێی سیاسەتی ئشتی ئاشکرا لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا ، ئاگونجێ نە ئێستاو نە لە پاشەرۆژدا جیاوازی لە نێوان هاونیشتمانیەکاندا لەسەر بنەڕەتی نەتەوەیی یان ئایینی یان هەر لایەنێکی تری ئارەوا بکرێ ، ئەمە شتێکی چەسپاوە لە بەرنامەی حزبداو لە دەستوری دەوڵەتدا لە سەر هەموانە رێزی بگرێو بۆ جێبەجێ کردنی بەوردی کاربکەن ، جا لە پارێزگای (تامیم)بێ یان هەر شوێنێکی تر ، چونکە جیاوازی کردن لە نێوان هاونیشتمانیەکاندا سیاسەتێکە ئەو حوکمرانانە ئەیکەن کە بەوێژدانی کۆمەڵایەتی**

بڕوانە ل : ٣

Institut Kurde de Paris

پاشماوەی : وتارەکەی هاوڕێ صدام حسین ... گەلەوە نەبەسترانەتەوە ، بەلام ئەوانەی چاویان لەسەرکردایەتی کردنی ئەلکەیانەوەیە، نابێ هەلەی وایان لێ بوەشێتەوە .

لێرەوە ئەمانەوێ دەست بۆ مەسەلەیەك بکێشین کە پێویستە ئاشکراو ڕونبێ ، ئەویش ئەوەیە هەر نیز ناکونجی لەبەردەم هەر ئیعتیبارێکدا نیتجاهێکی تایبەتی بۆ پارتزگای (تەئمیم) دابنرێ لە دەرەوەی ئیتجاهی شورش‌و ڕزی ولاتدابێ ، چونکە پارتزگای (تەئمیم) بەشێکەو هەر بە شێکیش ئەبێ لە عیراق .

دایەرە تایبەتیەکان بەپێی راسپاردەی دیاریکراو ئەو کۆسپانەیان لابرد کە ئەخرایە بەردەم ئەقلی ملکی‌و خانوکردنەوە ، بۆ ئەوەی لەبەردەم هاونیشتمانیەکان ماوە فراوان بێ تا لەم ڕوەوە مامەلەی خۆیان بکەن هەروەك هەر هاونیشتمانیەکی تر لە خاکی عیراقدا مامەلە ئەکا ، بەلام پێویستە دەست بۆ ئەوە بکێشین کە ژیانی کۆمەلایەتی‌و ئابوری لەم ولاتەدا پێویستە ڕێك‌بخرێ ، وە ئێمە لەسەر ئەم ئەساسە لەسەربەستی ئەکەین ، بۆ ڕون کردنەوەی ئەمە ئەلێین : لەلایەنەکانی تێکەیشتنی سادەی سوشیالیستی‌داو چەسپاندنی سوشیالیستی‌دا ئەوەیە دەولەت لە سەریەتی فرسەتی ئیش‌کردن بۆ هەمو هاونیشتمانیەکان بڕەخسێنێ . ئەوەی ئیستا لە ئارادایە ئەمە پێویستە بۆ هەمو هاونیشتمانیەك لەماوەیەکی کورت‌دا بەدی‌بهێنی ، بەمانای دەولەت لێ‌برسراوە لە هەمو هاونیشتمانیەك لەکاتی لەدایك بونیەوە تا مال ئاوایی لەژیان ئەکا ، دەولەت لەسەریەتی فرسەتی ئیش‌کردن بۆ هاونیشتمانیەکان زامن بکا بۆ ئەوەی خوێندنی تەواو کردوە یان ئەوەی نەیتوانیوە خوێندن تەواو کات ، هەر مرۆڤێك بەپێی هەول‌و تەقەللای ، بەپێی پلەی زانستی ، بەپێی توانای تەکنیکی ماوەی کارکردن ، ئەمەش بە ئەخشە کێشان ئەبێ ، لەبەر ئەوە ئەلێین ناتوانین سوشیالیستی بنیات بنێین بە بێ ئەشە کردن لەلایەنی کشتوکاڵدا ، کە ئەمەش بە دامەزراندنی پرۆژەی پێشەکەوتو ئەبێ ، بەپێی فراوانی لەروی پیشەسازی‌یەوە ئەویش هەر بە دامەزراندنی پرۆژەی پێشکەوتووە بە فراوانی ، ئەگەر وانەبێ چۆن ئەتوانین ئیش بۆ هەمو هاوولاتیەك زامن بکەین ، ئەگەر ئەشەکردنی فراوان نەبێ ؟

جا برایان ، لەسەر ئەم بنەڕەتە هەندێ جار خزمەت گوزاری گشتی تەنگی پێ‌هەل ئەچنرێ ئەویش بەئامانجی باشەکەوت کردنی دارایی پێویست بۆ ڕەخساندنی هەل لەبەردەم ڕۆلەو براکانتانە لە دەولەت تا بخرێنەکارەوە .

پرۆژەی ئەشە کردن لەسەر ئەساسی زانستی دانەنرێ ، کاتێ بیر لە دامەزراندنی کارگەیەکی شوشە ئەکەینەوە ، کارگەیەك بۆ شیرەمەنی‌و کارگەیەکی تر بۆ ئاوریشم لەپارتزگای قادسیە ، بەو پێیەی کە لە پارتزگای (تەئمیم) لەبارترە ، لەمەدا باوەڕ ئەخەینە سەر چەند هۆیەك لەوانیە مەسەلەی مادەی خام کە ئەو کارگەیە ئەیەوێ . دوری‌و نزیکی ئەو مادەیە لە کارگەکە ، یان لەبەرهەمی کارگەکەدا بۆ ناو خۆ ئەبێ یان بۆ ناردنە دەرەوە ، دوری‌و نزیکی شارەکە لەیەندەر ، ئەوسا مەسەلەی ڕەخساندنی فرسەتی کارکردن لەپارتزگای قادسیە کە لەوانەیە لەوێ بێ‌کار زۆرتر بێ ، کەواتە کۆمەلێك ئیعتباراتی کۆمەلایەتی‌و ئابوری‌و هەتا دەرونیش هەیە کە لە نەخشەکێشانا مامەلەیان بێ‌ئەکرێ ، کە ئەوەیە دەور ئەبینێ لە بڕیاردان‌و دیاری کردنی هەر پرۆژەیەکدا .

لێرەوە دێینە سەر خاڵێکی تر کە بەرچاو خرا ، مەسەلەی گواستنەوەی هەندێ هاونیشتمانی بۆ دەرەوەی پارتزگای (تەئمیم) ، لەسەرمانە وا بۆ مەسەلەکە نەچین کە مرۆڤ لەکاتی لەدایك بونیەوە تا ئەمرێ خۆی‌و مناڵەکانی لەیەك پارتزگادا بمێننەوە ، مانای ئەوەیە بەبێ فرسەتی ئیش کردن ئەمێنێتەوە ، دەولەت لەسەریەتی فرسەتی ئیش‌کردن بۆ هەمو هاونیشتمانیەك بڕەخسێنێ بەپێی ڕێ‌ڕەوی سوشیالیستی ، بەلام هیچ یاسایەك نیە لە دنیادا باسی ئەوە بکا ئیش بۆ هاونیشتمانیەکان بدۆزرێتەوەو لەماڵی خۆیانا بن ، ناکونجێ هاونیشتمانیەك بنوێزرێتەوە لەسەر ئەساسی ئیعتباری قەومی یان دینی ، یان شمتی تری بەو جۆرانە . چونکە ئەمە هەلەیە ، هەروەك مانەوەی کەسێك لەو شوێندی تیا لەدایك ئەبێ هەتا هەتایە هەلەیە ، جا ئێمە بەپێی هیچ یەکێ لەم دو لایەنە کارمان نەکردوە ، ئەوەی لەپارتزگای بەغدا ئەکرێ‌و ئەوەی لە پارتزگای بەسرە مامەلەی لەگەل بکرێ کە لە پارتزگای بەغدا لەدایك ئەبێ ، وە ئێمە نایەلین ڕۆلەی پارتزگای تەئمیم بەهۆی تایبەتیەوە کە جیاوازی بکرێتەوە ئەقل بکرێ ، ئەگەر ڕۆلەی پارتزگای بەغدا ئەقل نەکرێ ، بەلام ئەگەر ئەقل لەپارتزگای تەئمیم بەهەمان جۆری ئاسایی بێ کە لەپارتزگای بەغدا ئەکرێ‌و ئەوەی لە ئاسایی بێ کە ئەکرێ ئەمە سروشتی‌یەو هەرگیز نایوەستێنین .

باری سەرنجی تەسك ئەلێ تۆ کە لە تکریت لەدایك بوی یان لە ئەیتەوا پێویستە تیا دەرنەچی‌و نمونە زۆرە لەسەر چەندان شاری تەسك‌و داخراو ، بنیات ئەنی نوێ لەگەل تەسك ڕەوی‌دا ناکونجێ‌و ئێمە بەردەوام ئەبین لەبنیات نانی نوێ .

برایان جیاوازی کردن لەنێوان ئێوەدا لەلایەن هەر مرۆڤێکەوە بێ بەعسی یان نا بەعسی شتێکی ڕەفزکراوەو هەرگیز پێی ڕازی نابین‌و بەلکو بەتوندیش محاسبەی ئەکەین ، بەلام کاروباری ئاسایی هەروەك لەو نوسراوە دایە کە لاتانەو لەلیژنەی بالای کروباری سەرووەوە دەرچووە ئەوە بەسەر هەمو هاونیشتمانیەکدا جێ‌بەجێ ئەکرێ لە هەر شوێنێ بێ . لەپارتزگای تەئمیم بێ یان پارتزگای دهوك یان پارتزگای بەسرە ، خۆ ئەگەر شتی تایبەتی ڕەوا هەبو ئەوا ئەو شتە تایبەتیە ڕەوایانە ڕون ئەکەینەوە تالای هاونیشتمانیەکان ڕون‌و ئاشکرا بێ ، چونکە ئابێ ئەخشە کۆمەلایەتیەکانمان لە سنوقی کامیل دراودا بێ ، ئەوەی پێویستە ئەوەیە بەشدار بونی هاونیشتمانیەکانە لە بنیات‌ناندا وە لەڕەخنەو ڕاست کردنەوەدا ، ئەگەر نەخشەی کۆمەلایەتیمان لەسنوقی داخراودابێ هاوولاتیەکان هەر چیەکیان لەو ڕوەوە بوبێ ناتوانن بەشداری لەکاروباری بنیات‌ناندا بکەن ، خاڵێکی تر کە پەیوەندی لە لایەکیەوە بە پارتزگای (تەئمیم)ەوە هەیە ، نزیکیتان لەروی جوگرافیەوە لەناوچەی حوکمی زاتی لە عیراقدا مەسەلەی حوکمی زاتی‌یە وەك بەشێك لە عیراق ، ئەو حوکمە زاتیەی کە هەندێ چاوی لەوەوەیە هەنگاوێ بێ لەڕێگای جیابونەوە ، سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەلێین :

پێویستە بۆ هەموان ئاشکرابێ کە حوکمی زاتی هەر بەحوکمی زاتی ئەمێنێتەوە ، کە پێش ئەکەوێ بەلایەنی بەهێزکردنی یەکێتی عیراقدا پێش ئەکەوێ نەك بە لایەنی بێ‌هێزکردنی یەکێتی عیراقدا . ئەمە مانای باشگەز بونەوە نیە لەمانای حوکمی زاتی ، بەلکو ئەمە مانا ڕاستەقینەکەیەتی چونکە بەشێوەیەکی موتلەق ئەوە ڕەفز ئەکەین کە ناو ئەبرێ بەپێشمستنی حوکمی زاتی بەڕەو جیابونەوە ، نەخێر نادرکێنین کە ئەلێین : **کاروبارەکانمان لەم شوێنەدا ، وە لە هەموو عیراقدا لەبنەڕەتی ئەو باری سەرنجەوەیە کە دەربارەی مەسەلەی برایەتیەك ئەمانەوێ هەتا هەتایی بێ نەك برایەتیەکی وا شایانی جیا بونەوە بێ ، برایەتی لەیەك نیشتماندا و هەتا هەنایە ، لەبنەڕەتەوە لەسەر ئەوەیە کە ڕۆژگارو هۆی مادی وا بهێنرێتە کایەوە مەسەلەی جیا بونەوە هەرگیز نەگونجاوبێ ، هێنانەکایەی ئەو ڕۆژگارەی کە مەسەلەی جیابونەوە لە ڕووی ویژدانی‌و لەحسابی عەقلی سیاسیەوەو لەڕوی مەبدەئیشەوە هەرگیز نەگونجاو بێ . واتە مەسەلەی یەکێتی هەتا هەتایی بێ لە ویژدانی کوردا لەناو گەلی عیراقماندا وە لە عەقلی کوردیکی هاونیشتمانی عیراقیدا ، لەبەر ئەوە لەسەرمانە هۆیە ماددی‌یەکانی ئەوەی مەسەلەی جیا بونەوە ئەگەیەنێتە هەرگیز نەگونجاو لای ئەوانەی بیر لە جیابونەوە ئەکەنەوە بڕەخسێنێن .**

ئەمە مەسەلەیەکە نایشمارینەوە ، لەبەر ئەوە لە هەرلایەك هۆی ماددی پێویست ئەکات بەکسەر هانمان ئەدا بەرەو ئەوەی جیابونەوە بگاتە هەرگیز نەگونجان کاری پێ‌ئەکەین‌و بەهێزی ئەکەین‌و پێشی ئەخەین ، بەلام لەهەمان کاتا کە هەرگیز نەگونجانی لەروی مادیەوە دانەنێین ، پێویستە ئەوە لەبەرچاومان لانەچێ کە مەسەلەی سوربون لەسەر زامن‌کردنی هۆیەکانی هەرگیز نەگونجانی ویژدانی‌و مەبدەئی ، هەرگیز نەگونجان لە ویژدان‌و عەقلی عیراقیدا - کوردو تورکمان یان عەرەب یان هەرکەسێکی تر ، پێویستە ئەمە بخەینە میزانەوە ، بەلکو لە پلەیەکی نەوعی پێشکەوتوتردا لە هەرگیز

حوکمی زاتی هەر بە حوکمی زاتی ئەمێنێتەوە کە پێش ئەکەوێ و پەرەی پێ ئەدرێ ، بەلای بەهێزکردنی یەکێتی عیراقداپەرەی پێ ئەدرێ

ئەگونجانی ماددی .

باسی سەرنج سەبارەت بەمەسەلەی بەربەرەکانی کارو بەربەرەکانی چۆن ئەنوێنرێ دەرئەبڕین ؟ هەروەك لەقسەی برایەکدا هات ، بۆ چونمان لەروی بەربەرەکانی کاری‌یەوە لەم ولاتەدا لەولاتانی تر جیاوازە ، چونکە برایان هەمو سیفەتیکی سیاسی ، یان هەمو بیرێك ئەنجامی قۆناغەکەیەتی سیفەی یاسایی کە پشتی بەفیکری سیاسی بەستوە ئەنجامی قۆناغەکەیەتی‌و قۆناغە بەرەو پێشەوە چووەکانیەتی ، ڕێ‌و شوێنی بەشێوەی نوێنەرایەتی ئەل لەبەریتانیا بەو قۆناغەوە بەستراوە کە بەریتانیا لەروی گەیشتوویی کۆمەلایەتیەوەو بەپێی مستەوای زانستی بەریتانیەکان بڕیویانەو لەروی ئەساسی ڕیژیمەکەوە ، ئەمە لەسەرچی دامەزراوە ، ئایا بەپێی سەرنج‌و بنیات‌نانی سوشیالیستی‌یە یان لەسەر شتی ترە ؟

هەمو بنیات نانێك کەرەسەو ڕێ‌و شوێنی خۆی هەیە . هەموو بنیات‌نانێ ڕێکای تایبەتی هەیە لە بیرکردنەوەو دەربڕین‌دا کە لەباوەڕە ناوەندیەکانیەوە دەر ئەکەوون ، وە بەربەرەکانی کاری هەمیشە بەکەسەکانیەوە بەستراوە ، هەروەك لەهەندێ ولاتی ڕۆژ ئاوادا هەیە ، لەنێوان لایەنە بەربەرەکانی‌کارەکانا . لە کۆتەلە ڕۆژئاواییەکاندا ڕێکەوتن هەیە لەسەر مەبادئی ئازادی هەر یەکێ لەم دو لایەنە کارمان نەکردوە ، ئەوەی ئەکەین‌و هیچ ماوەیەکی نادەین .

برایان : هیوامان هەیە ئەوانەی کە ئیستا بیروڕای بێچەوانەی بیروڕای ئێمەیان‌هەیە ، یان بیروڕای دژ بەبیروڕای ئێمەیان هەیە لە مەوقیعی نەفسی ئیستاوە نەك لەبەر پەیوەندی بەبێگانەوە ، هیوامان هەیە ئەوانە هەڵوێستیان پێش بخەن ، لەوانەیە یەکێ لەوانە ئەمڕۆ بەربەرەکانی کارە بەهۆی مەوقیعی نەفسی تایبەتیەوە ، بەلام سبەینێ لەگەلمانا ئەبێ بۆ کارکردن لەپێناوی بنیات‌نانی ئەم نیشتمانەدا ، لەبەر ئەوە ئەلێین بەربەرەکانی‌کاری لە کەسەکانیا سەقامگیر نیەو لەروی لایەنیشەوە سەقامگیر نیە . بەلام لەکاری جولانی بەردەوامی کەسەکان‌و لایەنە کانیایەتی ، لەسەر ئەم ئەساسەو بەپێی ئەم شی‌کردنەوەیە ناکونجێ لەروی زانستی‌و کردەوەوە باس لەنوێنەرایەتی بەربەرەکانی بکرێ ، چونکە بەربەرەکانی‌کاری لەگۆڕاندایە ، فلان کە ئەمڕۆ بەربەرەکانی‌کارە ، سبەینێ ڕەزامەند ئەبێ . بەلام لەبەرلمانەکانی ڕۆژئاوادا بەربەرەکی‌کار ، بەربەرەکانی‌کارە لەڕوی ڕەوتێکی سیاسی دیاریکراو دا لەبەر ئەوە ئەبینین فلان حزب هەر لە پەرلماندا بەربەرەکانی‌کار ئەبێ تا حکومەت ئەروخێ ، ئێمە شتی وامان لا نیە ، برایەك کە لێرە باری سەرنجی خۆی سەبارەت یاسای چارەسەری کشتوکاڵ دەربڕی ، باری سەرنجەکەی لە مەوقیعی گونجانەوە بو نەك لە مەوقیعی ڕەفزکردنەوە ، باری سەرنجەکەی لە مەوقیعی سەرنجەکانی وەك هاوولاتیەکی عیراقی دەربڕی نەك

بیروباوەڕی سەربەست و دڵسوزو داهێنەر ، ڕەخنەی بنیات‌نەر ، باجی لەسەرنیە

وتارەکەی هاوڕێ صدام حسین لە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئوتونومی دا ..

برایان .. سەرۆکی ئەنجومەنی ئەنفیزی ، سەرۆکی ئەنجومەنی یاسا دانان ..

برایانی ئەندام :

سلاوتان لێ‌بێ ، سلاو لە تێکۆشانتان‌لەپێناوی بنیات‌نانی عیراقدا ، لەپێناوی بنیات‌نانی‌حوکمی زاتی‌دا لە عیراق ،سلاو لە ئارامو لە خۆبوردنتان ئەکەم‌سلاو لە تێکۆشانی بەردەوامتان لەسەر ئەم ڕێگایە ، هەر وەك‌برا هاشم عەفراوی وتی : ڕۆژگاری بەر لە سەرکەوتنی گەلی عیراق ، سەر دۆزەمنەکانیا تاڵ‌و سەخت بوو ، هەموتمان ئەمە ئەزانن ، ڕۆژە بەشەرەفە

بڕواز، ل - ١٠ -

ناوبراو بەئابوری سەربەست ، ئێمە لێرە بەتەواوی لەسەر دوا شت ڕێکەوتونین ، لێرەوە پێویستە بەئاشکرا بدوێین ئابێ قسەی هەروا ئاسایی بکەین ، هەتا ئیستا مەسەلەی سوشیالیزم لە عەقل‌و باوەڕی هەمو عیراقیەکانا دوا مەسەلە نیە ، هەندێ باری سەرنجی تریان هەیە ، وە مەسەلەی سوشیالیزمیش وەك حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ئەگا بەتەواوی لە عەقل‌و ئارەزوی هەمو عیراقیەکاندا نیە ، کەواتە لەسەرمانە وای بۆ بچین کە بەربەرەکانی‌کاری ئیستا لەوانەیە لەبەر ڕوناکی ئەو ڕاستی‌یە نوێ‌یانەدا ئەبینێ بێ بەبالیشت ، زۆر لەو عیراقیانەی لەوە بەر بیروباوەڕی سیاسی وایان هەبو کە لەبنکەی نەفسی‌واوە بو دژ بە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بوو ، هەندێکیان بون بەبەعسی‌و هەندێکی ترین بون بە هاونیشتمانی باوەڕ بو بە ڕێڕەوی گشتی شۆرش‌و بالیشتی ، ئەوانە بەمانای بەیوەندی ڕێکخراوی نەبون بە بەعسی ، بەلام بەفیکریان لەروی باوەڕ بونیانەوە بەگەل‌و نیشتمانەکەیان‌و گۆڕان‌و پێشکەوتن بون بە بەعسی ، کەواتە مەسەلەی بەربەرەکانی‌کاری تەواوی لەلای ئێمە نیەو کاری پێ‌ناکرێ‌و باوەڕمان پێی‌نیە ، بەلام باوەڕمان بەوە هەیە مەرج نیە هەمو بیروڕاو بۆچونێ وەك یەك یەك‌بگرنەوە ، بەربەرەکانی‌کاری لەوانەیە لە چوارچێوەی گشتی کاروانی شۆرشدا هەبێ نەك لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە ، ئێمە زۆر بەئاشکرا ئەیڵێین کە رازین وتوویژو لێکۆڵینەوە بکرێ‌و باری سەرنجی بەربەرەکانی کاری هەبێ لە شێوەیەکدا حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەرچاوی ئەخا دەربارەی مەسەلەی چەسپاندن‌و جێ‌بەجێ کردنی سوشیالیستی ، وەك ئەوەی برایەك بێت بڵێ من شێوەیەکی تری جێ‌بەجێ‌کردنی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ بەرچاو ئەخەم ، بەلام هەرگیز بەوە رازی نابین بەربەرەکانی کاری وا بێ لەروی سوشیالیستی‌دا بوەستێ بە خستنە روی سیستەمی سەرمایەداری بەربەرەکانی کاری وا ڕەفز بەتەنگەوەهاتنی بتەوکردنەوە بو نەك شتێکی ترو وەك بەربەرەکانی‌کاری ٠ وە لە کاتێکدا باس کردنی نوێنەرایەتی بەربەرەکانی کار بەرەو ئەم لایەنانەی دەستمان بۆ کێشان سەقام گیر نابێ هەرئیز ناگونجێ نوێنەرایەتی لەسەر ئەساسی دەست بەرز کردنەوە بێ‌و نە بەربەرەکانی کاری هەلە ، ئەمە شتێکە ئەنجامی باشی نابێ ، خەلکی بەهێزە .. مەبەستم لە هێزی بازو نیە ، بەلکو هێزی عەقل ، وە هێزی ڕێکەوتن‌و گونجان لەگەل خەلکا ، وە باوەڕبون پێیان‌و باوەڕبون بە نمونەی بەرزی گەل ، پێویستە بە سیفاتەوە بە هێزبن تا رابەری سەرکردەکانیان بن ، وە هەلەکانیان هەلسەنگێنن بەو جۆرەی کە بەرەو خێرخوایی بەرن ، لونکەی تەورە بەلونکەی هاوشانی ئەرازێتەوە ، بەلام ئەوانەی لونکەنین ئەنگاو ئەبن کە لونکەکانی دەورو پشتیان ئەبینن ، بێ‌هێزەکان بەدوای ئەوانەدا ئەگەڕێن کە بیروڕایان نیە، بەلام بەهێزەکان بەپێی ئەو سەرنجانەی ئیشارەتمان پێ کرد بەدوای بەهێزدا ئەگەڕێن‌و لێیان نزیك ئەبنەوە ، تا لە گەلیانا بن‌و بیروڕایان وەرگرن لەراست کردنەوەو ڕەخنەو هەلسەنگاندنا،وە ئێمەبە پشتیوانی خواو یاریدەی هەروا بوین‌و بەردەوامیش لەسەر ئەو ڕێگایە ئەڕۆین‌و دڵسۆزین بۆ بیروباوەڕمان‌و بۆ گەلەکەمان‌و سلاوی خواتان لێ‌بێ ..

Institut kurde de Paris

لە ئاوێنەی ئەدەبدا

بـەڵی .. ئەمەشیان هەر « نیسبی »یە ..

ـ صلاح احمد ـ

● میللەت ، ئەگەر زۆربەی ئەو خـەڵك و خوایە بێت کە لە وڵاتێكدا ئەژین .. ئەوا مێژوو زۆر جـاك « خواست »و « ئیراده » کەیانی دەستنیشان کـردووەو ئەیکات ، بەڵام خۆ لە هەموو کات و شوێنێكدا هەمیشە « تاقم »و کەسانی وا هەبووە بە ناوی میللەتەوە ـ بـۆ سالەهای سالیش ـ بازرگانی بکات و . «لە بنیشەوە» بە بێی « ئینج »و « مەتر » بەگشت رێگایەك ! هـەوڵی « دەستەمۆ کردنی » ئەو میللەتە بدات . بەڵام بە پێـی ئارەزووی خەڵکی تر .

● زۆر ئاسایشە میللەتێك چەند جارێـك هەڵبخەڵەتێت، بەڵام تا سەر بە هەڵخەڵەتاوی نامێنێتەوە.

● ئەدیبی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەریش ئـەو کەسەیە لە هەموو کاتێکدا لە گەڵ میللـەتدا بێت و ، هەوڵ بدات ئەوەی لەوان ونە ، روونی بکاتەوەو ، لە ناو قوڕدا بۆ گوڵ بگەڕێت .. ئەك چەترێك بگرێتـە دەستەوەو ، هەر کە باران دای کرد هەڵی بـدات و .. دواییش بێت و باسی باران بۆ ئەو کەسانە بکات کە تا سەر ئێسقانیان تەڕ بووە .

● من و ، هەموو ئەدیب و ئەدەب پەروەرێـکی دڵسۆزی ئەم میللەتە ، باوەڕمان وایە ئەدەبی کـوردی « پرە » لە ئەدیبی شۆڕشگێڕو نیشتیمان پەروەری وا ، کە تاقە تۆزێك لە ئاوات و ئامانجەکانی گەل لایـان ئەداوەو هەمیشە ـ ئەگەر نەڵێین لە پێشیەوە بـووە ـ لە گەڵیا بوون .. بەڵام جاری واش هەیـە قـورگ درێژی دەست کورتی تێبکەوێت ، ئەك بە پێچەوانـەوە وەك هەندێك بۆی ئەچن ، کوایە تەنها « ئەدیبـی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرمان ـ بەر چاو ئەکەوێت!» وەکو ڤات بێت و بێویسـت بەوە بکات لـە دەرەوە « ئیستیراد »ی بکەین ، بەڵام دیارە ئەمەشیان هـەر نیسبییەو ، کەسانی وا هەن بێگانە بەرستی بـە شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری دابنێن و !.. بە هەموو عەقڵێکیشیانەوە هەوڵبدەن خەڵك و خوای ساکارو دڵپاکی بێ هەڵخەڵەتێنن .. !

● واش دەر ئەکەوێت هەندێك هەن پێیان ناخۆشە ئەدیب و نووسەرە خاوەن توانا کان بێنەوە مەیدان . تاکو بە ئارەزووی خۆیان شاریان بۆ چۆڵ بێت و وەکـو مەسەلەی « پشیلە لە مال نییە . » کەی لێ بکەن .

● خۆ ئەگەر چیش ، کەس بە دژی خۆی نالێت ترشە » ، بەڵام ئەمەشیان هەر نیسبییەو .. لە دۆش بە نرختر هەیە کە ئەویش « ئەخلاقە »و ، ئەگەر هـەر کوردێکی دۆترش شەرەفی سوێندی بدەیت ، یەکسەر ڕاستەکەیت بێ ئەڵێت و قیر و سیا لە دۆکەی ئەکات لە پێناو شتی بە نرختردا ..

بەڵام ئەم مەرجە لە لای ئەو خۆ هەڵکێشانە دەست ناکەوێت کە خۆیان بۆ گشت هەڵێك ناوەتەوە .

ـ ئەی تۆ ئەڵێیت چی ؟!

ئەدیب و هەڵوێست

ساڵی ١٨٩٨ ، ادشـای سوید ئۆسکاری دووەم ، لـە کۆشکەکەیدا لـە ستۆکهۆڵم ئاهەنگێکی ڕێزلێنانی بـۆ ئوسـکاری وایلدی بەناوبانگی شانۆ هنریك ئبسن ئیـرا . شـا دەربارەی هەندێ لـە نووسینەکانی لە کەنیدا کەوتە گفتو گۆو پێی وت : ئە دەبووشانۆگەری (تارەایی یەکان) بنووسیت .. شانۆگەری یەکی بێ تامە .

بـەوە هـەر خێرا شـاوهونەرمەندە مەزنەکە بەینیـان ئالۆز سکا . لەو ساتەدا شـا ژن (سۆفی) لە ئەلیندا بوو ، هەوڵیدا بـە ینیـان خـۆش کاتەوە . بەڵام ئبسن تا چەند ساتێ مات بوو .. تەنگـەتاو بوو بوو . ئینجا تـەقی یەوەوتی : ئە خێر شاهەنشا .. لە سەرم پێویست بوو (تارەایی ـ یەکان) بنووسم .

جا ئایا کام لـەم دوانـە پادشای ڕاستەقینە بوو لـەم هەڵوێستەدا ؟!. ئەوەیان کە بە میرانیو لە ڕێگەی سیاسەتەوەبوە شاو وای دەزانی لە ڕێگەی ئـەو دەستەڵاتەیەوە دەتوانێ حوکم بدا بە سەر هونەرمەندو بەرهەمەکانیدا ، یا ئەوەیان کە تەختی شاهەنشاهی بە ـ ئەقڵو هۆش و گیانو بە ئەندیشـەی دەروونی دەسگیری خستوە ؟!. ئبسن دەیزانی ئەو شانۆگەری ـ یەی گەلێ کەس یەست و گـرژدەکا ، بۆیە بە کاپرای لـە چاپدەرەکەی وتبوو : ئەگـەر بمزانیایە شانۆگەری یەکە وەهاکاریکەر نابێ نەمدەنووسی .

بەم جۆرە ئەدیب هەسـت دەکا کە ئەو بە هونەرەکەی ئەك تەنهـا زاتی خۆی دەسمەڵێنێ ، بەڵکو پەیامێکیش بە جێ دێنێ کە لە ئەستۆیدایەو تێدەکۆشی بۆ گوڕینی هـەر بارێك کـە بنووسیت بـە گۆڕینی بکات . ئبسنیش کاتێ لە ڕووی شاداوەرکەڕایەوەو وتی : « ئەخێـر شاهەنشا .. لە سەرم پێویست بوو (تارمایی یەکان) بنووسم » ، هەر ئەمەی مەبەست بوو .

●

بەڵام (تارمایی یەکان) چی بەسەردەمی خۆی وت و چی بـەهەموو سەردەمێك دەڵێ ؟! .

ژنێك وە کۆمەڵەکەی ئەڵەکە بازی یەکی زۆری بۆ دەر دەخا . بۆی دەر دەکەوێ کـە هەموو ئـەو خەڵکەی دەورو پشتی ، بەندی پیرو باوەڕو ڕەووشت و نەریتی پڕو پووچی ڕابوردوون . کۆمەڵێکە مردووەکان نە نـاو نزمەکانیانەوە حوکمی دەکەن . واتە پێشینان بەو پیرو باوەڕو ڕەفتارانەیان کـە بوونەتـە پاسایەك بۆ هەموو خەڵکەکە ، ئەو کۆمەڵە بە ڕێوە دەبەن . ئـەو خەڵکەش بە مل کـەج کردنیان بۆ پاسایەك کە لەدانانیداو نە لـە هونینەوەیدا بەشدار بوون ، لـە ئـەڵ تارمایی باوو باپیرانی مردوو . ژنەکـە ئـەم ڕاستی یە گرنگەی بـۆ دەردەکـەوێ و لـە ڕووی هەڵدەگەڕێتەوە . بەڵام زۆری ی ناچێ لـەو ئازایەتی یـەدەکەوێ و دەسـتە مۆ دەبێ . ڕازی دەبێ بە مانەوەی لە گەڵ مێردێکدا کـە قێـزی لێ دێتـەوەو دەیبوغـزێنێ و مناڵیکیشی لێ دەبێ . ئیتر ئەم ترسنۆکی یەی دەبێتە جەوهەری بەسـەر هاتەکـەی . باوکی (مێرد) کە لەو بەری حـاڵەتی بێ ئەخلاقیدایە دەمرێ . کوڕ ئەخۆشی سووزەنەکی بە میراتی لـە باوکی یەوە بۆ ماوەتـەوەو ژیانی لێ حەرام دەکاو لـە ئەنجامدا شێت دەبێ . ئینجادایکە لـە کۆتایی شانۆگەری ـ یەکەدا تەنهـا دەمێنێتەوە .. تەنهـاو هەسـتی پەشیمانی دەیقرچێنێ . بە توندی لۆمەی خۆی دەکاو دەڵێ کە ئەگەر تاکۆتایی بـە ڕێگای شۆڕشـدا بڕۆیشتایەو ئازا برایەو هەر بە ئەدا بچوایە ، خۆیو خوشـەویستەکانی وەهایان بە سـەر نەدەهات . بەڵام ملی کەج کرد بۆ زۆرو جـەور . ڕازی بووبەوەی کۆمەڵ چاو لـە داوێنپیسی پیاو بپۆشێ و لە ئاستیدا بە ڕەحم بێ . کە چی بەرامبەر بە ژن کە هەر وەك پیاوەکـە کردار بکات ، سزای سـەخت بەرێو لـە ئاستیدا تۆزقاڵێك بەزەیی لە لا نەبێ . ژنە ئەگەر بۆ خۆیو بۆ هەموو ژنان بـە نیسساف بوایە ، دەبوو داوای ئەوە بکا کۆمەڵ وەك یەك مامەنەلە گەڵ ژن و پیاودا بکات و بـە یەك چاو تێیان بڕوانێ . ئەگەر لەکۆمەڵێکدا ئافرەتێکی (خراپ) هەبێ و پێویست بـە سزادانی بکات، ڕەپو ڕاست دەبێ ـ هەر لەو کۆمەڵەدا ـ پیاوێکی داوێن پیسیش هەبێ و کەچی ئەو لـە سزادان ڕزگاری دەبێ . کۆمەڵی بە زۆرو جەور ـ ئەو کۆمەڵەی کە پیاوان درووستیان کردوە بۆ ئەوەی لە سەر حسابی ژنـان تیـایدا بژین چاو پۆشی لـە پیاوی خراپەکەر دەکاو یەخەی ژنی خراپەکەر دەگرێ . ئیتر ئەو ساخراپەکاری لە ناو تیانی خەڵکەکەدا لانە دەکـا ، وەك چۆن تارمایی (خێو) لە کەلاوەو خانوە ڕوخاوەکاندا خـەزی حەشـار دەدا . دواییشـی دەکـەوونە داوی هـەڵە ترسناکـەکەوە .. هـەڵەی تێڕوانینی داوێن پاکی بە دوو چاوێلکەی جیاواز . ئەمەیـە شۆڕشەکەی نێوان شانۆگەری ی (تارمایی یەکان) ، کـە تین و توانایەکی بە هێزەو کۆمەڵ لـە بنچینـەوە هەڵدەتـەکێنێ و دووروو پی و جەوروسـتەمی ڕیسوا دەکا . ئەم شۆڕشـە گەلێ کەسی یەست کردو دژی وەستان . ئەوانە لە وەختـی خۆیدا شانۆگەری یەکەیان بـە ڕووخێنە ڕوبێ ڕەووشتی دادەنا خەڵکەکەش هێندە سارد بوون یەرامبەری کـەلەو دەهەزار دانەیەی لێی چاپ کـرا بوو ، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەمی لێ فرۆشرا . بگرە ئەمە کاری کردە سـەر شانۆگەری یە چاپکراوەـ کانی تریشی و فرۆشتنیان کـەم بووەوە .

بـەڵام ئبسـنی هونەرمەند وازی لە ئازایی خۆی نەهێنا . وەك قارەمانی شانۆگەری یەکەی لـە نێوەی ڕێگانە گەڕایەوە . بەڵکو قەڵەمە ئازاکەی هەر لە سەرنووسین بەردەوام بوو .. شانۆگەری بە دوای شانۆگەریدا کە تیایاندا ئامانجێکی بیرۆزی خستبوە پێش چاوی خۆیو بۆی دەچوو بەوەی کە : مرۆڤ دەبی زاتی خۆی درووست بکاو بەدی بهێنێ ... ماوە نەدا کەسـێك بـە سەریدا زاڵ بێو شێوەی ژیانی بە پێی حەزو ئارەزووی تارمایی یەکان بـۆ نەخشـە بکێشێ . چونکە لای ئبسـن نەریسترین چارەنووس لـەوە دایە کە مرۆڤ گیانی خـۆی بدۆڕێنێ و ببێتـە سـێبەری یەکێکی تر . لە بەر ئەوەیە کە قارەمـانی شانۆگـەری ی (پیرجنت) ـ کە یەکێکە لە کارە ڕەمەی یەکانی ئبسن ـ ، ترس و سام دایدەگرێ کە پێی دەڵێن : (قەت لە ژیانتا ئازا نەبوویت . بۆیە ئێمە ئێستا تیایت لـەمە کوورەی گشتیدا دەتوێنینەوەو تێکەڵی مادەی یەکەم درووست بوونی دەکەینـەوە) . ترس و سام دایدەگرێ ، چونکە ئەمـە ئەو مردنەیە کە ژیانی لـە دواوە نییە .. مردنێکی پـێ ژیانەوە .

●

ئبسن بەردەوام بوو لە سەر نووسین تا مێشکی ئەخـۆش کەوت و وای لێهات تیبەکـانی وە بیرنەدەکەوتەوە . کـە چی هەر وازی نەدەهێنا . قەڵـەم و قاقەزی دەگرت بـە دەستەوەو سەر لە نوێ خۆی فێری ئەلف و بێ دەکردەوە .

ـ علی ... ـ

چەند وشـەیەکی بە چرپە

ـ ئاواز محمد صالح ـ

● باسی شیعرو چیرۆك و لایـەنە هونەری یەکانو زۆر شتی تری بۆ کردم ، دوای باس هاتە سەر دیاردەی نەهـاتنە . پێشەوەی ڕۆشنبیرەکانمان بۆ ئاو کوڕی چالاکی نواندن ..

پێم وت :: بەرای تۆ هوی چیە ؟

وتی : ئەبوونی ئەدیب و نووسەری ڕاستی وا کە بتوانی بەرهەمی چاك پێشکەش بکا .

ـ: ئەم رای تۆیە ؟

ـ: توانا نەبوونی ڕۆشنبیر لەسەر ڕویشتن شان بە شانی کۆڕانی لایەنەکانی ژیان .

ـ: دوای ئەمە ...

ـ: من باوەڕ بە ڕۆشنبیری ناهێنم ئەگەر بـە مانای وانە ڕۆشنبیر نەبێ ...

ـ: ڕاستە ..

وتی : وە .. شەپۆلی خۆهەڵواسین بە ڕۆشنبیری ـ یەوەو دەستکرتن بە دواییەوە ... بەبێ حەق ..

ـ: چی یە ؟!

ـ ئـەمە زۆلمـەو غەدرکردنە بەرامبـەر مافی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەکان ..

ـ ئەی چارە ؟

ـ: هەر مرۆڤی شوێنی خوی بزانێ و شوین خۆی دیاری بکات ، هەرخاوەن حەقی ... حەقی تەواوی خۆی باتی .. هەریەکە لە ئێمە شارەزایی تایبەتیمان هەیە : ئاسنگەری بۆ ئاسنگەر ، ڕۆشنبیری بۆ ڕۆشنبیر ... بەڵام ریاو خەڵەتاندن و خۆ پادانی ناهەق .. خۆهەڵواسین بـە دیاردەی بۆشەو لە پێناوی سودی تایبەتیدا ... ئەمانەش پیاوی خۆیان هەیە ...

وتم : ئەی هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆشنبیری ڕاستەقینە

وتی : زۆر کەمن .. ئەوانەی تر دەستەیەکی بارن پەسـەر ڕۆشنبیری یەوە ، بەڵکـو ... کۆمەڵەیەکی پەستکەرن کە خۆیان پیاهەڵواسیوەو پێش پرکی لـە یەکتری ئەکەن تەنیا لـە پێناوی سـوودی تایبـەتی خۆیاندا ، خۆیان وشەی بریقەدا هەڵئەکێشن ... جا لە ڕووی سیاسەتەوەبێ یان کۆمەڵایەتی ..

ـ: ئەی ئەنجام !!

ـ: ئەنجام .. بێگومان باشەڕۆژ بۆ ڕۆشنبیری ڕەسـەنە ، وە ژیان تەنیـا بۆ ڕۆشنبیرە ڕاستەقینە بەوەئاکانە بەرامبەر ورێزی وشـەی ئامانجداروبیری ڕاستەقینە، بەڵام «خوهەڵواسەکن بە ڕۆشنبیری »دا ... فۆتێکراوەکان لەسـەر حسابی ڕەنجی کەسانی تر ...

ئەوانە ... نوێبونەوەی فیکری و کورانە ڕۆشنبیری ـ یەکانمان زامنی ڕامالکردنیانن و بێ قیژەو هـەرا ... ڕامال ئەکرین ...

ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی

لە نێوان « ڕۆشنبیری » یەوە

ـ حسین عارف ـ

(وەلامی نیگایەك) پارچە شیعریکە کـە لە ژمارەی پێشوودا بڵاوکراوەتەوەو سەرنجی ڕاکێشام . من لێرەدا باسم لە چاك و خرابی شیعرەکە نییە . بەڵکوو باسـم تەنها لە وەزنەکەیەتی و ئینجـا لـە وێشەوە دەچمـە سەر ئەسڵی مەبەستەکەم .

وەزنەکەی بەشتی شەش بڕگەییە . بـەڵام لە چەند دێڕێکدا هەشت بڕگەیی و دە بڕگەییشی بـە کەرت کراوی تێدەکەوی بەبێ ئەوەی بەزەقی هەسـتی پێبکرێ . وائە ئەگەر لەسەری ئەوەستیت تارادەیـەك (دەڵێم تا رادەیەك) لە ڕووی ئیقـاعو مۆسیقاوە تێدەبەرێ .

جا وەك دەزانن من لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیمـدا هەندێ خۆم بە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی شیعرەوە خەریـك کردبوو (نامێلکەی کامەرانو هۆنراوەی نوی و دووسێ ووتار) . هەر لەوماوەیەشدا کەلکەلەی وەزنەکـانی شیعری کوردی نوێمانداا بووی ئەکەللەمو هەوڵـمدا ئەیان وردبیمەوەو دەس نیشانیان بکەمو ئەنجامێکیان لێوە دەس بێنم . بەڵام لەوە بەدواوە ئیتر وازم لێهێناو لـە کۆڕی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا پتر هەرخەریکی چیـرۆك بـووم .

تا پار بەبۆنەی کتێبێکەوە کە ئەك خۆی بەلـکوو دوو ـ سێ وتارم دەربارەی خوێندەوە ، کە کوایـە نووسەرەکەی بەنای بردۆتە بەر ماتماتیك بۆ لێکۆڵینەوەی شیعری نوێی عەرەبی ، مێشك کەلکەلەکەی زەمانی زوو سەری لێهەڵدامەوە .. وەك تۆ لە دڵی خۆمدا هاوارم کرد : « دۆزیمەوە .. ئەوێی یەکە لەماتماتیکدایە » . ئیتر خووم دایە . هەرچەندە شاعرنیم . بەڵام جار جار شیعرم بۆخۆمو توە . جا تەقەلامدا شیعرێك بەرهەم بێنم (بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە ناوەرۆك) کە زیاتر لەوەزنێکی تێدابێ وچەند جارێکیش وەهەرجارەی بە جۆرێك تەقەلاکە دووبات بکەمەوە . بۆ ئەو مەبەستەش دەهاتم پێشەکی بەژمارە ئەخشەی بڕگەکانی تابلۆیەکم دەکێشاو ئەوسا وشـەم بودەدۆزینەوە ، بە مەرجێك ئیقاعو ئاواز بەبێ ساتەمو کرێو قورت ئاسایی تێبەڕێ .

ئەوی ڕاستی بێ تارادەیەك شێتکم تیا بە شتێ کرد . بەڵام جەسارەتم نەکرد نیشانی کەسی بدەم . تەنهـا فیکرەکەم لای چەند برادەرێك باس کرد . دوای ئەوەئیتر وازم لەمەسەلەکە هێنا .

بەڵام ئێستا من چیم مەبەستە ؟!.. بێگومـان حەزدەکەم فیکرەکە بە شاعیرانمان ڕاگەیەنمو بپرسم : تۆ بڵێی مێشکێکی شاعری لێهاتووی کەمێ ماتماتیکزان ئەگەر خۆی بە مەسەلەکەوە ماندوو بـکا ، نەتوانێ لەرێگەی ماتماتیگەوە سەدو یەك وەزنی نوێ لەشـیعری کوردیدا بدۆزێتەوە ؟!. نەمووت بۆ شیعری کوردی ، بەلکوو وتم لە شیعری کوردیدا ، چونـکە مـن وا (افتراض) دەکەم کە وەزنەکان خۆیان هەنو بـەڵام لەحەشاردان و دەبێ بدۆزرێنەوە . چۆن ؟!.. وەك ئەوەی لە باڵ وەزنی هەشت بڕگەییو کەرتەکانیـدا یا دەو دوانزەو کەرتەکانیدا ... هەند ، وەزن هەبێ ٣+٤+٥ بێ ، یا ٢ + ٣ + ٥ ، × یا ٤ + ٥ + ٦ یـا ٥ + ٣ + ٦ یا ٤ + ٣ + ٦ ... هەند کە ئەگەر ئەمە ڕاست دەرچێو توانای بەدی هێنانی بەفراوانیو بێ تەگەرەو کەمو کووڕی هەبێ ، ئەوا شاعیرانمان دەتوانن زەفەر بە ژمارەیەکی هێجگار زۆری وەزن بەرن لە شیعردا لەبری ئەودی لە سنووری چەند وەزنێکدا گیر بخـۆن کە ئێستا هەرە باوترینیان هەشت بڕگەییە کە بەشـی هەرە زۆری شیعری نوێمانی پێدەهۆنرێتەوە .

دیارە دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە مەرجی سەرەکی لە ریك و پێکی وەزندا ئیقاعو ئاوازە کە دەبێ ڕەوانو بێ گرێو قورت بڕژێنە گوێی خوێنەر یا گوی گـرەوە .

وائە ئەگەر ماتماتیك توانی لەم ڕووەوە یا ریدەمان بدات، تۆ بڵێی ئەوەی وتم لە خەوو خەیالـەوە نەبێتـە ڕاستی ؟!..

من باوەڕم وایە کە مێشکێکی شاعیری لێوەشاوەی کەمێ ماتماتیکزان ، ئەگەر خۆی بێوە مەندووبکا (وەك شاعرو وەك زاناش لە شیعر) لەم ڕووەوە دەتوانێ بـە ئەنجامێکی باش بکات و ئەو ساڵە بڕی شەش ـ حەوت وەزن کە وەکوو وتم هەرە باویان تەنها یەکێـکە ، سەدویەك وەزن لە شیعری کوردیدا دەدۆزێتەوە .

هەر بەم بۆنەیەوە دەبێ بە شێوەیەکی تایبەتی ، ئیشارەت بەدەس پێشکەریو هەوڵی سەرکـەوتووی (کۆڕان)ی ئەمەر بدەم لەم ڕووەوە بۆ نموونە لە شیعری (بەسەتەی دڵدار)و لە (ئاواتی دووری)دا ، دوو یاسای وەزنی جیا جیای پێکەوە تیا بەکار هێناوون ، بـەبێ ئەوەی هەست بە ئەنگی وقورت بکرێ تیایاندا و ئیقاع و ئاوازیشیان ، هاوەڕێیایەکی ڕێك و ڕەوانە . دیـارە کۆڕانی مەزن کە ئـەم کارەی کردوە ، چاك لەخـۆی ئاگادار بوە کە چی دەکاو چی مەبەستە . بەڵام دەشیرسم: چ عەجەب ئیدامەی بەم کۆششەی ئەداوە ؟!.

Institut Kurde de Paris

چیرۆکـــه دەروونیەکـان

گورینی ـ محمد رشید فتاح

چیرۆکـــه دەروونی‌یـەکـان‌جۆرێکی تـازە بابـــەتن لـــە جۆرەکـانی چیرۆك • بـەلام ئـەبێ ئـــەوە بزانرێ کە، ئـــەم جۆرە چیرۆکە لـــە سەدەی بیستەمدالە دایك نە بووە ، بەلکو لـــە پێش ئەم سەدەیدا رەگی خۆی‌داکوتاوە • بە، ئاسانی نەتوانین ئەم جۆرە چیرۆکە، یەکەین بـــەدوو بەشـــی‌سەرەکی‌یـــەوە ، یەکەمیان ئەو چیرۆکانەی کە، لەپێش (فروید)دا نووسراون • دووەمیان ئەو چیرۆکانەی کـــەلە دوای ئەوە دانراون •

ئەو چیرۆکانەی کە لە پێش(فروید)دا هاتوونەتە کایەوە ، ئەو چیرۆکانەن کە نووسەرەـکانیان هـــەولیان داوە لـــە کلاورۆژنەی هەلس‌و کـــەوتی‌تەنها کەسێکەوە ببینـــە ئاو دەروونی مرۆڤەوە •

واتە بـــە پێی زانینی باری‌دەروونی‌و هۆش‌و بیری ئـــەو کەسانە ، هەلس‌و کەوتیان‌کردۆتەوە • کە واتە لـــە راستی‌دا ئەمە بازنەیەکە کە لەتەنهـــا کەسێکەوە دەستپێ دەکات‌و ، لە هەمان کاتیشـــدادەگەڕێتەوە سەر ئـــەو کەسـە خۆی • هەر بە هۆی ئەم کارەشەوە نووسەر ئـــەو راستیانە لە نیو سروشتی نادەمزادا بەگشتی لە تێکەیشتنی سروشتی کەسەکانـــەوە هەلئەبەژێت • ناتوانین بە نووسەری چیرۆکە دەروونی‌یەکانی پێش (فروید)بڵێین کە ئاگایان لە زانســـتی دەروون شروڤەی نەبووە •

بەلکەشمان بۆ ئەم راستی‌یەئـــەو ئالتـــە بێ‌کردنـــەی (دستویفسکی)یە بەرامبەر بەسوێندخۆرەکان لە کارەسانی کوشتنی باو کەکـای چیرۆکی(برایانی کـــارامازوف)دا • زۆربەی ئـــەو سوێندەرانـــەجوتیارن شتێکی سەیریشە کە دەورێکی وایان لە کارەساتیکی‌وا دەروونی • بدرێتێ •

شارەزایی (دستویسفسکی) لە زانستی دەروون شوناسیدا هۆیـــەك نەبووە بۆ نووسینی چیرۆك • واتە ئەو لەبەر ئەوە چیرۆکی نە نووسیووە کە ئەو راستیانە بـــە شێوەیەکی تازە دابرێژێت ، بەلکو ئەو راستی‌یە دەروونیانەی کـــە لـــە ناو چیرۆکەکەدا هـــەن ، لەکـــن نووسەر لە ئێوە رووداوەکان‌و ، واقعەکەو ، شێوەی کەسەکان‌و، هـــەلس‌و کەوتیانـــەوە وە دەرکەوتووە •

کە واتە چیرۆك دوای ئەمانە وێنـــەی گیـــرو گرفتـــەکان دەگرێت‌و ، چارە سەریکیش بۆ دیاری دەکرێت • بەلام لـــەم حالەتەدا ناتوانێت کـــە بیری دەرەوە بـــە ســـەر خـــۆیدا بســـەپێنێت‌و • چارەســـەر کردنیش لەزانستی (باتولوجی!

یـــەوە وە دەســـت بێنێت • چیرۆکە دەروونی‌یـەکانی دوای (فروید) لەگەلی سەرەوە لەگەل چیرۆکەکانی پێش ئەودا یـــەك دەگرنەوە ، هەروەها لە گـــەلی لانەنیشـــەوە جیاوازی‌یان هەیە •

چەرخی بیستەم چەرخی زانستی دەروون شوناسی‌یە ، لەم چەرخەدا زانستی دەروون شوناسی خۆی لـــە فەلسەفە جیاکردەوەو ، بوونی تیبـــەتی خۆشی ســـەلماند • زانســـتی شی‌کـــردنـــەوەی دەروونیش لەلایـــەن (فروید)و قوتابی‌یەکانی‌یەوە یەکـــەم بـــەردی بناغەی دانراو • بەرە بـــەرە بەرە فراوان بوون هەنگاوی‌نا ، تا هـــەموو گونجێکی زانستی‌یەکـــانی تری مرۆڤایـــەتی گرتەوە •

زانا دەروون شوناس‌یەکان توانیان هۆیەکانی رەوشـــتی ئادەمیزاد لـــە قولایی دەروونداا بدۆزنەوە • لەمەشدا ئامانجیان ئـــەوە بوو کـــە چارەسەری گیرۆفتـــە ئەوەرکـــەی ژیانی ئادەمیزاد بکەن •

چیرۆك نووسەکانی چەرخی بیستەم بە هۆی هەولی ئـــەو زانایانەوە گەلێ راستیان بـــە دەست هێنـــا ، وە تەنهـــا گیروگرفتسیشیان ئەوە بوو کە بە هۆی ئەو راستیانەوە بکەنە کەناری دەریای ژیان‌و ئادەمیزاد هەر لـــە بـــەر ئەمەش ئـــەو راستیانەیان لە چیرۆکەکانیاندا دارشت •

لێرەوە نووسەری چیرۆکـــە دەروونی‌یەکان بوونە دووبەش• بەشێکیان ئاسراون بەنووسەری رەسەن‌و خاوەن بەهرە ،وەك : جیمس‌جویس ، فرجینیاولف ، الدوس‌هکســـلی ، د• هـ• لورنس • ئەمـــانە ئـــەو نووسەرانەن کـــە بـــە چاکی توانیـــان ئـــەو راســـتی‌یە دەروونیانەی کـــە زاناکـــانی شی‌کـــردنـــەوەی دەروونی دەریان‌خست • بـــە شێوەیەکی هونـــەری بیڤۆرکـــەوە • چیرۆکەکانیشیان وەك تاقـــی‌کردنەوەکان یەکێری تـــەواو لە نووسینی دکتـــور (عزالدین‌اسماعیل) کراوە بەکوردی •

ویستیان لاسایی ئەم نووسەرەهەلکەوتووانە بکەنەوە لە بـــەر ئەوەی کـــە توانای هونەری‌یان‌لاواز بوو ، چیرۆکەکانیان لـــە راپورتێکی بێ هێزتێنا بەرن ،هەرچەندە لەسەرشێوەی تازەش دارێژراون •

هێندێ خوێندەوار هـــەرزووڵـــە خوێندنـــەوەی چیرۆکـــە دەروونی‌یەکانی ئەم چەرخـــەوەرس دەبن‌و ، تاکـــوتـــایی لەگـــەڵیا نارۆن • ئـــەمەش‌لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە ئەو جۆرە کەسانە بەم شێوە تازەیەرانەهاتوون‌و • وەك شـــێوەی چیـــرۆکی کۆنـــەکان چێژی‌لێوەرناگرن •

کەواتـــە ئەمە یەکێکە لـــەخاسیەتـــەکانی ئەوچیرۆکـــە تازانەی ئەم چەرخە کە لەگەڵچیرۆکەکانی پێشـــوودا لـــە یەکیان جوێ دەکاتەوە •

بەلام ئەوەی کـــە نکولی لێناکرێت ئەوەیە کـــە نووســـەرە گەورەکانی چیرۆکە دەروونی‌ـیەکان لەم چەرخەدان توانیویانە لەوێنەگرتنی لایەنە شاراوەکانی‌دەروونی ئادەمیزاددا سەرکەوتن بە دەست بهێنن • ئەوەی کـــەئەم چیرۆکە دەروونیـــانە وەك کارێکی هونـــەری عـــەیبدارئەکات • ئەوەیە هەر تەنهـــا برێتی بێت لـــە دارشـــتنێکی‌رووت‌و قووتی راستی‌یـەکانی زانستی دەروون شوناسی ، یـــاراستی‌یەکـــانی هەرزانستێکی تـــر •

بەلام بەگارهێنانی پرۆگرامی‌شی‌کردنـــەوەی دەروون لـــە لێکۆڵینەوەو ، پـــەردە لادان‌لەســـەر ئەوراستیانەی کـــە چیرۆکەکە گرتوونیە خـــۆی‌نابێتە عەیبە •

ئـــەدیب ژیان شی‌دەکاتەوە ،لە بەر ئەوە پێویستە لەسەری کەراستەوخۆ بەکاریان بهێنێ‌و،راستی‌یە بنەرەتی‌یەکانیشی تیا دەربهێنێ • بەلام رەخنە گـــرتەنهـــا کـــاری ئـــەدەبی شی‌دەکـــاتەوەو ، هـــەلی‌ـدەسەنگێنێ • لەبەر ئەوە ئەبێ ئـــەو رەخنەگرەی کـــە لەبەررۆشنایی پرۆگـــرامی دەروون شوناسی کـــاریگی ئـــەدەبی‌شی‌دەکاتەوە ، زۆر ئاســـاداری (بۆچوونەکانی) بێت بـــۆ ئەوەی لەتوانای خـــۆی زیاتر هەلنەگرێت •

ئـــەم نووسینە لە بەراوی(التفسیر النفســـی للادب)ەوە لە نووسینی دکتـــور (عزالدین‌اسماعیل) کراوە بەکوردی •

وێنەیەکی « وەلی دێوانە » لە قەسیدەیەکی‌دا

محەمەد ئەمین هەورامانی

چاکتر وا ئەبوو کە، هەر لە یەکـــەم وتارەوە ئـــەوەم دەرخستبایە کە « تایتل » هـــەریەکە ، بەلام ئەودێك جۆراو جۆرە !! چونکە، هەرچەندە هەریەکە لەم وتاراە، لە ئەو قاوغی یـــەك « تایتل »دایە ، بـــەلام ئەیەکی تایبـــەتی « میرزا وەلی » شاعیرمان بۆ دەرئەخات• بۆیە ئەم ئەخت، رۆشنایی‌یـــە لەردا بەحشیرا بۆ ـــ وەی‌خوێنەری بەرێز کول ئەبن لـــە دیتنی تایتلەکە ، کە لە ـــ لەم هوو وتارانەدا پت دەبینەوە ، لەگەل ئەوەشدا ئەمەی ئـــەجارە تا رادەیەك سوودی خۆی بۆ ئەم مەبەستە هەر ئەبەخشێ،چونکـــە شـــتەکی، ئەچـــوەو بەپێی هەروەئـــاقەسیدە رەسەندکانی میـــرزا وەلی ، هـــەتا زۆرتـــەـــریبەئخوێنیـــەوەو لـــیـــن وردبیتەوەو لەیەن بکرێتەوە ،جوانترو رەشنترو وێنەی ئـــەو سەردەمەی « میرزا وەلی »ت بەشێوەیەکی ئشتی‌ی‌و وێنـــەی تایبەتی خۆی بـــە، شێوەیەکی‌تایبەتی بۆ رۆشن دەکەنەوە ••

بۆیە وا ئەبێ چونکە ئەمـــەوێچەند وتارێ بەم ناوو نیشانەوە کە تا رادەیێ لە ناو چەرتـــەی‌هەستی شیعرەکانی « میـــرزا وەلی »یەوە هەلقولابن‌و بە هۆی‌یەتا بردنە سەر قەسیدەکانی ، بلاویکەمەوە و ئومێدیشم وایە ،بینە بزوێنەرێ بۆ ئەو کەسانەی کە لەم رووەوەو سەبارەتەوە بەتەنکەوە هاتوون بۆ وە دەســـت خستنی دێرانێکی نوێی پوختی‌بژار کـــراوی « میرزاوەلی » رازاوە بە نەخش‌و نیگـــاری‌لێکۆڵینـــەوەو تۆژینـــەوەی زانستی‌یانەی ئـــەو تۆ کـــە بەبەلگەی بڕوا بێ‌کراوە وە بنـــج بەست‌و پتـــەو و چەسپاوبن ،بەشکوریشم ئیتر کۆڕ ، لـــەم رووەوە لە رووداو دانـــەمێنێ‌ودوور کەوێتەوە لە ـ زۆر بۆ بۆر بێ !!••

پێش ئەوەی بڕۆینە ســـەر ئـــەو قەسیدە وێنە گیراوەی « میـــرزا وەلی » ـ یـــاران مەجنوونم ـو شی‌کردنەوەی ئەو دێرەی کە وێنەی سەواد داری « میـــرزا وەلی »مان بـــۆ دەرئەخات ، لام وایە ئەوەی کە خـــاکی وتوویەتی ، دەربارەی ساوێلکەیی « میرزا وەلی » یەوە ـ (وەلی دێوانە ـ خـــاکی ـ لاپەڕە ـ ٧)و ئەوەی مامۆستا هەورامی دەربارەی خوێنـــەوەی‌یەوە وتوویەتی ـ (وەلی دێوانە ـ هەورامی ـ لاپەڕە ـ ١٠) جێگەی بڕوا نی‌یە چونکە شتەکە دەمی‌ی سەر و زاری‌یە نەوەك بەلگەدار !!

بۆیە بڕوا کردن بە شـــتی دەمی زوربەی وەخت دەمانخاتـــە کێژاوی گومـــان‌و تۆمی قوولی ناراستی‌یەوە ئەگەرکەمتەرخەمی کرا لەو سەرچاوانەی کە لـــەو رووەوەو بـــەو سەبارەتـــەوە هەن !! ئاخر وایـــە ، بۆیـــە هوروژمی بای گێژۆلەکەی شتی دەمی‌ی وسەرزاری وای لـــە مامۆستا هەورامی‌و کاك خـــاکی کردوە نەیان‌توانیوە سەرچاوەی راست‌و رەوان بەرچاوخەن !! ساحیب بوو خاوەنی بەرتووکی بیر شالیاری زەردەشتی کـــە چەند بەرەیەکی دامێ بتر لـــە ســـەد ســـال لەمـــەوبێشەوە نووسراوەتـــەوە و منیش بـــۆ نموونە پێشکەشم کـــردن ئیتـــر ••• » (دیوانی وەلی دێوانە خاکی ، لاپەڕە ـ ١٩) •

کە واتە ئـــەم پارچە شیعرە وێنە گیراوە کە کاك خـــاکی باسی دەکات (خاکی ـ لاپەڕە ـ ٢٠) باشـــترین سەرچـــاوەی رۆشنەو ئاوێنەی بێ‌گـــەردە بۆ زانینی ئەختێ لـــە هەســـتی دەروونی وەلی ، کەچی نە کاك خاکی وە نە مامۆستا هەورامی ئەیان ویستوە یاخـــود ئەیان توانیوە سوود لەم قەسیدە وێنە گیراوەوە وەرگـــرن ، هـــەر دووکیان هەمان قەسیدەیان بە کۆڵێ هەلەوە گواستوەتەوە ناو دێوانەکان (خاکی ، لاپەڕە ـ ٦٠) و (هەورامی لاپەڕە ـ٨٨! ئەمە لە لایەکەدە لایەکی‌کەشەوە کورتـــەی دوو نیوە دێڕە رەسەنەکە ئەمەیە : (هـــەرچی پی سباردم هەموویم یاك یەك‌و بامان‌و زامانی کۆم کردەوەو لـ ناو دەفتەردا نووسیم) • بەلام ، کورتـــەی دوو نیـــۆە دێڕە دەســـتکاری کراوەکـــە دەڵێ :

کردەوە ، ئەو بەخوێنی دل لەناودەفتەردا نووسی) ! •

هەروەك بە تایبەتی (نیـــوەدێڕێکی) تـــەواوی ئـــەم قەسیدەیە لابردبێ وایە ، چونکەهەوی‌یەی سەودا داری (میرزا وەلی) تیایە ، کەچی مامۆســـتاعوسمان هـــەورامی ، هـــەر بەمەش نەزانیوە !!•••

ئەگەر هەلە وردەکانی ئـــەمقەسیدە گوێزراوەیە ، سەرژێر نەکەین وبشت گوێیان خەین ، هەردوو لایان ـ هـــەر وەك ئەختێ لەمەوپێش‌تر وتمان ـیەك نیوە دێری تەواویان بـــە هەلە گواستوەتەوە ، واتە سەرباکی نیوە دێڕێکی قەســـیدە وێنـــە گیراوەکە ئەگوێزراوەتەوە ، بەلکو نیوە دێڕێکی ترە واتە جێگای دا !! ئەمەش نیوەدێڕە رەسەنەکەیە : « •••

ئەدام ئاوردم گشـــت دام‌ئەدەفتەر »

(ئەماشـــای دیوانی وەلی‌دێوانە • خاکی ، لاپـــەڕە ـ ٢٠) •

واتە هەر دوو نیوە دێڕەکەبەم جۆرەن :

« یەك یـــەك جەم کـــردم‌ئەەم سەرا سەر

ئەەم ئاوردم گشت دام ئەدەفتەر »

کەچی ئەوان، هەر دووکیان، بەم جۆرە گواستوویانەتەوە ، هەر وەك یەك لە سەر یەکەوەبووبێ وایە :

« یەك یەك جەم کردم ئەمام‌سەراسەر

ئەو ئەهونی دل نویشت وەدەفتەر »

* * *

چیرۆکی بۆکس

شێرکۆ بێکەس

١ ـ من ئەزانم ،
هەرچەند بڕۆین
بەیەك ناگەین
وەك دوو هێڵی شەمەندەفەر
وەهاین هەردوو
بەیەك ناگەین
بەڵام ـ گیانە ـ ئەگەر لاش‌دەین
واکۆنی دل وەر ئەگەڕێ ! »
ئەوسا ئەزانی چەند نامەو شووشە عەترو ،
چەند ژوان‌و چەنـــدەماچی ،
خۆشەویستی
هەردووکمانی تێدا ئـــەمرێ ؟!!

٢ ـ کۆتایی‌ی‌ی
(سەعات) لەدەستی زەمانا
دەرباز ئەبێ و ،
خۆی (بێش) ئەخات
کە دانیشتین
سەعات لەدەستی زەمانا
مەلاس ئەبێ‌و ،
خۆی (دوا) ئەخات !!

پۆستەی رۆشنبیری

● **برایان کمال فـــرج حاجی محمودو سامی هـــادی عثمان‌و یاسین دەرویش :**

هەر یەکەیان تەقەلای داوە هەســـت‌و سـۆزی خـــۆی شار ئەیانەوێ رەوتـــی

عبدالرحمن ابو بکرو سـالار توفیق‌و انور حکیم زەهـاوی‌و

داڕێژیتە قالبی پارچـــە شیعرێکەوە • بەلام لەبـــەر ئەوەی لەرووی هونەری‌یەوە سەرکەوتو نەبوون، نەمانتوانی بڵاویان بکەینەوە • هیـــوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین •

● **کاك کمال سعدی :**

دوو چیرۆکی بۆ ناردووین• بەلام بە داخەوە هیچیان بـــۆ بڵاوکردنەوە نەگونجـــا • هیوادارین کۆڵ نەداو لەکۆڕی هونەری چیرۆك نووســـیندا سەرکەوتن هەروەدەس بێنێ •

● **کاك سالار محمد سعید:**

وتارێکی بۆ ناردووین بەناوی (کێژاو لە دوو توێی دوو رەخنەدا) • بەلام لەبـــەر ئەوەی کە بۆچوونی سەبارەت بە باسەکەی کۆك نەبوو ،وکەم و کووڕی تیدا بوو ، بـــڵاو کردنەوەیان بەجاك نەزانی •

لە یادتە؟!

پاکیزەکەم ••
لە یادتە ماوەیەکی دوورو درێژ
لە یەکتردا ئەتواینەوە
ماچ‌کـــردن‌و هەلگلۆفینی نشێوو لێژ
تەمی خەمی ئەرەواندەوە •
لە یادتە وەکو دەریاو هەورو باران
لە یەکتردا ئەژیاینەوە
لە یادتە لە خواردن‌و خواردنەوەدا ،
دەستی خۆمان ئەگۆڕیەوە
لە یادتە وەکو گیان لە بەرو درەختی رۆژ
هەتاسەی مەستی خۆمان ئەگۆریەوە •
لە یادتە پێت ئەوتم
« یا بۆ تود ئەپم یانیش بۆ گل »
ئێستاکە بۆ چرنروکی خەم ،
ئەخەیتە ناو دەروونی‌و دل
ئەوەندەم خوش ئەویست
ئەم دونیایەم لە چاوی ئەو بەدی ئەکرد
ئەوەندەم لێی قسەی نەرم خۆش ئەبیست
تەوی کەرمم سوهزل بەندانی ،
ناوی ئەو سەردی ئەکرد •
خۆشم ئەویست‌و خۆشم ئەوێ
چونکە ئەو فێری کردم ،
ئاشت جۆرە خۆشـــەو یستێك لە دڵما بڕوێ •

ـ اسماعیل ـ

Institut Kurde de Paris

وەزیری کاروباری نیشتەجێ کردن سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی بۆلێکۆلینەوەی کەم کردنەوەی قازانجی بانقی عەقاری کرد

بێری بەرێز طەه یاسین ئەلعەلی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری کاروباری نیشتەجێ کردن سەرۆکایەتی کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بانقی عەقاری کرد . کە بە لێکۆلینەوەی کەم کردنەوەی قازانجی قەرزە کانی بانقی عەقاری بەسترا ، بەتایبەتی ئەو قەرزانەی ئەدرێت بە وکەسانەی دەستیان کورتە وەک یارمەتی دانێکی بۆ باوری و کۆمەڵایەتیان ..

بەرێز طەه یاسین وتویەتی : یاساکانی بانقی عەقاری زۆر باشکەوتوەو لەگەڵ ئەو رواڵەتەیەدا رێک ناکەوێت کە شورش لێی دەروانێتە هاوولاتیان . هەروەها وتویەتی .. لەبەر ئەوە ئەبێ بە جۆرێک دەست کاری ئەو یاسایانە بکرێت کە بەئەواوی لەگەڵ بیروباوەری حیزبی سەرکردە ، حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا بگونجێت ..

هەروەها وتویەتی : ئەبێ کارێکی وابکرێت ئەخشەی خانوبەرەکانی کەرتی تایبەتی دەست نیشان بکرێت بەجورێکی ئەوتۆ کە لە کەرەسەی خانوبەرەدروست کردندا ، لەدروست کردنی خانوی کەورەدا بەفیرو نەروات ..

دابەش کردنی زەوی وزاری کشتوکاڵی بە سەر ١٦١٢١ خێزانی جوتیار لەناو ماوەی ئۆتۆنۆمی

لەسەر چێبەچێ کردنی یاسای ژمارە (٩٠) تایبەت بە دەست نیشان کردنی ملکداری کشتوکاڵی ی ناوچەی ئۆتۆنومیەوە ، ٦٢ هەزار و ٢١ خێزانی جوتیار لەو ناوچەیەدا زەوی کشتوکاڵیان بەسەردادابەش کراوە ..

ئەم زەوی و زارەش لە سێ ناوچەدا دابەش کراوە ، ٢٥٧ هەزار و ٥١٨ دۆنم بە سەر ١٦ هەزار و ١٢٦ خێزانی پارێزگای هەولێردا و ١٠١ هەزار و ٤٥ دۆنم بەسەر ٢٧ هەزار و ١٤٠ خێزانی پارێزگای سلێمانیدا و ٣٥٨ هەزار و ٩٢٦ دۆنم بەسەر ١٨ هەزار و ٨٤٠ خێزانی پارێزگای دهۆکدا پێچگە لەو ٣٠٣ هەزار و ٣٧٠ دۆنم زەویەی ماوەیەک لەمەوبەر بەسەر ٦ هەزار و ٢٧٦ خێزانی قەزای چەمچەمال و کەلاری سەر بە پارێزگای سلێمانیدا دابەش کراوە . سەبارەت خزمەت گوزاری کشتوکاڵی تر کە یاساکە بۆ کوریتی واقیعی کشتوکاڵی ناوچەکە هێندەیەنە گۆزی ، سەرکردایەتی ناوچە کشتوکاڵیەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی لە ماوەی ساڵێکدا بە دەیان جار زیاد کردنی بەرهەمی تری یاساکەیان لە زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرەبیدان و قرل کردنەوەی کاری دیموکراتی لەنێو چەماوەری جوتیاراتی ناوچەکەدا جێبەجێ کردوە وە لەبارەی خزمەت گوزاریی کۆمەڵایەتی یەوە حەوت مەرکەزی پیشەسازی دیهاتی و ١٢ مەرکەزی رێنمایی نافرەتانی لادی و ٥٨ کۆزی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری جوتیاران و ٢٤ کۆزی چالاکی کۆمەڵایەتی کراوەتەوە .. هەروەها لەسەر شێوەی کشتوکاڵی رابەر ٥ هەزار دۆنم زوی چەندراوە ، وا چاوەڕوان ئەکرێت کە بەرهەمی هەر دۆنمێک لەو زەویە ٧٠٠ کیلۆ دەغلودان بدات بەدەستەوە ..

وە سەبارەت سامانی ئاژەڵ ، لە پارێزگاکانی ناوچەکەدا ٢٠٧ پرۆژە کراوەتەوە لەوانە ١١٥ پرۆژەیان بۆ پەرەپێدانی ناوچەی ئۆتۆنومی یە بودجە یەکی تایبەتی جێبەجێ ئەکرێت کە خۆی ئەدات لە ٣ ملیۆن دینار .

هەروەها پارێزگای دهۆک پلاکی یەکی کشتوکاڵی دیاری بەخۆیەوە بینیوە ، لەگەڵ دابەش کردنی زەوی و زاردا گەلێک پرۆژەی کشتوکاڵی و هەروەزکاری تیاکراوەتەوە .

سەرۆکایەتی ناوچە کشتوکاڵیەکانی پارێزگاکە ١٥٠٠ دۆنمی ئامادەکردوە بۆ ناشتنی نەمامی بەردار لە ناوچەی بەروواری بالادا ، ئەمەش وەک سەرەتای ئەو پرۆژەیە وایە کە نیازە ٧ هەزار دۆنم بکرێت بە دارستانێکی میوەجات ، بیجگە لەو زوو هەزار دۆنمەی لە ناحیەیەی سەرسەنگ بۆ کشتوکاڵکی هەمەجەشنەی وەرزی داهاتو خۆش ئەکرێت .

سەرۆکایەتی ناوچە کشتوکاڵیەکان ٤٧ کۆزی قەلاچۆکردنی ئەخوێندەواری بۆ نافرەت و پیاوان کردوە لەتەل چوار کۆزی چالاکی کۆمەڵایەتی لەوانە سیانیان بۆ پیشەسازیی دیهاتەکانە ..

کردنەوەی دوو دەورەی رۆشنبیری و دو کۆری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە سلێمانی و هەولێر

● پێرێ ٥٠ جوتیاری ناحیەیەی سەید سادق سەر بە پارێزگای سلێمانی چرنە ئەدەورەیەکی رۆشنبیری یەوە لە کۆزی وریا کردنەوەی جوتیاران دا . دەورەکە ٦ رۆژ ئەخایەنێت ، بەشداران دەورەکە موحازەرەیان لە بارەی دەوری نافرەتانی لادی لە زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی یەوە بۆ ئەدرێت ، لەتەل وریاکردنەوەی ئەندروستی هەروەها پیری لە کۆرەکەدا لە ناحیەیەی خورمال دەورەیەکی تر کراوەتەوە ٨٠ جوتیار بەشداری تیا کردوە ، ئەم دەورەیەش ٦ رۆژ ئەخایەنێت و لە بارەی یاسای چاک کردنی کشتوکاڵی و پایەخی کۆمەڵەی هەرەوەزکاری جوتیاران لە پەرەپیدانی کاری کشتوکاڵی داو مەسەلەی وریاکردنەوەوە موحازەرەیان بۆ ئەدرێت .

● پێرێ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر بە هاوکاری یەکێتی نیقابەکانی کرێکارانی پارێزگاکە دوو کۆری نوێی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە دوبرژەی پیشەسازی سەر بە بەرێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێردا کردۆتەوە . بە مانەوە کۆرەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کرێکاران ژمارەیان ئەبێتە ٢٠ کۆر و بە سەر چێگای ئیشەکانەدا دابەش کراوە ، لەو کۆرانەدا ٧٣٣ کرێکار تیایاندا فێری خوێندن ئەکرێت .

پێویستیەکانی جێبەجێ کردنی بەخۆڕایی خوێندن

وەزارەتی پەروەردە هەمو ئەو پێویستی و کەرەسانەی ئامادە کردوە کە پەیوەندی بە مەسەلەی بەخۆڕایی خوێندنی ساڵی تازەوە هەیە کە لەنیوەی ئەم مانگەدا دەست پێ ئەکات ، وەزارەتی پەروەردە رێبازێکی نوێی بۆ چارەسەر کردنی پێویستیی قوتابخانەکان رەچاو کردوە لەبارەی کەرەسەی نوسین و کتێبەوە بەشێوەیەک کە یارمەتی قوتابیان بدات لەبارەی وەرگرتنی بەشە کانیانەوە هەر لەسەرەتای دەست کردن بە خوێندندا .

باشەاوەی : سەروتار

مەیدانێکدا بە ئەواوی لە گەڵ ئامانجە بنەرەتیەکانی بەرە رێک دەکەوێ لە بەدەوکردنی جێ پێ یەکانی شورش و بەرەنگاو بونەوەی بیلانەکانی ئیمپریالیزم دا .

داوای جێگری بەرێز بۆ زیاد بونی کارێکی کردنی لایەنەکانی بەرەو بەهێز کردنی پێوەندی هاوری یانە لە کاتێکدا یەکە مەترسی و نەخشەو بیلان زیاتر بەون و پێویستی بەوە هەیە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی بیلانەکانی ئیمپریالیزم هەمولا زیاتر هەست بە بەرپرسیاری نیشتمانی و نەتەوەیی بکەن و شێوەی خەباتی شۆرشگیری بەرە پێ بدەن .

ئەم داوایە پێویستیەکی نیشتمانی و شورشگیری ولاتەکەشمان دەردەچا کە بریتیە لە قولتر کردن و بەرەپێدانی دەستکەوتەکانی شورشی ١٧ ی تەموزو کردنەوەی ئاسۆیەکی تازە بۆ وەدی هێنانی ئاواتەکانی شۆرش بۆ داهێنانی قولترین ئال و گۆری پێشکەوتوانە بە قازانجی رۆلەکانی گەل و بنیاتنانی عیراقێکی گەشە کردو .

ـ هاوکاری ـ

وەزیری خوێندنی بالا دەسەلاتی دامەزراندنی دەرچوویەکەمەکانی کولیجەکانی پێ دراوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری دا کە وەزیری خوێندنی بالا و لێکۆڵینەوەی زانستی دەسەلاتی ئەوەی پێ بدرێت کە بە پێچ لە یەکەمە دەرچوکانی کۆلیجی کشتوکالی و پزیشکی ئەدان کولیجی ئەندازیاری و بریوەبردن و ئابوری و بەشە کانی زانکوی تەکنەلوژیا پیاوانە تەکنیکیکان هەمو سالی داهەزرێنێت تا لە دەزگا تەکنیکیکاندا کاربکەن بە پێی وەی رس و رەزامەندی لە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال و وەزارەتی ئەندروستی و دەرئێت سەبارەت بەوانەی پێویستیان بەو رەزامەندی یە هەیە ..

بریارەکەی ئەنجومەن پێرێ لە رۆژنامەی رەسمیدا لەژیر ژمارەی ٩٣٧ دەرچوەو بۆ ماوەی سێ سال کار ئەکات .. بەمەرجێ سەربازی بۆ ئەوەدەرچوانە دواخەن و بیانخەنە خوێندنی بەرزەوە لەناو ولاتدایا لە دەرەوەی ولاتدا .. بریارەکە پزیشک و ئەوانەی کاری پزیشکی ئەکەن و لە دەزگاو پەیمانگا ئەکنیکیکاندا کار ئەکەن ، لە دەسەلاتی یاسای پەرزبونەوەی پزیشکی بەدەرکردون لەگەڵ مەرجی وەرگرتنی باوەرنامەی دیپلوم یا ماجستەر لە دەرەوەی ولات ، لەو بەشانەدا کە لەناو ولاتدا نی یەو ناخوێندرێت .. هەروەها لە مەرجی تێپەرینی سێ ساڵ بەسەر دەرچونیاندا تا بتوانن لە ولاندا یا لە دەرەوە خوێندنی بەرز بخوێنن بەدەرکراون .

مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی بەغدا بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو

پێری لە یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لقی بەغدا مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابیان لە بەشە ناو خۆییەکانی زانکۆی بەغدادا بۆ ساڵی خوێندنی تازە ٧٦ ـ ١٩٧٧ بڵاو کرایەوە .

بە پێی ئەو مەرجانە ئەبێ ئەو قوتابیەی داوای کردوە وەر بگیرێ لە بەشە ناوخۆییەکاناخەلکی دەرەوەی پارێزگای بەغدا بێ و وە لە ساڵی ٧٥ ـ ١٩٧٦دا پلەی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبێ .

دیسانەوە بازی ئابوری و دارایی قوتابیەکە رەچاو بکرێ وە بەلگەنامەی مۆرکراو لە لایەن لایەنە تایبەتیەکانەوە وەر بگیرێ .

مەرجەکان ئەوەیان ورد کردۆتەوە ئەتەر هەمو مەرجەکان یەکسان بون ئەوا قوتابی کولیجە زانستیەکان پێش ئەخرێن چونکە ولاتەکەمان پێویستی بەم بەشانە هەیە .

لێ پرسراوی بەشە ناوخۆییەکان لە یەکێتی نیشتمانیدا وتویەتی ئەوە قوتابیانەی بەشداری چالاکی کارکردنی هەرەوەزی و هەولدانی نەهێشتنی نەخوێندەواری یان کردوە یان هوشیار کردنی نیشتمانیانە لە ماوەی خوێندنی نامادەییانا ئەوانە لە پێشتر ئەبن .

وە وتویە نیسبەتی وەرگرتن لە بەشە ناوخۆییەکانی ئەمساڵدا لە ٢٥٪ی هەمو ئەو قوتابیانە ئەبێ کە وەرگیراون لە کولیجەکانی زانکۆدا ، چەکە لە کولیجەکانی کشتوکال و پزیشکی بەیتال چونکە وەرگرتن لە مانەدا لەرێگای عەمیدەکانیانەوە ئەبێ ، وە قوتابیانی کولیجی پەروەردە هەمویان لە بەشە ناوخۆییەکانا وەر ئەگیرێن .

لێ پرسراوی بەشە ناخۆییەکان وتویە یەکێتی نیشتمانی داوای لە پەرتوەپەرتی بەشە ناوخۆییەکان لە زانکۆی بەغدادا کردوە کە ٥٠ قوتابی لە قوتابیانی پۆلە پێشکەوتوەکان وەر بگیرێن بۆ ئەوەی هان بدرێن بەردەوام بن لەسەر خوێندنی زانکۆدا .

لیژنەکانی یەکێتی لە کولیجەکاندا لیستێکی تایبەتی بۆ وەرگرتن لە سەرەتای مانگی داهاتوەوە بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ دابەش ئەکات .

وەکو زانراوە ئەو قوتابیانەی لە بەشە ناوخۆییەکانا وەر گیراون مانگی ١٠ دینار وەر ئەگرن . وە ئەو قوتابیانەی لە بەشەکانا وەر ئەگیرێن و شوێنی نیشتەجێ بونیان نیە ئەوانە یەکی هەر مانگەی ١٥ دیناریان ئەدرێتێ .

باشەاوەی : سەخت ترین گوشتار ...

وە لە لایەکی ترەوە سەرلەشکر حمید حسن غنیم فەرماندەی هێزەکانی ئاسایشی عەرەب لە لوبنان بارەی گوشە گیرەکانی ناوا جار کردوە کە سەرپێچیان لە رێکەوتنە ئاشتیانەکەی ئەم دوایە کردوە کە جامیعەی دەولەتانی عەرەب پێشنیاری کردبو ، وە بەرەی یاساولی (الارز) کە شریل قسیس سەرۆکایەتی ئەکات لەسەر دابەش کردنی دەورەکان لە نێوان گوشە گیرەکانا رێ ئەکەوتوە بۆ ئەوەی هەمو هەولدانێکی جامیعەی عەرەبی لەناو بەرێ کە مەبەستی چارەسەر کردنی ئاسایشی لوبنان بێت .

وەکو زانراوە ئەو برۆژەی ئاشتیە کە جامیعەی عەرەب لە رێگای نیرراوی سیاسی خۆیەوە دکتور حسن صبری الخولی و فەرماندەی هێزەکانی ئاسایشی عەرەبی لە لوبنان دا پێشکەشی کردوە نەیتوانیوە بە ئاستەم هێزەکانی رێزیمی لادەر لە لوبنان بکێشێتەوە .

هەروەها دوێنێ لە بەرەکانی بیروت و الجبل دا شەر بەردەوام بوە ، سەرچاوەکانی هێزە نیشتمانیەکان بلاویان کردۆتەوە کە چەکی تازە لەناوچەکانی ناوەراستی الجبل دا بەکار هێنراوە .

هەوالەکان ئەلێن موشەکی زەوی بۆ تۆپی کەورە لە شەڕی الجبل دا بەکار هاتوە . یونایتدپریس وتویە نیستا لە خۆرئاوای کوشتار دەستی پێ کردوە لە بەرەکانی بیروت و الجبل و رۆژهەلاتی خوارو زوروی ترابلس . هەروەها وتویە لەشەڕەکانی پێری دا بەلای کەمەوە ١٢٦ کەس کوژاوەو ١٨٠ کەسیش بریندار بوە .

● خۆنیشاندان لە بەعلەبەک لە دژی هێزەکانی ریزیمی سوریا ..

دانیشتوانی شاری بەعلەبەک کە ٧٠ کیلومەتر کەوتۆتە زوروی رۆژهەلاتی بیروتەوە بیزاری خۆیان بەرامبەر بە کردەوەکانی هێزەکانی ریژیمی سوریا دەر بڕیوە ولایەنگیری خۆیان بەرامبەر بە شورشی فەلەستینیو جولانەوەی نیشتمانی لوبنان ئاشکرا کردوە .

هەروەها دوێنی خۆنیشاندانێکی گەل لە نەورەیان بە شەقامەکانی شارەکەدا رێکخستوەو بە دەیان هەزار لە رۆلەکانی گەل لە شارەکەدا بەشداریان تیا کردوە داوای تێکشکانی هێزە داگیرکارەکانی سوریایان کردوە ، وە پشتگیری خۆیان بۆ جەماوەری ئەلی لوبنانو شۆڕشی فەلەستین دەربڕیوە .

پاشەاوەی : نوێنەرانی شورش

هاوڕێ عبدالرحیم احمد رایگەیاند کە لەو کۆبونەوەدا بارودۆخی لوبنان لە روناکایی پێشنیارو ناوبژی یەکانی ئیستادا باس کراوە .

سەرچاوەیەکی لیبرسراو لە فەرماندەیی هێزەکانی ئاسایشی عەرەبدا رایگەیاند کە ئەوکەسانەی سەربەهێزە دورەبەرێزەکانن ئەمرۆو سێ رۆژی رابردو بە تزیو بازوکا هێزەکانی ئاسایشی عەرەبیان لە مەلبەندی بن لایەنی متحفدا داوەتە بەرو یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو هێزە کوژراوە .

ئەو سەرچاوە هەروەها وتویە هێزە دورە بەرێزەکان بازوکا دەبابەشکێنەکانیان گرتۆتە دەبابەو زرهلی یەکانی هێزە عەرەبیەکان و دوبان لێ پێکاون ، لە کاتیکدا ئەوان تەقەیان نەکردوەو لە چوار چێوەی رێو شوێنی خۆیان دەرنەچون .

باشان وتویە دەستدرێژی دورە بەرێزەکان بۆ سەر هێزە عەرەبیەکان دەیانێ دوبارە کراوەتەوەو ریاتر لە بەنجا تۆپی هاوەن یان بە شوێنی هێزە عەرەبیەکانی مەلبەندی متحفەوە ناوە .

وەزیری نەوت سەبارەت بە یاسای وەزارەتەکەی ئەدوێ

بەرێز تایە عبدالکریم وەزیری نەوت رای ئەیاند کە دانانی یاسای رێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە ((١٠١))ی ساڵی ١٩٧٦ هەنگاوێکی پێشکەوتوانەیە بەرەو پەرەپێدانی کاروباری دەزگاکانی کەرتی نەوت .

بەرێز وەزیری نەوت بە « ئا.د.ع » وتوە یاساکە ماوەی فراوانی بۆ وەزارەتەکەی رەخساندوە کە شارەزایی و کاروباری خۆی لە رووی لێپرسینەوەوە بەو جۆرە دیاری بکات کە مەبەستەکانی شورش زامن ئەکات وەک کەرتێکی بە ئەهمیەتی .

بەرێز عبدالکریم دەستی بۆ ئەو فراوان کردنانە کێشاوە کە لە پیشەسازی نەوتدا لەم ساڵانەی دوابیدا بەدی هاتوون لەرووی پیشەسازی و دوزەینەوەو دەرهێنان و ناردنەبازارەوە هەروەها وەزیری نەوت سەلماندوە کەئەم یاسایە لەبەر رونائی رابورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبداو ئەو خاڵانەی لەبارەی ئۆزینی دەزگاکانی بەرێوەبردنەوە لە کاروباری دەولەتدا هاتوە ئامادە کراوە .

لەگەڵ ئەو ئەرکە گرنگانەی کەرتەکانی نەوتەوە کە وەکو کەرتێکی ئابوری نیشتمانی کار ئەکاتە سەر ئەشە کردنی ولات .

نیراوی پزیشکی عیراق گەیشتە بەندەری طرابلس

ئەو نیراوە پزیشکیانەی سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و شۆڕش لە عیراقەوە ناردبوی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتی پزیشکی بە رێژەکانی ئەهلی لبنان و فەلەستین ، گەیشتۆتە شاری ترابلوس لە زوروی لبنان .

نیراوەکان بریتین لە پێنج پزیشکی پسپۆرو چوار یارمەتی دەر کە هەمو پێویستی یەکی پزیشکیان لە ئەل خۆیان بردوە نیراوەکان هەر کە گەیشتونەتە ئەوێ نە ئەل دکتۆر عبدالمجید الرافعی ئەمینداری ئەنجومەنی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە قوتری لبنان و نوێنەری ترابلوس داکۆبونەتەوە دوای ئەوە بە خەستەخانەکانی شارەکەدا گەڕاون ، تا باری ئەندروستیان شارەزا بن پێش ئەوەی لەناو خۆیاندا کار و مرۆڤایەتیکەیان دابەش کەن ..

هەروەها پایورێکی ئەشتۆتە ئەو بەندەرە کە دوو هەزار و ٤٨ تەن خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویستی لە ئەل خۆی بردوە ئەویش بریتی یە لە ودیاریە ، کە سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و حکومەتی شۆڕش لە عیراقد پێشکەشی جەماوەری زوروی لبنانی کردوە ، تا بتوانێت زیاتر خۆی راکرێت و چاکتر بەرەبەرەکانی ئەو نابلوقە دەریابیە بکات کە رۆژمە ئومراکەی دیمەشق و کوشە گیرو کۆتە بەرستەکان دژی هێزی نیشتمانی لبنان و بەرگری فەلەستینی ئەیکەن ..

ئەو خواردەمەنی و کەرەسە پێویستیانە لە ژێر چاودێری لیژنەیەکی میللی دا بەسەر کۆمەڵەی هەرەوەزکاری و کۆکا میللی یەکانی شارەکەدا دابەش کراوە .

خوێندەری بەرێز

- باوکی شیرین -

● لەو تارەکەی بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ، لە کاتی بەشداربونی لە دووهەم کۆنگرەی هەرەوەزکاری یە کشتوکالیە کاندا ، گەلێ دیاردەی تێکۆشانو تەبیقاتی گرنگی تیادایە .. کە ئەویش پوختەی کردارێکی شۆڕشگیرانەی هەلقولاوی بۆچونە مەبدەئیکانی شۆڕش و حیزبە سەرکردەکەیەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب .

● لە بۆچونێکی باوەڕ بەخۆبونەوە ، باوەرێک کە لەسەر بناغەی وریایی و بیروباوەرەوە پەیدابوبی بەرێز جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتی : « شتێکی بەدیهیە هەلەمان بینی پێویستە چاکی کەینەوە - وە هەرکاتی هەلەمان بینی ، ئەبێت رەخنەی لێ بگرین ، لەم ئەبێ رەخنە لەم کارو ئەو کار بگرین زۆرکاری وامان نواندوە » .

ئاقی کردنەوەی رەوت بە شێوەیەکی هەمیشەیی ئیستاو هەمو کاتێ ئاکارێکی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزو حیزبە سەرکردەکەی ، حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بوە .

● هەروەها بەرێز جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەبارەت کۆمەتی کردنی تاقی کردنەوەی بەرهەم هێنانی کشتوکال ئامۆژگاری خۆی پێشکەش کردوە ، وە لایەنە سەلبیکانی تاقی کردنەوە کۆنە کانیش دەست نیشان کردوە ، نە پێناو خزمەتی ئامانجەکانی پلەی ئیستاو ئالوگوری سۆشیالیستی لادێکاندا .

● ئەو هەلسەنگاندنەی بەرێز مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە دووهەم کۆنگرەی هەرەوەزکاری یەکی کشتوکالیکاندا نیشانی داوە ، بەخشندەیەکی تره لە بەخشندەیەکانی چەسپاندن و کردەوە شۆڕشگێڕیکان .. وە زیادەیەکی دەولەمەندە لە رەونی شۆڕشدا ..

● خوێندەری بەرێز : ئاواردانەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەلێ بوردنی گشتی لە رۆلە کوردەکانی ئەم نیشتمانە لە سەربازو مەدەنیکان ، ئەوانەی بێش ئەواو بونی مەاوەی لێ بوردنەکە خۆیان ئەدەن بە دەست نزیک ترین دەسەلاتی حکومەتی یەوە .. بەشێکە لە هەستی جوانی شۆڕش بەرامبەر رۆلەکانی و ئەورەترین دەرگایان بۆ ئەکاتەوە بۆ ئەوەی لە بنیات نانی نیشتمانەکەیاندا بەشداری بکەن .. ئەم لێ بوردنە روکاریکی تری چەسپاوی ئاسایش لە ناوچەی زوورودا دەرئەخات ، نیشتمان پێویستی بەهەوڵ و تەقەلای هەمو هاوولاتی یەکی دلسۆزە ، تا ئەو دلسۆزی یەی لە مەیدان بنیات نان و ئاودان کردنەوەدا بنوێنێت و لە پێناوی عیراقیکی گەشاوەدا ، جەماوەری کورد ئەم کارەی بە بەختیاریەکی زۆرەوە وەرگرتوە .

Institut kurde de Paris

کۆبونەوەی ئەنجـومەناوچـەی ئوتونومی

رۆژی شـەممەی رابوردو ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچـەی ئوتونومی بەسەرۆکایەتی بەریز هاشم حسن رشید سـەرۆکی ئەنجـومەن کۆبونەوەیـەکی کردوە ، لە کۆبونەوەکەدا بریار دراوە کـە بەریوەبەرایەتیکانی ئەنجومەن راپورتی سـالانەی خـۆیان سـەبارەت دۆخی ناوچـەکەو چـالاکی ئـەم بەریوەبەرایەتیانە پیش کۆتایی ئـەم مانگـە پیشـکەشی سەرۆکایـەتی ئەنجـومەنی تەنفیزی بکەن ٠٠ ئەنجومەنی یاسادانانیش ئەخوی سێ هەمیداکە لـە دووی مانگی دا هاوردا دەست بێ ئەکات لەم راپورتانەئەکۆلیتەوە ئەنجومەن داوای لە ئەمینـداریە گشتیـیـەکان کردوە کـە سەرنجو پێشنیاری خـۆی سـەبارەت سیستەمی دامەزراوی بەریوە بەرایـەتی ژمـارە (٤)ی سـالی (٧٥)ی تایبەت بەناوچەی ئوتونومی بەوە پیشکەش بکـات ، تا لـەو پێشینارانە یـەک خـاتو پێشکەشی لیژنەی راوانی بکات ٠

ئەنجومەن لـە سەر چـەندبریارێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلیمانیو هـەولیر قایل بوەوچـەند بریارێکی دارایی تریش دەرکردوە ٠

ئا٠د٠ع

مشتی وشـەی لـەروو

ـ سەربەست ـ

گومان لـەوەدا نییە زۆربەی ـ زۆری خـەلکی هاتەپێکی مانگانەی سنورداریان هەیە کـە لـە نێوان (٣٠ ـ ١٠٠) دینارێکەو زۆربەی ئەم خەلکەش کرێکارو فەرمانبەرو خارەن پیشـەی بچوکو سادەن ، دیسـان زۆربەیان لەوانەن کە ئەك خانویان نییە بەلکو ئومێـدی ئەوەی رۆژی لە رۆژان بین بـە خاوەن خانووش زۆر کەمە ، چ لەبەر کەمی داهاتیان و چ لەبەر گرانی پارچەی زەویو کەرەسـتەی بیناکردنو رۆژانەی کرێکـاران و بەنناکان ٠

لەبـەر ئەمە هەمووی لـە سەرانسەری ولاتداو بەتایبەتی لە شارە گەورەکاندا ، گیروگرفتی خـانوو دۆزینەوەی ئیشتەجێ بوون ، لـە گیروگرفتە هـەرە گەورەکانی خەلکیەو مەسـەلەی چارەسـەرکردنی مەسەلەیەکی نیچار پێویستە ٠

ئەمرۆ لـە زۆر شـوێندا کرێی تاکـە ژورێك کەیشتوتە (٧ ـ ١٥) دینارو کرێی خانوویەکی بچوك لە (٣٠) دینار کەمتر نییە ، چاکرێکاریك وەیا فەرمانبەرێك کە هەموو هاتەی مانگانەی لە (٣٠ ـ ٧٠) دینار بێ ئەبێ چۆن بژیو چ بخواتو چ بدات بە جل و بەرگو پزیشکو خوێندنی منالانیو ٠٠٠ هتد ، بەتایبەتی کەوا رۆژبەی ـ زۆری خـەزانە کوردەواریەکان لە (٦ ـ ٧) کەسو زۆرتر پێك هاتوون ٠

بێ گومان چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە ئەبێ لە بنەرەتەوە لە رێگەی چارەسەرکردنی هۆیەکانی بێت وەك ئەرانی خشتو ئەبوونی پیەەنتۆو دەست ئەکەوتنی خاك (٥٠٠م دووری ناوایی ئەبێ)و ئەرانی رۆژانەی بەنناو خەلەکانی ، جاران رۆژانەی بەنناییك لـە (٧٥٠ر٠ ـ ٥٠٠ر١) دینار بووە ، کەچی ئیستاکە هەر بزاڤێ خشت رۆژکات رۆژانەی لە (٤) دینار کەمتر نییە ٠

مەسەلەیەکی تری ئەرنك ئەوەیە پێویستی بوونی چاودێرییکی بەردەوام لەسەر کرێی خانووانو سزادانی ئەوانەی کە لە سنووریی دەست نیشانکراودا بو کرێی خانوو زیاتر وەرئەگرنو لە هەمان کاتدا پێویستە دەزگا ئەرسراوەکان بایەخی تـەواو بـە مەسەلەی بیناکردن بدەن بە تایبەتی بیناکردنی ناوایی چەند نوەم کە هـەر نوەمێك جێگای چـەند شوققەیێکی تیـدایو لایـەنی سایکولوجیو حەسانەوەی سروشتی خـەلکی خۆمانو جۆری ژەفتاریان رەچاوبکرێت ، ئەمە لەلایێکیو لەلایێکی ترەوە ، پێویستە ریقابەیێکی بەردەوام هەبێت لەسـەر کارخانەکانی خشتو دەستکا بەرپرسیارەکان وەکو چۆن چیمەنتۆ ئەفروشن ، ئاواش خشت بـە خەلکی بدەنو خەلکەکە لەو نیستغلالە نامرۆڤایەتیانەی هەندێ خاوەن کارخانەکان ، رزگار بکەن٠

دیاریشە چارەسەرکردنی ئـەم گرفتە سووکترو ئاسانتر ئەبێت ، کاتێـك پرۆژەکـانی دامەزراندنی کارخانەکانی چیمەنتوو خشت لـە هەولیرو سلێمانیو بارێزگانی تر ئەکەونە کار ، بەلام تا ئەو حەلە ئەبێ چارێك بۆ ئەو هەموو خەلکە بکرێت کە زۆر جار وابووەو ئەسەتاش وایە ، چەند خێزانێك لـە خانوویەکدا ئەژین و ئەنـدر هەریەک ، لەماڤە لە (٥) کەسەوە بیگەاتین نـەوە (٢٠ ـ ٢٥) کەس بە لایـەنی کەمەوە لە خانوویەکدا بەرنگ دراون ، بیتر لەم بارەدا ئەبێ چەند گیروگرفتو ئەخشی کۆمەلایەتیو ئەندروستیو رۆشنبیریو ٠٠٠ هتد ، دروستبێو ئەشەڤە بکەن ٠

چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە ئەك تەنانەت کـار ئەکاتە سـەر جۆری ژیانو گوزەرانی خـەلکی خۆی بەلکو کار ئەکاتە سەر بەرهـەم هێنانیانو پێشکەوتنی تێکرای باری ئابوریو کۆمەلایەتی کۆمەل ، بۆ نمونە ٠٠ قوتابیێك لـەناو (١٠ ـ ١٥) کەسـداو لـە ژورێکی تەنکەبەردا بە جورێك ئەخوێنێو لـە مادەکە ئەنات و یەکێ لەکەل دووسێی کەسداو دوور لە هەراو قرەدا بە جورێکتر سرود وەرئەگرێتو کەمتر توانا (صەرف) ئەکات لە فەرزێکدا هەردوو قوتابی لـە بلەیێکی نزیك یەکێ لە رووەکانی تەمەنو تێکەیشتنو پلەیی خوێندنو ٠٠٠ هتد ٠

بێ گومان ، ئەم بارەیەوە ، دیسان پێویستە خەلکی خۆی هاندەری هەموو ئەو هەنگاوانە بێ کە چارەی ئەم مەسەلەیە ئەکەنو خۆیان چاودێری چۆنیەتی کـردنی ئەو یاسایانە بکەن کە ئەم مەسەلەیەوە بەستراون ٠

بەبۆنـەی دەستکـردن بەسالی خوێندنی تازەوە ٠٠

خوئامادەکردن لەسالی خوێندنـی کردنی خزمەتـی داهاتوا بو فراوان بەروەردە

بەریز محمد محجوب وەزیری بەروەردە ئەوەی سەلماند کـە پێویستە هاریکاریەکی تەواو لە نێـوان دەزگاکانی خوێندنو بەرێوەبەرایەتیکانو قوتابیـانداهـەبێ بۆ ئەوەی زەمینەیەکی بەروەردەیی وەها بڕەخسێ کـە لەگەل بایەو بەهای قوتابخانـەنە کۆمەلدا بگونجێ ٠

بەریز محمد محجوب لـە نوسراوێکدا باسی ئەوەی کردوە بەبۆنەی دەست پێ کردنی سالی خوێندنی تازەوە کە لە ١٥ی ئەم مانگـەدا دەست پێ ئەکات بـۆ بەرێوەبەرانی قوتابخانەکـانی ولاتی ناردوە ٠

وەزیری ناوبراو داوای کردوە کـە بـەپێی داخوازیەکانی سەرکردایەتی حـزبو شورش پلەی خوێندن بەرزبکەنەوەو بۆ ئەوەی ئەوەیەکی شورشـگیری باوەڕبو بە ئامانجەکانی ئەنەوە پێ ئەکەن کـە لـە روی رەوشتەوە نمونەبێو هـەمو دیاردەیەکی ئەگونجاو لەگـەل بیروڕای شورشدا بدەنەلاوە بۆ ئەوەی بـە گیانێکی پڕ لـە بڕوابونی بالاوە بەرپەرچی هەمو دەستدرێژیەك بدەنەوە ٠

هەروەهـا وتویـە ئـەو پشتگیریەی کە سەرکردایەتی حزبو شورش یارمەتی رێبازی بەروەردەکردن ئەدات پێویستی ئەکـات لەسـەرمان خۆمـان بەلێپرسراو بزانین بەرامبەر بە بەرزکردنەوەی پلـەی خوێندنو بەرزکردنەوەی ئاماڤجەکـانی نەتەوە ٠

لە بەیاننامەیەکی دووەمدا

تاوابنار کردنی لـەریلادەرانو کوتەبەرسـتان لـە کاردەسانی لوبناندا

یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیـراقو سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی جیهـانی نارەزایی خۆیان سەبارەت ئەو دژخە پڕ مەترسیەی لبنـان دەربریوە ، بەتایبەتی ئەو دژخە بەهـۆی دەستتێوەردانی سـەربازی رژێمی سوریاوە ئالوزتر بو ٠

لەو بەیاننامەیەدا کە رۆژی شەممەی رابوردو لـە بەغـدا دەرچوە هەردولا لایەنگیری ئەوهەولو تەقەلایانەیان کردوە کە ئەدرێت بۆ راوەستانی دەستتێوەردانی هێزەکانی پێکانە لە کاروباری ناوخۆی لبنانداو بـۆ کوژانەوەی ئەو ئاگرەی لـەو ولاتەدا کەوتۆتەوە ٠

هـەردولا لایەنگیریـەکی بەردەوامی خۆیانیان نیشاندداوە بەرامبەر ئەو خەباتە عادیلانـەیەی هێزی نیشتمانی لبنـانی وبەرگری فەلەستینی ئـەیکێرێ ٠٠ بەیاننامەکە دۆخی ناوچـەی عەرەبی شی کردۆتەوە لە ئـەلباری گرانی زروفی ناوچـەکـە بەهۆی ئەو هیرشە درندانەیەوەکـە ئیمەپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستان کردویانە سـەر هێزە پێشکەوتنخوازەکـانی عەرەب ٠

یەکێتی قوتابیانی جیهـانی بایەخی داوە بـەو دەستکەوتو سەرکەوتنانەی ئەلو قوتابیانی عیراق لـە بەرپابونی شۆڕشی ١٧ی تەممووزەوە لـە مەیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیدا وەدەستی هێناوە ٠٠ هەروەهـا یەکێتیی نیشتمانی قوتابیـانی عیـراق بایـەخو رۆلی لـە بیروباوەرو چالاکیکانی ئیستای یەکێتیی قوتابیـانی جیهـانی ناوە ، لەگەل ئەو دەورە دیارو ئاشکرایەدا کـە لـە مەیانی خەباتی دژ بـە ئیمپریالیزمدا قوتابیانی پێشکەوتنخواز لـە هەمولایەکی دنیادا ئەیبینێن ٠٠

ئەوەی شایانی باسە لەسەر داخوازی سکرتاریەتی یـەکێتی قوتابیانی جیهـانی هەفتـەی رابوردو وەفـدێکی یەکێتیی نیشتمانی قوتابیـانی عیـراق بەسەرۆکایەتی بەریز محمـد جاسـم دبـدب سـەرۆکی یەکێتییـەکە چـوبون بـۆ چیکوسلوفاکیا ٠٠

تاقـی کردنەوەیـەکی نوێ

بۆ مامۆسـتایانی هەولیرو دهۆك و تامیم

رۆژی شەممەی رابوردو ٨٠ مامۆستای پیاو ژن لە پارێزگانی سلیمانیو هەولیرو دهـۆك و تامیم چونـەنە دوو دەورەی مەشق کردنـەوە لـە فیزیاو کیمیادا ، ئەمەش بەگەم جارە ئەمەدەتی کۆلیجی زانیـاری زانکوی سلیمانی بـە هاوکاری ئەمیندارێتی شتیی بەروەردە وفێرکردنی بالا لـە ئوجـەی ئوتونومیدا دەورەی وابکانەوە ٠ بەو بۆنەیەوە لە هۆلی مارابیدا لە کۆلیجەکەدا ئاهەنگێك کراوە ٠٠ لەو ئاهەنگەدا بەرێز دکتۆر عـادی کاظم عوض ئەمیـدی کولیجی زانیـاری وتاریکـی خوێندنوتەوە ، دەورو بایـەخی ئـەم جۆرە دەورانەی دەسـت نیشان کردوە ٠

کـردنـەوەی ٣٠ قوتابخـانەی

سەرەتایی لە پارێزگای تامیم

رۆژی شـەممەی رابـوردو بەریوەبەرایـەتی پـەروەردەی پارێزگای تامیم ٣٠ قوتابخانەی سەرەتایی و چـواری ناوەندیو دو باخچەی منداڵانی کردۆتەوە ٠٠ ئەم قوتابخانانە بەسـەر ناوچـەکانی پارێزگاکـەدادابەش کراون ٠

سەرچاوەیەك لـە بەریوەبەرایەتی پەروەردە وتویەتی : سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لقی تامیم ١٥ قوتابخانەی لـەمانە لـە رێگای هەرەوزەوە تەواوکردوەو رێکخراوەکـانی حیـزبو یەکێتیـەکانو جـەماوەری پارێزگاکە بەشداریان لە بنیات نانیاندا کردوە ٠

سەرچاوەکە ئەوەشی ونوە ٠٠ کە بریاری ئەوە دراوە بەشـی هونـەری پیشەسـازیو مەرکەزێکی ئیشی دەستکرد لـە شاری کرکوکدا بکرێتـەوە ٠٠ وە لـە لایەکی ترەوە دەزگای گشـتیی خوێندنی کارگوزاری بریاری داوە کە قوتابخانەیەکی تری پیشەسازی لە پارێزگاکەدا بکرێتەوە ٠

٣٩٢ هـەزارو ٨٧٠ تـەن دانەویلە لـە بـازاردا

ئەوگەنمو جۆیـەی هەرەوەزکاری یەکشتوکالیکان ناردویانە بـۆ سایلوکانی پارێزگـان ئەیشتۆتە ٣٩٢ هـەزارو ٨٧٠ تـەن ، لـەوە (٧٧) هەزارو ٨٧٠ تەنی ئەنەمو ١٥ هەزارو ٦٢٠ تەنی جۆیە ٠٠

ئـەم هەوالە سەرچاوەیەکی ئاگادار لـە یەکێتیی گشتیی هەرەوەزکاریە کشتوکالیکان بـۆ راگیەیاندوە ، ئەو سەرچاوەیـە وتویەتی : گەنمو جۆ لەسـەر پرۆگرامێکی ریکوپێك ئەروات بەرپێوەو واچاوەروان ئەکرێت کە بەرهەمی ئەنمو جۆی ئـەم سال لەهی پار زۆرتر بێت ٠٠

وە لـەلایـەکـی ترەوە سەرچاوەکە ئەوەی راگەیاندوە کە ئەوخوریانەی هەرەوزکاریە کشتوکالیکان بۆ کۆمپانیاکانی رسـتنو چینینـی ناردوە کەیشتۆتە ٧ هـەزارو ٧٥٩ تـەن ، وە ئـەو خوریانـەی سەرۆکایەتی ناوچەو پرۆژەو بەرژەوەندیە کشـتوکالیکان لەپارێزگاکاندا ناردویانە خـۆی داوە لە ٧ هەزارو ٧٩٤ تەن ٠ ئەوەش دەستنیشان کردوە کە یەکێتی ٧ ملیونو ٦٣٣ هـەزار دیناری بەقـەرز داوە بـەو کۆمەلەی هەرەوەزکاریانە ٠٠

مەبەستی ئـەو قەرزانـەی ئـەدرێت بـەو هەرەوزکاریانە بەشـێکە لـەو ئەخشەیەی یەکێتیی گشتیی هـەرەوەزکاریە کشتوکالیەکان بـۆ فراوان کـردنو پشـتگیریی بەرهەمی کشتوکالی داینراوەو بو هاندانی کارکردنی بەکۆمەل لە دیهاتەکاندا ، ئەویش بۆ بەرز کردنەوەی بلەی تـوزەرانی کۆمەلە هەرەوەزکاریکان ٠

● لەلایـەکی ترەوە رۆژی یـەك شـەممەی رابوردو لەپارێزگای هەولیر درویئـەی دوو ملیونو ٢١٦ هەزار دۆنمو جۆکـراوە ٠٠ وە ئـەو دانەویلەیەی نیـودراوە بـۆ سایلوی هەولیر کەیشتۆتە ٥٢ هەزارو ٨٤٠ تەن کەنمو ٣٠٠٧ تەن جۆ ، سەرجەم نرخەکەیان ئەگاتە دوو ملیونو ٤٨٨ هەزار دینار ٠٠ لە هەمان کاتدا بـۆ وەرزی کشتوکالی زسـتانە دەسـت کـراوە بەکیلانی ملیونێکو ٣٠١ هـەزارو ٢٦٠ دۆنم زەوی ، هـەموی ئـەم زەویو زارە ئەکرێت بە گەنمو جۆ ٠٠

دابەش کردنی زەویوزار بەسەر جوتیارانی سلیمانیدا

لـە ماوەی دوو هەفتـەی رابوردودا لە پارێزگای سلیمانی دوو هەزارو ٧٥ خێزانی جوتیارلە قەزای چەمچەماڵو کـەلار زەوی کشتوکالیان بەسـەردادابـەش کـراوە بەرینی بەرەوزەیانە کەیشتۆتە ٨٥هەزار٨٢٨ دۆنم ٠

وا چـاوەروان ئەکـرێت سەرجەمی ئەو زەویو زارانەی تا کۆتایی ئەم مانگە دابـەش ئەکرێت بگاتە ٣٠١ هـەزارو ٨١١ دۆنم ، ئەمەش بەسەر ٦ هەزارو ٦٧ خێزانی جوتیاردا دابەش ئەکـرێت ئەمـەش بەمانگە لـە جێ بەجێ کردنی یاسـای ژمارە ٩٠ی تایبەت بەرێکخسـتنی ملکـداری کشتوکالی ناوچـەی ئوتونومی ـ بەوەی ئـەوەی بە سەرۆکایەتی ناوچـەی کشتوکالی دەکـرێت ٠

پارێزگاکە لەمەوبەر ٤٥ هەزارو ٨٧٦ دۆنم زەوی کشتوکالیی بۆ دامـەزراندی دامـەزراوی کشـتوکالیو ئاژەل دارێتـی تەرخان کردبو ٠

وە لـە لایـەکی تـرەوە سەرۆکایـەتی ناوچـەی کشتوکالیکان لـە مانگی ئابی رابوردودا لەگەل ٢٠٤ خێزانی جوتیاردا رێکـەوتبو سەبارەت بەرهەم هێنانی دوو هـەزارو ٨٥٧ دونـم زەویو زاری کشتوکالی لە پارێزگاکەدا ٠٠

ئـەم هەوالـە

وەزارەتی خوێنـدنی بالاو لێکۆڵینەوەی زانستی بریاریدا کە کولیجی یاساو سیاسەت لە زانکۆی مستنصریە بخرێتـە سەر زانکۆی بەغدا ٠

لـەم دواییەدا سەرچاوەکانی وەزارەت بڵاویان کردۆتەوە کە ئەم بریارە (لە) سەرتای سالی خوێندنی داهاتوەوە جێ بـەجێ ئەکرێ لەبەر ئەوەی دولایـەنی لە خوێندنداً لە بارەی بەرنامەو مامۆسـتاو قوتابیـانەوە بەیدابوە ٠

وە ئەویانە کە زیاتر لە سێ هەزار قوتابی کوڕو کچ نیشتا لە کولیجی یاساو سیاسەتدا لە زانکۆی مستنصریە ئەخوێنن ٠

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەکانی خوێندنی بالا بڵاویکردۆتەوە کە بەپێی ئـەو بریارە ئـەبێ بەشی زمـانی فەرەنسـەییو ئادابەکـەی بخرێتە سەر بەشی خوێنـدنی ئـەوروپایی لـە زانکـۆی مستنصریە ٠

وەکو زانراوە پەنجا قوتابی کوڕو کچ لـە بـەشی تازەدا وەرئەگیرێن کـە لـە سالی خوێندنی داهاتودا ٧٦ ـ ٧٧دا دەست ئەکەن بە خوێندن ٠

١١ لیژنـەی ناوخۆیی لاوانـی عـیراق

لە ناوچەی ئوتونومیـدا

مەکتەبی رێکخستنی ناوچەی ئوتونومی سەر بە یەکێتیـی گشـتیی لاوانـی عیـراق بریـاری داوە ١١ لیژنەی ناوخۆیی یەکێتی لـە پارێزگاکانی ناوچەی ئوتونومی دامەزرێنێت ٠٠ لەو لیژنانـەچواریان لە پارێزگای هەولیرو ٣ لیژنـەش لە پارێزگای سـلیمانی دامەزرێنێت ٠٠

هەروەها بریار دراوە کـە ١٨ هەزار دینار بۆ پێویستی هەمە چەشنەی ئـەم لیژنانە تەرخان کرێت ٠ لە گەل ئەوەدا ئەخشەیەك بۆ سەرپەرشتی ئەو قوتابیانە دامەزرێنرێت کـە تەمەنیان لـە نیوان ١٠ ـ ١٤ ساڵدایە بە مەبەستی ئـەوەی بکەنە ئەو ئەنجامەی کە چەند لیژنەی تر پێویستە بکرێتەوە ٠

بەیاننامـەی ژمـارە (٣)ی سالی ١٩٧٦ لە دەزگـای گشـتی پیشـەسـازی کیمیـایـەوە

بەپێی بریاری ئەنجومەنی رێکخستنی بازرگانی ژمارە (٧١٨)ی رۆژی ١٣ـ٧ـ١٩٧٦ کە نرخی فروشتنی توتنو تەماکۆی عیراقی لـەوەرزی کشتوکالی ١٩٧٦دا بۆ ئەوانە دیاری کردوە کە رێگای توتن کردنیان دراوە ، بڵاوی ئەکەینەوە کە دوا نرخی فروشتنی توتنی وەرزی ناوبراو بەم جۆرەیە :

یەکەم : توتنی شـکاوەی دەرجەیەك کیلۆی بـە ٦٥٠ فلس جگە لە باجی مەکسو شارەوانی ٠

دووەم : توتنی شکاوەی دەرجـەدوو ٥٠٠ فلس جگە لە باجی مەکسو شارەوانی ٠

سێیەم : تەماکـۆی دەرجەیـەك ٦٣٠ فلـس جگە لە باجی مەکسو شارەوانی ٠

چوارەم : تەماکـۆی دەرجـە دوو ٥١٠ فلس جگە لە باجی مەکسو شارەوانی ٠

پێنجەم : تـەماکـۆی دەرجـەسێ ٤٥٠ فلس جگە لە باجی مەکسو شارەوانی ٠

کاظم تقی الشیخ

سەرۆکی دەزگای گشـتی پیشەسازی کیمیـاوی

هـاوکاری

لە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچـێ

تەلەفون ٥/٦٨٣١١ خەت

ژمـارەی سـپاردنی بەکتیبخانەی نیشتمانی ١٥٦

لەسەرپێی یە

نێوارە بو دانیشتبوم لـە سەر کورسیەکی کازینوکە بـە تەنها وا رێ کەوت کە هەنـدی تاسیەو بە لامدا ئەیەر بـون پاش سلاوو کردن فەرمـوم لێ کردن هاتن دانیشتن بـەلی سـاردیمان خــــــراردەوەو کەوتینە گفتو گو لە چەنـد ناشئ باراشمان لێدا ٠ یەکـی لە هاورێیکانی دوستەکەم کە ناشنای بو لە خویەوە دەستی کرد بە هاشەو هوشـە لـە خویەوە دەستی کرد بـە دروی

کەورە کەورە ٠ مئیش راستان دەوێت خوم لە سەر کورسیـ یەکە پێ نەئەگیرا لە دلـی خومدا دەمووت راستە ئەگەر زمان بهێلن سەر رەحەتـە ٠ ئو خوا کرتبونی ئـەم رێبوارانەت بانگ کـرد چیت دابو لەم سەر ئیشمەیە ؟ بەلـێ

سەرم کەوتە ژان دلیشم کولی دەهات ئەئەر وازی لێ بێنم لە سەر درۆکانی بروات مئیش بەشداری درۆ کردنی دەبـم ٠ بەلی خوم پێ ئەگیرا ویسـتم شمیرازەی باسەکە بچرێنم بەلام کاکی دەم ئەرم وەکـك

تیغی دەبان خوی لە کیلانـدا رانەئەگرت هەر لە سەر عاشەو هوشەی خوی دەرۆیشـت ٠ بەلی مئیش ناچار بوم چونـکە ئەو دروبانەی ئەو دروسـتی دەکرد جیگەی مەترسیە ٠ روم تێ کرد ووتم کاك ٠٠ لـەرێ

ئو پێویست دەکات لـەم شوینەدا کە جیگەی گشتیەو ئەم مروفانەی هاتونەتە ئیرە بۆ پشوو دان هاتون ماندویەتی خۆیان بحەسینەوە ٠ تو وا بە بەرزی قسە بکەیت وا بزانم ئەگەر دەنگت نۆزی نـزم

بکەیتەوە جاکترە ئەوەی کـە هێرش بەریتە سـەر خەمیو جیگەی دانیشتنین لە لیـژ بکەیت وەلامی دامەوە ٠ ووتی ئیمەش پارە دەدین بە مەبـۆ خومان دادەنیشین و قسەیـش

دەکەین ووتم بەلی راسـتە پارەدەدی بەلام ئەوەت لە بیـر نەچێ کە نابیت نارامی مروفی تر تێك بدەیت وە راستیشت دەوێت ئەم قسانەی تـو دەیکەیت زۆری کالو کرچە ٠وە هیچ سودیك نا بەخشـن ٠

وا بزانم ئەم هەمو هێرشەیش دەیکەیت هیچی سود نا بخشن پێشم وایە مروفیکی وەکو تـۆ ببورە ناشیت ئەم هەمو دروبە بکات پیاوی چاك بە مرودیکی روشنبیر نابیت بەم شـێوەیە

کوپرانە هیرش بەرانە سـەر مروفی تر ٠ من ئەوەنـدە دەزانم هێشتا تـو ئەو کەسەی وا کوپرانە هێرش دەبێتـە سەر هیشتا بیی نەکەیشتبی٠

جا ببورن ئەگەر داوای لـێ بوردن بکەم وە ئەم دانیشتنە بەجێ بهیلم ٠ هاوریکەم کـە بەدرێژای دانیشتنەکە دانیشتبو هیچ ووتەیەکی لێوە نەهـات مئیش گازینوکەم جێ هیشـت

وە ناچاریش بوم بـارەی ساردیەکانیان بدەم وە تیـر نازاریشم چەشت بە درۆ هیچو پوچەکانی کاك ٠٠

باوکی بەختیار

ئەوەی کە دەیبینی

ئەوەی کە دەیبینی

ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی

ئەوەی کە دەیبینی

ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی
ئەوەی کە دەیبینی ئەوەی کە دەیبینی

Institut Kurde de Paris

پەروەردە

لاوان و وەرزش

عبدالقادر خلیل

بەم ڕووانە قوتابخانەکان دەکرێنەوە پاش پشوودانی سەری ساڵ • ئاشکرایە بەریوەبەری قوتابخانەکان سەرگەرمی ئامادەکردنی قوتابخانەن‌و وماموستاکان هەرکەسە پەیژی خوی سەرکەرمی ئامادەکردنی خویەتی بۆ بەبیرەوە چونی قوتابیان •

ئەوەی پێویستە بایەخی پێبدرێت دابەش کردنی کتێب‌و دەفتەر بەسەر قوتابیەکاندا بەئورجی تا قوتابی‌یەک سەر دەست بکات بەکاری ڕوژانەی خوی • لیرەدا دێمەوە سەر بەشێکی گرنگی قوتابخانە ئەویش• ئەوەیە کە بایەخی تەواو بدرێت بە ئەن دروستی قوتابیان وە مەشق پێکردنیان لەسەر شێوەی تازە وە ماموستای وەرزش سەری بەریوەبەرایەتی وەرزش‌و لاوان بدات تا ئەواو تێبکات لە پروگرامی تایبەبەتی خوی • بۆ ئەوەی کارەکەی لەسەرەتاوە بەچاکی دا بڕێژێ • ئەوەی کە ئاشکرایە بۆ هەر بلەیەکی خوی‌ندن جۆرە پروگرامی دانراوە وپێویستە پەیرەوی بکرێت جا دێمەوە سەر چونیەتی ئامادەکردنی قوتابخانە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە مامۆستای وەرزش لەگەل پەریوەبەری قوتابخانە هەمو پێویستیەکی یاریە وەرزشیەکان ئامادە بکەن وە چاوبخشێنن بەسەر کەلوپەلەکانی وەرزشدا ئەوەی سودی لی نابینرێ‌و لەکەلک کەوتوە کەناری بخەن وە کەمو کورەیەکان جێبەجێ بکەن وە پێ ویستی هەمو جۆرە یاریەکان ئامادە بکەن تا گردنەوەی قوتابخانە هەمو پێویستێك ئامادە بێت لەدوایدا مامۆستای وەرزش چی پێویستی تیپەکان هەیە ئامادەی بکات • لەگردنەوەی قوتابخانەدا لە وانە تایبەبەتیەکانی وەرزشدا کە بوی تەرخان کراوە قوتابیەکانی دەست نیشان بکات لەوانەیە بلیمەتی تازە پێگەیشتبێ لەیەکی لە یاریەکاندا لەم بشوودانەی هاویندا تا سود لەو قوتابیانە وەرگرێت وەمەشقی تایبەبەتیان پێبکات‌و لەکاتی خوی ببورێ بۆ ئەوەی لاوەکان‌و قوتابیەکانی مەشق پێبکات لە سەرەتای کارەوە بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا تیپەکانی خۆی هەڵبژێری بۆ هەمو یاریەکان‌و ئامادەیان بکات تا لە کرەوەکانی نێوان قوتابخانەکاندا بلەی سەرکەوتو وەدەست بهێنێ وە دوانەکەوێت لە قوتابخانەکانی تر ئەوەی کە ئاشکرایە جارجار هێندێ ماموستا هەن بایەخ بە مەشق‌و ئامادەکردنی قوتابیەکانیان نادەن کە کرەوەکان دەست پێدەکرێت لە نێوان قوتابخانەکاندا هەر لەیەکەم جارەوە قوتابخانەکەی لەیاریەکان دەردەچێ وە قوتابیەکانی دلشکاو دێنەوە چونکە ئامادە نەکراون تەنانەت جارجاریش نازانن کەلوپەلەکانیان چون چونی لەبەر بکەن • جا لەم ڕووە ئەرکی مامۆستای وەرزش لەسەرەتای کاردەست پێکرندا زور گرانە پێویستە خوی هیلاک بکات وە ڕەنجی ساڵێکی بەفیڕۆ نەچێت •

پەروەردەو خوێندن

هاتماتیکی نوێ ...وەبۆچی «نوێ»؟!

محمد ادیب غریب

لەبەر ئەوەی کە دوو بەرنامەی جیاواز هەبێ لە جیگایەك وە لە هەمان کاتدا وەکو ئاشکرایە لە بەرنامەی ماتماتیك لە قوتابخانەکانی ئامادەی •• ئەبێ دوو ئاوی جیواز هەبێ بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو بەرنامەیە • بۆ ئەوە ئەو بەرنامەیەی کە ئەخوێنری لە زۆربەی قوتابخانەکانی ئامادەیی لە عیراق ئاوی «ماتماتیکی کلاسیکی» یان «ماتماتیکی کۆن» ی بۆ دانرا، بەڵام ئەو بەرنامەیەی کە لە هەندێ لە قوتابخانەکانی بەغدا بڵاوبوەتەوە بە ناوی«ماتماتیکی نوێ» جیانەکرێتەوە • وە لە ڕاستیدا ووشەی «نوێ» لە «ماتماتیکی نوێ» وامان لێ دەکات کە بە هەڵەی تێبگەین، لەبەر ئەوە هەندێکمان وای دادەنێین کە (ماتماتیکی نوێ) تازە دۆزراوەتەوە یان چەند ساڵێك لەمەوبەر بەڵام (ماتماتیکی کۆن) پێش سەدەها وە هەزارەها ساڵ دۆزراوەتەوە •

بەڵێ ڕاستە کە چەند بابەتیکی نوێ هەیە کە تازە دۆزراوەتەوە لە ماتماتیکی نوێ بەڵام زۆربەی بابەتەکانی کۆنە •• کە لە وەختی بابلیەکان ومسریەکانی کۆن دۆزراوەتەوە •

کەواتە ووشەی «نوێی» ئەوە ئاگەیینی کە (ماتماتیکی نوێ) بەم نزیکانە دۆزراوەتەوەو ئەوەش ئاگەیینی کە (ماتماتیکی نوێ) لقیکە لە لقەکانی ماتماتیکی کۆن وەکو ئەندازەو جەبرو سێ گۆشەکان •

بۆ ئەوەی بەختەوەری زۆرتر سەقامگیر بێ پێویستە ژن‌و مێرد رێزی یەكتر بگرن‌و نهێنی‌یەكانی ماڵەوەشیان ئەبەنە دەرەوە .. چونكە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەشەئەكردنی ناكۆكی‌و ناخوشی ناو خێزانەكە ..

ئەگەر هاتو ژن یان مێردەكە هەڵەیەكی كرد مانای ئەوەنیە ئەوی تریان وا بكات رێزی ئەوی شكاندوەو هەوڵی تۆڵە سەندنەوەی بدات .. بەڵكو تا بۆیان ئەكرێ لە زەمینەیەكی هێمنی‌و ئاشتیانەدا چارەسەری كیشەو رێكەكانیان بكەن .

دیسانەوە پێویست نیە لە كاتی هیچ جۆرە ترە بونێكدا ناكۆكیەكانی بیشو باس بكرێ‌و زامی كۆن بكولێنەوە . چونكە ئەمەیان زۆرتر ئاگری ناكۆكیەكە خۆش ئەكات‌و ئازاری دەروونی هەردولایان ئەدات .

پەیوەندی ژن‌و میردایەتی پەیوەندی‌یەكی خوشەویستیانەی سروشتی‌یەو پێویستە لەسەر هەردولا ئەو پەیوەندی‌یە بپارێزن‌و رێزی بگرن . بەم جۆرە ئەتوانرێ خێزان بە بەختیارانەو ئاسودەیی بژی .

●●●

لێكۆڵینەوەیەك سەبارەت لە دایك بونی منال و پەیوەندی بە دیاری كردنی سۆزی پاشەڕۆژیەوە

ئیستا لە بارەی تەندروستی رێگای نوێی منال بونەوە لە لایەن شارەزاكانەوە نەو پرسیارە ئەكرێ كە منال لە دوای لە دایك بونی ئەخرێتە ناو چیگاوەو .

لە پارچە قاقەزێكی ناوی دایكەكەو ژمارەی ژورەكەی تیا ئەنووسرێ شارەزاكان ئەو پرسیارە ئەكەن : ئایا ئەم رێكایە راستە وە یان زیانی بۆ منالەكەو دایكەكە هەیە ؟

بە رێكەوت پزیشكەكانی منال بون چاو دێری رەووشتی دایك ئەكەن لە دوای منال بون .. وەكو لای خوارەوە دەر ئەكەوێ :

ـ ئەگەر منال بونەكە ئاسایی بێ‌و دایكەكە هۆشی بە خۆیەوە بێ ئەوا ئەیەوێ چاوی بە منالەكەی بكەوێ‌و دەستی لێ بدات .

ـ ئەگەر كەس سەرنجی ئەوەیان داوە كە دایك بە پێی غەریزەی سروشتی لە پێشا دەست لە پەنجەی منالەكەی‌و ئینجا باڵەكانی‌و دوایی بەم لا لای‌داو لاقەكانی دا دێنێ‌و دەست لە سەرو چاوو سینگی ئەدات .

بۆچی ئەم كردارە بەرەو شتێكی غەریزەی دایك دائەنرێ ، كە هەمو گیان لەبەرەكانی تر لەدوای منال بون بیچووەكانیان ئەلێسنەوە ، وەئەمەش لەبەر ئەوەیە كە بزانن چی‌یان پێویستە كەلە سەرەتاوە بۆیان بكەن .

وەكو سەرنج دراوە ئەو دایكانەی رێكایان دراوە كە لە سەرەتاوە دەست لە منالەكانیان بدەن زۆرتر خۆش ئەوێ‌و سۆزیان بۆیان هەیە لە رێگای دەمو دەست لێدانەوە كە ئەمەش منال زۆرتر پێویستی پێی هەیە . هەر وەكو لە كاتێكدا كە منالەكە ئەگری‌و كاتی پاكەو هیچ ئەخۆشیەكی نیە دایكەكە هەڵی ئەگری‌و ئامادەی ئەكات بۆ ئەوەی بێ دەنگ بێ .. شتێكی ئاساییە منال ئەگری بۆ ئەوەی دایكەكەی دەستی لێ بدات .. بەڵام ئەو دایكانەی كە منالەكانیان لە دوای لە دایك بون لێیان وەرئەگیرێ ، منالەكانیان ئەگرین تاكو ماندوئەبێ‌و خەوی لێ ئەكەوێ .

بەم جۆرە لەسەر رەوشتی منالان كۆڵاونەتەوە ئەوە دەركەوتوە ئەو منالانەی كە لە كاتی لە دایك بونیانا دایكیان دەستیان لێرە داون زۆرتر لەو منالانە نەرم‌و لە سەرخۆو هێمن ترن كە لەم دەست لێدانە بێ بەش بون ، هەروەها سەرنج دراوە كە منالی یەكەم رێگ‌و پێگ ترەو زۆرتر ئارەزوی خواردن ئەكات تاكو منالی دووەم .

ئاشكراترین بەڵگە لە سەر ئەمە ئەو دایكانەن لە كوتیمالاو هیندستان كە منالەكانیان بە كۆلیانەوە ئەبەستن چونكە هیچ دایەنێكیان نیە بۆیان پەروەردەبكات‌و لە دوای لە دایك بون ئەركیان بكێشێ .. لە بەر ئەوە منالەكانیان بەو جۆرە بە كۆلەوە ئەبەستن‌و لە كاتی خۆیا شیریان ئەدەنێ .. وەكو زانراوە منالە كوتیمالاییەكان بە بێ هۆ ناترین وەكو منالەكانی ولاتەیەكگرتوەكان‌و ئەو شوێنانەی كە دایك لە منالەكانیان تیا دور ئەكەوێتەوە بۆ ماوەیەكی زۆر ، ئینجا لە بەر ئەوەی‌كە منالە كوتیمالاییەكان ئاسەیان بە ئەواوی لە دایكیان شكاوە بە بێ هۆ ناگرین .

پەیوەندی ئاوان بەون بونی پەیوەندی راهێنان بە باوەش گرتنی دایك بو منال ..

زانایانی ئاوان شوناسی لە جیهاندا لەو باوەڕەدان كە گەلێك جار زۆری ئاوان لە كۆمەڵگا تازەكاندا ئەبێتە هۆی ئەوە كە دایك كەمتر منالەكانیان دەستەمۆ بكەن لە بەر ئەوەی دایكەكان بە ئیش‌و كارەوە خەریكن‌و لە منالەكانیان دور ئەكەونەوەو بە رێگای نوێ منالەكان لە دایك ئەبن . ئەوەی ئەم بیرورایە ئەسەلمێنێ ئەوەیە كە پەیوەندی هەمیشە لە نێوان ئەندامی خیزاندا هەیەو ئەو كەسەش لە منالیەوە لەو خیزانە دور ئەكەوێتەوە ئەو خۆشەویستیەی نامێنێ ..

راستیەكانی ژیان

ـ وەسیلە علی ـ

هەستم كرد ، زۆر كات‌هەستی ئافرەت بە هەڵە ئاچێت . كەوا ژیانی ژن‌ومیردایەتیان ئۆرانێكی بەسەردا هاتوە .. دیار بو كە ئەوپیاوە ئەماوە كە ئەمەنێكی درێژی گەرم‌و گوری ژن‌ومیردایەتی لە گەڵدا بەسەر بردبو .. چاوەكانی ئەوپرشنگە پر خۆشەویستی‌یەی جارانی لێ برا بو .. هەتاوەكو قسە كردنی ، بیو بە وشەو دەنگە دەنگێكی بۆش‌وبەتاڵ‌و سارد‌و سڕی‌و وشكی لێ ئەباری .. هەمو شتێك‌لەو پیاوەدا ئۆرا بو كە بە دل خۆشم ئەویست‌و ئەو خۆشەویستی‌یە پالی پیوە نابوم كە شوی پێ بكەم‌و لە تالی‌وسویریدا بشمتی بەر ئەدەم ئەبێ چی روی دابی ؟ ئەبێ ئەمەدوا قۆناغبێ ؟ ژن‌و میردایەتی بیست سال ئا بەم جۆرەی لێ‌هات ؟ ئەمە بو ئەو ژیانەی پاش لاویمان چاوەریمان ئەكرد ؟ ئایا ئەوە راستە كە لاوێتی بەسەر چوە ؟

ئەو ئەیەوێت ئەم خەیالە ئالوزو دل ئەژێنانە لە مێشكی خویدا دەركات ئەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ مێردەكەی‌و مێردەكەی بگەڕێتەوە بۆ ئەم‌چونكە حەزیان لە ژیانە .

ئەمە هەستی هەمو ئافرەتێكەكە ماوەیەكی زۆر بەسەر شوكردنیا تێپەڕ بوبێ .. هەستێكی سەر سور هێنەر دلی دا ئەگرێت .. چاك وایە ورەبەر نەدەیت .. چونكە ئەوەت لە باردایە كە خۆت ئەم هەستەتاڵ‌و تفتە قوتارگەی .. كلیلی ئەو دەرگا داخراوەی كەمیردەكەت بە دوا قوناغی دانەنێت بەدەست خۆتەوەیە .. لەوانەیە پرسیاری ئەوە بكەیت چۆن ؟ چۆن ئەو ژیانە رەنگاورەنگە پر كامەرانی‌یەی جاران ئەگەڕێتەوە ؟

ئامۆژگاری من‌ئەوەیە دەستەخوشكی بەڕێزم .. كە بە چاكی بایەخ بەخۆت بدەیت‌و دیمەن‌وروخسارت رازاوەكەیت .. چونكە ئافرەت هەرچەندە بەساڵدا چوبێت ئەتوانێت جوانی خۆی نیشان دات ..

ئەوەی راستی بێت پیاو ئافرەت پە جوتە هەر دوكیان جاری وا هەیە توشی ئالوزی‌دەرون ئەبن بە تایبەتی كە تەمەنی لاوێتیان تێپەر ئەبێ .

بروانە ل : ١٠

بۆزانین

لەدەزگای روشنبیری‌و بڵاوكردنەوەی كوردی‌یەوە

لەم دەزگایەدا ئەم وەزیفانەی خوارەوە هەیە ، ئەوانەی ئەیانەوێ تیایانا دابمەزرێن مەرجەكانی‌دامەزراندنیان هەیە سەر لەبارەكای ئەم دەزگایە بدەن لە ساحەی (الخلانی) شەقامی الجمهوریە بۆ ئەوەی ئیستیمارەی داخوازی دامەزراندن پر بكەنەوە ، لەمەودوا كاتی تاقیكردنەوەیان بۆ دیاری ئەكرێ ، وە هەر داخوازیەك هەمو مەرجە پێویستی‌یەكانی لەگەڵ نەبێ وەرناگیرێ ، تاكو ڕۆژی ٢٠-٩-١٩٧٦ داخوازی وەرئەگیرێ .

عثمان محمد فائق
بەریوەبەری گشتی

زنجیرە	ناونیشانی وەزیفە	ژمارە	مەرجەكان
١	مصور	٢	١ـ لە ئەكادیمی هونەرە جوانەكان ـ لقی هونەری تەشكیلی ـ یان بەرامبەری دەرچوبێ .. ٢ـ یان لە ئامادەیی دەرچوبێ بەلای كەمەوە وەئەبێ لەئیش‌و كاری تصمیمی روژنامەدا دو سال ئیشی كردبێ بەبێی بڕوا نامەی نەقابەی روژنامە نوسانی عیراق . ٣ـ خزمەتی ئەسكەری تەواو كردبێ یان لێی عەفو كرابێ . ٤ـ ئەوەی كوردی بزانێ باشترە .
٢	سكرتیری نوسین	١	١ـ بڕوانامەی بكالوریوسی لەزمانی كوردیا هەبێ یان بەرانبەری . ٢ـ یان لە ئامادەیی دەرچوبێ‌و ممارسەی ئیشی روژنامەی هەبێ وەكو نوسەر یان سكرتیری نوسین بەبێی بڕوانامەی نەقابەی روژنامە نوسانی عیراق ، وە زمانی كوردی بەنوسین‌و خویندنەوە بزانێ . ٣ـ خزمەتی ئەسكەری كردبێ یان لێی عەفو كرابێ .
٣	محرر	٤	
٤	محرر	٢	
٥	منفذ	٢	١ـ بەلای‌كەمەوە لە قوتابخانەی ناوەندی دەرچوبێ ٢ـ ممارسەی ئیشی تەنفیزی روژنامەی كردبێ بەبێی بڕوا نامەی نەقابەی رۆژنامە نوسانی عیراق ٣ـ زمانی كوردی بەنوسین‌و خویندنەوە بزانێ . ٤ـ خزمەتی ئەسكەری كردبێ یان لێی عەفو كرابێ .
٦	خطاط	٢	١ـ لەبەیمانگای هونەرە جوانەكان دەرچوبێ و توانای نوسینی خەتی عەرەبی هەبێ ٢ـ یان لە قوتابخانەی ناوەندی دەرچوبێ بەلای كەمەوە وە ممارەسەی خەتی عەرەبی كردبێ بەبێی بڕوانامەی نەقابەی رۆژنامە نوسانی عیراق یان نەقابەی هونەرمەندانی عیراق ٣ـ خزمەتی ئەسكەری كردبێ یان لێی عەفو كرابێ ٤ـ زمانی كوردی بەنوسین‌و خویندنەوە بزانێ .
٧	مصور	٢	١ ـ لە قوتابخانەی ناوەندی‌دەرچوبێ ٢ـ ئەگەر ممارەسەی وێنەگرتنی روژنامە نوسی هەبێ باشترە ٣ـ خزمەتی ئەسكەری كردبێ یان لێی عەفو كرابێ

مەرجە داخوازیەكان

١ ـ استمارەی دامەزراندن
٢ ـ بڕوانامەی جنسیەی عیراقی
٣ ـ دەفتەری نفوسی سالی ١٩٥٧ یان وێنەیەكی بەئیمزاكراوی
٤ ـ پێنج وێنەی بەرهەتاو
٥ ـ بڕوانامەی مەحكوم نەبون
٦ ـ بڕوانامەی قوتابخانە
٧ ـ بڕوانامەی ممارەسە كردن .

بۆزانین

لەدەزگای روشنبیری‌و بڵاوكردنەوەی كوردی‌یەوە

ئەم وەزیفانەی خوارەوە لەم‌دەزگایەدا هەیە ، ئەوانەی‌ئەیانەوێ تیایا دابمەزرێن‌و مەرجی دامەزراندنیان تیایە سەر لە بارەكای ئەم دەزگایە بدەن لە ساحەی (الخلانی)شەقامی (الجمهوریة) بۆ ئەوەی استمارەی داخوازی دامەزراندن پرپكەنەوە ،لەمەودوا كاتی تاقی‌كردنەوەدیاری ئەكرێ ، هەر داخوازیەك‌هەمو مەرجە پێویستی‌یەكانی نیانەبێ وەرناگیرێ ، وە هەتاكو ٢٠-٩-١٩٧٦ داخوازی‌وەرئەگیرێ .

عثمان محمد فائق
بەرێوەبەری گشتی

زنجیرە	ناونیشانی وەزیفە	ژمارە	مەرجەكان
١	محاسب	١	آ ـ لەدانشگا دەرچوبێ ، یان بڕوانامەكەی لە ئامادەیی بەرزتربێ بەو مەرجەی پەیوەندی بەكاروباری محاسبەوە هەبێ بەبێی ئەو بڕیارەی نەقابەی‌محاسبەكان‌و مدققە یاسا شوناسەكان دەریان‌كردوە . ب ـ یان لە ئامادەیی دەرچوبێ‌و ئەوەندەی ممارسە هەبێ شایستەی ئەم كارەبێ بەبێی‌بڕیاری نەقابەی محاسبەكان‌و مدققە یاسا شوناسەكان . ج ـ خزمەتی ئەسكەری كردبێ یان عەفوكرابێ لێی .
٢	م. محاسب	٢	
٣	مدقق	٤	
٤	أمین صندوق	١	آ ـ لە ئامادەیی دەرچوبێ (بەشی عیلمی یان بازرگانی) . ب ـ ئەوەی ممارسەی هەبێ‌باشترە . ج ـ خزمەتی ئەسكەری تەواوكردبێ یان لێی عەفوكرابێ . د ـ ئەوەی زمانی كوردی بزانێ باشترە .
٥	محصل	١	آ ـ لەقوتابخانەی ناوەندی دەرچوبێ . ب ـ خزمەتی ئەسكەری تەواو كردبێ یان عەفو كرابێ لێی . ج ـ ئەوەی زمانی كوردی بزانێ باشترە .

Institut Kurde de Paris

بەیارمەتی ئێوە

روو خۆشی .. وشەی چاکلو پاك .. چەندو چوونکردنی باش .. خەلکی خوشویستن .. لوردن .

هەموو ئەمانە لەو شتانەن کە پێویستە لە ژیانی رۆژانەماندا ، بە شێوەیەکی تشتیش لە پەیوەندییەکانماندا ، دووبات بێتەوەو رەگدو ریشە دابکوتێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەی خەریکە « مادە » بەسەر هەموو شتێکدا بال بکێشێتو تاوەکو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانیش .

هەر بۆ نموونە ـ ئەگ بۆ دەست نیشانکردن ـ

ئەبینین ئەو سەر ژماردنە بەنجە بۆ رادەی ئەو رووداوانە درێژەکات کە بەهۆی ئۆتۆمبیلەوە روونەدەنو ، زۆر کەس ئەبنە قوربانی ، رۆژ لە دوای رۆژ روو لە بەرزبیە .. ئەمەش ـهەروەکو ئاشکرایەـ بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەیە کە شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان حەزنەکەن چەند دەقیقەیەکی کەم ، لە وەختەکەیان دابڕن هەر بۆ بەدی هێنانی سوودێکی مادیی کەم بەبێ بیرکردنەوە لە مەترسیو قوربانییەکان .

هەر وەهاش ، چەندین مەسەلەو شکاتو شکاتکاری هەیە کە دەزگاکانی پۆلیسو دادگای پێوەخەریك کراوە ، زوربەشیان لە ئەنجامی هەندێ شتی بڕوبۆچەوەیەو ئەگەر ئەو کەمانە خۆیان لە نێوان خۆیاندا عەقڵیان بەکاربهێنایەو لە چەندو چوونکردن لەگەل یەکتردا بە رەوشتبوونایە ، ئەو دەزگاو کارمەندانەی پۆلیسو دادگایانەیان خەریك نەئەکرد .

هەروەهاش کەسی وا هەیە جموجوڵو پەیوەندییەکانیان بۆنی ئەوەی لێدێ کە بێی ئەوترێت « بەخیلی بە کوزەرانی بردن » ئەویش لەبەر ئاکەسیو وا بیرکردنەوەیان کە گوایە کارکردنو سەرکەوتنی ئەوانی تر لە کۆتاییدا ئەبێتە هۆی ئەوەی « مادە » لە دەست ئەوان دەربکات .

خۆ .. نموونە زۆرە ، بەلام ئارەزووی درێژە پێدانیم نییە بۆ باسکردنی لەمە زیاتر ..

جا بۆ ئەوەی خراپ لێك نەدرێتەوە ، دووپاتی ئەکەمەوە کە من نکوولی لەبایەخی « مادە » ناکەم لە ژیانی رۆژانەماندا .. چونکە پێویستە هەرێك لە ئێمە کاربکاتو ، بە ئارەقی ناوچەوانی نانی رۆژانەی پەیدابکات ، بەلام ئەبێ ئەمە نە لەسەر حیسابی زیان گەیاندن بێت ـ لە رووی مادییەوەبێت یان مەعنەوییەوە ـ بە خەلکیترو ، نەش لەسەر حیسابی کاتو کاری دەزگاو لایەنە خزمەتگوزارییەکانبێت ، بە خەریك کردنیان بە مەسەلەی واوە کە چارەسەرکردنیان زەحمەت نەبێت ئەگەر نەلێین هەرپێویستیش ناکات ناوی « مەسەلە »ی لێبنرێت .

بە ئەواوەتیش دڵنیام کە ئەنیا شتێك بۆ ئادەمیزاد بمێنێتەوە ، تاوەکو دوای فەرمانی خودا بەجێهێنانیشی رەوشتی چاکو ، بەیوەندیی مرۆڤایەتییەنەی توندو ، کاری چاکەیەکە سوودی بۆ تێکڕای خەلکی هەبێت .

واش ئەزانم زۆر پێویست ناکات ئادەمیزاد روح سووکو بەختیاربێت تاوەکو ئەو رەوشتە بەرزانەی تیابێت .. بەڵکو گرنگ نیازە مرۆڤایەتییەکانێتی ، لەگەل مەبەستی پاکو ، پەیوەندییو رەفتاری بەرەو شتانەو ...

ئیتر .. زیاتر ناڵێم .

ـ عثمان محمد فائق ـ

ئێمە لەوانەیە ئەمانەن

سەرەتایەکی سەرکەوتو

چەن سەرەتایەکی سەرکەوتوانە .. شان بەشانی ئەو گۆڕانکاریە پیشکەوتوانەی کە گۆرانی عیراقی تیا رازاوەتەوە ، زیاتر لە گۆرانی بێژەکانی دەوروبەری خاوەنی دەنگێکی بە سۆزو هەست راکێشەرە ، ئەم هونەرمەندە « حەسەن فەتاح » کە بە « حسن جەزراوی » ناوی دەر کردوە .

لە سالی(١٩٤٢)ەوە تا سالی ١٩٧٢ لە جیهانی گۆرانی وتندا کەشتی هونەری کردوە ، یارمەتی کۆرینی گۆرانی کوردی داوە لەو قۆناغە مێژوییەدا کە گورانی تیا پێشکەوتوە .. کە جاوم پێی کەوت لە وەلامی پرسیارەکانما وتی :

لە سالی ١٩٤٢ەوە تێکەل بە سەرەتای ئیستکەی رادیوی بەغدا بوم ، یەکەمجار لە ئیستکەی بەغداوە گورانیەکو مقامێکی حسینیم پێشکەش کرد وەهیچم کرد کە لە شانی گۆرانی بێژە لێهاتوو کانەوە وەستاوەو جەماوەر حەز بە گۆرانیم ئەکات .. هەفتانە ئامەنکی گورانیم ئەکێڕا کە ماوەکەی نیو سەعات بو ، وەکو گۆرانی بێژەکانی تری هاوڕێم تایەر توفیق ، عەلی مەردان ، رەسول کەردیو ... هونەرمەندەکانی کۆنو تازە ..

وە لە بارەی گۆڕانی گۆرانی کوردیەوە وتی :

هیچ کەس نکولی لەوە ناکات کە گۆرانی کوردی تەلێك گۆڕاوەو زنجیرە شیعرو ئاوازێکی نوێ کەوتۆتە ناویەوە لە بەر ئەوەی بەشێکە لە گورانی عیراقی کە مقامە عیراقیەکان بە بنچینەی خۆی ئەزانی ، وە ئەو گۆڕانکاریەی بە سەریا هاتوە بە کورجی ئەچێتە دڵی گوێگرەکانەوە ، وە گەلێك گۆرانی بێژی تازەمان گۆرانی خۆش و دڵگیریان هەیە .. وەکو ئەحسین ئەها ، ئەحمەد ئەسعەد قەرەداخی ، محمد عارف ، تایەر توفیق ، عیسا بروارى .

لە بارەی چەند بیرەوەریەکی ترەوە وتی :

زوربەی گۆرانیەکانم هونەرمەندان مەحمود کالۆ ئەحمەد خەلیل ئاوازیان بۆ داناوەو شیعرە کانیشیان هەندێکی هینی خزمەنو هەندێکیان هینی کاك قەدوری حسینە .

ئەو مقامەی زۆر دڵم ئەیگرێ مقامی (محیر)و (حجازی کارکرد)ە ، کە زۆر جار تۆمارم کردون . وە یەکەمین مقامێك کە پیشکەشم کردوە مقامی حسینی بو ئەویش بەرێکەوت بوە .. وە بەر لەوەی کە تەقاویت بکرێم دوا مقامێك کە وتومە ئەویش حسینی بوە .

ـ فاضل محمد ـ



درێژترین پیاو لە جیهانا

لەسەر دوو دار شەق

● جولونگ‌بان‌جو ، درێژترین پیاوە لە جیهانا کە بە دو دارشەق ئەڕوات کە بەرزیەکانیان ٢٢ پێیە ، جو پێویستی بەو دارشەقانە نیە بەڵام هەر ئارەزوی لە سەرێتی، رەنگبێ جو روژێك لە روژان ئەمە لە سیرکەوە فێربوبێ .

شانۆ

صبحی أحمدی

ئەکتەرو.. شانۆی کوردی

گفتوگۆو دواندن لەگەل هەر هونەرمەندێکدا رازو نهێنیەکی بواری هونەری ئەمرۆ ئاشکرا ئەکاتو چەند گرێ کوێرەیەکی هونەری ئەکاتەوە ، بۆیە لە کاك صبحی‌مان پرسی :

● **چۆن شانۆ لەگەل هەستی مرۆڤایەتیدا بەراورد ئەکەی ؟**

ـ کۆمەل وەکو نانو ئاو پێویستی بە شانۆو هونەری شانۆگەری هەیە ، بەڵام هونەرمەندو هونەر دۆستەکان زۆرتر هەست بە پیرۆزی شانۆ ئەکەن .

● **لە کاتی نواندنداچۆن بیرئەکەیتەوە ؟**

ـ هەست ئەکەم لە قالبی کەسێکی ترا هاتوچۆ ئەکەم .

● **بەراوردی نێوان ئەوشانۆئەریانەی لەمەوبەر دەورت تیابنیوینو ئەوەی ئیستات ؟**

ـ رابوردو هەرچون بوبێ لەگەل هەستی تێکەلبون ، ئیستاش لەسەر بنجی رابوردو گەشە ئەکەنو پێش ئەکەون .

● **چۆن شانۆئەریەکی سەرکەوتو ئەبینی ؟**

ـ خەو بە شانۆیەکی سەرکەوتو تیبینکی میللی یەکگرتوەوە ئەبینم ، وە هیوادارم هەمو هونەرمەندوهونەر دۆستێك دەست بکاتەمل شانوکەریەکی رەسەن .

بە بۆنەی رۆژی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریەوە کەرۆژی (٨)ی ئەیلولە .

رۆژی جیهانی بۆقەلاچۆکردنی نەخوێندەواری

ـ مختار ـ

کەس نکوولیی لەو هەولو کۆششەی سەرکردایەتی پارتەو شۆڕش نیە کە بۆقەلاچۆکردنی نەخوێندەواری داوایانەو ئەیدەن بەتایبەتیش ئەو بڕیارە شۆڕشگێڕانەیەی کە لە کۆنگرەی بەغدادا بۆ بەزەبر قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دایان کە لەژێر چاودێری هەفال (صدام حسین) دا لە (٨ـ١٥)ی ئایاردا بەسترا .

ئەم کۆنگرەیەدا بڕیار بەسەر پلانو ئەخشەیەکی تێکڕایی .

درا بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بە مەرجێك کە چەماوەران بنکەی ئەم ئەخشەو پلانەبن بۆ دەستەبەرکردنی لایەنە ماددیو زانستییەکانی سەرکەوتنی ئەم ئەرکە نیشتمانیە مەزنەی کە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری سەرکردایەتی ئەکات .. رێکخراوە میللیو بنکەتیە پیشەییەکانو نیقابەکانیش پاشتر دەستی بڕواتو بە فراوانی تر کارەکانی بە جێ بکەیەنێت .

ئالێرەدا ئەمەوێت پەنجە بۆ ئەوە درێژبکەمکە(نەخوێندەوار) تەنها ئەو کەسە نیە کە خوێندنەوەو نوسین نازانێت بەنکو بەداخەوە زۆری وا هەن کە قۆناغی زۆریشیان لە خوێندن بڕیوەو بەلام هێشتا هەر ئەتوانین ناوی نەخوێندەواریان لێبنێین .. چونکە ئەمانە هەر لە ناستو پلەی نزمی رۆشنبیریدا ماونەتەوەو ناتوانن خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن و لەئەل جەماوەری گەلەکەماندا بێبەپێی رەوتە شۆڕشگێڕیەکەی بەرەو پێشکەوتنو بەدی هێنانی دەسکەوتو ئامانجی بەدەست هێنراودا بڕۆن ..

لەدەرەوەی سنور

کچەکان چۆن بیر لە دارۆژئەکەنەوە ؟
کێ بڕوانەکات کچانئەیانەوێ شووبکەن ؟
بۆچی چارەکێکی کچانئەیانەوێ بین بە بیاو ؟
ئایا راستە کچە ئەوروپاییەکان گالتە پێ ئراون ؟
بۆچی کچان حەزئەکەن بین بە ئیشکەری ناو فڕۆکەکان ؟
کچان تا چ رادەیەك ئەیانەوێ لە پەروەردەدا ئیش بکەن ؟
کچان چۆن سەرنجی ئیروگرفتەکانی جیهان ئەدەن ؟

ئەم پرسیارانە لە سەر زمارێکیدابو کوفاری (الاکسپریس) کە یەکێکە لە گۆڤارە جیهانیەکانی فەرەنسە پرسیاری لە ٣٢٠ کچ کە تەمەنیان لە ١٥ ـ ١٨ ساڵان ئەبو لە بارەی بیرکردنەوە یان لە دوارۆژو جۆری ئەو ئازادیەی کە ئەیانەوێو لە بارەی گەورەترین گیروگرفتی جیهانەوە ، کردبو .

ئەنجامی سەرزماری پرسیارەکان بەم جۆرەبو :

● **٢٥٪ کچان** حەزیان ئەکرد کوڕ بونایە ، بەلام ٧٥٪ یان خۆشە کە بەکچی لەدایك بون .

● **٣ر٢٨٪ لەوانەی لەم سەرژمارو دەنگدانەدا بەشداربون** لەسەر ئەوە هاوەدەنگبون کە گەورەترین گیروگرفتی جیهان پرسێتیە ، دوای ئەو مەسەلەی بێئیشی ، بیرورای ٥ر١٥٪یان وابو بەلام هەمویان مەترسی شەپۆی ئەتومیان بە گەورەترین گیروگرفتی جیهان دانەنا .

● **کچانی فەرەنسە حەزناکەن لە سیاسەتدا ئیش بکەن ، ٤ر٤٩٪ یان پشت بە خۆیان ئەبەستنو ئەلێن ئەمە رێگای چارەسەرکردنە ، وە ٧ر١٧٪ ئەیانەوێ بەپەوەندی کۆمەلایەتیو کەسایەتیان بەهێزبکەن ، وە ٢ر١٧٪ ئەلێن بڕوانامە دەرگای ژیانە کە لە ٢ر١٥٪ زیاتر دەستگیری نابێ .**

● وە لە بارەی پیشەی دوارۆژەوە ئەوە دەرکەوتوە کە زیاتر لە ٢٤٪ ئەیانەوێ لە بواری پەروەردەکردندا ئیش بکەن ، وە ٧ر١٢٪ بەهیوای ئەوەن کە بەهۆی ئیش کردنی ناو فڕۆکەوە جاویان بە جیهان بکەوێ وە ئەمانەش لە ٦٪ یان زیاتر خەویان نایەتەدی کە خەو بە بەختیاریو روناکی هونەرەوە ئەبینن .

دوا رۆژی شوکردنی کچە هەرزەکارەکانی فەرەنسا

پێتان بڵێم

ـ احمد محمود ـ

● ئەوانەی ، لێدانی سەروپۆتەلاکی خەلکی کوتانەوەیان بە هوو بەبێ هو کردۆتە پیشە . ئەو ڕێرەوە نارەوایەیان بە هەمەجۆر شێوەی نزمی بیرو لەراستی لادانی تشتی ئەشارنەوەو ئەیانەوێ کە لەبەر بکەنەوەو بە مەبەستی چوڵکردنی ساحەی رۆشنبیری لە هەموو رەسەنیەکی هەڵویستو باوەڕوێکی بەرهەمداری وا دا کە لەرۆژگاری مامەلەی کۆمەلایەتی ئاسایی‌دا ئەبنە کۆسپی رێگای دەسکردو بۆشەکانو ئەوانەی بەرێکای نارەوا خۆیان کەیاندۆتە شوێنیوا کە کار ئەکاتە سەر ڕێرەوی بزوتنەوەی رۆشنبیریو قوڵکردنەوەی لایەنە هەمیشە بەرەو نوی بونەوە رۆشتوەکەی .

● ئەوانە ، بە دەردەکەی « هەر کوێزی من خرەی دێ ! » ئەیانەوێ رێگا لەو کەسانە بگرن کە مەبەستیانە بەشداری کاروباری رۆشنبیری ئامانج دار بکەن ، ئەیانەوێ بەهەر رێگایەك بێ ئەنگ بەخەلکی تر هەلچنن تا ئەتوانن هەڵویستی ساغ بنوێنن ، ئەم کارانەش بە مەبەستێ ئەکەن کە هەرگیز لە کەل ئاواتو خواستی گەلی مەزنمانا یەك ناکرێتەوە کە بۆ بنیات نانی عیراقی دیموکراتیو پێشکەوتو تێ ئەکۆشێ .

● ئەم دەستەیە .. لەژێر چەترەی درۆزنی خویانا ئەمرن ، بەلی بەپێوە بێجولە ئەمرنو چەترەکەیان هیچ پاڵپشتێکی مانەوەیان بۆ زامن ناکا ..

● کاروانی گەلەکەمان بە هەموو نەتەوەکانیەوە ، ئەوەی سەلماندوە ، کە زروف هەندێ جار یارمەتی ئەوانەی داوە کە بازرگانی بەتێك‌دانو سەرەو خوارکردنەوەی بیروباوەڕەوە بکەن ، بەلام ئیستاو لەم رۆژ درەدا ئیتر هەرگیز ناگونجێزامنی بەردەوامی بکری ، چونکە تینو توانای ئەو نموونە شورشگیریەی سەرکردایەتی حزبو شورش لە ولاتەکەمانا هێناویەتیە کایەوە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر هەموو پاشماوەکانی سەردەمە « هەلەبازی »و « خۆبەرستی‌یەکان »و کلکایەتی کردن رامال ئەکات .. دوای ئەوەی هەموو هەلێکی ئەو رامالکردنە بەتەواوی رەخسا .

Institut Kurde de Paris

ل ، مانگی رەمەزانی پیرۆزدا

شوین کەوتنی کرداری چاك

رەمەزان بەهۆی سروشتی‌پڕ لە فەپو بەرەکەتیەوە لە مانگەکانی تری ساڵی کۆچی‌داجیایە .. وەکو ئەوەی مانگی رۆژوە ، مانگی قورئانە ، مانگی‌چاکەیە ، مانگی خواپەرستی‌یە ، مانگی شۆڕئەوەی ئۆناهی‌ئادەمیزادە ..

هیچ گومانی تیا نیە ئەم‌سروشتانەو چەندان سروشتی تری پاکو بێ‌کەرد لەم مانگەداکۆبونەتەوە ، ئەمە کەلەپورێکی ئیسلامەتیو ئایینی پیرۆزی‌باب‌و باپیرانمانەو پێویستە رۆژی لێبگرین ، بەکردەوەفەرمانەکانی بەجێ بهێنین ، نەك بە وتەو قسەکردن بەلکو بەکردار بەجێی بکەیەنین .

کە رەمەزان مانگی رۆژوگرتنە ، کەوابو ئەبێ سوربین لەسەر رۆژو گرتن تیایا .مادام‌توانای رۆژو گرتنە کەمان هەیە .

کەرەمەزان مانگی قورئان‌خوێندنە . پێویستە شەوورۆژ قورئانی‌بیرۆژ بخوینین‌و بەپێی‌ئامۆژگاریەکانی بجولێینەوە ، مانای سورەت‌و ئایەتەکانی‌بگرینە دڵ کە لە شەوی بەرات (لیلە القدر)دا هاتۆتەخوارەوە . کە یەکێکە لە شەوەکانی ئەم مانگە پیرۆزە ،کە خوا لەبارەی پیرۆزیەوە فەرمویەتی : (خیر من الف‌شهر) .

کە رەمەزان مانگی چاکەیە، ئەبێ چاکەو پیاوەتیو دەستگرۆیی تیابکرێ ، زۆرتر بە هاناو هاواری هەژارە دەسکورتەکانەوە بین .

وە کە مانگی بەخشینی گوناهە، ئەبێ لە کرداری خرابە خزمان پاریزینو رێکای راست وبڕ لە باوەڕو خوار بەرستی بگرینەبەر ، بۆ ئەوەی بەزدان لەو گوناهانەمان خۆش بێ کە لەسەرمان تۆمارکراوە .

ئەگەر بەپێی فەرمانەکانی خوا بەرۆژوبوینو بەقسەو ئامۆژگاریەکانی پیغەمبەر بەراستی رۆژومان گرت‌و بەدڵێکی پاکەوە قورئانی پیرۆزمان خوێندو ماناکەیمان لە دڵمانا جێگیرکردو چاکەمان لە کەل هەژارانا کردو دەستی دەسکورتە کانمان گرت‌و بە رویەکی گەشەوە رومان کردە بارەکای یەزدان‌و ئەمانەمان هەمو وەکو فەرمانێکی ئایینی بەجێ هێنا ، ئەوکاتە هەست بە پیرۆزی‌و گەورەی مانگی رەمەزان ئەکەین ، وە ئەرکە کانی بەکردەوە بەجێ ئەهێنین .. هیوادارم بتوانین ئەم ئەرکە پیرۆزانە بەجێ بهێنین .

سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

● چوارشەممە ١٥ی ئەیلولی ١١٩٧٦ ژمارە ٣٣٥ ● الاربعاء ١٥ أيلول ١٩٧٦ العدد ٣٣٥ ●

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

پتەوکردنی دەوری سەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب لە بەرەو لەناو کۆمەڵدا لە ئەرکە بنەڕەتیەکانی کاری تۆڕانی شۆڕشگێڕانەیەو لەو پێویستیە ئەساسیانەیە تاقی کردنەوەکانی رابوردو وە پیویستیەکانی ئایندە سەلماندویانە .

سەروك احمد حسن البكر

بانگ کردنێك بۆ رووخاندنی ڕێژیمی عەرەبیە خۆبەدەستەوەدەرەکان

سەر وتار :

گەلێکی بە هەوڵ و کۆشش .. کۆمەڵگای شۆڕش

دەمەتاقی کۆڕی هێزە کاریگەرەکانی نزمبوونەوەی رادەی بەرهەمهێنان لە ئیش کردندا جەماوەر بایەخێکی تەواوو دیاری دەداتێ ، چونکە تێدەگا کە باسەکە چەندە گرنگەو لە بەر رۆشنایی ئەودا چاوەڕوانی گەلێ ئەنجامی وەها دەکا کە یاریدەدەری ڕێڕەوی بەرهەم هێنان بن لە رزگار بوونیدا لەو کەلێنانەی هەن ، بە دانانی بنچینەو زامنێکی ئەوتۆ کە بتوانن ناوکۆ (معدل)ی بەرهەم هێنان و بەرزبوونەوەی رادەی سەرکەوتنی بیارێزن بۆ سوودی بنیادنانی بنکەی (مادی)ی کواستنەوە بەرەو سۆشیالیستی .

ئەوەی زیاتر خرۆشدا بەم کۆڕە گرنگەو ئاسۆی ئابوورەو پەروەردەیی تیایدا ، بەشداربوونی هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسینو ئەندامانی سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆڕش بوو لە دەمەتەقێی ناو کۆڕەکەداو لە دەولەمەند کردنی ئەو ڕیبوڕایانەدا کە دەبڕدرانو لە بەرەنگاریی حەکیمانە لە سەر رووی رەفتارە چەوتەکانو پێشکەش کردنی چارەسەرێکی درووستی ئەو تۆ کە پشتی بە (ئەخلاقیەت)ی حیزبی پێشڕەو حیزبی (بعث)ی عەرەبی سوشیالیستی بەستبێت .

لە کۆبوونەوەی سەر لە ئێوارەی رۆژی ٨-٩-١٩٧٦دا هاوڕێی جێگر دواو وتی : « ئەم گەلە لە ژێر سایەی شۆڕشی تەمووزدا دەبێ کەلێکی کار بەر بێو پێویستە گەلمان بەهەوڵو کۆشش بێو پێویستە ئەوبەڕی ئیرادەی خێرخوای لە پێناوی خزمەتکردنی هەموواندا بخاتە کار .

ئەم بەندەی لێدوانەکەی بەڕێزی جێگر ئیشارەت بە کۆمەڵێك تێگەیشتنی بنچینەیی دەدا کە پێویستە ئیلتیزامیان پێوە بکرێت تا بتوانرێ بەرزترین رادەی توانای بەرهەم هێنانی کارکەران لە کۆمەڵدا بەدی بهێنرێو کۆڕانی شارستانیو مێژوویی ڕێڕەوی ژیانی گەلی عێراقمان چێبەجێ بکرێ . لە ریزی پێشەوەی ئەو تێگەیشتنانەش :

١ - بۆ ئەوەی گەلمان بپێتە گەلێکی کرگەر دەبێ سەرنجی کۆمەڵ سەبارەت بە ئیش کردن بۆزۆردرێو بیری جەماوەری کرگەران لە سەر ئەو بنچینەیە رۆشن بکرێتەوە کە کار (العمل) سەرچاوەی بەهای کۆمەڵایەتی یەو ئەوانەی لە ئیشکردندا بە هەوڵو کۆششو بەردەوام رادەی بەرهەم هێنانیان بەرز دەکەنەوە دەبێ لە عورفی رژێمی شۆڕشگێڕیدا بە قارەمان دابنرێن .

٢ - رژێمی کۆن کە شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووز بپرای بپر هەرەسی پێهێناو لە سەر بناغەی چەوساندنەوەی چینایەتیو سەرکوتاندنەوەی کۆمەڵایەتیو زاڵبوونی نیازی قزانچو چاو چنۆکیو بەربەرەکانی کردنی بیرو بۆچوونی نیشتمان یەروەری پێشکەوتن خواز دامەزرا بوو، کە ئەمە بوە هۆی ئەمانی هەستکردن بە مەسئوولیەتی کۆمەڵایەتیو بڵاوبوونەوەی گیانی کەمتەرخەمیو خۆدزینەوە لە ئەرك .

٣ - تەنها بە ئیش کردن گەلمان دەتوانن ، وەك زۆر گەلانی تری پێش ئێمە توانیان ، لەو واقیعە دواکەوتوەی تێیبەرێت و بە باوەڕەوە خۆی بلکێنێ بە بزووتنەوەی پێشکەوتنەوە لە جیهانداو ژیانی گەشی نوێی خۆی بنیادبنێو لە کردەوەی بەخشینی شارستانیدا بەشدار بێ .

٤ - دووبات کردنەوەی هاوڕێ جێگری سەرۆك کە « گەلمان دەبێ گەلێکی کرگەر بێ بانگەوازیکە بۆ ئەوەی باری سەرنجیو سەیکۆلۆژی لەوە بەری گەلمان لە توان ڕێنیشاندانێکی شۆڕشگێڕانەی پرۆگرام بەندەو چاودێری کردنێکی دیموکراتیانەوە بگۆڕدرێ ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە حالەتی تەمەڵیو خۆدزینەوەوە لە ئیش بچێتە سەر حالەتی بە هەوڵو کۆششو هەستکردن بە مەسئوولیەتی کومەڵایەتیو دانانی ئیش کردن بە رەمزی نیشتمانیەروەریو هەقێکی شەرعی لە سوود وەرگرتندا لە خێرو بێری نیشتمان .

بروانە ل ١١

لەو تارەکەیدا ، لەدواکۆبونەوەی کۆڕی لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردانەی کار ئەکەنە سەر نزم بونەوەی بەرهەم هاوڕێ صدام حسین سەلماندی :

کاروباری رەخنە گرتن و ئاشکرا کردنی ئالوزی مادەم حزبی ئەیباتی بەرپیوە ، ترسی لە سرنیە

پێویستە بەعسیەکان لە هیمەت و کار و گیانی دیموکراتیانەدا نمونەبن بۆکەسانی تر

ماموستا صدام حسین ، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، داوای ئەوەی کرد هەر کەسە لە شوێنی خۆیەوە بە تیسانی بەتەنگەوە هانەوە کار بکات بۆ رەفزکردنی تقالیدی کۆن دیاردەی زیان بەخش ، سلوکی کۆمەڵایەتیو ئابوری و بەروەردەدا .

وە سەلماندنی کە دەوری پەروەردەو بۆ کەیاندنو چاودێریو حساب کردنو سزادانو رووناك بینی لە ئاماتجاو سەربەرشتی کردنی زۆر مەسەلەیەکی بایەخدارە بۆ گەیشتن بەو کۆمەڵەی هەموومان هەوڵی بۆ ئەدەین تاکو کۆمەڵێکی جاکتر بێ .

« دەقی وتارەکە ، لە لاپەرەکانی ٢ ، ٣ ٧دا بخوێنەرەوە »

ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی دەست درێژی ڕێژیمی سوریا بۆسەر لوبنان گوناهبار ئەکا

پاریس - ئا.د.ع :

ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە دەست تێوەردانی ڕژێمی سوریە لە لبنانداو دژخەکەی زیاتر نالوزاندووەو بۆتە هوی کوشتنو برو ماڵویرانیەکی زیاتری ئەلی عەرەبی لبنانو فەلەستین .

لەو بەیاننامەیەدا کە ئەنجومەن لە کۆبونەوەیەکی (تایبەتی)دا لە رۆژی ٥ - ٦ مانگی ئەیلولدا لە پاریس کردویەتی ئەلێ .. دەست تێوەردانو خۆ تێهەڵ قورتانی ڕژێمی سوریا بەچاکەی کۆشەگیرەکان لە لبنانداو زەبریکی جەگەر بڕە لە کۆمەکی عەرەبی دراوە ، ئەو کارەش جێگای داخە ..

عەروەها وتویەتی .. کشانەوەی هێزە سەربازیکانی سوریا لە لبنانداو داخوازیکی بەپەلەو پێویستەو ناپرت پشتگوی بخرێت .. چونکە مەکتەبی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی گەرانەوەی ئاشتیو ئاسایش بۆ لبنان لە ڕێز ڕنتی سەربەخۆیی ئەو ولاتەدا بەری ئەکاتو لەکشانەوەی هێزە سەربازیکانی ڕژێمی سوریا لەوناوچەیەدا لەکەل ماوەدان بەسەرۆکی هەلبژێردراو ئەلیاس سەرکیس کە دەوری خۆی بەچاکی ببینێت .

لە کۆتایدا ئەنجومەن سەرکەوتنی هاوکاری تێکۆشانی نیوان بزوتنەوەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی لبنانو بەرگری فەلەستین بە ئاوات ئەخوازیو .. ئەوەو بەهاوبەشیەکی چاکی تێکۆشان دەزانیت لەپێناوی ئاشتیو عەدالەت ، لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا .

ئەنجومەن دوبارە لایەنێری ئەواوی خەباتی عادیلانەی ئەلی عەرەبو بزوتنەوەی نیشتمانی لبنانو شورشی فەلەستین نیشان ئەدات دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو زایونیزمو کۆنەپەرستی عەرەب ، کە لەبنچینەدا ئەیانەوێت بەرگری فەلەستینو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی لبنان لەناوبەرن ، تاوەکو دابەش کردنی لبنانو دامەزراندنی دەولەتۆکەی تایەفەگەری لەو ولاتەدا مسۆگەرکەن ، ئەویش لەپێناوی دەرباز کردنی تەخت کردنێکی ئەمەریکاییو لەناوبردنی کۆمەکی عەرەب لەناوچەکەدا .

داواکاری بو میللی کردنی بانقە گورەکانو کۆمپانیاکانی تامین لە بەریتانیادا

هەفتەی رابوردو لیژنەی تەنفیزیی حزبی کرێکارانی بەریتانیای حوکمران داوای میللی کردنی بانقە گەورەکانو کۆمپانیاکانی تامینی کردوە لە بەریتانیادا وە داوای کردوە دەسەلاتی چاودێریو سیاسەتی بەرهەم هێنانو دارایی بدرێتە حکومەت .. وا بریار دراوە کە ئەم داواکاریە لەو کۆنگرە ساڵانەیەی خربەکەدا لێی بکۆلرێتەوە کە لەنیوان ٢٧ ئەم مانگە تاوەکو یەکی مانگی تشرینی داهاتو ئەبەسترێت . پێشنیارەکە بریتیە لە میللی کردنی چوار لە بانقە بازرگانیەکەورەکانو حەوت کۆمپانیای تامینو چاک کردنی سیستەمی بانقی مەرکەزی بەریتانیا .

جەماوەری لوبنان

سوپاسی یارمەتی پزیشکی یەکی عیراقی کردوە

دکتۆر عبدالسلام البحیری لەقیبی پزیشکەکانی زوروو سوپاسی هاوولاتیانی لبنانو فەلەستینی کە یاندوە بە سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش لە عیراقدا ، سەبارەت لەو یارمەتیە پزیشکیە کە داونیو لەو ئەیان دات بۆ پشتگیرو خۆراگرتنی جەماوەرە .

دکتۆر البحیری دەربارەی ئەوەی کە لەو نیراوە پزیشکیەی عیراق لەشاری تەرابلوسدا دەستیان کردوە بەکار مرۆڤایەتیکەیان وتویەتی: ئێمە زۆر زۆر پێویستیمان بەو تواناو شارەزایە پزیشکیە بو کە عیراق بوی ناردوین . هەروەها وتویەتی : هیوامان وایە کە ولاتە عەرەبیکانی تریش چاو لە عیراق بکەنو ئەوەی لەدلیاندایە بەشتیکی ئاشکرا بی نوێنن ، هەروەها وتویەتی : بەهۆی نیراوە پزیشکیکانی عیراقەوە لەمەودوا بۆ یەکەم جار لە تەرابلوسدا نەشتەرگاری (عملیة) دل ئەکرێت . وە داوای لە هەمو بریندارەکان کردوە کە بەپێی سەرە بۆ چارەسەری خۆیان نیشانی پزیشکەکانی ئەو نیراوە بدەن .

جمووجۆڵی پەیمانی ئەتلەسی لە دەریای سپی ناوەراستدا

لە ماوەی ٢٤ی مانگی تشرینی یەکەمەوە تاوەکو ١٢ی مانگی تشرینی دووهەمی داهاتو دەولەتانی پەیمانی ڕۆروی ئەتلەسی لەناوچەیەدەریایی سپی ناوەراستدا جمووجۆڵیکی دەریاییو ئاسمانی دەست پێ ئەکات .

شەڕی توند لە بیروت و ترابلس و ناوچەی « جبل » ئەنێزە نیشتمانیەکان سەرکەوتنی عەسکەری بەدی ئەهێنن

ڕژێمی سوریا ، سورە لە سەر فەرز کردنی مەرجەکانی

بیروت - ئاژانسەکان : شەڕ لەهە موجە بەهەکانی لوبنان: توندوتیژ دەبێو هەر لەو کاتەدا ڕژێمی سوریا هێزە بەلامارەدەرەکانی زیاد دەکا لە ئاوشەڕ لە هەمو جەبهەکان دا پەرە پێ دەدا ، لە لایەکی تریشەوەهەوڵ دەدا ریگەو چارەسەرێکی هێمنانە بۆ تەنگوچەلەمەی لوبنان بدۆزێتەوە کە ئامانجەسیاسیەکانی دەست تێوەردانەسەربازیەکەی بۆ دابین بکا ، ئەو ئامانجانە کە لە چوارچێوی ئەخشەو پیلانەکانی ئەمەریکادا دانراون .

ئەو بەرەوزور بردنەی ڕژێمی سوریاو هاو پەیمانە دورەپەریزەکانی لە کاتێك دایە کە دورەپەریزەکان بە پشتیوانی ڕژێمی لادەر داوا دەکەن هێزە هاوبەشەکان شوێنە بنەڕەتیەکانیان چۆل بکەنو ئەو مەلبەندانەش کە شەڕیان لێ نەبوە بخرێتە ژێر دەسەلاتی دورەپەریزەکانەوە بۆ ئەوەی پاش هاتنە سەرکاری سەرکسیس تای ئەرازو بەلای ئەوان دا بێتو ڕێگا بۆ جزبەجێ کردنی ئەو پیلانە خۆش بکرێ کە بۆ ڕێکخستنی باری ناوچەکە دانراوە .

ڕژێمی سوریا لەسەر هەلوێستی پێشوی خۆی سورە کە دەیەوێ دەستەو تاقمەکانی سەر بەو ڕژێمە لە هەمو ئوتێلێکی نێوان لایەنە سەرکەرەکان دا بەشدار بن . بەردەوامیش هەڕەشە لە بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان دەکا کە ئەگەر سەر بۆ داواکانی دەربارەی دوخی لوبنان شۆڕ نەکەن شەڕێکی بەر بلاوین لە دژ هەلدەگیرسێنێ .

ڕژێمی لادەری دمشق هەڕەشەی لە بەرگری فەلەستین کردوە کە ئەگەر لەسەر پێشنیارە سیاسیەکانی دەربارەی دۆخی لوبنان موافەقەت نەکا ، کاروباری عەسکەری دژی ئەو یارەە بڕدەدا . روژنامەی « السفیر » بیروت ئەم هەواڵەی لە زمان چەند سەرچاوەیەکی دیپلوماسی بەرزەوە گێڕاوەتەوە .

● توندو تیژ بونی شەڕ لە جەبهە جۆربەجۆرەکانداا

لە کاتیکدا شەڕی لوبنان بێ دەنێتە مانگی هەژدەهەمەوە شەڕو پێك هەڵپژان لە زوریەی جەبهەکانی بیروتو شیمال و چیاو مەلبەندەکانی جنوبدا بەردەوامە . دەنگوباسەکان دەگەیەنن کە شەڕێکی گەرم لە مەلبەندی بازاری بازرگانیدا لە نێوان هێزە هاوبەشەکانو هێزە دورەپەریزەکانداا روی داوە کە کوژراوو بریندارێکی زۆری بوەو ئەو شەڕە بەرەی گرتوەو ڕێگای شامو ناوچەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای بیروتو ناوچەی هاوینی گرتۆتەوە .

رادیۆی هێزە دورەپەریزەکان دانی بەوەدا نا کە هێزە هاوبەشەکان چەند هێرشێکیان کردۆتە سەر دورەپەریزەکان لە ناوچەی عین الرمانە دا .

ئاژانسی یونایتەد پرێس ڕۆژی دوشەممەی ڕابردو گوتی هێزە نیشتمانیە هاوبەشەکان بەرەو مەلبەندی الشیاح چونە پێشو بە پشتیوانی زرێپۆشی موشەك هەڵگر توانیویانە زۆر سەنگاری دورەپەریزەکان بومباران بکەنو زیانێکی ناوچەی (المتحف)یش کە هێزەکانی ئاسایشی عەرەبێ تێدان بە توندی لە لایەن دورەپەریزەکانەوە بومباران کراوە .

تەنیا چەند سەعات دوای ئەوەی هێزەکانی ئاسایشی عەرەب رایانگەیاند کە ڕێك کەوتنیکی تازە ئیمزا کراوە بۆ بێلایەن کردنی ڕێگای متحفو هاسان کردنی هاتوچۆ لە نێوان هەردو بەشی بیروتدا ، ئەو جەبهەیە هەڵگیرسا .

سەرلەشکر محمد حسن غنیم فەرماندەی هێزەکانی ئاسایشی عەرەب گوتی ئێستا لە پشت بەردەوە هەوڵو تەقەلایەك هەیە بۆ ڕێك کەوتنیکی تەقە وەستاندن بە درێژایی هێڵی جیاکەرەوە لە بیروت دا .

غنیم لە وتاری خۆیدا لە رادیۆی بیروتەوە گوتی کاروبار بەرەو پێش دەچێو خۆشبینی خۆی دەربڕی کە لە چەند ڕۆژی داهاتودا هێزە هاوبەشەکانو هێزە دورەپەریزەکان بگەنە ڕێکەوتنێك .

ڕاپۆرتێکی سەرکردایەتی ناوەندی باسی ئەوەی کردوە کە هێزە داگیر کەرەکانی سوریا لە ناوچەی (المدیرج) کە کەوتۆتە ٣٥ کیلومەتری ڕۆژهەلاتی بیروت خەریکی جاسوسی گەرین (الاستطلاع)و سێ فرۆکەی سەربازی لە چەشنی (سوخوی) بەسەر شوێنی هێزە هاوبەشەکانداا خولاوزەوە .

بروانە ل ١١

کرانچیا - ڕۆژنامەنوسی هیندستان :

پێك هێنانی یەکێتی کۆنە پەرستانەی نێوان ئوردن و سوریا و لوبنان بەشێکە لە پیلانەکانی ئەمەریکا

دلهی - ١٣ - ئا.د.ع :

« کرانچیا » ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی هیندستان باسی ئەو هەولدانە پشتیوانی کردوەکە لەیانەوەی یەکێتی یەکی کونفیدرالی تە نیوان سوریاوئوردنو لوبنانداا پێك بێنن .. وە وتویە تەمە بەشێکە لە ئەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ، کە ئەیەوێ بەسەر ئارەزوەکانی عەرەبا زال بێ وە لە پێش هەمویانەوە مەسەلەی فەلەستین لەناو بەرێ .

ناوبراو لە ڕۆژنامەی (بلتز) دا کە ڕۆژنامەیەکی درکەوتوە وتویە : ئەو وەزعە نالەبارەی کە زیاتر لە ١٧ مانگ ئەبێ لوبنانی کردۆتە ئۆمی خوێن لە لایەن دەزگا ئیمپریالیزمیەکانی واشنتۆنو تەل ئەبیبەوە پشتگیری ئەکرێو هەندێك پایتەختی عەرەبیش هاریکاریان ئەکەن .. ئامانجی ئەم بارە ناخۆشە ئاشکرایە بۆ ئەوەیە شورشی فەلەستین لە ناو بەرنو خەباتە عادلانەکەی تێك بشکێنن .

نوسەری ناوبراو بەڵگەی بە وتەکانی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش هێناوەتەوە کە لە مانگی حزیرانی ڕابوردوا لە بارەی ئەو پیلانە گەورەیەوە بۆ ڕۆژنامەکە دوابو کە دەزگاکانی ئیمپریالیزمو زایونیستەکان لە ئەل کۆنە بەرستانی عەرەبا ئەیانەوێ لە دژی بەرگریکارانی فەلەستینو مافی رەوای عەرەب جێ بەجێی بکەن .

ڕۆژنامەنوسەکە لە وتارەکەیا باسی ئەو قەلاچو کردنو کوشتنەی کردوە کە دوچاری ئوردنو سوریاو لوبنان .

وە ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە دەستێوەردانی ڕژێمی سوریا لە دژی بەرگریکارانی فەلەستین و جولانەوەی نیشتمانی لوبنان زەمینەیەك ئەرەخسێنێ بۆ دامەزراندنی ئەو یەکێتیە کە کیسنجەرو قەوارەی زایونیستەکان بۆی بە یەرۆشن .

بروانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

راپورتی سیاسی

خۆبەدەستەوەدەرەکان و .. پاتو

نووسەری سیاسی « هاوکاری » نووسیویە دەڵێ :

هەر کە لە لایەن حزبی جمهوری‌یەوە بڕیاری بالاونی درا بۆسەرۆکایەتی ئەمەریکا لە هەڵبژاردندا سەرۆکی ئەمەریکا فۆرد بەڵێنی‌دا ئەوا یە دەس داگری لە پێشوی چارەسەر کردنی ئاشتیانەدا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا » **دوای هەڵبژاردنی سەرۆك** ٠

وە هەر خێراش رۆژنامەی (ئیدیعوت ئەحرنوت)ی زایۆنیست سەبارەت بەم سەرکەوتنەی فورد وتی : « ئاشکرایە جووانەکە جمهوری‌یەکان لەم هەڵبژاردنەی **فۆرد رازین** » ٠

ئیمجا رۆژنامە زایۆنیستەکە دەڵێ : « بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی‌یە کە فۆرد دەنگی عەمەرو جووانەکەکان وەردەگرێ ٠ چونکە هەردوو باڵیۆراو ـ کارتەر ـی دیمۆکراتی‌و ـ فۆرد ـی جمهوری لە سەریانە بیسەلمێنن کە هێندەی مەسەلە پەیوەندی بە ئەمەو ئاسایشی ئیسرائیل‌و یەکێتی خەکی‌و خۆشبەختی‌یەوە هەبێ ، دەهێنن جێگەی باوەڕی جووانەکە دەنگدەرەکانی وڵاتەکە یەکگرتووەکانی ئەمەریکابن ٠

ئەم ئیروانینەی رۆژنامە زایۆنیستەکە سەبارەت بە ئەرکی سەر شانی سەرۆکی ئەمەریکا ، هەر سەرۆکێك بێ ، وەك نرخێك لە یادامنی وەرگرتنی دەنگی جووانەکەکاندا ، ئەوەی تێدا بێ نیایدا ئەوەیە لە وەختێکدا دەهێنرێتە گایەوە کە رژیمە پەزیوو خۆ بەدەستەوە دەرەکان کردو لە سەر خیاوازی دەوری ئیستای ئەمەریکا دەکەن (؟!) لە ئەل دەوری لەوەپێشیدا ٠

لەو ماوەیەدا کە سەرۆکی ئەمەریکا فۆرد بۆ خۆی داناوەو پێش ئەوەی دەس یکا بەوەی عەرەبە بەزیوو خۆ بەدەستەوە دەرەکان ناوی دەبەن بە « دەس‌داگرتنی » لە پێناوی ، چارە سەرکردن بە ئاشتی » لە ناوچەکەدا ، زۆر ئاشکرایە کە ئەوەشی دوژمنی رەگەز پەرست گرەوی لەسەر دەکا ئەوەیە کە فۆرد لە ئیستەوە ئاکۆنایی هەڵبژاردنی داهاتوو لە سەلماندنی بە ئەنکەوەهاتنی خۆی سەبارەت بە ئیسرائیل کە زیاتر جەك بێ بەخشین‌و کەلەکەکردنی‌و بەردەوام یاریدەدانی دەکەیەنێ ، ئاتوانێ هیچی‌تر بکات ٠

هەروەکو ئاشکرایە کە فۆرد لە ئیستەوە تا سەرەتای سەردەمی نوێی ـ ئەگەر دەستی پێکرد ـ لەدانپیانانی داگیرکردنی ئەو خاکەی زایۆنیستەکان گرتوویانەتە زێر چنگ ، ناتوانێ چی تر بکات ٠٠ ئەمەش کە فۆرد دوای سەرکەوتنی لە بلەی یەکەمی هەڵبژاردندا ، نەك بە درۆی خستۆتەوە بەلکوو سەلماندویتی ٠

وە لە بەر ئەوەی ئیدارەی ئیستای فۆرد رۆژێك لە رۆژان چەند بەندێکی ئاشکرای وەهای نەخستۆتە پێش دەم رێکا بە زایۆنیستەکان وخۆبە دەستەوە دەرەکان **بدا پێی** رازی بن یان رەتی کەنەوە ، ئیدارەی داهاتووشی ـ لە **حالەتی** سەرکەوتنیدا ـ ئەگەر دەستی کرد بە یەك خستن‌و نەخشە کێشان لە گەل زایۆنیزمی دوژمندا کە خۆبەدەستەوەدەرەکان ناوی دەبەن بە « دەس لێداگرتنی ئەمەریکی » ، زایۆنیزمی دوژمن ئیدارەی **ئەمەریکی** کە ئەو **خۆی** بەشێکە لەم ئەگەر ئەم سەرشۆڕی نەو نەبێ ، لە هەر کەسێ زیاترو چاکتر دەناسێ‌و نزیدەگا ، لە بەر ئەوە پێشەکی سووری ئەو شتانە بۆخۆی نەخشە دەکێشێ کە بێیان قایل دەبێ ٠٠ کە لەوە بەریش هەر کاتێ **هەستی** بەدەسپێشکەری‌یەکی ـ ئەگەرچی رووکە **شیش‌بێ ـ کردبێ** لە هەڵوێستی ئەمەریکدا بە لای سوودو بەرژەوەندی ستراتیژی تایبەتی خۆیدا لە ناوچەی عەرەبیدا کە هەندێ سووکە هەڵوێستی وەهای پێویست دەبێ زەرەر بە جەوهەری نەخشەکانی نەگەیەنێ‌و بە کردەوەش هیچ دژوە ستانێکی تەماع‌و خواستی تەشەنە کردنی زایۆنیزمی تەنوێنێ ، لەوەبەریش هەر وەهای کردوە ٠

بەمە ئەو بۆربۆرینەی زایۆنیزمی دوژمن خستوێتی‌یە نێوان فۆردو کارتەری بەرامبەر کاری‌یەوە لە پێناوی وەرگرتنی باوەڕیدا ، کەوتنی یەکێ لە دوو چۆلەکەو پێکانی ئەوی تریانی بە یەك بەرد مسۆگەر کردوە ، کە فۆرد ـ وەك پلە ـ دەتوانێ لە نێوانی سەر پشت خستنی دەرکای عەمبارەکانی چەکی ئەمەریکی بۆ زایۆنیزمی دوژمن ، باوەڕی زایۆنیستەکان وەربکرێ‌و سەرکەوتنی خۆی بۆ سەرۆکی بێزامن بکاو خۆ ئەگەر سەریش کەوت ئەوا زایۆنیزمی دوژمن بڕ چەك دەکرێ‌و شوێن پێی چەسپاوی لە ئیدارەی ئەمەریکیدا دەبێ ، ئەگەر سەریش نەکەوت ئەوا ئەوەی فۆرد پێی بەخشیوە دەستی کەوتوەو ئەوسا ـ زایۆنیزمی دوژمن ـ لادەدا بەلای کارتەردا کە هەر دەبێ بیەخشێ ٠٠ عەرەبە رووخاوو خۆ بە دەستەوەدەرەکانیش کە ئەو سێی باوەڕیان بەرەو ئیدارەی ئەمەریکی ناوداوەو سوودو بەرژەوەندی خۆیانی پێ رادەکێش ـ وادیارە دەبێ هەر بە دیار چارەنووسێکی سەرابی‌یەوە بن کە چاوەڕوان کردنی پاتو ، وچلکاوی ئەوەیە کەپێی دەڵێن : « دەس لێ داگرتنی ئەمەریکی » ، لە رووی زایۆنیزمی دوژمنا ، لە کاژێکدا فۆرد بە ئاشکرا وتی : « دەس لێداگرتن لە رووی هەموو تەرە فەکاندا دەبێ » ٠٠ وانە لە رووی ئەو عەرەبانەدا کە خاکیان لەدەس چوەو ـ ـەو زایۆنیزمە دوژمنەش کە خاکی داگیرکردوەو هیچی لە کیس نەچوە ٠

کۆبوونەوەکانی کۆڕی لیکۆڵینەوەی ئەودیاردانەی کاریان کردۆتە سەر نزم بوونەوەی بەرهەم

دەتی لەردوو ئاهەکەی

هاوڕێ

صدام حسین

لەکۆبوونەوەکانی کۆڕی لێکۆڵینەوەی ئەودیاردانەی کاریان کردۆتە سەر نزم بوونەوەی بەرهەم



برایان :

باسی لایەنە تەکنیکیەکان ناکەم ، چونکە لە شارەزایی ئەو برایانەیە کە لەم کۆڕەدا قسەیان کردو ئەوانەی هەندێکیان ماوەیان نەبوو بە ئاشکراو ڕوونی بیڵێن تەنیا هەندێ باری سەرنج سەبارەت بە لایەنەکانی فیکری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری لە ڕووی تێکەیشتنی گشتیەوە بەرچاو ئەخەین ٠

ئەوەی سەبارەت نزم بوونەوەی بەرهەم‌و سەبارەت پێشنیازەکانی زیادکردنی بەرهەم وتران بەرهەمی فەردو زیادکردنی هەر بەرهەمێکی تر دوا ئەنجامی هەموو چالاکیەتی ئابوری ئەبێ‌و چی لەم بارەیەوە ، وترا جێگای ڕێزە ، بەڵام گیرو گرفتی ئەساسی ئەمێنێتەوە ، کە لام وا بێ لە سەری ناکۆك نین ، ئەویش گیروگرفتی مرۆڤ‌و بەکار هێنانی زەمەنە لە لایەنیەوە بە شێوەی وریای‌و ئامادارو عاقلانە لە گەل چونیەتی ئامادە کردنی بە شێوەیەکی تەکنیکی باش کە بەر لەوە ئەبێ نیشتمان بەرووەرانەی ساغ ئامادە بوو بێت ٠

ئەم وڵاتەی عیراق ، لە دەیکەوە بوو ، بەختەوەر نەبو بەوەی خەڵکی ساغ‌و ئەواو سەرکردایەتی بکەن ، لە بەر ئەوە بەر لە شۆڕش ، وەك هاونیشتمانی ، تا ئیستاش بەشێکی زۆرمان ، وا لە ژیانا ئەجولێینەوە ، بەو جۆرەی دجلەو فرات ئەرۆن‌و ئەجولێن ، شوین‌و کاتی نوستنی هەڵئەبژێری ، شوین‌و کاتی ئیش‌کردنی هەڵئەبژێری ، جمو جوڵو کاروباری بەو جۆرە هەڵئەبژێری کە خۆی بۆی ئەچێ بەبێ ڕەقابەو بەبێ ئاگایی‌و بە بێ بەروەردەیەکی چاك ، کاتی ئەوە هات کە هەموومان لە مەوقعی سوور بون لە سەر ڕەفزکردنی تەقالیدی کۆن‌و هەموو دیاردەیەکی زیان بەخش لە سلوکی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و بەروەردەمانا بکەین ٠

زۆر لە برایان سەبارەت ئەهمیەتی پێکەوە بەستنی زیاد کردنی بەرهەم زیاد کردنی ڕێژەوی تێکڕایی بەرهەمی ئەتەوەیی قسەیان کردوە لە نێوان زیاد کردنی کرێ‌و موچەو چاك کردنی باری کۆمەڵایەتی تێکڕای کارکێڕان‌و هەموو عیراقیەکان ٠

پێگومان پێویستە سەر لە نوێ ئەوە بسەلمێنین وەك لە سەرەتاوە سەلماندومانە چێبەچێ کردنی ئەم مەبدەئە لە سیستەمی سوشیالیستی‌دا ٠ بە ئەهمیەتە ، سەروەت‌و سامان عارەقی ڕۆلەکانی ئەم ئەتەوەیەیە سەروەت‌و سامانی ئەتەوەیی هەر وڵاتێ عارەقی ڕەنجی ڕۆلەکانی ئەو ئەتەوەیەیە ، ڕەنجی مێشك ئوشین‌و بیریانە،لە ئەساسدا موچەو چاکردنی باری ژیان بە هیچ شێوەیەك لە موعادەلەی گەشە کردنی سامانی ئەتەوەیی جیا نابێتەوە ، ئەگەر وانە بێ ، ئەی بازە لە گوێ بێنین ؟ ، بارەتی لە ئەمریکا وەزبگرین بۆ چاکردنی وەزعی کۆمەڵایەتیمان ؟ یان بارەتی لە وڵاتێکی تر ؟! هەرگیز ٠٠ هەموو ئەزانن ئەم وڵاتە لە تەموزی ١٩٦٨دا لە دایك بو بۆ ئەوەی سەربەست‌و سەر بەخۆ بژی ، لە سەر ئەم ئەساسە ئیمرو وەك سەرکردە ، ناگونجێ داوای لێ بکەین ، یان خۆمان داوای یارمەتی نا شەریف‌و مل کە چی لە هیچ دەولەتێکی دنیا بکەین ٠

ئەوت ، سامانێکی ژیاوە ، هەر وەها کۆکرد ، سەروەت‌و سامانی هەموو ئەوەکانی ئەتەوەیە ، لە بەر ئەوە ناگونجێ ئەوەی ئیستا بە شێوەیەکی ناعاقلانی‌و دەست بلاوی کاری پێ بکات ، پێویستە ئەم سەروەتە لە ئەساسدا بۆ ئەوە بەکار بێ کە بنەڕەتی گەشەی کشت‌وکاڵ‌بێ‌و بنەڕەتی گەشەی پیشەسازی بێ تا بۆ ئەوەی داهاتو بەشی خۆی لە ئەوت بە جێ بهێڵین ٠

بەشی لە ئەوت بۆ گەشەی کشتوکاڵ‌و وە بۆ پێشەسازی ، ئەوەی دوای ئیمەش بۆ ئەوەی داهاتو تر ٠٠٠ ئەمەیە ئەساسەکە ٠

کە وانە ، پێویستە هەموو ڕۆلەکانی گەل بزانن ، لە مەودوا هیچ زیادبونێك لە کرێ‌و موچەو چاکردنی باری ژیاندا نابێ بە بێ بەرهەمی ئەم بەرهەمانە لە گەل زیاد کردنی بەرهەمدا و لە گەل چاکردنی ئەوعیەتی‌دا بە شێوەی تایبەتی زیادەی بەرهەم ، زیادەی بەرهەمی هاونیشتمانی عیراق ٠ وە داوا کردنی زیاد کردنی بەرهەم ئاراستەیە بۆ گەرتی پیشە سازی‌و کشتوکاڵ‌و گەرتی خزمەت گوزاری ، نموونەی مەرکەزیتان لە گەرتی پیشە سازی هێنایەوە ، وە نموونەی لە گەرتی کشتوکاڵ‌و هەندێ نموونەی تر لە هەندێ گەرتی خزمەت گوزاری کە گیراستنەوەو هاتو چۆ یەکێکیانە ، بەڵام سەیری ئەو ئاراوەیە بکەن لە فروکەخانەی بەغدا هەیە ، ئایا فرۆکەکان لە فرۆکەخانەی بەغدا ڕێك وپێك ئەگرێن ؟

ئایا هاونیشتمانی عیراق توشی زۆر گێرەو کێشە نابێ تا ئەو باجەی لە سەریەتی بیدات ؟

ئایا مامەکانی تەلەفۆنات ڕێکخراون ؟
ئایا مامەلەکانی تەلەفۆنات ڕێکخراون ؟
ئایا مامەلەکانی **ئاوو کاربا ڕێك ئەخرێن ؟**
پزیشکەکانمان لە نەخۆشخانەکانی حکومەتدا وەك پێویستە ئیش ئەکەن ؟

هەمووتان لە ناو گەلدا ژیاون ٠٠
ئەوەی ئاوڕێك لە دواوە بداتەوە ، دێتەوە بیری چۆن مامەلەی لە گەل ئەکرا ٠

چۆن ئەم دیاردە ئالانە کە هەندێ جار قارس کەرو پەست کەر بوون ئازاری ئەدان ٠

هەوڵماندا بیرو ڕای زۆر کەس بزانین سەبارەت بە هۆی بڵاو بونەوەی دیاردەی « واسطە » کردن‌و پرسیارمان لە چەندان برا کرد کە ئەو سماو تا ئیستاش لە سەردەمی ئێمەدا (واسطە) هەبوەو هەیە ٠٠ بۆ ؟ کەیشتینە ئەو وەڵامە کە ئێمە واسطە ئەکەین چونکە هەست بە « پەست‌کردن‌و قارس بوون » ئەکەین ؟!

« فەراشێکی مدیرێك ئەناسم بەلکو مامەلە دەم جێبەجێ بکا ، ئەمە باشترە لەوەی لە جێ بەجێ‌کردنیا لە لایەن کار بە دەستانەوە پەستم بکەن ! » ٠

هەر چەند باسی دەوری ئیدارەو ڕێکخستن بکەین ، دەوری پەروەردەو فێر کردن‌و چاو دێری‌و ڕەقابەو حساب‌و سزاو ڕوناك بینی لە ئامانج‌و سەر پەرشتی‌دا ئەسەلەی هەرە سەرەکی ئەبێ بۆ ئەیشتن بەو کۆمەلەی هەمومان هەولی ئەوەی بۆ ئەدەین کۆمەلێکی چاکتر بێ ٠ بەوەش ئەگەینە ئەو مەبەستەی ئەمانەوێت ٠

هەندێ لە براین ، لەوانەیە بڵێن « جلی پیس لە بەر چاوی ئەوانە هەڵخەین کە خۆشەویست نین » هەر وەك شۆڕشگێڕی دەری بڕێ ، بۆ هاوڕیانی بەعس‌و بۆ هەموو کەلی رون ئەکەینەوە ، ڕەخنەو ئاشکرا کردنی ئالۆزی کە حزب سەرکردایەتی بکات ترسی لە سەر نیە ، بەڵام کە سەرکردایەتی بە ئیمجاهێ ئارەزویەك بێ بۆ شاردنەوەی ئارەزویەکی تر کە راست کردنەوە بێت ، ئەوە لە ڕێ لادان ڕوو ئەدات ، هیچ سڵ کردنەوەی ناوت هەل ئاگادار بێت ، چونکە ئاگادار بون بەم جۆرەو و توویژی بەم جۆرە لە خزیدا کارێکی بەروەردەییە ، وە یەك بوون لە بیرو رادا مەسەلەیەکی کرنکە ، وە لە سیستەمی شۆڕشگێڕو دیموکراتیمان پێویستە بۆ ئەوەی بەرەو لایەنی راستی بڕوێن ، ئابێ وازلە ئالۆزی بێنن تاکەسانی تر بێن‌و ئاشکرای بکەن‌و بە لایەنی لە ڕێ لادانا ببەن ٠

هەمو عیراقیەکان لە هەلەو کۆسپو تەگەرە مەسئولن ، لە پێشەوە بەعسیەکان ، کێ زۆرترو وریاو چاو کراوە بێت ، ئەوەی کە حزبەکەی (١٥) ساڵ لە بەروەردە کردنی شۆڕشگێڕانەیا هێلاك بوە (٢٠) ساڵ‌و (٢٥) ساڵ‌و (١٠) ، ئەوەیەکەم لێپرسراوە ،سیاسیەکان لە جولانەوەی نیشتمانیدا ، لە بەرەی نیشتمانی دوای حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لێپرسراون ، ئەوسا گەل ٠

هەتا خوای گەورە ، لە جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانیا بەسەر هاونیشتمانیەکانا ممکن نیە بە یەك چاو سەیری ئەو خەڵکانە بکات قورئانیان زۆر خوێندەوەو فەرمانەکانی قورئان چاك ئەگەیشتون وە ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن‌و لە تەواوی فەرمانەکانی نەگەیشتون ٠

ناچێتە عەقلی کەسەوە نیو ملیون بەعسی ڕێکخراو ئەگەر بیانەوێ نەتوانن کۆمەل بەرەو شۆڕشگێڕی بکۆرن ٠

بەعسی ئەو ئینسانەیە هەموو کۆمەڵ ئەبینێ ، ئەو ئینسانەی کە هەموو کۆمەڵ ئەبینێ ولە رووی فیکرەوە لە گەڵ زەحمەتکێشانایە بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانیان لە کۆمەڵی عیراقدا.

هیچ عاقڵێك ناتوانێت باوەڕ بکات ئەم ناقی کردنەوە تالەی کە هەموو حزبە نیشتمان پەروەرەکان لەکاتی سەربەخۆبوونەوە ، یان لەو کاتەوەی بەسەربەخۆیی نیشتمانی ناو ئەبرێ تا ئیستا نەیان توانیبی بکەنە ئەوەی بزانن ئالۆزی لەکۆنداییەو توانایان نەبێ چارەسەری ئەو ئالۆزیە بکەن ٠

لەو ڕیژیمانەی کە کۆمەلەکانیان ـ بەرەو شۆڕشگێڕ گۆڕیوە ، کە سەرکردایەتی شتێ ئەکات هەروەك شانەی‌هەنگ ئەبێ بە بەرنامەی کارکردن ، ئەمە بەلالای ئەو کومەلانەوەکە ئەیانەوێت بگۆڕدرێن ٠

بەڵام هەر کەسێ بێ‌و لەبەر مەبەستی شەخسی هەڵە ببینێ‌و چاری لێ‌بۆشێ‌و لەبیروڕا بترسێ هەتا ئەگەر ئەو بیروڕایەی بەرامبەری ئەوترێ هەڵەش بێت ، ئەو جۆرە کەسانە ناتوانن کۆمەلی نوێ بنیات بنێن‌و بەعسی‌بێ‌و بەعسی نەبێ ئێمە نامانەوێ ٠

کۆمەلێکمان ئەوێ کە لەمێژوی عەرەبی‌و ئیسلامیمانەوە هەڵێنجرابێ ، شیرو قورئان ئەبوایە بانگی ئیسلام نەئەگەیشتە چین ٠

لەم کۆمەلەدا ، موسوڵمانەکان نە ڕاوێژیانا لەگەل خۆیانا دیموکراتی بون ، بەڵام کاتێ مەرجەکانیان بەرچاو ئەخست لەشوێنی کە پێویست بو ئایینی نوێی تیا بڵاو ببێتەوەو ئەو کەسانەی لەسەریان بوو بچنە دینە تازەکەوە بەو مەرجانە ڕازی نەبونایە ئەوسا شیر بەهێز ترین دیموکراتی‌و توندترین شیر بو بۆ سزاو

Institut Kurde de Paris

یاسا، لە دایك بووی واقعە، پەیرەوەکانی لەواقعەوەو لە باوەڕوفەلسەفەی بەرزی دەولەتەوە وەربگرێ و لە بەر رووناکی واقع دائەگۆڕێ.

باشترین پاداشت بو بۆ دلسۆزەکانیو توند ترین سزا بۆ بۆ لەرێ لادەرەکان ، ئەمە ئەو دروشمەیە کە وەك ئەلیك پێویستە کاری پێبکەین ٠

وەك هاونیشتمانی شانازی ئەکەینو سەر بەرزین بەشۆڕشو بنیاتنانە نوێکەمان ، کاتێ کە کەسانی تر باسی ئەم شۆرشە مەزنە ئەکەن ، هەروەك هاورێ فلیح جاسم بەوردی دەستی بۆ کیشا ئێمە لەمشوێنەدا دو ریزمان بینی ، وە ریزکردن لە ئیوان کرێکارەکاندا زیاتر بو تا لەناو کاربەدەستەکانا (هەندێك هاورێی وریانەیێ) سوپاسی مەوزوعیەتیان ئەکەین کە قسەیان پێکرد بۆ دیاریکردنی مەسئولیەت لە دەوری کرێکاردا ٠

لە کۆمەڵی عیراقدا ، نەقابەچێتی رەفز کراوە ، نەقابەچێتی ، بیرتکی ناشۆڕشگیریە ، وە نەقابەچێتی ، نەقابی نیە ، نەقابیەتی ئەوە نیە کە مرۆڤ لە نەقابەدا رێنکخراین ، نەقابەچێتی دەرکا داخستنە ، بەرکری یە بەیی بژچونی (انصر أخاك ظالما أو مظلوما) هەندێ (انصر أخاك ظالما أو مظلوما) وا لێك ئەداتەوە . تا ئەگەر هەڵەش بو بشتی بگرە ، لە کاتێكدا لێکدانەوەی بەراستی ئەوەیە ، کاتێ هەڵە ئەکات رێنمای نیشان بدە ، بەمانای لێپرسەرەوە بەوە رێنمای بۆ دیاری بکەو ئاراستەی بکە ٠

ئەو نەقابەچێتیەی وای ئەوێ هەر جوتیار بێ تا بەرکری لە جوتیاران بەتەنیا بکات ، بەعسی نیەو شۆڕشگێڕ نیەو نامانەوێ ٠

ئەوەی ئەیەوێت بەتەنیا بەرکری لە کرێکاران بکات هەتا ئەگەر هەڵەش بو ، نامانەوێو بەعسی نیە ٠

بەعسی ئەو ئینسانەیە هەمو کۆمەڵ ئەبینی ، ئەو ئینسانەی هەمو کۆمەڵ ئەبینێو بەفیکر لەگەلیا ئەبێو ئەیەوێ ئاوانی چەوساوەکان لە عیراق بەدی بهێنی ، ئەوە بەعسیەو ئەوە شۆڕشگێڕە ئەگەر بەعسی بێ یان بەعسی نەبێ ٠

ئەو وەزیرەی بەرکری لە هەڵەی کاربەدەستەکانی ئەکاتو کە هەڵەیان بۆ سەرکردایەتی سیاسی دیاری ئاکات ، بەعسی نیەو نیشتمان پەروەر نیەو شۆڕشگێڕ نیە ، هەروەها سەرۆکی دەزگاو بەرێوەبەری گشتیش ٠

هەڵەو لەرێلادانی رێك نەخستنی ، ئوینێ نەدان بەفرمانو کاروبار ، رێز نەگرتنی رەقابەو لێکۆڵینەوەو بەدوادا چون ، لە دەولەتی عیراقدانیە . هەر لە کاربەدەستەکانەوە تا کرێکار پێویستە محاسەبە بکرێن ، سەرۆکی دەزگا لەبەرێوەبەری گشتی توند تر محاسەبە بکرێ کە لەبەردەستیایەتی ، پێویستە لێژنەی نەقابی توندتر لەکرێکاری محاسەبە بکرێ ، زیاترو وریاو ئاگادارو بەرزتر لەروی مەوقعەوە پێویستە حسابی لەگەلیا توند بێت ٠

کە باسی سەرنج دانەوەی یاسای کار ئەکەین لە روو نووسی بەرنامەدا سڵ ئەکەینەوە ، زۆر سەیرە ، هەروەك یاسای کار لەلایەکی ترەوە بۆمان هاتبێت ، هەر ئەو سەرۆکایەتیە نیە کە یاساکەی داناوە ؟ ئەوا ئەمرۆ سەرنجی ئەداتەوەو چاکی ئەکاتو کەلەبەرەکانی بر ئەکاتەوە سبەینیش کەلەبەری تیا ئەبینێو ئەیکۆڕێت ، یاسا هی واقیعە ئەحکامەکانی لە جوڵانەوەی واقیعەوەو لەباوەڕو فەلسەفەی بەرزی دەولەتەوە وەرئەگرێو لەبەر رونا کی ئەودا ئەگۆڕێ ، هەموو نوێیەك کۆن لانەبات و نوێ کە کێن بو پێویستە لە قۆناغی داهاتودا لابچێ ، ئەمە ئەحکامی یاساو گۆڕانێتی ٠

لەلام یاسا لەلایەن کەسەوە دەسکاری نەکرێ گوایە قورئانە ، ئێمە لە دەولەتی عیراقا یاسامان نیە وەك قورئان بێ ، بەڵکو یاسا دەستوریش . دەستور لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر ئەگۆڕێو لەبەر رونا کی سودی ئەلدا ، ئایا برایانی ، کرێکار ، بەم مەوقعەی خۆتان رازی ئەبن وەك دوا موقع بێو نەگونجێ بەرەو باشتر بگۆڕێ ؟

بێگومان نەء ، جا ئەگەر کەلەبەری تیابێت بۆچی لێمان گیر ببێت ؟ چ لایەنێك لە ئێمە شۆڕشگێڕترە ؟ ئەوەی ئەم یاسایەی دروست کرد هەمان سەرکردایەتی یە لەم کوبونەوەیەدا ڕوونوسی کاری ئەم کۆبونەوەیەی بەرچاو خستوەو هەمان سەرکردەیە ، کە ، یاسای کاری ، دروست کرد ٠ ئەو بەتەنگەوە هاتنەی باری سەرنجێکی تەسکی هەیەو کۆمەڵ بە گشتی نابینێ بە تەنگەوە هاتنیکە قبوڵی ناکەین ، نمونەمان سەبارەت هەڵەی کرێکاران بەرچاو خستو نمونە زۆرە ، ئەگەر دەوری برایانی جوتیاران هات ، لە کەرتی کشتوکالدا دەرئەکەوێت ، بەڵام بێم بڵێن چەند کرێکارو جوتیار لە رێنکخستنی فرۆکەکانی رێنکای ئاسمانی عیراق بەربرسیارن . چەند فەلاحو کرێکار لە پشکنینی گومرگدا کارئەکەنو لە دائرەی طابۆو کاروبارە بەستەکانی ، ئەم مامەلە بەستانە چیە ، هاونیشتمانیەکان لەم دائیرانەدا ڕوو بە رووبان ئەبێو سکاڵای لە دەست ئەکەن ؟ چەند کرێکارو فەلاح لە جنسیەو دائیرەکانی ترا ئیش ئەکەن ؟ لیستەیەکی دورو درێژی قسە هەیە ، بەڵام ، برایانی کرێکار هەمیشە ویژدانی شۆڕش ئەبنو داوای ئامادەبوونی زیاتریان لێ ئەکات چونکە سودیان لە ئەنجامی بنیاتنانی شۆڕشدا بە حسابی لایەکانی تری رژلەکانی گەلی عیراق زیاترو گەورەترە ٠

ناگونجێ لێژنەی نەقابی بێت بە مدیر عام بڵێ لە بەرهەمدا کەلەبەر هەیەو ئەو مدیر عامە بەدرێژایی شەو نەلەرزێو نەخشەیەك دانەنێو لەئەلیانا نەکەوێتە کار بۆ بر کردنەوەی ئەو کەلەبەرە ، بەڵام کە لێژنەی نەقابە بێدەنگ بو مدیر عامەکەش بێدەنگ ئەبێ ، لەهەمان کاتا مدیر عامی بەهیمەتو دلسۆز بۆ کارەکەیو وریاو ئاگادار ئەبێ ئەخشەی زیادکردنی بەرهەم دائەنێو من لەو باوەرەدا نیم کرێکاران بتوانن لەروی نەخشەی وادا بوەستن ، حاڵەت ڕوئەداو ڕوی داوە ، بەڵام دوای ئەمە ، هەندێ کاربەدەست بەتایبەتی سەربەخۆکان ، کە ئەزانی بیروڕایەك بەرامبەری هەیە ، ئەم بیروڕایە لەوانەیە بەراپۆرت بکات و ببنە هۆی تانبڕینی و ئەترسێ لەبەر ئەوە هەوڵئەدا کرێکارەکانو ئەوانەی ئیشی لەگەڵا ئەکەن رازیان کات ٠

لەبێشەوە چەند هەڵەیەك رووی دا ، بەڵام ئێستاو دوای راپوردنی هەشت ساڵ ، برایان هەموو لەسەریانە دڵنیابن ، کە کاتێ راپۆرتێ ئەگات ، زیاتر لەلایەنێك لێی ئەکۆڵێتەوە ، ئەو راپۆرتەی لە حزبەوە یەت ، رێنکخراوێکی تر لێی ئەکۆڵێتەوە ، ئەو راپۆرتەی لە کرێکارانەوە یەت سەرجاوەی تر لێی ئەکۆڵێتەوە ، ئینسانی عادلو بەتەنگەوە هاتو بەتەنیا پەیدابوونی بیروڕای هەڵە لەکار ئاکەوێت ٠

لەسەر بەعسیەکان پێویستە نمونەیەن بۆ کەسانی تر لە روی هیمەتو کارکردنەوە ، لە گیانی دیموکراتیانەدا فراوانترین کۆمەڵەی خەڵکدا هەرگیز مانای لەبیرچونەوەی ئەهمیەتی یونی سەرەکی نەبوە کە بتوانێ یەکسانیو تەوازنی زامنبکات و کاتی پێویست بڕیار بەکاربدات ٠

لەسەر برا وەزیرەکانە ئەم مەبدەئە وەرگرنو بیگەیەننە سەرۆك دەزگاکانو بەرێوەبەرە گشتیکان . لەسەر سەرۆك دەزگاکانو بەرێوەبەرەکانە ئەم مەبدەئە بگەیەننە هەمو کاربەدەستو کارگێڕەکان ٠

لەسەر لێژنە نەقابیەکانە بێشەنگی ئەوانەی ترین لە کارکردناو ئەرکی راسپاردن بەکاری نەقابی نەکەنە وەسیلەی راکردن لە کارکردنو بێدەنگی نە هەڵە بکەنە رێنمای هەڵبژاردنەوەیان لە دەورەی داهاتوی مەوقعی نەقابیدا ، لەسەر بەعسیەکانە هەمیشە باوەڕی خۆیان ٠٠٠ باوەڕی حزبەکەیان هەمیشە لەپێش چاویانێ ، لەسەر حزبو هێزە نیشتمانیکانی ناوبەرەیە هەمیشە باوەڕی لەبەر چاویێو کاری وانەکا بە مەبەستی کەسبکردن لەسەر حسابی باوەڕیو لەسەر حسابی ئەوەی بەلای خۆیەوە مەوزوعیە ، راستر پێویستە لەسەر هەمومان عیراقیکی نوێ بنیات بنێین لەسەر رێرەوی هەستکردنی باڵا بە بەرەبێدان لە هەموو لایەنێکەوە ٠

تا وەکو کەلەبەرێك ، یا مەسەلەیەك بخەینە روو کە پێویستە لە یاسای کارکردنا ، لە لایەن سەرکردایەتی حیزبەوە ، لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە لێی بکۆڵرێتەوە ٠٠ بە تەنیا پاسێك بو براکرێکارەکانمان ئەکەین تا وەکو ببینن ٠٠ ئەو یاسا پێویستەی کە ئەبێ بەزیندویی بمێنێتەوە ، واتە تازە لە کۆنەوە بێتەگایەوەو بەتالی کاتەوە ، ئەبێ ئەم کردارە وەك ژیان بەزیندویی بمێنێتەوە ٠٠ زوربەی پابیرانتان مردون چونکە ئیژە نوێن ، باوکانتان نوێیە ٠٠ ئەمە یاسایەکە لە یاساکانی ژیان ، مەسەلەی کوێزانەوە لەشوێنێکەوە بۆ جێگایەکی تر ٠٠ لە بارێزگایەکەوە بۆ یەکێکی تر ، ئەم دەقە بۆچی هاتۆتەکایەوە ٠٠ پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم دەقە رێگامان بدەن کەمێك لە مەفهومی ئیشی نیقابەگەری بدوێین لە پێش شۆڕشداو لە ژێر سایەی رژیمە کۆنە پەرستەکاندا ، لەگەڵ مەفهومی نیقابەگەری دوای شۆڕشو لە ژێر سایەی رژیمکی شۆڕشگیردا ٠٠ ئەوەی نوێنەری کرێکاران و جوتیارانە ٠٠ هتد ٠ کاری نیقابی پێش شۆڕش روکارێك بوو لە روکارەکانی ئیشی سیاسی شۆڕشگێرانە ٠ ئەویش بۆ سەرلێشیواندنی رژیمە کۆنە پەرستەکانو دەرخستنی هەڵەو کەموکورێکانی ٠

وە لەبەر ئەوەی رژیمە کۆنەپەرستەکان ، سایکۆلۆژیو فیکریو تەبیقی دزی چینی کرێکار بون ، لە بەر ئەوە بۆ بارێزگاری لە بەرژەوەندی خزی هاوکاری ئەکات هەروەها بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتی حیزبە شۆڕشگیرەکان ٠ بەلام دوای شۆڕش ، ئەگەر ئەم کاری نیقابی یە هەر وا مایەوە ، یا لایەنێکی ، ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەمانەوەیێ لە سەر ئەو بیروڕایە بمێنینەوە کە ئەلێت ٠٠ دەزگاکانی بەریوە بردنی شۆڕشی تەمموز خاوەن کارێکی کۆنە پەرستە ، پێویستە بۆ دەستکەوتەکانی نیقابە لە درێ کۆمەڵك بگەین ٠٠

وانەشۆڕشەکەتان شۆڕشگێرانە نیە واتەئەی بەعسیکان حیزبەکەتان شۆڕ شگیرنیە ٠٠ واتە ئەو مەفهومە ئەمێنیتەوە ، واتە قوناغێك ماوە بۆ هاتنی حیزبێك کە لە ئیوە شۆڕشگێرتر بێت ، تا بیتە نوێنەری کرێکارو جوتیار تا ئەو مەفهومە نیقابیە لاچێت ٠

خاڵێك لەو خاڵانە وەر ئەگرین ، بۆچی لە یاسایەکدا ئەو دەقەی تیا دروست بوە کە ئالوزی ئەخاتە بەردەم گوێزانەوەی کرێکارێك لە بارێزگایەکەوە بۆ بارێزگایەکی تر ٠

بەدەرجەیەکی بنچینەیی ئاشکرایە ، کە پێویستی ژیانو هەڵو مەرجێکی بەرامبەر لەگەل مانگانەی کرێکارو رژانەکەیدا مەودای ئەنگەبەرە ئەوکرێکارەی روژانەکەی ٦٥٠ فلسە یا ٧٥٠ فلسە ناتوانێت رۆژێك لە عەمارە بژیو رۆژێکیتر لە ناسریە سێهەم جار لە بەسراو پێویستی بە خانوبەرەیەك هەیە ، بەڵام کاتێك خانو بەرەی بۆ ئامادەکراو رۆژانەی کرێکارەکە ئەوەند زیاد کرا کە کرێ کرێکار (س) بۆ نمونە وەك کرێی دامەزراوێکی کۆلیجی (ص) لێ هات ئەو دەقە ئەمێنیتەوە ٠ ئەو دەقە نامێنیتەوە ٠٠ کاتێ خانوبەرە بۆ کرێکار دابین ئەکرێت ، تاقمێك لەوانەی رۆژانەکانیان گەورەیە وەرئەترین ٠ کە بەلایەنی زۆرەوە ئەکنیکین ، ئەوکاتە ئەو دەقە بە جۆرێك ئەگورین کە رێگا بە ئەواوی بۆ بەریوە بردن خۆشکات ٠

بۆ ئەوەی بە پێی نەخشەیەکی زانستیانە گوێزانەوەی خەڵکی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بەرامبەر رابوەستێ ، بەڵکو سەرلەنوێ ئەماشای هەمو یاسایەکی کار کردن ئەکرێتەوە بەڵام بە سیغەیەکی بەرامبەر لەگەل بەرەسەندنی مەسئولیەتوعەقلی شۆڕشگیری لە جوەگە زیندۆکانی دەزگاکانی دەوڵەتدا ، لەگەل بێشکەوتنی بەریوە بردنێکی دیموکراتیانە هەروەك لە راپورتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا هاتوەو ، کە ئیستاکە سەرکردایەتی بە شێوەیەکی جدی ئەیەوێت سیغەیەکی چاکتر بۆ جێبەجێ کردنی بیرو باوەرەکان بدۆزێتەوە بە سیفەیەکی عەمەلی تاگوێزانەوە لە خۆوە نەکرێت ٠

بیروڕای راستو مەوزوعی هەڵقرلاو لەبیرو باوەڕەوە وەرئەگرین ٠٠ بیروڕای چەوتو نا مەبدئیو نامەوزوعی تا وکو ئەگەر رای زوربەش بێت لە یەکێك لە قۆناغەکاندا ، یا لە کەرتێك لە کەرتەکاندا ، رەفزی ئەکەینو رێگا راستەکە ئەگرین ٠٠ ئەمەیە مەنتیقی کاری شۆڕشگیرانە ٠٠ ئابەو جۆرە لە بیرو باوەری حیزبەکەمانەوە فیر بوین ٠٠ ئەوەی گەورەترین ئەکنیکین ، بە سەر شانەوە بێت ئەبێ زیاتر وریا بێت ٠٠ ئەگینا گەورە ترین ئەرك بۆ چی ٠٠ بۆچی سەرۆکی دەزگایەك سەرۆکی دەزگایەکە ٠٠ نابێ ئەو بەرەوبەرە گشتیەی لە دوای ئەو دێت ئەبێ [illegible] ئەو بە [illegible] ، لە بەر ئەوە برایانی سەرکردایەتی لە نیە بەگانی کرێکاران و

بڕوانە ل ٧

پێویستە گەلەکەمان ، وە لە سایەی شۆڕشدا گەلێکی کارگێڕی بەتەنگەوە هاتوو بێ و بەوپەڕی ئەتوانا وە دەسەڵاتی خێرخوازی بەکاربهێنێ

Institut kurde de Paris

لە ئاسۆی ئەدەبدا

– صلاح احمد –

لە دانیشتنێکی نیمچە ئەدەبی‌دا لە گەل شاعیریکی لاو . باسی ئەدەبی جەماوەری، جەماوەری ئەدەبمان ئەکرد. لە پڕ ئیکا لەگەل دیاردەیەکدا روو بەروو بووینەوە ، کە تا ئەو ساتە بەو چۆرە سەرنجی رانەکێشابووین و ، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەو .. جیهانی ئەدەبیش‌دا بەر چاومان نەکەوتبوو .. ئەویش :

ئەبرونی خوێنەری ئەدەبی کوردییە !؟

● بە ئی .. ! ئەدەبی کوردی خوێنەری نییە .

– ئەی کەوابوو ئەدیب و نووسەران بۆکێ ئەنووسن ؟!

● بۆ خۆیان و .. بەس .

بەلام مەسەلەکە لێرەدا دوو سەرەیە ، سەری یەکەمیان ئەوەیە : نووسەران هەر بۆ خۆیان ئەنووسن و، هەر خۆشیان خوێنەری خۆیانن .. واتە کۆمەلێکن تێکەل بە کەس و بە هیچ لایەکی تر نابن ، چونکە هەر لە هەقی خۆیان دێن و ئایانبەرژێتە سەر هیچی تر .

سەری دووەمیش ئەوەیە : خوێنەرانیش هەر کە لەلای خۆیەوە نووسەرەو ئەدیب .

راستە ئەبێ هەموو ئەدیبێك ، لە سەرەتاداو ، یا دواییش ، خوێنەرێکی «چاك» بێت . بەلام مەرج نیە هەموو « خوێنەرێکی چاك » ببێتە « ئەدیبێکی چاك » ، یان ئەنانەت خرابیش .. چای « خوێنەرێکی خراب » ؟! چونکە «لە هەموو هەورێك باران نییە » .

خوێنەری ئەدەبی کوردی ، چیا لە شت خوینەرانی جیهان ، هەرکە زانی شتێك لە ئەدەب ، یان لە چەند بەرهەمێکی ئەدەبی تێئەگات . جا بەراست بێت یان بە چەواشەیی ، ئیتر یەك و دووی لێناکات .. ئەمەش رەنگە لە لایەکەو ٥ هەق بێت .. چونکە هەندێکی وا ناویان بە ئەدیب ، یان نووسەر دەرکردووە ، کە بەراستی لەو خوێنەرانە زیاتریان لە باردا نییە و ، خوێنەریش کە چاوی بە نووسینەکانیان ئەکەوێت ئەزانێت ئەویش وەك ئەوانی لێئەکرێت ، ئیتر کە وابوو بۆ دەست نەداتە نووسین ؟!... ئەگەر چی ئەمەشیان دیاردەیەکە هەر لە ئەنجامی نووسینی خوێنەرانو بێ سەرەوبەرەیی بلاوکردنەوەوە سەری هەلداوەو تا بێتیش زیاتر بەرەو تێکچوون ئەچێت .

بۆیە .. ئەگەر چیش هەموو خوێنەرێك هەقی خۆیەتی لەگۆڕی نووسینەدا خۆی تاقی بکاتەوە .. بەلام ، کە زانیو ، زانرا ، ئەم بەهرەیەی تیا نییە .. ئەو ساکە نووسەرانو خوێنەرانیش هەقی خۆیانە پێی بلێن : بەس و .. نەهێلن بە خۆڕایی سەری خۆیو خەلکیش بهێنێتە ئێش .

خۆزگا عەقلێکی ئەلکترۆنی هەبوایەو ، بە پێی پێودانگەکانی « ئەدەبی راستەقینە » ئەرازووی دادگای ئەدەبی بدرایەتە دەست و ، بلاو کردنەوەو بلاونەکردنەوەی هەموو بەرهەمێك بە دەست ئەو بوایەو ، کەس تووشی « جنێو » و « هەڕەشە » و هتد .. یش نەبوایە .

ئەمە خۆزگەیەکە بە دی هاتنی ئەوەندەی ئەماوەو .. ئەوانی پێشووشی ئەگەونە بەرو .. نەك هەر لەلای ئێمە لە هەموو دنیادا « رەش » و « سپی » لێك جیا ئەکرێتەوە .

ئەی تۆ ئەڵێی چی ؟

هۆگۆ

شاعیری یاخی

گۆڕینی : « رۆشنبیری »

ساڵی ١٨٥١ بوو کە لوئیس نابلیۆنی برازای نابلیۆن بۆناپارت حکومەتی فەرەنسای هەلبژارد ، وەو خۆی کرد بە حاکمو ئیتر کۆشکی باستیل کە ئەوانی خوان رشتنی بە خۆیەوە دیبوو ، پڕ ببوو لە سەربازو خەلکێکی زۆری ووڕە .

لە پڕئیکا یەکێ لەناو خەلکە ئەوە دەربەپڕی و سەرنجیانی راکێشا بەوەی کە ئەمەاردی دایە لای عارەبانە رازاوەکەی ناو حەوشەی ئەو ئەکەل (لوئیس)دا کردی بە شیو و مرنگی ئەرم . دوای بە دەنگی بەرز هاواری کردە حەلقە لەو کەی ئەو نابلیۆنە بچکووکەی ئەحتی شاهانەی دائیر کرد ئەدوا .

ئەو یاخی‌بوە سەیرە لە سولتانی باستیل ، یەکێ بوو لە ئەدیبو شاعیرە هەرە مەزنەکانی فەرەنسا .. فیکتۆر ماری هۆگۆ بوو .

هەستو سۆزی چمپوریانەی توندو تیژی هۆگۆ تووشی ئەوەیان دەکرد فڕێ بدرێتە بەندیخانەوە ، ئەگەر برادەرە نزیکەکانی ئامۆزگاریان ئەکردایە کە رابکاتو خۆی لە کاربەدەستان بشارێتەوە ، بە تایبەتی کۆششی کچە ئەکتەری قەشەنگ(جۆلیت دروێ) بە فریای کەوتو یاریدەی دا بە بەرگی کرێکارێکی ساکارەوە رابکات بۆ (برۆکسل)و لەوێوە خۆی بگەیەنێتە دوورگەکانی کەنال (ئۆ دوورگە بچووکن دەکەوونە کەنالی ئنگلیزی‌یەوە بە لای رۆژئاوای نیمچە دوورگەی ئۆرماندی‌ی فەرەنسایدا) . ئەوێ حەفدە ساڵی دوور لە وڵات بردەسەر .

هۆگۆی دانەری بەرزترین رۆمانی فەرەنسی وەك (خانمەکەمان .. پاریس و کلۆڵان) رۆژی (٢٦)ی شوباتی ١٨٠٢ لە شاری بیسانسۆ لە دایك بوە .

خەلاتی شەرافەتمەندی و کەشانەودی ئەستێرە

ساڵانی سەرەتای ژیانی لە منالی‌یەوە تا لاوی سەختو پڕ لە ئازاوە بوو . باپیری دارتاش بوو . لەوماوە ستەمکارەدا باوکی هۆگۆ لە سوپای ئیمپراتۆر نابلیۆن بۆناپارتدا پێکەیشتو بەشداری شەڕەکانی بوو تا بوە ژەنەرالو کرا بە حاکمی شاری (مەدرید)و دوایی یاریدەدەری تایبەتی شای (ناپۆلی) .

کە ئیمپراتورێتە فراوانەکەی نابلیۆن هەرەسی هێنا ، بەختی بنەمالەی هۆگۆ لە بەختی ئیمپراتورێتەکە چاکتر نەبوو ، چونکە ئەو ناوبانگەی بووکایەوەو هۆگۆ بە ناچاری کەوتە بەر ئەرکی ژیانی هەزاری و دەست کورنی‌یەوە لە پاریسدا .

کە تەمەنی گەیشتە چوارده ساڵان بە باوەڕێکی بلاوە بەخۆی‌و بەهەرەو توانای ، بڕیاری‌دا لەدەب بکاتە پیشەو کەوتە نووسینی شعری مەلحەمی‌و ... ژانری رۆمانسیانەی پڕ لە هەستو سۆزی تاسك ، جگە لە ئۆپەرای کۆمیدی .

دوای ساڵێك هۆگۆ لە لایەن ئاکادیمیای ئەرەنسی‌یەوە بەرامبەر بەو شیعرە کاریگەرانەی ، خەلاتی شەرافەتمەندی درایەو ئەوە سەرەتای ناوبانگی بوو .

ساڵی ١٨٢٢ کۆمەلە شیعری یەکەمی دەرکرد کە رەواجێکی باشی بوو ، و شا لە پاداشتیدا چل (جنیەی) نستەرلینی بۆ کردە خەلاتی ساڵانەی کە دەدرا بە کرێی ئەو بانسیۆنەدا کەتیا دانیشتبوو ئەمەش کاریکردە سەر رێبازی ژیانی‌و یاریدەی دا ژن بهێنێ .

شۆڕەسوارو پێشەڕەوی رۆمانسیزم

ساڵ لەدوای ساڵ ناوبانگی هۆگۆ کەشەی دەسەندو وای لێکرد ببێتە پێشەڕەوی بزووتنەوەی رۆمانسیزمی فەرەنسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا و کەلێ رۆمان‌و شانۆکەری‌و شیعری گۆرانی‌ی جوانی پێشکەش کرد .

بەلام رۆمانە بەناوبانگەکەی (خانمەکەمان .. پاریس) کە لە کۆڕی ئەدەبیاتی ئەوسادا هەرای نایەوە ، ساڵی ١٨٣١ بلاوی کردەوە . رۆمانەکە بەراستگۆیی‌و ئەمانەتەوە باسی میزاج‌و باری ژیانی پاریس دەکا بە هەموو رەنگ‌و روویەکی‌یەوە لە سەدەی پانزەهەمدا .

ساڵی ١٨٤٦ هۆگۆ رووی کردە زانیاری سیاسی‌و شان‌بەشانی ئەدەبەکەی‌و بە هەمان حوماسەتەوە پێوەی خەریك بوو . هەوڵی‌دا بیروباوەڕە لیبرالی‌یەکانی بەکردەوە جێبەجێ بکا . لە کتێبی (دوا رۆژانی پیاوێکی تاوانبار)دا خوی خستە حالەتی ئوناهبازێك‌و ئوناهەکەی لە رووی حاکمەکاندا بووچ دەکردەوە ، تا ئەو حوکمی مردنە هەلوەشێنیتەوە کە بە سەریدا درابوو .

دوای شۆڕشی ١٨٤٨ لە فەرەنسا هۆگۆ بوە ئەندامێکی دیاری کۆمەلەی نیشتمانی . بەلام لەبەر ئەوەی قسەی زۆر لە رووبوو ، وە بە ئاشکرا هەموو بیروباوەڕە تایبەتی‌یەکانی خۆی دەردەبڕی ، کێچەلی زۆر تووش دەبوو . ئینجا ئەنجامی هێرش بردنی بەردەوامی بۆ سەر لوئیس نابلیۆن ، بڕیاری درا لە فەرەنسا دووربخرێتەوە .

لە خانوەکەیدا لە دوور کەکانی کەنال کە دەڕوانی بەسەر دەریادا ، بەردەوام لەسەر نووسین‌و سۆزی بۆ نیشتمان‌و یادەنارەکانی تێدا دەردەبڕین .

ساڵی ١٨٦٢ (کلۆڵان)ی بلاوکردەوە کە ئەوبەری کلۆلی‌و کوێرەوەری هەزارانی تێدا دەنوێنی لە کۆمەلدا .. ئەو کلۆلانەی کەسێکیان نی‌یە بیان ژانی‌و یاریدەی دا ژن بهێنێ .



پارێزی‌و لە کوێرەوەری‌یان کەم‌بکاتەوە .

ئاشکرایە هۆگۆ ئەوەی بە نووسین دەیووت بەکردەوە جێبەجێدەکرد . بۆیە هەموو هەفتەیەك جارێ سفرەی بە خۆشترین خواردن بۆ منداڵە هەژارەکان دەڕازاندەوە .

کە شەڕ لە یەکی ئەیاوولی ١٨٧٠دا لە نێوان فەرەنساو بروسیادا رووی‌دا وتەنها سێ ڕۆژی خایاند ، سوپای فەرەنسا لە شەڕی (سیدان) تەواو شکاو لوئیس نابلیۆن خۆی سەرکردایەتی دەکردو بە دیل گیراو دوایی دوور خرایەوەو ئینجا رژێم کرایەوە بە جمهوری‌و هۆگۆ توانی بگەڕێتەوە فەرەنسا .

کەڕانەوەی هۆگۆ بۆ پاریس وەك سەرکەوتنێکی سوپایی بوو کە رووی کردە ئەو جەماهیرەی هاتبوون بەپیری‌یەوەو وتی : « ئێوە بە یەك سەعاتی ئەم بەخێرهاتنە جرانەتان بۆ من ئازاری ئاوارەیی بیست ساڵەم لە بیردەبەنەوە » .

بەلام شەڕ لەگەل بروسیادا هێشتا کۆتایی نەهاتبوو . هۆگۆش وەك هاونیشتمانی‌یەکانی هەر بەرسێتی‌و هەزاری دەچەشت ئەنجامی نابلووقەدانی پاریس‌و ئەو برسی‌یانەی رەمێك خواردنی کۆشتی مشکیان دەسکەوتایە بەختەوەر دەبوون، ئەو پارەیەشی کۆدەکرایەوەو بە تایبەتی دەسکەوتی کتێبەکانی هۆگۆ بە تایبەتی کتێبی (سزا) ، تۆپ‌و تفەنگ‌و جبەخانەی پێدەکردرا بو پاراستنی پایتەختی نابلووقەدراو .

هۆگۆ دوای ئەوەی پانزە ساڵی تر ژیاو کە ساڵی ١٨٨٥ دوا هەناسەی‌دا ، دوو ملیۆن فەرەنسی دوای تەرمەکەی کەوتن . دوا داخوازیشی ئەوەبوو کە تابووتێکی هەژاراندا بی‌نێژن .

ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی

لە نێوان «رۆشنبیری» یە

– حسین عارف –

کاك محمد رشید فتاح لە ژمارەی پێشوودا وتارێکی بە ناوی (چیرۆکە دەروونیەکان)ەوە لە عەرەبی‌یەوە کردبوو بە کوردی کە بە شێوەیەکی شتی‌و بە کورتی باس لە بەیدا بوونی چیرۆکی سایکۆلۆژی دەکا لە ئەدەبداو ئەشە سەندنی بەشێوەیەکی تایبەتی درای بلاوبوونەوەی تیورەکانی (فرۆید) دەربارەی زانستی دەروون . بەلام من بەو بۆنەیەوە لێرەدا هەول دەدەم باسەکە نزیکتر بکەمەوەو پتر وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئاخۆ چیرۆکی سایکۆلۆژی چی‌یەو چۆنەو کام چیرۆك پێی دەووترێ سایکۆلۆژی ؟!

ئاشکرایە زانا دەروون شوناسەکان شێوەو جۆری هەلس‌و کەوتو رەووشتو رەفتاری مرۆڤ دەدەنە بال هۆیەك یا هێزێك کە لە ناخی دەروونداکاری خۆی دەکاتو بە دیوی دەرەوەدا رەنگ دەداتەوە ، کە غەریزەکان لەم رووەوە دەوری سەرەکی دەبینن . واتە لای ئەوان رەگی نهێنی‌یەکانی ژینی مرۆڤ لە جیهانی ناو خۆیدا .. لە ناخی دەروو نیدایە . ئەمە لە لای (فرۆید)و لایەنگرانی . بەلام لای هەندیکی تر لە دەروون شوناسەکان‌و لە پێشیانەوە (ولیم رایش) کە پێیان دەووترێ چەپی فرۆید وەك ئەوانی‌تر جیهانی دەرەوەی مرۆڤ ناخەتە پشت گوێو وای دادەنین کە بە ژینی ئەم جیهانی ناوەوەی دەگۆزێدرێ ، ئەگەرچی غەریزەو سێکس‌و گرێو گرفتو .. هتد ، لە جیهانی ناوەوەدا بە سەر دەرەوەدا کاریگەرن .

بەم پێیە دەبێ ئەرکی سەرشانی چیرۆك نووسی سایکۆلۆژیست چی بێو ئەگەر بپەوێ چیرۆکێکی سایکۆلۆژی بنووسێ چی بکات ؟! دیارە دەبێ بایەخی سەرەکی بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ بداو لە سەر رۆشنایی زانستی‌ی دەروون‌بە بنچو بێخی نهێنی‌یەکانی ناو دەروونی کەسانی چیرۆکەکەیدا بچێتە خوارەوەو بە شێوەیەکی هونەرمەندانە کە جیای دەکاتەوە لە زانستەکە ، ئاشکرایان بکات‌و ئەو ئامانجو مەبەستەیان پێ بدا بە دەستەوە کە بۆیان چوە . بەلام لەرووی هونەری‌یەوە چۆن ئەمە دەکا ؟!

لە وتارەکەی کاك محمد رشید فتاحدا چیرۆك نووسە سایکۆلۆژیستەکان کراوون بە دوو بەشەوە : رەسەنەکان‌و لاسایی‌کەرەوە نارەسەنەکان . ئەمە راستە .. بەلام رەسەنەکان بەچیدا رەسەنن ؟!

بە سەرزای لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە سایکۆلۆژی‌یانەدا وادەردەکەوێ کە لە نێوانی دایالۆج یا مۆنۆلۆج یا لە رێگای وەسف کردنی راستەوخۆی چیرۆك نووسەوە دەنوێنرێ ، بەتایبەتی مۆنۆلۆج کە مرۆڤ (کە سانی چیرۆك) خۆی لە گەل خۆیدا دەدوێو بەبێ ترس لە رەقیب (لە مرۆڤێکی تر) بە سەربەستی هەرچی لە دلدایە .. حەزو ئارەزوو ، رقو کینە ، بڕیاری نهێنی ، نیازی چاکو خراپ ... هتد بۆ خۆی دەردەبڕێ ، کە ئەمانە هەموو شتی جیهانی ناوەوەی ئەو مرۆڤەو ئەنها خۆی لێیان ئاگادارەو لەناخیدا دەسووڕێن . بەلام دایالووجو وەسف کردنی چیرۆك نووس‌رەنگ دانەوەی مۆنۆلۆجن بە (سلبی یا ایجابی) بەدیوی دەرەوەدا کە شێوەی گفتو گۆو هەلس‌وکەوتو رەفتارو کرداری مرۆڤەکە دەنوێنن وەك ئەوەی بە مۆنۆلۆج بە خۆی بڵێ : « ئەم کابرایە بە جلەرەکێشەن هەراسانی کردم ! » . ئینجا بە دایالۆج پێی بڵێ : « تۆ جگەرە زۆر دەکێشی ! » دوایی بە وەسف کردنی چیرۆك نووس : « لە ئەنیشتی‌یەوە هەلساو چرو لەولاوە دانیشت » .

لە گەل ئەوەشدا نهێنی‌ی رەسەنی ئەو چیرۆك نووسانە ئەنها لەوەدایە کە لەم سێ قۆلی‌یەدا ئەواو بەهرەدارو وەستاو شارەزابن ، بەلکوو لەوەدایە لەهەرسێکیان بێکەوە شتە سەرەکی‌یەکە .. مەبەستە سەرەکی‌یەکەی بێك بهێنێت(ئامانجە سایکۆلۆژی‌یەکە) و بیدات بە دەستەوە . ئەو لە ئەسڵدا چی مەبەست بوو ؟!. با بڵێین مەبەستی بوو . هۆزی سێکسی ناو ناخی مرۆڤێك بکاتە هۆی ئەوەی خرابەکاری‌یەك بکا کە لە عورفی کۆمەلدا خرابەیە کە هەشمن دەلێن نەخێر هۆی ئەو خراپەکاری‌یە پرسێتی‌و دەست کورنی‌یە . جا کەوابوو ئەو لەسەرجەمی کارەساتەکانی چیرۆکەکەی کە لە نێوانی سێ قۆلی‌یەکەوە نواندنی‌و هەلیسووڕاندن ، لە بنەڕەتدا ئەمەی مەبەستەو لە سەر رۆشنایی ئەو تایدۆلۆژیا تایبەتی‌یەی خۆی لێ بدووێو ئەقەلا دەدابیسە لمێنێ . ئەمەیە مەبەستە سەرەکی‌یەکەی کە بە بەدی هێنانی چیرۆکێکی سایکۆلۆژی دەدا بە دەستەوە . دەنا بە پێچەوانەوە چیرۆکەکە ئاسایی دەردەچێ .

داهێنانی ئەدەبی

لە تازەترین رێبازدا

جیهانی رۆژ ئاوایی بایەخ بەبیرکردنەوە داهێنەرانە ئەدات بە گشت شێوەو رێبازەکانییەوەو ، وەکو کۆز لەکەیەکی پێشکەوتن سەیری ئەکات لە گشت کۆرێکدا ، بیرکردنەوە وەکو جاران تەنها کارێکی ئارەزووانە نییە کە بە ئیلهامو وەحی‌یەوە بەسترابێتەوەو جارجار بێتو جار جاریش نەیەت . بەلکو ئیستا بیرکردنەوە بۆتە کارێکی رێکو پێکی سەر بە هۆش‌و بی هۆشییە . واتە بە هۆشی خەزنەی ئیلهامەو ، ئەدیبی مەشق کردووش لە سەر ئیلهام وەرترن ئەو کەسەیە کە ئەتوانێت داهێنانەکانی خۆی رێك بخاتو ، دوکەمەی بۆ دابنێتو ، بە پێی بارو دۆخو مواسەفاتی تایبەتی کە لە رێکەی تاقی کردنەوەوەفێری بووە دەسمی بێدا بنێتو، بیری داهێنەرانەی خۆی لەبن گۆمی بی هۆشییە سەرخاتە سەر رووی هۆش . تازەش لەم کۆرەدا ئەوەیە ئەدیب ئەنیا بەوە دانەکەوێت کە وەحی خۆیی دلی داکەوێتو ئەنیا ئەوەی لە دەست بێت هۆش‌و بی هۆشی لە سەر ئیقاعێکی تایبەتی تێکەلاوی یەکتر بکات ، بەلکو لە هەوڵەکانی داهێنانی دا جەندو جوون لە «کۆمەلێك »هۆش‌و بی هۆشیی دەرەوەی خۆی دا ئەکات .

وا ماوەیەکە دنیا رێبازی« ئەلیرین تریست » ، یان کۆمەڵە مێشکیکی بیرکەرەوەی ئرتۆتەبەر لە کۆرەکانی زانست‌و کۆمپانیاکانو ئابووری‌وسیاسەت دا . بەلام رێبازی « ئولشینك تانك »ی نوێ لە هەهەندێ لایەنی جێ بەجێ کردنی‌دا جیاوازییەکی زۆری لەگەل ئەوەی « تریست »دا هەیە . بەلام لە داهێنانی ئەنقەستی بێ‌هۆشی وا بە ئەواوەتی وەکو ئەوە . لە جێ بە جێ کردنی ئەمانەدا ، کۆمەلێك خاوەن‌مێشك‌دا ئەنیشن‌و بە جۆرێکی لە خۆوە بۆ هاتن دەست ئەکەن‌بە گفتو گۆ کردن ، یان با بە شێوەیەکی وردتر بڵێین بە شێوەیەکی بەرەلا یان «شێتانە»(وەك لە کاتی چارەسەرکردنی نەخۆشییە بە کۆمەلەکانی دەروون دا بەکار ئەهێنرێت) . لەریگەی ئەم گفتو گۆ بەرەلایەوەبێ هۆشی ئەبزوێتو ، بەرەو هۆشی هەر یەك لەو کەسانەفیجقە ئەکاتو ، بیری‌داهێنراوی نوێیان لە لادروست ئەکاتو ، هەرزووش مێشکەکانی تر وەری ئەگرن‌و شێوەکانی جێ بەجێ کردنی لەو کۆرەدا دەست نیشان ئەکەن .

ئەوانەی سەر بەم رێبازەن ئەڵێین ئەدەب باشترین‌و شێواوترین کۆرە بۆ بەکار هێنانی ئەم رێبازە ، ئەویش بەوەی کاتێك کۆمەلێك « مێشکی ئەدەبی ، کۆ ئەبنەوە لە دانیشتنەکەیان دا ئەم رێبازەبەکار دێنن‌و . هەر کە بیری تایبەتیی خۆی بە بێ هیچ کۆتێك بەرەلا ئەکات ، ئیتر کەلەبووری نوقوم بووی ئادەمیزاد لە رێگای ئەو ئەداعییە سەربەستەوە کە لە ئیلهامی ئەدەبی‌و نووسین دا زانراوەدێتە دەرەوە ، لەبەر ئەوەی ئەم مێشکانە پێشەنگن‌و لە بنەڕەتەوە خەیاڵو توانای‌دروست کردنی وێنەی جۆر بە جۆرو تایبەتی زەینیان هەیە ، بۆیە زیاتر ئەتوانن داهێنان لەکۆڕی خوی‌دا بهێننە دەرەوە .

ئەوانەی باوەڕ بە ئەم رێبازەن هەلئەدەن ئەڵێن ، بو ئەدیب یان شاعیر بەسە لە ئەم دانیشتنەدا ئیلهامەکەی خۆی‌وەرگرێت بە بێ ئەوەی بۆ ئەوانی تری بخاتە روو ، تا لە کۆڕی تایبەتی خۆی دادەربڕێت ، ئەمەش بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆی وەکو « دەزگایەك » خۆی لە خۆی دابیارێزێت . ئەمەش لەو جۆرەدانیشتنانە جیاوازە کە زاناکان لە ماوەی ئەو دانیشتنە دائەکەنە بیرێك‌و بۆ سوودی‌دەزگا گەورەکە رێکو پێك ئەگرێت ، بۆ نموونە وەك ئەوکومپانیایەی ئەیەوێ بەم‌رێبازە جۆرە فرۆشتە مەنیەك دا بهێنێت کە قازانجێکی باشی‌لێ بکات .

لەلای ئەمانە ئەم رێبازە لەکۆڕی ئەدەبی دا خراوەتە کارئەکەر چی بە شێوەیەکی تەسکیش بێت ، بابەشێوەیەکی‌رێك‌ئەخراو یش بێت . ئەدیبێك یان شاعیرێك لە دانیشتنێك دا لەگەل براده‌ره‌کانیا لەو قسانەی ئەکرێت بیرێك دەست ئەخاتو بۆ خۆی هەلئەگرێت . ئەمەجاروبار لە کاتی بەشدار بوونی‌ژن وپیاوێکیش دا کە لە هەندی کۆڕی نووسینی ئەدەبی‌و هونەری دا شەریك بن روو ئەدات ، سەر بارەی ئەوەی لە کۆڕی سینەما یان شانۆ دا زانراوە لە بێدا چوونەوە یەکی بە کۆمەل بەدەقەکەدا .

جێ بە جێ کردنی نوێ لە کۆڕی ئەدەب دا بەم رێبازە ، لە رێگای کۆر بەستنی رێکخراوەوە لە نێوان مێشکەکان دا وبەکار هێنانی ئەم رێبازە بە شێوەیەکی هوشیارانەی بەئەنقەست ، بەسە بۆ ئەوەی فیکری دا هێنانی ئەدەبی دەولەمەند بکات لەگەل هێشتنەوەی کەسایەتی ئەدیبیش دا بەبێ ئەوەی دەست بۆ تایبەتیەکانی درێژ بکرێت . بەرای ئەوانەی سەر بەم رێبازێن ئەمە رێبازێکی بەکۆمەلی رێکخراوە بۆ مەشق بە وەحی‌کردن ، کە ئەشێ بە تاقی کردنەوە ئاسۆی فراوانی نوێ لە بەردەم داهێنانە ئەدەبی و شیعریەکان دا بکاتەوە .

احمد عادل

Institut Kurde de Paris

وێنە

هەڤاسەیەك ...

لە شەوێکی غەریبی‌دا ..!

● لەشەوێکی وەنەوزاوی هەمین‌دا لەشاری «جنیف» ، بەشەقامەکانا ئەسوڕانەوە ... ، دوو لاوی عیراقی بوون ، باری سیاسی ئالوزی ئەوسا وای لێ‌کرد بوون ، نیشتمانەکەیان بەجێ‌بێڵن‌وو بەنا ببنە بەر بەهەشتێکی ئەم دنیایە ... کە «سویسرا» بوو .. بەو نیازەی ، بەڵکو لەوی ... دڵ‌نەوایەك .. بژخویان . دەست خەن ..

● لە ناوەراستی شەقامێکی جوانی ئەو شارەدا .. بەکێکیان .. بەئەوی ئەوی تریا چریان ..

ـ لەم بەهەشتەدا ... هێشتا یادی بەغدا ئەکەی ؟!

● بەدەنگێکی غەماوی‌و دڵ شکاویەوە وەڵامی دایەوە ...

ـ ئاخ .. خۆزگەم بۆ شتەیەکی بازاری «صدریە» لە بەغدا ... بەراست تۆ بڵێی جارێکی تر عیراق ببینمەوە ...؟

● سالان ، هات‌و رابوردو گەرانەوە بۆ عیراق ، بەڵام ، پاش دوو ساڵ یەکێکیان بە نەخۆشیەکی گران ، کە پزیشکەکان بەدەستیەوە دامابوون .. مرد ...

● ئەوانەی وا ئەزانن ، خۆشەویستی نیشتمان شتێکە لە کتێبدا فیری ئەبین ... درۆیان کرد .. ئەو تیشکەی لە دڵی نیشتمانیەکەوە دەر ئەچێ‌و قین‌و توڕەی توڕەی ئەبڕی ... لە دوایدا .. هەر لەدڵی نیشتمانی دایك‌دا جێگیر ئەبێ ..

بدریە ...

●

دۆخی ئەکنەلۆجیاو دەزگاکانی لەعیراقدا

● لە عیراقدا هێشتا لایەنێکی ناوەندی لێ‌پرسراو نی‌یە بۆ گواستنەوەی تەکنەلوجیا لە دەرەوە بەڵکوو ئەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دایرەو دەزگا گشتی‌و تایبەتییەکانەوە جێ‌بەجێ‌دەکرێت ، ئەوانەی لێ‌پرسراون بەرانبەر چالاکی‌و کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری .

کاروباری ئەم گواستنەوەش بەهۆی ڕێککەوتنی سەندن‌و کڕینی کەرەسەو مەکینەو ئامرازو دامەزراندن‌یان بەکارخستن جێ‌بەجێ‌دەکرێت بە شێوەیەکی بەش‌بەش کراو یان لە شێوەی پرۆژەیەکی ئامادەکراودا .

بەشداری‌کردنی کادری عیراقیش لەم کارەدا ئابڵێیت زۆر کەمەو لە زۆربەی‌دا لەلایەن ئابوورییەوە کارتێکردنێکی ئەو توی نی‌یە .

تاکوو ئێستاش هیچ هەوڵێکی ناوەندی نەدراوە بۆ ژماردنی تێچوونی ئابووری کە پێویستە لەسەر عیراق لە ئەنجامی گواستنەوەی تەکنەلۆجیادا بیدات بێ‌گومان تێچوونەکەش زۆرگرانەو دەتوانرێت چەند بەراوردێك بکرێت لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی نە چەند وولاتێکی وادا کراون . بۆ وێنە لە باکستان ژماردنی تێچوونی کاروباری ڕاونژکاری کرا ، ئەوە ڕوون بووەوە کە گەیشتە ١٠٠ ملیۆن دۆلار ئەمەش نزیکەی ئەسەدا یەکی دەستکەوتی ئەوەوەیی پاکستانی گرتەوە .

ئەوەش ژانراوە کە تێچوونی ئیش‌وکاری ڕاونژکاری لە عیراقدا لە نێوان ٣٪و ١١٪ی تێچوونی گشتی پرۆژەکانەو بە تیکراییش نزیکەی ٧٪ی ئەو تێچوونەیە . ئەگەر هاتوو ئەخشەی گەشەپێدانی ئەتەوەیی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ نزیکەی دە هەزار ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرابێت ئەوا تێچوونی ئیش‌وکاری ڕاونژکاری لە پێنج ساڵی داهاتوودا نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن دینار دەگرێتەوە بەشێکی ئەمەش دەچێتە ئیرفانی ڕاونژکارە بێگانەکانەوە .

لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە چەند هەوڵێکی ڕاستەقینە درا بۆ بشت بەستن بە کادری عیراقی بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی چەند قۆناغێکی کاری گواستنەوەی تەکنەلۆجیا کە لەوەوپێش درابووە دەستی ڕاونژکارەکانی بێگانە . ئەو هەوڵدانانەش چەند سەرکەوتنێکی بەدی هێنا بەتایبەتی سەبارەت بە ئامادەبێت لە پەرەسەندنی ئەم کارەدا کردنی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پرۆژەکانی کەشەپێدان ، ئەوە بوو چەند لجنەیەك لە پسپۆڕانی عیراقی لە وەزارەتی پیشەسازی چەند لێکۆڵینەوەی سەرەتاییان ئامادەکرد سەبارەت بە ئەرکی ئابووری (جاروباریش هونەری) زیاتر لە سەد پرۆژەی پرۆژەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٤) و (١٩٧٦ ـ ١٩٨٠) ئەم لێکۆڵینەوانە جگە لەوەی بارەیەکی زۆر بۆ دەولەت گەدەدانەوە ئەوەو دەگەیەنێت کە کادری عیراقی بەتوانایەو باوەری بەخۆی هەیە . ئەمشمان بۆ ئەوەو هێنایەوە وەك وێنەیەك بۆ ئەو شتانەی بەهۆی کادری عیراقی‌یەوە جێ‌بەجێ بکرێت ئەگەر هاتوو باش ئاڕاستەکراو ماوەی پێ‌درا بۆ دروست کردنی یەن تەواوکردنی هەر شتێك ، وێنەی تریشمان بە دەستەوەیە لە دەزگاو کەرتەکانی تری عیراقدا دەتوانین بەوبەڕی سەربەرزی‌یەوە پەنجە ڕاکێشین بۆ ئەو شتانەی دەزگا ئیش‌کەرەکانی عیراقی لە کەرتی ئەوتی نیشتمانی‌دا بەدی‌یان هێناوە لەپێش خزمانی کردنی ئەوتدا یان

باش ئەو لە لایەن جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەکانی کەشەپێدانەوە بار بەرەو پێشەوە دەڕوات بەتایبەتی ئەوەی بەیوەندی‌ی بە کاروباری ئەندازەی مەدەنی‌یەوەیە ، ئەوەتە کومپانیایەکی پسپۆڕ بۆ ئەم مەبەستە دامەزرا ئەوەش کومپانیای بەڵێندانی عیراقی‌یە دەزگاگلی تری دەولەت سەربەرشتی جێ‌بەجێ کردنی زۆربەی پرۆژەکانی کەرتی گشتی دەکات جگە ئەوەی بەکاری جێ‌بەجێ کردنی ڕاستەوخۆی بەشێکی هەل دەستێت . ئەوەی گرنگ کەرەستە هێنەرو بەڵێندەرە ئەوەیە کە دەستی بەوە کردووە کە شێوەیەکی پسپۆڕانەی بگرێتە خۆی ، ئەم پسپۆڕییەش مەرجێکی گرنگی کاملی‌و باش لێ‌زانینە لە ئیش‌دا چەند پێشنیارێکی زۆریش هەیە بۆ جیاکردنەوەو کاری جێ‌بەجێ کردن بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی پسپۆڕانە ـ هەر لە سەرتای قۆناغی شی‌کردنەوەی خاکەوە تا کۆتایی هاتن لە کارەتەواو کراوەکان ـ بە ڕێژەی پسپۆڕی ستوونی بەڵام بە ڕێژەی پسپۆڕی ئاسۆیی‌یەوە بلاوبووەتەوەو چەند چالاکی‌یەکی جۆراوجۆری گرتووەتەوەو کاری خانووبەرە ـ لەگەڵ ئەمەشدا ئاوەدان کردنەوەو خانووبەرەی شتی تاد ـ هەروەها کاروباری ڕێگاو پردو هێلی ئاسن‌و ئاودێری‌و خوێ ـ ئاوکە .. تاد . تێکەڵبشتنی تەواوەتی گیرو گرفتە کە لەسەر ئەم ڕادەیە لەوانەیە ڕێگە بە ـاك یکەتەوە بۆ دروست بوونی کادری نیشتمانی ئەك بۆ گواستنەوەی ئەو تەکنەلۆجیایەی پەیوەستە بەم کارانەوە بەڵکوو بۆ پەرەپێدانی لەسەر بناغەی پشت بەستن بە واقیعی ناوخۆیی بە هەموو دووری‌یەکی‌هونەری‌و ئابوورییو کۆمەڵایەتی‌یەوە .

بەڵام سەبارەت بە ئیش‌و کاری دامەزراندن‌و دابەستن‌و بەکار خستنی سەرەتایی ئەو کارانەی لایەنی عیراقی دەیکەن هێشتاکە زۆر کەمەو لە هەندێك جاردا دامەزراندن‌و بەکارخستنی مەکینەی تاك دەگرێتەوە کە دەدرێتە دەزگایان‌و بەدەگمەنیش دەگاتە ڕادەی وەرگرتنی بەڕێرسیاری دامەزراندن‌و دابەستنی کارگەیان دامەزرگەی تەواو چونکە ئەوە بە بەشێك لە بەڵێندانی کەرەستەی گشتی‌ی ڕژێژەکان دەزانرێت کە کەرەستە هێنەرو بەڵێندەرە بێگانەکان جێ‌بەجێ‌ی دەکەن بەرانبەر بە کڕی‌یەکی زۆرگران وەك دەستمان بۆ ڕاکێشاو لەبەر گرنگی‌ی ئەم باسە سەبارەت بە گواستنەوەی تەکنەلۆجیا ئەوەبوو دەستەلاتی نیشتمانی دەست پێش کاری کرد بۆ دروست کردنی کومپانیایەکی پسپۆڕ کە کومپانیای گشتی‌ی بەڵێندانی میکانیکی‌یە لەسەر چەشنی کومپانیای گشتی‌ی بەڵێترانی خانووبەرە دروست کردن ، لە ئیش‌و کاری دامەزراندن‌و دابەستنی کرکەی تەواودا پسپۆڕی دەبێت .

بەڵام ئەم کومپانیایە هێشتا کە لە سەرەتای دروست بوونداید‌ایە تاکوو ئێستاش هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە . پشت گرتنی ئەم کومپانیا گشتی‌یە لە ئەرکە قۆناغیەکانی دەزمێردرێت کە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا بەرپرسیارەکانی پیشەسازی بۆ پەروەردەو مەشق پێ‌کردنی کادری عیراقی .

لە لایەن ڕادەی تۆژینەوەی زانستی‌یەتیوری‌و پراکتیکییەوە لەم کاتەدا لە عیراقدا نە لایەن جەند لایەکی بێ‌شومارەوە بەسەر دەبرێت هیچ ئاراستە کردنێکی ناوەندی‌ی فراوان نایان ناکاتەوە . چەند بەشێکی ڕژێژەی هەیە لە تۆژینەوەی تیوری لە زانکۆو ئامۆژگا زانستییەکانداد بەدەگمەن بەیوەندی‌ی مەوزوعی‌ی هەیە بە سروشتی زیانی زانستی‌و پێویستیەکانی گەشەکردنەوە . چەند دەزگایەکی گشتیش هەن تۆژینەوەی پراکتیکی لە مەیانی جۆراوجۆردا ڕێك‌دەخەن وەك ئەوەی پەیوەندی‌ی بە کشت‌وکاڵ‌و خاك‌و بەرهەمی باخ‌و بێستان‌و کەرەستەی خانووبەرە دروست کردن‌و بیشەسازی نەوت‌و ووزەو تۆژینەوەی فیزیۆلۆجی یەوە هەیە ..

● لە عیراقدا هێشتا لایەنێکی ناوەندی‌ی لێ‌پرسراو نی‌یە بۆ گواستنەوەی تەکنەلوجیا لە دەرەوە بەڵکوو ئەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دایرەو دەزگا گشتی‌و تایبەتییەکانەوە جێ‌بەجێ‌دەکرێت ، ئەوانەی لێ‌پرسراون بەرانبەر چالاکی‌و کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری .

کاروباری ئەم گواستنەوەش بەهۆی ڕێککەوتنی سەندن‌و کڕینی کەرەسەو مەکینەو ئامرازو دامەزراندن‌یان بەکارخستن جێ‌بەجێ‌دەکرێت بە شێوەیەکی بەش‌بەش کراو یان لە شێوەی پرۆژەیەکی ئامادەکراودا .

نەخشەوگەشەپێدان

ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی فوترەی حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب ئەوەی دوبارە کردۆتەوە، کە مەسەلەی پەرەپێدان مەسەلەیەکی بنچینەیی مەرکەزی‌یە ، بەڵکو بڕبڕەی پشتی بنیات نانی ناوخۆیە بۆ بەهێز کردنی شۆڕش‌و بەردەوامی‌و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی سۆشیالیستی عەرەبی یەکتر تورابورنەکە باسی ئەوەی کردوە کە مەسەلەی پەرەپێدان یەکگەلەو مەسەلە ئەوورانەی ڕاستەوخۆ دوای مەسەلەی سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابوری‌دێتە مەیدانەوە یەکێکە لەو مەسەلە بایەخ‌دارانەی زوبەزو ئەبێت چارەسەر کرێت .

ئامادە کردنی بەشمی لێکۆڵینەوە

لە باسێکی تردا ڕاپۆرتی سیاسی ئەوەی دوباتە کردۆتەوە ، « پێویستێکانی پەرەپێدانێکی گورج‌و گۆڵ‌و فراوان‌و زیاد کردنی داهاتی ئەوت ، بەربەرەکانی کێشەی ئابوری ناوچەکە ، لەگەڵ هەندێ بیانوی بنچینەیی‌تر ، پێویستی ئەوەمان ئەخاتە بەردەم کە بە شێوەیەکی تایبەتی‌و لە قالبێکی دانسقەدا ئەرکەکانی پەرەپێدان جێ‌بەجێ بکەین‌و بەزوترین کات‌و چاکترین شێوە دژخی دواکەوتوی وڵاتەکە لە بنەڕتدا بکورین‌و بەخێرایی بەرەو پێشکەوتن عەنگاوبنێین هەروەها لە هۆی دانانی یاسای جێ‌بەجێ کردنی پرۆژە گەورەکانی پەرەپێدان دا ئەوە هاتوە « لە بەر پێویستی خیرا کردن لە هێنانە دی ئامانجەکانی پەرەپێدان‌و پێ‌ویستی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژە بایەخ دارە گەورەکان ، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە بەرهەم زیادکات ، وا بە چاك زانراوە کە بەرژەوەندی گشتی‌ی پێویستی‌ی بەوەیە کە یاساو بنچینەیەکی تایبەتی وا دانرێت هێنانەدی‌و ئاسان کردنی ئەو مەبەستانا مۆڵەت بکات ، ئەویش بەرهەم هێنانی داهاتی دارایمان بە چاك ترین شێوەو کەمترین‌و وەخت » .

وەبەتەواوی بەرهەم هێنانی داهاتی دارایمان بەچاکترین شێوەو کەمترین وەخت یەکەمین ئەرکی نەخشەی ستراتیژی شۆڕشگێرانەی وڵاتەکەمانە ، وەبە تایبەتی ئەوەش پێویستی بە لێوردبونەوەیەکی قول‌و بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیانەیە ، کە حساب بۆ هەموو شتێ بکات‌و مەبەستی بەرزکردنەوەی بڵەی ژیان بێت لە وڵات دا وهەنگاویکی ئەوەرە لە ئابووری وڵات‌و زیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و شارستانیتی دا بە زوترین کات بنێت ، ئەوەیە کە ئاو ئەبرێت بە بەرەپێدانی ئەقوە، یا بەرەپێدانێکی ئەورە .

دوا کەوتویی ئەفرەتێکی بەردەوام نی‌یە درابێت بە سەر ئەلەکەماندا ، ئەو زروفانەی دواکەوتنیان سەپاندوە بە سەر ئەلەکەماندا ، ئەو زروفانە بوە کە خۆمان بە باوەڕێکی قایمەوە هیچ ئاریکەن نە کردوە ئەو دواکەوتنە ئیمپریالیزم سەپاندویەتی بەسەرماندا .. داگیر کردن‌و تۆقاندن داوێتی بەسەرماندا .. ئەو ئەجامە دیارو ئاشکرایە بۆ ڕژێمێکی نیستیعماری دەرەبەگایەتی نیمچە بۆرژوازی کە بەتا ر و ئاسن‌و ئوکی‌رمی ئیمپریالیزم سەپاندراوە بە سەر ئاوچەکەدا ..

ئەوە شتێکی دیارو ئاشکراو ئاسایی‌یە کە شۆڕش ١٧ـ٣٠ ئەمموزی ئەتەوەیی پێشکەوتن خواز لە بارو دۆخ‌و زروفێکی ئاوادا لە مەیدانی پەرەپێدانێکی گەورە دا پەلە بکات‌و بەگورجی جێ‌بەجێ بکات بۆ دامەزراندنی عیراقێکی پێشکەوتن خوازی پێشکەوتوی ئەو تۆ کە لە سەر بنچینەی ئالو گۆڕی کۆمەڵایەتی ئابووری سۆشیالیستی دامەزراوێت‌و وەبێتە نموونەیەکی پێشکەوتوی ئەو وڵاتانەی پشتیان بە ئەخشەی سۆشیالیستی ئەتەوەیی پێشکەوتن خوازانە بەستوە ج لە ئاوچەی وڵاتە عەرەبەکاندا ، وە ج لە دنیادا ..

هەتا وەکو لە ئەخشەی پەرەپێداندا ئیمپریالیزم هەول ئەدا ،چونکە نازانی لە خۆیەوەو بەخواپشتی خۆی خۆی بدات بەدەستەوە کە ئەو کارە بشێوێنی‌و دوای خات .. ئەیەوێت ئەودرۆ نایدولۆژیەمان بەسەردا تێ بەرێنێت کە ئاو ئەبرێت بە پەرەپێدانی وردە وردە ، واتە هەنگاو لە دوای هەنگاو بە ڕێنمایەکی بەرامبەر دا ، هەروەها ئەیەوێت بە پۆشینی بەرگی بۆرژوازی عەرەبەوە بێتەکایەوە وئەلێت : بۆرژوازی عەرەبی ئاشتی خوازەو حەز بە شەڕو ئاژاوە ناکات ، بەڵام هەڵی بنیات نان‌و پێشکەوتنی ئەدەراوە ، ئالەم جۆرە باڵورانە لێ ئەدات بە هیوای ئەوەی درێژی بەئەمەنی ڕژێمی سەرمایەداری بدات‌و ڕێگا لە سۆشیالیستیەو ئەخشە کێشانی سۆشیالیستیانە بگرێت . جۆرێکی تر لە ئەگەرە خستنە سەر ڕێگا ئەوەیە کە هەندێك ئەیانەوێت ئەو بۆشایی‌یەی هەیە بە بورژوازیەکی ئەر موئیان پر بکەنەوە .. بۆ نموونە ئەوانە ئەڵێین : پەرە پیدانی (ئەقاوە) سەرکەوتونی‌یە ، چونکە قوناغەکان ناهێلێت‌و هەنداوی نا بەرامبەر ئەنێت ، ئەوانە ئامۆژگاری ئەوە ئەکەن کە پرۆژە پچکولەکان خۆمانی گرێت و مەسەلەی کشتوکاڵ دەست لێ ئەدرێت‌و خۆش لە قەری کۆمپرادۆرە ئەوێدن ئەدرێت‌و وەك خۆیان بهێلرێتەوە ...

شۆڕشی ١٧ـ٠ی ئەمموزی پێشکەوتنخواز کە باوەڕێکی ئەواوی بەسۆشیالیستی هەیە ، ئەم بیرو باوەڕە بورژوازیە، کۆنەپەرستانەیە ئیکرا ڕەفز ئەکات‌و پێیان قایل نابێت .. وای دا ئەنێت کە هەوڵ‌و ئەقەلایەکە بۆ درێژ کردی ئەمەنی دواکەوتن‌و چەوساندنەوەیەکی نامرۆڤانە ئەدرێت ، وە بو ئەگەرە خستنە سەر ڕێگای بنیات نانی سۆشیالیستی‌و لە ناو بردنی پەرەپیدانی ستراتیژی ئەدرێت .. شۆڕش لە ئەخشە ستراتیژیە فراوانەکەیدا پرۆگرامێکی شۆڕشگێرانەی خستۆتە رو ، کە بڕێتی‌یە لە گۆڕینێکی بنەڕەتی هەیکەلی ئابووری وڵات‌و گۆڕینی زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی ، ئەویش لە پێناوی گەیاندنی عیراق بەبەلەی پێشەکی سۆشیالیستی ڕاستی .. و دەست کردن بە بنیات نانی وڵاتێکی سۆشیالیستی مرۆڤایەتی ئەتەوەیی شۆڕشگێڕ ..

شۆڕشەکەمان بە خۆمالی کردنی ئیحتیکارە ئەوتیە بێگانەکان‌و چەسپاندنی کەرتی گشتی‌و قول کردنەوەی یاسای چاك کردنی کشتوکاڵ پێی ناوەتە ناو دنیای ئەخشە کێشانی سۆشیالیستی ئەتەوەی‌یەوە.. کردنی خوێندن بەخۆڕایی وبەزۆر پێ‌خوێندن بناغەیەکی پێویستی بۆ چونە ناو سۆشیالیستی‌یەوە دامەزراندوە .

شارل بتلهایم کە یەکێکە لە ئەخشە کێشە گەورەکانی سۆشیالیستی پەرەسەندو ، بەشێوەیەکی ئاشکرا جیاوازی نیوان ئەخشە کێشانی سۆشیالیستی‌و ئاژاوەی ئەخشەکێشانی سەرمایە داریی دەست نیشان کردوە ، وە بە شێوەیەکی تەواو ئەوەی دەرخستوە کە جیاوازی بناغەیی لە نیوان سۆشیالیستی‌و سەرمایەداریدا ئەگەرێتەوە بۆ ئەخشەکێشان .. چونکە سۆشیالیستی ئەیەوێت‌و ئەوەی مەبەستە کەزوربەی زۆری پێویستێکانی جەماوەر بهێنێتە دی ، بەڵام سەرمایەداری ئەیەوێت لە سەر حیسابی جەماوەر زۆر ترین قازاج بخاتە ئیرفانی خۆیەوە .

ئەخشەی سۆشیالیستی لە بەرە پیداندا باوەڕی بە دەست نیشان کردنی ئامانجە سەرەتایەکان هەیە .. لەکەل پێکەوە گونجانی ئەو مەبەستانە .. لە گەل دەست نیشان کردنی مەبەستی هەرە گەورە .. کە ئەویش بڕێتی‌یە لە .. بەرزکردنەوەی ڕادەی گوزەرانی هێزی بەرهەم هێنەر .. هێنانە دی وتێر کردنی زوربەی پێویستی‌یە کۆمەڵایەتێکان ..

وەبە تەواوی ڕێك خستنی ئامانجەکان پێویستی بە مێشکێکی ستراتیژی ڕێکخەر هەیە .. مێشکێك بۆ سەر بەرشتی ئەخشەو پرۆژەکانی بەرەپیدان .. بەبێ ئەوەمێشکە سەر پەرشتی کەرو ڕێك خەرە ، ناتوانین قسە لە سەرکەوتنی پرۆژە جۆرەکانی پەرەپیداناوە بکەین

بڕوانە ل ١١

نهێنیەکانی : «پەستبوونی» دەروون !

بە تازەترین لێکۆڵینەوەدا ئەوە ساغ بۆتەوە کە، پەستی ئەخۆشیەکە بەهۆی تێکچوونێکی کیمیاوی مێشکەوە ئوشی مرۆڤ ئەبێت .. وە چارە سەریش بە جۆرە دەرمانێك ئەکرێت کەماوەیەکی کەم لەمەوبەر دۆزراوەتەوە « پەستی دەروونی » ئەخۆشەکان جی‌یەو چۆن‌چارەسەر ئەکرێت.

ئەوشتانەی مێرۆو سەلماندویەتی ئەوەیە کە ئەخۆشی پەستی ئەخۆشی‌یەکی کۆنەو باشای بابلیەکان نبوخزنەسەر پێش ٢٥٠٠ ساڵ پەر لە ئێستا توشی ئەو ئەخۆشی‌یە بوە .. هەروەها دیستوفیسکیش توشی ئەو ئەخۆشی‌یەبوەو شارلزداروینیش ساڵو نیوێك پێوەی ئالاوەتەوە لەو ساڵو نیوەدا هیچ ئیش‌و کارێکی بۆ ئەکراوە تا ئەی توانیوە بش خوێنیتەوە .. هەتاوەکو چەرچلیش توشی پەستی بوەو هەمەئەگەوای بەهۆی ئەم ئەخۆش‌یەوە خۆی کوشتوە .. دواکەسی لەو بیاوە بەناو بانگانەی ئەم ئەخۆش‌یەی گرتوە « ئەدوین ئەلدرین »ە کە دووهەم کەسە بەسەر زەوی مانگدا رویشتوە. ئافرەتان دوو ئەوەندەی بیاوان توشی دەردی پەستی ئەبن‌و بە شێوەیەکی گشتی‌ی هەموو ئافرەتان ئەخۆشی پەستیان توش ئەبێت ..

زروف دەورێکی بالای هەیە لە گرتنی ئەخۆشی پەستی‌یدا، ئەویش بەهۆی بژکاری یا کژست کەوتنێکی ئەورەوە .. بەڵام دوای ماوەیەك ئەو کەمە ئەگەرێتەوە سەر ئەخۆشی‌یەکە بەهۆی ئەو حالەتەکەی جازانی‌و پەستیەکە بەری ئەدات .. ئەخۆشی پەستی ئەو کەمەیە کە ناگەڕێتەوە سەر حالەتی ئاسایی خۆی‌و ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو پەستی‌یە بەری نادات . بە توێژەی سەرژمار کردنێك لە ئەمەریکدا ٨ ملیون کەس توشی ئەخۆشی پەستی هاتون‌و ئەو ئەخۆشی‌یە وا لە هەندێکیان ئەکات کە خۆیان بکوژن‌و بەوجۆرە خۆیان لەو ئەخۆش‌یە قوتارکەن جاری واهەیە مرۆڤ دوچاری ئەو دەردە ئەبێت بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت‌و بەبێ چارەسەر کردنی خۆی زیان ئەبانە سەر، بێ هیوایی‌و هەست بە ژێرکەوتن جۆرێکە لەو ئەخۆشی‌یە .. نوسەرێك لە دوا کتیبی خویدا کە لەژێر ناوی « وەرزێك لە دوزەخدا» دەری کردوە ناقی کردنەوەی خۆی لەگەڵ پەستەکاندا باس ئەکات .. ئەڵێت : هەموو ئەخۆشی‌یەبوەو سالەتەکەی جازانی‌و پەستیەکە بەری ئەدات .. ئەخۆشی پەستی ئەو کەمەیە کە ناگەڕێتەوە سەر حالەتی ئاسایی خۆی‌و ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو پەستی‌یە بەری نادات . بە توێژەی سەرژمار کردنێك لە ئەمەریکدا ٨ ملیون کەس توشی ئەخۆشی پەستی هاتون‌و ئەو ئەخۆشی‌یە وا لە هەندێکیان ئەکات کە خۆیان بکوژن‌و بەوجۆرە خۆیان لەو ئەخۆش‌یە قوتارکەن جاری واهەیە مرۆڤ دوچاری ئەو دەردە ئەبێت بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت‌و بەبێ چارەسەر کردنی خۆی زیان ئەبانە سەر، بێ هیوایی‌و هەست بە ژێرکەوتن جۆرێکە لەو ئەخۆشی‌یە .. نوسەرێك لە دوا کتیبی خویدا کە لەژێر ناوی « وەرزێك لە دوزەخدا» دەری کردوە ناقی کردنەوەی خۆی لەگەڵ پەستەکاندا باس ئەکات .. ئەڵێت : هەموو ئەخۆشی‌یەبوەو ساڵەتەکەی جازانی‌و پەستیەکە بەری ئەدات .. ئەخۆشی پەستی ئەو کەمەیە کە ناگەڕێتەوە سەر حالەتی ئاسایی خۆی‌و ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو پەستی‌یە بەری نادات . بە توێژەی سەرژمار کردنێك لە ئەمەریکدا ٨ ملیون کەس توشی ئەخۆشی پەستی هاتون‌و ئەو ئەخۆشی‌یە وا لە هەندێکیان ئەکات کە خۆیان بکوژن‌و بەوجۆرە خۆیان لەو ئەخۆش‌یە قوتارکەن جاری واهەیە مرۆڤ دوچاری ئەو دەردە ئەبێت بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت‌و بەبێ چارەسەر کردنی خۆی زیان ئەبانە سەر، بێ هیوایی‌و هەست بە ژێرکەوتن جۆرێکە لەو ئەخۆشی‌یە .. نوسەرێك لە دوا کتیبی خویدا کە لەژێر ناوی « وەرزێك لە دوزەخدا» دەری کردوە ناقی کردنەوەی خۆی لەگەڵ پەستەکاندا باس ئەکات .. ئەڵێت : هەموو ئەخۆشی‌یەبوەو ساڵەتەکەی جازانی‌و پەستیەکە بەری ئەدات .. ئەخۆشی پەستی ئەو کەمەیە کە ناگەڕێتەوە سەر حالەتی ئاسایی خۆی‌و ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو پەستی‌یە بەری نادات . بە توێژەی سەرژمار کردنێك لە ئەمەریکدا ٨ ملیون کەس توشی ئەخۆشی پەستی هاتون‌و ئەو ئەخۆشی‌یە وا لە هەندێکیان ئەکات کە خۆیان بکوژن‌و بەوجۆرە خۆیان لەو ئەخۆش‌یە قوتارکەن جاری واهەیە مرۆڤ دوچاری ئەو دەردە ئەبێت بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت‌و بەبێ چارەسەر کردنی خۆی زیان ئەبانە سەر، بێ هیوایی‌و هەست بە ژێرکەوتن جۆرێکە لەو ئەخۆشی‌یە .. نوسەرێك لە دوا کتیبی خویدا کە لەژێر ناوی « وەرزێك لە دوزەخدا» دەری کردوە ناقی کردنەوەی خۆی لەگەڵ پەستەکاندا باس ئەکات .. ئەڵێت : هەموو

زیانم ئاوەڕۆ بیژوە روناکی هیچ هیوایەکەم لەم دنیایەدا بەدی نەئەکردو وەك کامەرانی پشتی تێ‌کردبم‌و هێزێکی ڕەش دلوپ دلوپ ژیانم بمژێت ئاوا قاوغێکی بەتال مایومەوە ..

یەکەم دەرمانێك کە بۆ ئەم ئەخۆشی‌یە دوزرابێتەوە لە ساڵەکانی پەنجادا بو ، ئەوبو بە ناقی کردنەوە ئەوە دەرکەوتبو کە جۆرە دەرمانێکی کە بۆ چارە سەری باڵەپەستوی خوێن بەکار ئەهێنرا ئەبوە هۆی پەستی‌یەکی زۆرکەورە . هەروەها سەرنج لەوە درابو کە دەرمانێك بۆ ئەخۆشی سیل بەکارئەهێنرا دڵخوشێکی ئەورەی بەوئەسە ئەبەخشی‌و پەستیەکەش ئەرەوانەوە .. ئاهەیە ناقی کردنانەوە پسپۆڕەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەخۆشی پەستی هۆکەی ئەگەرێتەوە بۆ شلەژانی هەندی ماددەی کیمیاوی لە مێشکا .. مێشك جۆرە ماددەیەك لە هەندی شانۆکەی تایبەتیەوە دەزئەکات کە پێی ئەڵێن « کات کولامین» کەم بونی ئەم ماددەیە ئەبێتە هۆی ئەخۆشی پەستی .. بەبەکار هێنانی دەرمانی سیل وەك سەرەتایەك کەیشتنە چارە سەرکردنی ئەو ئەخۆش‌یە .. وە بە هۆی لێك جودا کردنەوەی ماددەکانی میزەوە ئەتوانرێت ئەخۆشی پەستی دەست نیشان بکرێت .. ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێتەو ئەوە جودایکەینەوە کە جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە لە نیوان پەستی ئاسای‌و ئەخۆشی پەستیدا ..

هەمو کەسێك بەهێزی ناخۆشی‌و تەنەرەو سەغلەتیەوە توشی پەستی ئەبێت‌و ئەم پەستی‌یە کارناکاتە سەر ئەش‌و بەزەمانی ئەو هۆزانە پەستێکەش ئەرەوانەوە وە ناتوانێت بۆ ئەم جۆرە پەستیانە داودەرمان بەکار بهێنێن چونکە چارەسەرکردنی ئەم جۆرە پەستی‌یە ناسایە بە داودەرمان نەبێتە هۆی کیل‌و دەبەنگی مرۆڤ‌و دەرمانەکان کارناکەنە سەر مەشکی‌و بزوتنی ناهێلن‌و لەوبەش ناتوانێت بەرامبەر ئیرو ڕفت‌و ناخۆشی ژیان ڕاوەستی ..

Institut kurde de Paris

بەم زوانە

پلان گەرەکە ئەوەی ئەندازیاری ئەلکترۆنیکا و رەنگ

لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا دەستپێ ئەکا

ئەم میوانە خۆشەویستەی بەبێ پرسیار خۆی کرد بە ناومالدا ، تا بەرەنگە چوان و ئالاوالاکانی بەختیاریمان بیبەخشێ ..

لەگەل بیرەوەری شۆرشە مەزنەکەی ١٧ی تەمموزی نەمردا کە کەلێک دەستکەوتی بایەخداری بیبەخشین .. تەلەفزیونی رەنگاورەنگ دەستی کرد بە نیشی کردن و رۆژی سەروکی فەرمانده احمد حسن البکری بلاوکردەوە.

لەم رۆژە پیرۆزەدا هەوالی دامەزراندنی گەورەترین پرۆژەی راگەیاندن لە وڵاتانی عەرەبدا بلاوکرایەوەو بەم کارە گەورەیە هەنگاونرا بۆ چونە بلەیەکی نوی راگەیاندنەوە ..

وەنەبێ ئەم کارە مەزنە بە رێکەوت هاتبێتە کایەوە .. بەڵکو ئەمەش یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی شۆرش بۆ هێنانەکایەی دەزگایەکی راگەیاندنی پێشکەوتو ، بۆ دەزگایەکی ئەوتۆ کە کەلک لە شۆرشی تەکنەلوژیا وەرگرێت .

● سەرۆکی شۆرشەی رابردوو :

کاتی مۆرکردنی ئەو رێکەوتنە هونەرییەی کە لە ٢-١٢-١٩٧٤دا کراو لە لایەن عیراقەوە بەرێز مامۆستا صدام حسین و لە لایەن فەرەنساوە جاک شیراک مۆری کرد .. بە گوێرەی ئەو رێکەوتنە ئەبێ عیراق لە بلاوکردنەوەی تەلەفزیوندا سیستەمی (سیکام) رەچاو بکات .. لایەنی فەرەنساش بەلێنی ئەوەیان دا کە کرێکارو ئەندازیارو هونەرمەندو وێنەگرو دەرهێنەرە عیراقیکان لە مەیدانی تەلەفزیوندا مەشق بکات . دوای مۆرکردنی رێکەوتنەکە وەزارەتی راگەیاندن چەند هەنگاوێکی کارامانەی بۆ دامەزراندنی تەلەفزیونی رەنگاورەنگ ناو کەوتە کرینی کەرەسەو پێویستی پێگەیشتنی ئەو پرۆژەیە بە جۆرێک کە ئێزگەی تەلەفزیونی بەغدا بتوانی پرۆگرامی رەنگاورەنگ بەرهەم بهێنێ .. ئایەو جۆرە پرۆژە کە پێش کاتی خۆی بە چەند ساڵێک تەواوکرا .



لەوانەیە هەندی کەس پرسیارکەن : چۆن وێنەکان ئاوا بە رەنگاو رەنگی بلاوئەبێتەوە ؟ وە ئایا ئەم تەلەفزیونە رەش و سپیانە ئەتوانین بکەین بە تەلەفزیونی رەنگاورەنگ ؟

سەرچاوەیەکی هونەری لێپرسراو لە دەزگای کشتی ئێزگەو تەلەفزیوندا ئەڵێت : « بلاوکردنەوەی رەنگاورەنگ لە پێشەوە لە ستودیوە دەست پێ ئەکات ، ستودیوگە چوار کامیرەی تەلەفزیونی تیادایە دوای ئەچێتە ژوری کونترۆلی کامیرەکان لەویشەوە بۆ دەرهێنەرەکە دوای ئەوە دەکەوێ وێنەکان ئەچنە ژوری کونترۆلی سەرەکی یەوە لەم ژورەدا ئامرازەکانی (مایکرۆویف)ی تەلەفزیونی لە هەموو ستودیوکانی سالحیەوە ئەچێتە بەشەکانی ئەبی غریب و لەوێشەوە بە ناو خەلکیدا بلاو ئەبێتەوە .. »

● ئایا ئەتوانین ئەم تەلەفزیونە رەش و سپیانە بکەین بە رەنگاورەنگ ؟

سەرچاوە لێپرسراوەکە ئەڵێت : « ئەرێنی تەلەفزیونی رەش و سپی بۆ رەنگاورەنگ کارێکە لە کردن نایەت ، ئەگەر بمانەوێت بیکەینە تەلەفزیونی رەنگاورەنگ ئەبێ هەموو ئامرازەکانی ناو تا پەردەکەشی بگۆڕێن .. ئەمەش هەولدانێکی بێسوودەو زۆر لە نرخی تەلەفزیونێک زیاتر ئەکەوێت .. »

● ئایا راستە هەندی تەلەفزنی رەنگاورەنگ بە کەلکی دەرکردن نایە ؟

ـ ئەوە شتێکی راستە ، چونکە هەندی تەلەفزیونی هەر لە سەرەتاوە کار ناکەن .. ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ سیستەمی ئیش پێکردن و بلاوکردنەوە ـ بۆ نمونە ئێمە سیستەمی « سیکام » رەچاو ئەکەین واتە ئەبێ ئەو تەلەفزیونانە بێنین لە ئەل سیکامدا بکونجێت « تەلەفزیونی رەنگاو رەنگ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دائەمەزرێت .

● ئایا پارێزگاکان .. تەلەفزیونی رەنگاورەنگیان تیا دائەمەزرێت ؟

ئەم پرۆژەیە وا بریار ئەدرابو لە ئەمسالدا تەواوبێت بەڵکو پرۆژەکە بەغدادو فروراتی ناوەراستو خوارو ژوروی ئەنەگرتەوە ، بەڵکو تەنیا بۆ بەسراو بو .. بەڵکو خواستو توانای بە هێزی کە هەرگیز نەبەزێت وای کرد کە لە ئەمسالدا تەواو بێتو بۆ هەمو هاوولاتیان بێت .. لە ئێکای ئیزگە ئەرزێکدە میکرووایفەوە بۆ پارێزگا ی خوارو ژورو پرۆگرامی تەلەفزیون بە رەنگاو رەنگ بلاو ئەکرێتەوە .. وا چاوەروان ئەکرێت کە بەم زوانە ئامرازەکانی (مایکرووویف)ی ناوچەی ئۆتۆنومی تەواوبێت .

تاقیگای مەرکەزیی رەنگاورەنگ

یەکێک لەو پرۆژەگەورانەی کە لەو رۆژەدا کرایەوەو بەیوەندی بە تەلەفزیونی رەنگاورەنگەوە هەیە پرۆژەی تاقیگای مەرکەزی رەنگاورەنگ کە بەرێز وەزیری راگەیاندن کردیەوە ، تاقی گاکە فلیمی ١٦ و ٣٥ ملیمی رەنگاورەنگ ئەشوێنەوە .. ئەم تاقیگایە یەکێکە لە تاقیگا پێویستەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست ..

ئێزگەی تەلەفزیونی رەنگاو رەنگی بەغدا توانیویتی لەم دەزگایەدا ئەلێک پرۆگرامو گۆرانی تۆی گۆرانی بێژەکانمان بکرێت . لەگەل ئەمەشدا چەند پرۆگرامو گۆرانییەکی کوردی رەنگاو رەنگی گرتوە هەر کە ئێزگەی میکروویفەکە تەواو بو ئیتوەی بلاو ئەکرێتەوە .. ئێزە وا بە تەمایە ئەوەندە پرۆگرامو گۆرانی رەنگاورەنگ زۆرگات پرۆ رامی مندالانیش ئەکرێتەوە کە لەگەل رەش و سپیدا بێتە نیوەی وانە ٥٠٪ی رەنگاو رەنگ و ئەوەی تریش رەش وسپی ..

هەرچوونێک بێت ئەم میوانە رازاوە نوێیەمان خۆشی دێتە ناو ماڵەکانمانەوەو بۆیە پێویستە هەمیشە توانای ئەو مرۆڤە شۆرشگێرانە لەیاد نەکەین کە بە هۆی باوەری پۆلایینی هەڵگرولاوی شۆرشیانەوە کە ئەگەرێتەوە بۆ نیرادەی شۆرشەو ئەگەر شۆڕش نەبوایە ئەم وێنە رەنگاو رەنگەمان ئەئەدی و ئەئەهاتە ماڵەکانمانەوە کە دیسان لەم نزیکانەدا ئەچێتە هەموو ماڵەکانی ناوچەی ئەتۆنۆمیشدا . ئەم میوانە رەنگاو رەنگەیان بردۆتە ماڵانی ئەلی عیراقەوە ..

صابر عبدالرحمن و دوانێک دەربارەی مەنەلۆج

شێرزاد عبدولرەحمان
ئامادەی کردووە

● تکایە خۆت بە خوێنەران بناسێنە .

ـ لە ساڵی ١٩٤٧ چاوم هەڵینا لەدەشتێکی نزیک شاری هەولێر ، چێزی هورەریم لە ساڵی ١٩٦٦ەوە چەکەرەی کرد بەو ئاتەی کە ئامۆژگام بەوا وکرد ، کە پاشان چەند مەنەلۆجێکەم تۆمار کردو .. نیستاش بەردەوامم .

● بۆچی مەنەلۆجت هەبێزارد ..؟

ـ هونەری مەنەلۆج لە توانای دا هەیە کە وەرەترین تیروگرفتی کۆمەلایەتی لە تابلۆیەکی سەرنج راکێشەر نیشان بدات و هەولی چارەسەر کردنی ئەو ئەریتە کۆنانە بدات کەبێ لە پێشکەوتنی کۆمەل دەکرێ .

● پێش مەنەلۆج .. ئارەزووی چی تر هەبوو ؟

ـ دەتوانم بڵێم هونەری شانۆ رای کێشامە ناو کۆڕی مەنەلۆج ووتن ، چونکە بەر لە دەست پێکردنی ئەم هونەرە ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو لەگەل شانۆو بەشداری چەندەها شانۆگەریم کردووە . مەنەلۆجیش دیسان بەشێکە لە شانۆ .

● گۆرانیەکانت وتردی سەرزارانە .. تۆ ئەڵێی چی ؟

ـ هیوامو ایە زیاتر جێگەی خۆی لە دلی خەلکیدا بکاتەوە.

● باشە مەنەلۆج ئەبێ چۆن بێ ؟

بەلای منەوە مەنەلۆجێست پێش هەموو شتێ ئەبێ واقیعی بێ ، هەروەها بەرهەمە کانی ئەوەندە سادەبێ کە راستەوخۆ بچێتە دلەوە ، دیارە مەبەستم لێرەدا ئەوەنی یە شتەکەی کرچ و کاڵ بێ ، بەڵکو هەر مەنەلۆجێک مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبێ و کاریگەر خەلک .

● ئەمەیان .. چۆن ؟

ـ لە رووداوەکانی ئەو ژومەلە بدوێ کە تیایدا ئەژی و بتوانێ بچێتە قولایی کیرو رفتەکان .

● لێرەدا تۆ چۆن خۆت دەبینی ؟

ـ بێ گومان ئەو شتانەی باسم کرد مەبەستی راستەقینەی مەنەلۆجەکانمن ، ئەگەرچی هەندێکیان لە گەمو کورتی بەدەرنین .

● خوشترین مەنەلۆجی خۆت کامەیە ؟

ـ ئەو مەنەلۆجەی کە خەلکی دەست نیشانی دەکەن و توانای ئەوەی لە باردایە چارەسەری دەردێکی کۆمەل بکات .

● ئەی « بزوکو خەسو » ؟

ـ هیشتا زۆربەمان بە دەستیەوە ئەناڵینین .

● متاڵەکان مەنەلۆجە کانتیان خۆش ئەوێ .. ئەی تۆ ؟

ـ خۆشەویستیان ئەپارێزم مەنەلۆجەکانم بۆ ئەوانە .

● « بازاڕی ناز » تیروگرفتێکی زۆر .. رات چیە لەم بارەوە ؟

ـ پیاو بێ بەقەدەر بەرەکەی خۆی راکیشێ چاکترە .

● پێشنیارت چیە بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی ؟

ـ زۆر بە تاسەوەم کە تیپێکی ئەتەوایەتی لە مۆسیقاو شانۆی کوردی پێک بێت بۆ بەرەپێدانی بزوتنەوەی هونەری کوردی هەروەها تەرخان کردنی هەفتەیەک لە هەرساڵێک بۆ نیشاندانی بەرهەمی تیپەکانی کوردستان.

گەڕان بەدوای ...

لێکۆڵینەوە هەر بەردەوامە بە دوای دۆزینەوەی کلیلی ئەو راستیەوونبوودا دەگەڕێت: هەندێک لەسەر بلیمەتی شکسپیرو راستی گەڕانەوەی ئەو نووسینانە بۆ ئەو سوورن .. هەندێکی تر لەسەر ئەوە سوورن کە هێشتا کە چەند گومانێک هەیە زۆر شاراوەیە پێویستیەکی زۆری بەتۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی پتر هەیە .. بەلام خۆمان لەبەردەمی دوو کەس لە هاو چەرخی شکسپیردا دەبینینەوە داکۆکی لەو راستی یە دەکەن کە ئەو دانراوانە هی شکسپیرن و خۆی داینناون ئەو دوانەش رەخنەگری ئنگلیزی بن جۆنسن و ئەکتەری بەناوبانگ « ولیم کیمب »ن کە هاوچەرخی شکسپیرن ، یەکەم دەڵێت « شکسپیر هونەرمەندێکی داهێنەر بوو .. پێویستی بەدروست کردن نەبوو .. ژیان قانگی دابوو .. بیرکردنەوەیەکی بەپیتی هەبوو » .. دووهەم دەڵێت « شکسپیر چووەتە ناخی خەڵکیەوەو وەها وینەی کێشاون وەکوو خۆیان چۆن هەن بەبێ ئەوەی دەستکاریان بکات » .

پاشماوەی : شکسپیرو

قینەیە خۆی بە هونەرمەند دەزانێت .. کارەکانی رەسەنی و هەستی چوانیان تێدا نییە .. من هەست بەراستی ی ئاکەم لە وێنەکێشانی رووداوەکان و نیگارکێشانی کەسەکانیدا » .. دوای ئەوەهەمان برسیاریان ئاراستەی فەیلەسووفی گەورە برناردشۆ کرد ، ئەم سەرنجێکی نوێی هەبوو سەبارەت بە شکسپیر ، ئەم وەکوو تۆلزستۆی لە هونەرمەندیی بێبەش نەکرد بەلام بەوە تاوانباری کرد کە کارەکانی بیرکردنەوەی ئایدیۆلۆجیانەی تێدا نییە بۆیە لە رادەی بیرکردنەوەدا بە بیرکەرەوەیەکی ناشایەن دەناسرێت .. بەلام وەکوو هونەرمەندێک توانای دەربڕینی خۆی و باڵەوانەکانی هەیە بە جۆرێک وێنەیان دەکێشێت لەچەند هەڵوێستێکی مرۆڤانەدا بیشانیان دەدات بە سەر هەست و نەست و هەڵچوونی خوێنەردا زاڵ بن .

لە ناو ئەو پیروراڕەخنەیانەی کە بە تۆژینەوە وشی کردنەوەی کە لە بوری شکسپیرەوە خەریکن ، لە زانکۆ چیهانیەکاندا تۆژینەوەو

کۆدا !!

لەسەر ریگاو بانی دەرەوە

ئامادە کردنی
بەشی لێکۆڵینەوە

مردن لەسەر ریگاوبانی دەرەوە بەم جۆرە دەستپێ دەکات : جادەیەک تا چاو بڕێ دەکات درێژ بۆتەوە .. ئۆتۆمبیلێکیش هێندە خێرا دەناڕوێت هێندەی نەماوە لەسەر زەوی بلند بێتەوەو ئەو خێرایی یەیدا لەبن شتێک ڕوەدات .. شۆفێرەکە دەسەڵاتی بەسەر ئۆتۆمبیلەکەدا نامێنێتو ئۆتۆمبیلەکە تێکدەشکێت ، بەو جۆرە کارەساتێک ڕووەدات دژی خزم و ناسیاوان ئەتەزێنێ ..

تامێزن .. وەرکەران پان کردنەوە .. بەهۆی ئەم رووداوانەوە زۆر لە هاوولاتیان تیاڵەچن .. زۆریان مناڵن .. یا لاو یا پیرن پیاو .. کارەساتی ئۆتۆمبیل و ریگاوبان کەس نابوێرێ .. مادام تیرەوی هەریەردەوامەو گوێ بەئاژۆکارە کانی ریگاوبان نادرێت .. بەردەوام خەڵکی تیدا ئەچن و کارەسات هەر ڕوونەدات . باشە دەوری پۆلیسی ریگاوبان لە کەم کردنەوەی ئەو کارەساتانەدا چی یە بەوپەڕی کە ئەوان دەزگایەکن بونیان بەسەلامەتی هاوولاتیانەوە بەستراوە .. هەوڵو تەقەلای ڕۆژانەیان لە مەیانی پارێزگاری ژیانی خەلکیدا چی یە ؟

● هۆی رووداوەکان

هەندێ پرسیارمان لە لێپرسراوێکی بەرێوە بەرایەتی ریگاوبان کرد ، یەکی لەو پرسیارانە هۆی رووداوەکانی ریگاوبان بو .. سەرچاوەکە وەرامی داینەوەو وتی .. هۆی کارەساتو رووداوەکانی ریگاوبان بانەکانی دەرەوی شار نەئەرێتەوە بۆ تەنکەبەری ئەو جادانەو خێرا ئاژۆتنی شوفێرەکانو سەرپێچی کردنیان لە ئامۆژگاری رێگاوبانو جەوت بەرینەوە ، خراپ بەریوە رویشتنیان .

● باشە کاروباری بەریوە بەرایەتی رێگاوبانی دەرەوە چی یە ؟

لە وەرامدا سەرچاوەکە وتی: بەریوەبەرایەتی رێگاوبانی دەرەوە هەوڵێکی زۆری بۆ کەم کردنەوەی رووداوی رێگاوبانی دەرەوە داوەو شتی ئەوتۆی کردوە کە لەوانەیە ئەو رووداوانە کەم کاتەوە .. مەفرەزە سەربازیو مەدەنیکانی بەردەوام جاودێری رێگاکان ئەکەنو بێبشو شەو رۆژ لە جاودێری کردن ناکەون ئەم کارە وای کردوە کە رووداو لە جاران کەمتر بێتەوە .

● سەرپێچی کردن کۆتایی نایەت و ژمارەکانیان قسە دەکەن :

سەرچاوەکە ئەوەی دوپاتە کردۆتەوە کە باسایەکی نەگوراوی وانی یە کە بەهۆی ئەوەوە کارەساتی رێگاو بانەکانی دەرەوە کەمتر کاتەوە ئەویش لەبەر درێژی ئەو رێگایانەو زۆری ئۆتۆمبیل و قەرەباڵغی جادەکان .. لەبەر ئەوە ناتوانرێت سەرپێچی لەو رێگایانەدا بنەبڕکرێت بەڵام کۆمەلی شت هەیە ئەتوانرێ رەچاو کرێن لەوانەیە کارەسات لەو رێگاو بانانەدا کەمتر کاتەوە .. رێگاکانی دەرەوەی شار بکرێت بە دو بەر بۆ رویشتن و گەڕانەوە .. ئۆتۆمبیلەکان پەردەوام قەحس کرێن تا بزانرێت ئەوەندە قایمو مەحکەمن بتوانن بەبێ قورت رێگاکانیان ببڕن .. چاودێری خێرا رویشتن بکرێتو ئەم لاو ئەولای جادەکان بە نایبەتی چاڵو بەرزیەکان چاک بکرێن بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی وەرتەڕانی ئۆتۆمبیلەکان ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە پارێزگاکاندا بەیوندی بە بەریوەبەرایەتی پۆلیسی رێگاوبانەوە کردوە تا بزانێت لە رێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری ئەو پارێزگایانەدا چەن کارەسات روی داوە لە پارێزگاکانی .. بابل کەربەلا .. واست .. دیالە .. ئەنبار .. قادسیە .. زیقار میسان .. بەسرە .. موسەنا .. تامیم .. دهۆک .. سلیمانیە .. هەولێر .. ئەینەوا بەسەر زمیردا دەرکەوتوە کە ساڵی بار لە رێگاوبانەکانی دەرەوەدا ٤ هەزارو ٨٥٤ تامیون و وەرگەران و شێلان رویداوە کە ئەم رووداوانە بونەتە هۆی مردنی زیاد لە ٨٣١ کەس و بریندارکردنی ٢٧١٤ کەس .

رێگای بەسرا بە مەترسی ترین رێگایەو لە هەموو رێگاکانی تر رووداوی زیاتر تیا ڕو ئەدات بەراده یەک بۆئەشەقامی خۆئین .. لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابوردودا ١٤٨٣ رووداوی تیا رووداوە ئەم رووداوانە بونەتە هۆی مردنی ١٠٣ کەس و بریندار بونی ٦٠١ کەس .. رووداوەکانی پێنج مانگی رابوردوی ئەو جادەیە گەیشتونەتە ٧٤٦ رووداو ، ئەو کارەساتانە بونەتە هۆی مردنی ٤٨ کەس و بریندار بونی ٦٠١ کەسی تر .

● پێشنیارەکان ..

دوای ئەوەی باسمان کردولەگەل ئەو هەمو ژمارانەدا خستمانە پێش چاو پێشنیاری ئەوەئەکەین :ـ

زوربەی بەریوە بەرانی پارێزگاکان ئەوەیان دوپاتە کردوتەوە کە زۆربەی زۆری ئەم کارەسات و رووداوانە لە ئەنجامی خێرا ئاژوانەوەرو ئەدات لەگەل گوێ نەدانە ئامۆژگاریکانی رێگاوبان و هەندێکیشیان بەهۆی ماندوبون و هیلاکی شۆفێرەکانەوە روی داوە .

● بەگورچو گوڵو هەرلە ئێستاوە رێگاوبانەکانی دەرەوە بکرێن بە دو جادەیەکیکیان بۆ چون ئەوەی تریان بۆ گەڕانەوە .. لەگەل دروست کردنی شەقامێکی تایبەتی بۆ لۆری گەورە ..

● ئەو کەسانەی لەمەفرەزەکانی رێگاوباندا ئیش ئەکەن بارەی زیادەیان بدرێتی لەبەر ئەوەی کە زۆر هیلاک ئەبن و ئیشەکەیان نارەحەتە .

● دروست کردنی نوختەی چاودێری لە نیوان هەر ٥٠ کیلومەترێکا بۆ مەفرەزەکانی رێگاوبان و دروست کردنی تازینوی پشودان لە نیوان هەر ٢٥ کیلومەترەیەکدا بۆ هاوولاتیان تا لە رێگادا پشوی تیابدەن ..

● هەرکەسی لەو رێگاوبانانە سەرپێچی کرد ٥٠ دیناری لێ بسێنرێت بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوی ئەو کەسە کێیە ..

● بەکار هێنانی ئەو شتە تازانەی کەراستەو خۆ شۆفێری سەرخۆش دەرئەخات و روخسەتی ئۆتومبیل لێخورینی لێ بسێنرێتەوە .. باش ئەمەهیوامان وایەکە بەریوەبەرایەتی گشتی ی رێگاوبان ئەم پێشنیارانەمان پشت گوی نەخات و بە چاکی لییان بکۆڵێتەوە ..

Institut Kurde de Paris

یاسا، لە دایك بووی واقعە، بپەیرەوەکانی لەواقعەوەو لە باوەڕو فەلسەفەی بەرزی دەولەتەوە وەربگرێ و لە بەر رووناکی واقع دائەگۆڕێ.

باشترین پاداشت بو بۆ دڵسۆزەکانیو توند ترین سزا بۆ بۆ لەپێ لادەرەکان، ئەمە ئەو دروشمەیە کە وەك ئەلێك پێویستە کاری پێبکەین.

وەك هاونیشتمانی شانازی ئەکەینو سەر بەرزین بەشۆڕشو بنیاتنانە نوێکەمان، کاتێ کە کەسانی تر باسی ئەم شۆڕشە مەزنە ئەکەن، هەروەك هاوڕێ فلیح جاسم بەوردی دەستی بۆ کێشا ئێمە لەمشوێنەدا دو ڕیزمان بینی، وە ریزکردن لە ئێوان کرێکارەکاندا زیاتر بو تا لەناو کاربەدەستەکانا (هەندێك هاوڕێی وریانەبێ) سوباسی مەوزوعیەتیان ئەکەین کە قسەیان بێ کرد بۆ دیاری کردنی مەسئولیەت لە دەوری کرێکاردا.

لە کۆمەڵی عیراقدا، نەقابەچێتی ڕەفز کراوە، نەقابەچێتی، بیرنکی ناشۆڕشگیریە، وە نەقابەچێتی، نەقابی نیە، نەقابیەتی ئەوە نیە کە مرۆڤ لە نەقابەدا ڕێکخراوێ، نەقابەچێتی دەرگا داخستنە، بەرگری بە بەڕی بژوانی (انصر أخاك ظالما أو مظلوما) هەندێ (انصر أخاك ظالما أو مظلوما) وا لێك ئەدانەوە. تا ئەگەر هەڵەش بو پشتی بگرە، لە کاتێکدا لێکدانەوەی بەراستی ئەوەیە، کاتێ هەڵە ئەکات ڕێگای نیشان بدە، بەمانای لێبرسەرەوە بەوە ڕێگای بۆ دیاری بکەو ئاراستەی بکە.

ئەو نەقابەچێتیەی وای ئەوێ هەر جوتیار بێ تا بەرگری لە جوتیاران بەتەنیا بکات، بەعسی نیەو شۆڕشگێڕ نیەو نامانەوێ.

ئەوەی ئەیەوێت بەتەنیا بەرگری لە کرێکاران بکات هەتا ئەگەر هەڵەش بو، نامانەوێو بەعسی نیە.

بەعسی ئەو ئینسانەیە هەمو کۆمەڵ ئەبینی، ئەو ئینسانەی هەمو کۆمەڵ ئەبینێو بەئیمکر لەگەلیا ئەبێو ئەیەوێ ئاواتی جەوساوەکان لە عیراق بەدی بهێنی، ئەوە بەعسیەو ئەوە شوڕشگێڕە ئەگەر بەعسی بێ یان بەعسی نەبێ.

ئەو وەزیرەی بەرگری لە هەڵەی کاربەدەستەکانی ئەکاتو کە هەڵەیان بۆ سەرگردایەتی سیاسی دیاری ناکات، بەعسی نیەو نیشتمان پەروەر نیەو شۆڕشگێڕ نیە، هەروەها سەرۆکی دەزگاو بەڕێوەبەری کشتیش.

هەڵەو لەڕێلادانی ڕێك نەخستنی، گوێ نەدان بەفرمانو کاروبار، ڕێز نەگرتنی ڕەقابەو لێکۆڵینەوەو بەدوادا چون، لە دەولەتی عیراقدانیە. هەر لە کاربەدەستەکانەوە تا کرێکار پێویستە محاسەبە بکرێن، سەرۆکی دەزگا لەبەرێوەبەری کشتی توند تر محاسەبە بکرێ کە لەبەردەستیایەتی، پێویستە لێژنەی نەقابی توندتر لەکرێکارێ محاسەبە بکرێ، زیاترو وریاو ئاگادارو بەرزتر لەڕوی مەوقعەوە پێویستە حساب لەگەلیا توند بێت.

کە باسی سەرنج دانەوەی یاسای کار ئەکەین لە ڕوو نووسی بەرنامەدا سەل ئەکەینەوە، زۆر سەیرە، هەروەك یاسای کار لەلایەکی ترەوە بۆمان هاتبێت، هەر ئەو سەرۆکایەتیە نیە کە یاساکەی داناوە؟ ئەوا ئەمڕۆ سەرنجی ئەداتەوەو جاکی ئەکاتو کەلەبەرەکانی بڕ ئەکاتەوە سبەینیش کەلەبەری تیا ئەبینێو ئەیکۆڕێت، یاسا هی واقیعە ئەحکامەکانی لە جولانەوەی واقیعەوەو لەباوەڕو فەلسەفەی بەرزی دەولەتەوە وەرئەگرێو لەبەر ڕوناکی ئەودا ئەگۆڕێ، هەموو نوێیەك کۆن لانەبات و نوێ کە کۆن بو پێویستە لە قۆناغی داهاتودا لابرێ، ئەمە ئەحکامی یاساو تۆڕانێتی.

بەڵام یاسا لەلایەن کەسەوە دەسکاری نەکرێ گوایە قورئانە، ئەمە لە دەولەتی عیراقا یاسامان نیە وەك قورئان بێ، هەتا دەستوریش. دەستور لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر ئەگۆڕێنو لەبەر ڕوناکی سودی گەلدا، ئایا برایانی کرێکار، بەم مەوقعەی خۆتان ڕازی ئەبن وەك دوا مەوقع بێو نەتونجێ بەرەو باشتر بگۆڕێ؟

بێگومان نە، جا ئەگەر کەلەبەری تایبەت بۆچی لێمان گیربێت؟ چ لایەنێك لە ئێمە شۆڕشگێڕترە؟ ئەوەی ئەم یاسایەی دروست کرد هەمان سەرکردایەتیە لەم کویونەوەیەدا ڕووتوسی کاری ئەم کۆبونەوەیەی بەرچاو خستووەو هەمان سەرکردەیە، کە، یاسای کاری دروست کرد. ئەو بەتەنگەوە هاتنەی باری سەرنجێکی تەسکی هەیەو کۆمەڵ بە تشتی نابینێ بە تەنگەوە هاتنێکە قبوڵی ناکەین، نمونەمان سەبارەت هەڵەی کرێکاران بەرچاو خستو نمونە زۆرە، ئەگەر دەوری برایەنی جوتیاران هات، لە کەرتی کشتوکالدا دەرئەکەوێت، بەڵام ئێم بڵێین چەند کرێکارو جوتیار لە ڕێکخستنی فرۆکەکانی ڕێگای ئاسمانی عیراق بەربرسیارن. چەند فەلاحو کرێکار لە پشکنینی گومرگدا کارئەکەنو لە دائرەی طابۆو کاروبارە بەستەکانی، ئەم مامەلە بەستانە چیە، هاونیشتمانیەکان لەم دائیرانەدا ڕوو بە رووبان ئەبێو سکاڵای لە دەست ئەکەن؟ چەند کرێکارو فەلاح لە جنسیەو دائیرەکانی ترا ئیش ئەکەن؟ لیستەیەکی دورو درێژی قسە هەیە، بەڵام، برایانی کرێکار هەمیشە ویژدانی شۆڕش ئەبنو داوای ئامادەبوونی زیاتریان لێ ئەکات چونکە سودیان لە ئەنجامی بنیاتنانی شۆڕشدا بە حسابی لایەکانی تری ڕێلەکانی کەلی عیراق زیاترو گەورەترە.

ناگونجێ لێژنەی نەقابی بێت بە مدیر عام بڵێ لە بەرهەمدا کەلەبەر هەبەو ئەو مدیر عامە بەدرێژایی شەو ئەلەرزێو نەخشەیەك دانەنێو لە ئەلیانا نەکەوێتە کار بۆ بڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە، بەڵام کە لێژنەی نەقابە بێدەنگبو مدیر عامەکەش بێدەنگ نەبێ، لەهەمان کاتا مدیر عامی بەهیمەتو دڵسۆز بۆ کارەکەیو وریاو ئاگادار ئەبێ نەخشەی زیادکردنی بەرهەم دائەنێو من لەو باوەڕەدا نیم کرێکاران بتوانن لەڕوی نەخشەی وادا بوەستن، حالەت ڕوئەداو ڕوی داوە، بەڵام دوای ئەمە، هەندێ کاربەدەست بەتایبەتی سەرپەرشتیکان، کە ئەزانی بیروڕایەك بەرامبەری هەیە، ئەم بیروڕایە لەوانەیە بەرابۆرت بکات و بینە هۆی نان بڕینیو ئەترسێ لەبەر ئەوە هەوڵئەدا کرێکارەکانو ئەوانەی ئیشی لەگەڵا ئەکەن رازیان کات.

لەپێشەوە چەند هەڵەیەك رووی دا، بەڵام ئێستاو دوای ڕابوردنی هەشت ساڵ. برایان هەموو لەسەریانە دڵنیابن، کە کاتێ ڕابۆرتێ ئەگات، زیاتر لەلایەنێك لێی ئەکۆڵێتەوە، ئەو ڕابۆرتەی لە جزبەوە یەت، ڕێکخراوێکی تر لێی ئەکۆڵێتەوە، ئەو ڕابۆرتەی لە کرێکارانەوە یەت سەرچاوەی تر لێی ئەکۆڵێتەوە، ئینسانی عادلو بەتەنگەوە هاتو بەتەنیا پەیدابوونی بیروڕای هەڵە لەکار ناکەوێت.

لەسەر بەعسیەکان پێویستە نمونەبن بۆ کەسانی تر لە ڕوی هیمەتو کارکردنەوە، لە گیانی دیموکراتیانەدا تەواوی بۆ بەڕیوە بردن خۆشکات.

بۆ ئەوەی بە پێی نەخشەیەکی زانستیانە گوێزانەوەی خەلکی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بەرامبەر ڕابوەستێ، بەڵکو سەرلەنوێ تەماشای هەمو یاسایەکی کار کردن ئەکرێتەوە بەڵام بە سیغەیەکی بەرامبەر لەگەل بەرەسەندنی مەسئولیەتوعەقلی شۆڕشگیری لە جومگە زیندۆکانی دەزگاکانی دەولەتدا، لەگەل پێشکەوتنی بەڕیوە بردنێکی دیموکراتیانە هەروەك لە ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا هاتوەو، کە ئیستاکە سەرکردایەتی بە شێوەیەکی جدی ئەیەوێت سیغەیەکی چاکتر بۆ جێبەجێ کردنی بیرو باوەڕەکان بدۆزێتەوە بە سیغەیەکی عەمەلی تاگوێزانەوە لە خۆوە نەگرێت.

بیروڕای ڕاستو مەوزوعی هەڵقڕاو لەبیرو باوەڕەوە وەرئەگرین.. بیروڕای چەوتو نا مەبدئیو نامەوزوعی تا وکو ئەگەر ڕای زوربەش بێت لە یەکێك لە قۆناغەکاندا، یا لە کەرتێك لە کەرتەکاندا، ڕەفزی ئەکەینو ڕێگا ڕاستەکە ئەگرین.. ئەمەیە مەنتیقی کاری شۆڕشگیرانە.. ئابەو جۆرە لە بیرو باوەڕی حیزبەکەمانەوە فیر بوین.. ئەوەی گەورەترین ئەرکی بە سەر شانەوە بێت ئەبێ زیاتر وریا بێت.. ئەگینا گەورە ترین ئەرک بۆ چی.. بۆچی سەرۆکی دەزگایەك سەرۆکی دەزگایەکە.. نابێ ئەو بەڕێوەبەرە کشتیەی لە دوای ئەو دێت ئەبێ لە جێی ئەو بێ، لە بەر ئەوە برایانی سەرکردایەتی لە نزیکانی کرێکاران و

بڕوانە ٧

لە مامەلەیانا پێویستە گەل ڕێزمان بگرێ نەك بترسێ، بێگومان جیاوازیەکی نەوعی گەورە هەیە لە نێوان ڕێزگرتنو ترسدا، لە نێوان ڕێزو نێوان سام لێکردنێکی ڕەفزکراو.

کەواتە لەسەر بەعسیەکان، بە پلەی یەکەم، پێویستە هەروەها بەرەیش، دەست بۆ سەربەخۆکان بکەنەوە تا هەست بەوەبکەن کە زامنیان حزبە. حزب لەسەر ڕێگای ڕاست، نەك حزبیەکان لەسەر ڕێگای بەدیهێنانی سودی شەخسی، بۆیە هەمیشە ئەهمیەتی ڕێکەوتنی دیموکراتی نێوان بەرزو نزم ئەسەلمێنن.

برایان: لە سەلماندنی ئەم ڕاستیانە، مەبەستمان لایەنی شکلی بروپاگەندە نیە، بەلکو ئەوەی پێویستە ئەیاندنی شارەزاییو لێهاتوییە لە زۆر وریاوە بۆ کەمترین وریا پێویستی بە ئەیاندنی بە ئەنگەوەهاتنی زیاترە، لە لایەنی ئەوانەوە زۆر بەتەنگەوەن، بەو کەسانەی کە کەمتر بەتەنگەوەدێن. پێویستی ڕەخساندنی باری فیکریو سایکۆلۆجیە لە نێوان کارگێرانا بەرەو گونجاندن. ئەوەی پێویستە، ئەوەیە بەرهەمی هەوڵو تەقەلای کاری بەکۆمەل دەستخەین.

لە ساڵی ١٩٧٢ وە ئێمە بە نوسراوو ڕاسپاردە لە ئەنجومەنی نەخشەو لە سەرکردایەتی حیزبەوە، ئەسەلمێنن، ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی قطری هەشتەم ئەم مەبدەئەی سەلماندوە، بەڵام لەڕوی کردارەوە، ئەپرسین، کۆبونەوەتان کردوە. کۆڕتان بۆ ئیش کەران بەستوە، وەڵام ئەدەنەوە.. نە.. کە پێویستە ئەمە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتیەوە جێبەجێ بکرایە... سەرۆکی بەڕێز چاوی بە بەڕێوەبەرە گشتیکان ئەکەوێ، ڕاوێژیان لەگەل ئەکات، گوایە سەرۆکی دەزگایەك لە سەرۆکی دەولەت گەورەترە؟! جا کەواتە باوەڕی بەم مەبدەئە نیە، ئەوەشی باوەڕی پێی نەبێ، نامانەوێ.

چەند ئەم مەبدەئە باوەڕپێ بوونمان لەسەر بنەڕەتی حساب کردن دائراوەو ئەزانین ناگونجێ عیراق بنیات بنرێ لەسەر ئەم مەبدەئە نەبێ.

نە لە سەرەتاوە نە ئێستا یە سەلماندنی ئەم مەبدەئە مەبەستمان دروست کردنی ئاژاوەو دیارنەبوونی مەسئولیەتی سەرەکی نەبوە.

لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کار بە کۆمەڵە، بەڵام سەرەکی هەیە. لەسەرکردایەتی خزبدا کار بە کۆمەڵە، بەڵام سەرەکی هەیە، لە لێژنەی باڵای بەرەی نەتەوەیی نیشتمانی بیشکەو توخوازدا کار بە کۆمەڵە، بەڵام سەرەکی ون نابێت، کەواتە بەڕێی تێکەیشتنو بۆچونمان فراوان کردنی بانایی و توونژو بیروڕا گۆڕینەوەو یەك بوونو بڕباردان لەگەل فراوانترین کۆمەڵەی خەلکدا هەرگیز مانای لەبیرچونەوەی ئەهمیەتی بونی سەرەکی نەبوە کە بتوانێ یەکسانیو تەوازنی زامن بکاتو کاتی پێویست بڕیار بەکاربدات.

لەسەر برا وەزیرەکانە ئەم مەبدەئە وەرگرنو بیگەیەننە سەرۆك دەزگاکانو بەڕێوەبەرە گشتیکان. لەسەر سەرۆك دەزگاکانو بەڕێوەبەرەکانە ئەم مەبدەئە بگەیەننە هەمو کاربەدەستو کارگێرەکان.

لەسەر لێژنە نەقابیەکانە پێشەنگی ئەوانەی ترین لە کارکردناو ئەرکی ڕاسپاردن بەکاری نەقابی ئەکەنە وەسیلەی ڕاکردن لە کارکردنو بێدەنگی لە هەڵە بکەنە ڕێگای هەڵپژاردنەوەیان لە دەورەی داهاتوی مەوقعی نەقابیدا، لەسەر بەعسیەکانە هەمیشە باوەڕی خۆیان... باوەڕی حزبەکەیان هەمیشە لەپێش چاویانبێ، لەسەر حزبو هێزە نیشتمانیەکانی ناوبەرەیە هەمیشە باوەڕی لەبەر چاویبێو کاری وانەکا بە مەبەستی کەسب کردن لەسەر حسابی باوەڕیو لەسەر حسابی ئەوەی بەلای خۆیەوە مەوزوعیە، ڕاستر پێویستە لەسەر هەمومان عیراقێکی نوێ بنیات بنێین لەسەر ڕێزەوی هەست کردنی باڵا بە بەرەپێدان لە هەموو لایەنێکەوە.

تا وەکو کەلەبەرێك، یا مەسەلەیەك بخەینە ڕوو کە پێویستە لە یاسای کارکردنا، لە لایەن سەرکردایەتی حیزبەوە، لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە لێی بکۆڵرێتەوە.. بە تەنیا باسێك بو براکرێکارەکانمان ئەکەین تا وەکو ببینن.. ئەو یاسا پێویستەی کە ئەبێ بەزیندویی بمێنێتەوە، وانە تازە لە کۆنەوە پێتەکایەوەو بەنالی کۆنەوە، ئەبێ ئەم کردارە وەك زیان بەزیندویی بمێنێتەوە.. زوربەی بابیرانتان مردون چونکە ئێژە نوێن، باوکانتان نوێیە.. ئەمە یاسایەکە لە یاساکانی ژیان، مەسەلەی گوێزانەوە لەشوێنێکەوە بۆ جێگایەکی تر.. لە پارێزگایەکەوە بۆ یەکێکی تر، ئەم دەقە بۆچی هاتۆتەکایەوە.. پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم دەقە ڕێکامان بدەن کەمێك لە مەفهومی ئیشی نیقابەگەری بدوێین لە پێش شۆڕشداو لە ژێر سایەی ڕژێمە کۆنە بەرستەکاندا، لەگەل مەفهومی نیقابەگەری دوای شۆڕشو لە ژێر سایەی ڕژێمکی شۆڕشگیردا.. ئەوەی نوێنەری کرێکاران و جوتیارانە.. هتد. کاری نیقابی پێش شۆڕش روکارێك بوو لە روکارەکانی ئیشی سیاسی شۆڕشگیرانە. ئەویش بۆ سەرلێشیواندنی ڕژێمە کۆنە بەرستەکانو دەرخستنی هەلەو کەموکورێکانی.

وە لەبەر ئەوەی ڕژێمە کۆنەپەرستەکن، سایکۆلۆژیو فیکریو تەبیقی دژی چینی کرێکار بون، لە بەر ئەوە بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندی خۆی هاوکاری ئەکات هەروەها بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتی حیزبە شۆڕشگیرەکان. بەڵام دوای شۆڕش، ئەگەر ئەم کاری نیقابیە هەر وا مایەوە، یا لایەنێکی، ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەمانەوێ لە سەر ئەو بیرورایە بمێنینەوە کە ئەڵێت.. دەزگاکانی بەڕیوە بردنی شۆڕشی تەمموز خاوەن کارێکی کۆنە پەرستە، پێویستە بۆ دەستکەوتەکانی نیقابە لە دژی کۆمەك بکەین..

وانەشۆڕشەکەتان شۆڕشگیرانە نیە واتەئەی بەعسیکن حیزبەکەتان شۆڕشگیرنیە.. واتە ئەو مەفهومە ئەمێنیتەوە، واتە قوناغێك ماوە بۆ هاتنی حیزبێك کە لە ئێوە شۆڕشگیرتر بێت، تا بیتە نوێنەری کرێکارو جوتیار تا ئەو مەفهومە نیقابیە لاچێت.

خاڵێك لەو خاڵانە وەر ئەگرین، بۆچی لە یاسایەکدا ئەو دەقەی تیا دروست بوە کە ئالوزی ئەخاتە بەردەم گوێزانەوەی کرێکارێك لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر.

بەدەرجەیەکی بنچینەیی ئاشکرایە، کە پێویستی ژیانو هەڵو مەرجێکی بەرامبەر لەگەل مانگانەی کرێکارو ڕۆژانەکەیدا مەودای تەنگەبەرە ئەوکرێکارەی ڕۆژانەکەی ٦٥٠ فلسە یا ٧٥٠ فلسە ناتوانێت ڕۆژێك نە عەمارە بژیو ڕۆژێکی تر لە ناسریە سێهەم جار لە بەسراو پێویستی بە خانوبەرەیەك هەیە، بەڵام کاتێك خانو بەرەی بۆ ئامادەکراو ڕۆژانەی کرێکارەکە ئەوەند زیاد کرا کە کرێ کرێکار (س) بۆ نمونە وەك کرێی دامەزراوێکی کۆلیجی (ص) لێ هات ئەو دەقە ئەمێنێتەوە. ئەو دەقە نامێنیتەوە.. کاتێ خانوبەرە بۆ کرێکار دابین ئەکرێت، تاقمێك لەوانەی ڕۆژانەکانیان گەورەیە وەرئەترین. کە بەلایەنی زۆرەوە تەکنیکین، ئەوکاتە ئەو دەقە بە جۆرێك ئەگورین کە ڕێگا بە

بڕوانە ٧

پێویستە گەلەکەمان، وەلەسایی شۆڕشدا گەلێکی کارگێڕی بەدەستەنگەوە هاتووبێ و بەوپەڕی ئەتوانا وە دەسەلاتی خێرخوازی بەکاربهێنێ

Institut Kurde de Paris

- صلاح احمد -

لە دانیشتنێکی نیمچە ئەدەبی‌دا لە گەل شاعیرێکی لاو باسی ئەدەبی جەوهەر و چەماوەری ئەدەبمان ئەکرد. لە پڕ ئێکا لەگەل دیاردەیەکدا روو بەروو بووینەوە، کە تا ئەو ساتە بەو جۆرە سەرنجی رانەکێشابووین و، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەو.. جیهانی ئەدەبیش‌دا بەر چاوەان نەکەوتبوو.. ئەویش:

ئەبوونی خوێنەری ئەدەبی کوردییە !؟

● بە لێ.. ! ئەدەبی کوردی خوێنەری نییە.

- ئەی کەوابوو ئەدیب و نووسەران بۆ کێ ئەنووسن ؟!

● بۆ خۆیان و.. بەس.

بەلام مەسەلەکە لێرەدا دوو سەرەیە، سەرەی یەکەمیان ئەوەیە: نووسەران هەر بۆ خۆیان ئەنووسن و، هەر خۆشیان خوێنەری خۆیانن.. واتە کۆمەڵێکن تێکەڵ بە کەس و بە هیچ لایەکی تر نابن، چونکە هەر لە هەقی خۆیان دێن و ئایانبەرێتە سەر هیچی تر.

سەرەی دووەمیش ئەوەیە: خوێنەرانیش هەر کە لەلای خۆیەوە نووسەرەو ئەدیب.

راستە ئەبێ هەموو ئەدیبێك، لە سەرەتاداو.. یا دواییش، خوێنەرێکی «چاك» بێت. بەلام مەرج نییە هەموو «خوێنەرێکی چاك» ببێتە «ئەدیبێکی چاك»، یان تەنانەت خرابیش.. جای «خوێنەرێکی خراپ» ؟! چونکە «لە هەموو هەورێك باران نییە».

خوێنەری ئەدەبی کوردی، جیا لە شت خوێنەرانی جیهان، هەرکە زانی شتێك لە ئەدەب، یان لە چەند بەرهەمێکی ئەدەبی تێئەگات، جا بەراست بێت یان بە چەواشەیی، ئیتر یەك و دووی لێ ناکات.. ئەمەش رەنگە لە لایەکەوە هەق بێت.. چونکە هەندێکی وا ناویان بە ئەدیب، یان نووسەر دەرکردووە، کە بەراستی لەو خوێنەرانە زیاتریان لە باردا نییەو، خوێنەریش کە چاوی بە نووسینەکانیان ئەکەوێت، ئەزانێت ئەویش وەك ئەوانی بێ ئەکرێت، ئیتر کە وابوو بۆ دەست ئەدانە نووسین ؟!... ئەکەر چی ئەمەشیان دیاردەیەکە هەر لە ئەنجامی نووسینی خوێنەران و بێ سەرەوبەرەیی بلاوکردنەوەوە سەری هەلداوەو تا بێتیش زیاتر بەرەو نیکچوون ئەچێت.

بۆیە.. ئەکەر چیش هەموو خوێنەرێك هەقی خۆیەتی لەکۆی نووسینەدا خۆی تاقی بکاتەوە.. بەلام، کە زانی و زانرا، ئەم بەهرەیە تیا نییە.. ئەو ساکە نووسەران و خوێنەرانیش هەقی خۆیانە بێی بلێن: بەس و.. ئەهێلن بە خۆڕایی سەری خۆی و خەلکیش بهێنێتە ئێش.

خۆزگا عەقلێکی ئەلکترۆنی هەبوایەو، بە بێی بێودانکەکانی «ئەدەبی راستەقینە» تەرازووی دادگای ئەدەبی بدرایەتە دەست و، بلاو کردنەوەو بلاونەکردنەوەی هەموو بەرهەمێك بە دەست ئەو بوایەو، کەس نووشی «جنیۆ» و «هەرەشە» و هتد.. یش نەبوایە.

ئەمە خۆزگەیەکە بە دی هاتنی ئەوەندەی ئەماوەو.. ئەوانی پێشووشی ئەکەوتە بەرو.. ئەك هەر لەلای ئێمە لە هەموو دنیادا «رەش» و «سپی» لێك جیا ئەکرێتەوە.

ئەی تۆ ئەلێی چی ؟

هەوڵێك

شاعیری یاخی

- ئۆرینی : «رۆشنبیری»

ساڵی ١٨٥١ بوو کە لوئیس ناپلیۆنی براژای ناپلیۆن پۆناپارت حکومەتی فەرەنسای ساڵی ئەرایەوەو حوکمی کرد بە حاکمو بیتر کۆشکی باسمین کە ئەلێ خوێن رشتنی بە خۆیەوە دیبوو، پڕ ببوو لە سەربازو خەلکیکی زۆری لووڕە.

لە پڕئکا یەکێ لەناو حەکیمەکانەوە دەربەڕی و سەرنجیانی راکێشا بەوەی کە ئەو سازدی دایە لای عارەبانە رازاوەکەی ناو حەوشەی نۆتردامەو لەگەل (لوئیس)دا کردی بە قسەو مریلی کەرم. دوای بە دەنگی بەرزی هاواری کردە حەلقەی ئەو دەرگای ناپلیۆنە بچکووکەی شاهانەی داگیرکرد ئەدوا.

ئەو یاخیبوە سەیرە لە سولتانی باستیل، یەکێ بوو لە ئەدیبو شاعیرە هەرە مەزنەکانی فەرەنسا.. فیکتۆر ماری هۆگۆ بوو.

هەستو سۆزی چمهوریانەی توندو تیژی هۆگۆ تووشی ئەوەیان دەکرد فڕێ بدرێتە بەندیخانەوە، ئەگەر براەزە نزیکەکانی ئامۆزگاریان نەکردایە کە رابکاتو خۆی لە کاربەدەستان بشارێتەوە، بە تایبەتی کۆششی کچە ئەکتەری قەشەنگ (جۆلیت دروێ) بە فریای کەوتو یاریدەی دا بە یەرگی کرێکارێکی ساکارەوە رابکات بۆ (برۆکسل) و لەوێوە خۆی بگەیەنێتە دوورگەکانی کەنال (نۆ دوورکە بجووکن دەکەوونە کەنالی ئنگلیزی‌یەوە بە لای رۆژئاوای نیمچە دوورگەی نۆرماندی‌ی فەرەنسایی‌دا). ئەوێ حەفدە ساڵی دوور لە وڵات بردەسەر.

هۆگۆی دانەری بەرزترین رۆمانی فەرەنسی وەك (خانمەکەمان.. پاریس و کلۆژان) رۆژی (٢٦)ی شوباتی ١٨٠٢ لە شاری بیساۆز لە دایك بوو.

خەلاتی شەرافەتمەندی و ئەشانەوەی نەسێتیرە

ساڵانی سەرەتای ژیانی لە منالی‌یەوە تا لاوی سەختو پڕ لە ئازاوە بوو. باپیری دارتاش بوو. لەوماوە ستەمکارەدا باوکی هۆگۆ لە سوپای ئیمپراتۆر ناپلیۆن پۆناپارتدا پێکەیشتو بەشداری شەڕەکانی بوو تا بوە ژەنەرال و کرا بە حکمی شاری (مەدرید) و دوایی پاریدەدەری تایبەتی شای (ناپۆلی).

کە ئیمپراتورێتە فراوانەکەی ناپلیۆن هەرەسی هێنا، بەختی بنەمالەی هۆگۆ لە بەختی ئیمپراتورێتەکە چاکتر نەبوو، چونکە ئەو ناوبانگەی پووکایەوەو هۆگۆ بە ناچاری کەوتە بەر ئەرکی ژیانی هەزاری و دەست کورتی‌یەوە لە پاریسدا.

کە تەمەنی گەیشتە چواردە ساڵان بە باوەڕێکی بڵاوە بەخۆی و بەهەرەو توانای، بڕیاری‌دا ئەدەب بکاتە بنەما و کەوتە نووسینی شعری مەلحەمی و شعری رۆمانسیانەی پڕ لە هەستو سۆزی ناسك، جگە لە ئۆپەرای کۆمیدی.

دوای ساڵێك هۆگۆ لە لایەن ئاکادیمیای فەرەنسی‌یەوە بەرامبەر بەو شیعرە کاریگەرانەی، خەلاتی شەرافەتمەندی درایەو ئەوە سەرەتای ناوبانگی بوو.

ساڵی ١٨٢٢ کۆمەلە شیعری یەکەمی دەرکرد کە رەواجێکی باشی بوو، و شا لە پاداشتیدا چل (جنیەی) نستەرلینی بۆ کردە خەلاتی ساڵانەی کە دەدرا بە کرێی ئەو بانسیۆنەدا کە تیا دانیشتبوو ئەمەش کاریکردە سەر رێبازی ژیانی و یاریدەی دا ژن بهێنێ.

شۆڕەسوارو پێشرەوی رۆمانسیزم

ساڵ لەدوای ساڵ ناوبانگی هۆگۆ کەشەی دەسەندو وای لێکرد ببێتە پێشرەوی بزووتنەوەی رۆمانسیزمی فەرەنسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا و کەلێ رۆمانو شانۆکەری و شیعری کۆزانی‌ی جوانی پێشکەش کرد.

بەلام رۆمانە پەنوبانگەکەی (خانمەکەمان.. پاریس) کە لە کۆڕی ئەدەبیاتی ئەوسەمادا هەرای نایەوە، ساڵی ١٨٢١ بلاوی کردەوە. رۆمانەکە بەراستێڕی و ئەمانەتەوە باسی میزاجو باری ژیانی پاریس دەکا بە هەموو رەنگ و رووی‌یەوە لە سەدەی پانزەهەمدا.

ساڵی ١٨٤٦ هۆگۆ رووی کردە زانیاری سیاسی و شان‌بەشانی ئەدەبەکەی و بە هەمان حوماسەتەوە پێوەی خەریك بوو. هەولی‌دا بیروباوەڕە لیبرالی‌یەکانی بەکردەوە جێبەجێ بکا. لە کتێبی (دوا رۆژانی پیاوێکی تاوانبار)دا، خوی خستە حالەتی تۆناهباریك و تۆناهەکەی لە رووی حاکمەکاندا پووچ دەکردەوە، تا ئەو حوکمی مردنە هەلوەشێنیتەوە کە بە سەریدا درابوو.

دوای شۆڕشی ١٨٤٨ لە فەرەنسا هۆگۆ بوە ئەندامێکی دیاری کۆمەلەی نیشتمانی. بەلام لەبەر ئەوەی قسەی زۆر لە رووبوو، وە بە ئاشکرا هەموو بیروباوەڕە تایبەتی‌یەکانی خۆی دەردەبڕی، کێچەلی زۆر تووش دەبوو. ئینجا ئەنجامی هێرش بردنی بەردەوامی بۆ سەر لوئیس ناپلیۆن، بڕیار درا لە فەرەنسا دووربخرێتەوە.

لە خانوەکەیدا لە دووروگەکانی کەنال کە دوورەوانی بەسەر دەربادا، بەردەوام لەسەر نووسینو سۆزی بۆ نیشتمانو یادەنارەکانی تێدا دەردەبڕین.

ساڵی ١٨٦٢ (کلۆلان)ی بڵاوکردەوە کە ئەوبەری کلۆلی و کوێرەوەری هەژارانی تیدا دەنوێنی لە کۆمەڵدا.. ئەو کلۆلانەی کەسێکیان نی‌یە بیان یارێزێو لە کوێرەوەری‌یان کەم‌بکاتەوە.

ناشکرایە هۆگۆ ئەوەی بە نووسین دەیووت بەکردەوە جێبەجێ دەکرد. بۆیە هەموو هەفتەیەك جارێ سفرەی بە خۆشترین خواردن بۆ منداله هەژارەکان دەرازاندەوە.

کە شەڕ لە یەکی ئەیلوولی ١٨٧٠دا لە نێوان فەرەنسا و پرووسیادا رووی‌دا و ئەنها سێ رۆژی خایاند، سوپای فەرەنسا لە شەڕی (سیدان) تەواو شکاو لوئیس ناپلیۆن خۆی سەرکردایەتی دەکردو بە دیل گیراو دوایی دوور خرایەوەو ئینجا رژێم کرایەوە بە جمهوری‌و هۆگۆ توانی بگەڕێتەوە فەرەنسا.

گەڕانەوەی هۆگۆ بۆ پاریس وەك سەرکەوتنێکی سوپایی بوو کە رووی کردە ئەو جەماهیرەی هانبوون بەپیری‌یەوەو وتی: «ئێوە بە یەك سەعاتی ئەم بەخێرهاتنە جوانەتان بۆ من ئازاری ئاوارەیی بیست ساڵەم لە بیردەبەنەوە».

بەلام شەڕ لەگەل پرووسیاد هێشتا کۆتایی نەهاتبوو. هۆگۆش وەك هاونیشتمانی‌یەکانی هەر پرسێتی و هەژاری دەچەشت ئەنجامی نابووقەدانی پاریسو ئەو پرسی‌یانەی زەمەك خواردنی کۆشتی مشکیان دەسکەوتایە بەختەوەر دەبوون. ئەو بارەیەشی کۆدەکرایەوەو بە تایبەتی دەسکەوتی کتێبەکانی هۆگۆ بە تایبەتی کتێبی (سزا)، تۆپو تفەنگو جبەخانەی پێدەکردرا بو پاراستنی بایتەختی ئابلووقەدراو.

هۆگۆ دوای ئەوەی پانزە ساڵی تر ژیاو کە ساڵی ١٨٨٥ دوا هەناسەی‌دا، دوو ملیۆن فەرەنسی دوای ئەرمەکەی کەوتن. دوا داخوازیشی ئەوەبوو لە تابووتیکی هەژاراندا بی‌نێژن.



ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی

لە نێوان «رۆشنبیری»یەکی

- حسین عارف -

کاك محمد رشید فتاح لە ژمارەی پێشوودا وتارێکی بە ناوی (چیرۆکە دەروونیەکان)ەوە لە عەرەبی‌یەوە کردبوو بە کوردی کە بە شێوەیەکی ئشتی‌و بە کورتی باس لە پەیدا بوونی چیرۆکی سایکۆلۆژی دەکا لە ئەدەبداو گەشە سەندنی بەشێوەیەکی تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی تیورەکانی (فرۆید) دەربارەی زانستی دەروون. بەلام من بەو بۆنەیەوە لێرەدا هەول دەدەم باسەکە نزیکتر بکەمەوەو پتر وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئاخۆ چیرۆکی سایکۆلۆژی چی‌یەو چۆنەو کام چیرۆك پێی دەووترێ سایکۆلۆژی ؟!

ئاشکرایە زانا دەروون شوناسەکان شێوەو جۆری هەلس‌و کەوتو رەووشتو رەفتاری مرۆڤ دەدەنە پاڵ هۆیەك یا هێزێك کە لەناخی دەروونداکاری خۆی دەکاتو بە دیوی دەرەوەدا رەنگ دەداتەوە، کە غەریزەکان لەم رووەوە دەوری سەرەکی دەبینن. واتە لای ئەوان رەگی نهێنی‌یەکانی ژیانی مرۆڤ لە جیهانی ناو خۆیدا.. لە ناخی دەروو نیدایە. ئەمە لە لای (فرۆید)و لایەنگرانی. بەلام لای هەندێکی تر لە دەروون شوناسەکانو لە پێشمیانەوە (ولیم رایش) کە پێیان دەووترێ چەپی فرۆید وەك ئەوانی‌تر جیهانی دەرەوەی مرۆڤ ناخەنە پشت گوێو وای دادەنین کە بەگۆڕینی ئەم، جیهانی ناوەوەی دەگۆڕدرێ، ئەگەرچی غەریزەو سێکس‌و گرێو گرفتو.. هتد، لە جیهانی ناوەوەدا بە سەر دەرەوەدا کاریگەرن.

بەم پێیە دەبێ ئەرکی سەرشانی چیرۆك نووسی سایکۆلۆژیست چی بێو ئەگەر بیەوێ چیرۆکێکی سایکۆلۆژی بنووسێ چی بکات ؟! دیارە دەبێ بایەخی سەرەکی بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ بداو لە سەر رۆشنایی زانستی‌ی دەروون‌بە بنچو بڕخی نهێنی‌یەکانی ناو دەروونی کەسانی چیرۆکەکەیدا بچێتە خوارەوەو بە شێوەیەکی هونەرمەندانە کە جیای دەکاتەوە لە زانستەرووتەکە، ئاشکرایان بکاتو ئەو ئامانجو مەبەستەیان پێ بدا بە دەستەوە کە بۆیان چوە. بەلام لەرووی هونەری‌یەوە چۆن ئەمە دەکا ؟!

لە وتارەکەی کاك محمد رشید فتاحدا چیرۆك نووسە سایکۆلۆژیستەکان کراوون بە دوو بەشەوە: رەسەنەکان‌و لاسایی‌کەرەوە ئارەسەنەکان. ئەمە راستە.. بەلام رەسەنەکان بەچیدا رەسەنن ؟!

بە سەرزای لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە سایکۆلۆژی‌یانەدا وادەردەکەوێ کە لە نێوانی دایالۆج یا مۆنۆلوج یا لە رێگای وەسف کردنی راستەوخۆی چیرۆك نووسەوە دەنوێنرێ، بەنایبەتی مۆنۆلۆج کە مرۆڤ (کە سانی چیرۆك) خۆی لە کەل خۆیدا دەدوێو بەبێ ترس لە رەقیب (لە مرۆڤێکی تر) بە سەربەستی هەرچی لە دڵدایە.. حەزو ئارەزوو، رقو کینە، بڕیاری نهێنی، نیازی چاکو خراب... هتد بۆ خۆی دەردەبڕێ، کە ئەمانە هەموو شتی جیهانی ناوەوەی ئەو مرۆڤەنو تەنها خۆی لێیان ئاگادارەو لەناخیدا دەسووڕێن. بەلام دایالووجو وەسف کردنی چیرۆك نووس رەنگ دانەوەی مۆنۆلۆجن بە (سلبی یا ایجابی) بەدیوی دەرەوەدا کە شێوەی گفتو گۆو هەلس‌و کەوتو رەفتارو کرداری مرۆڤەکە دەنوێنن وەك ئەوەی بە مۆنۆلۆج بە خۆی بڵێ: «ئەم کایرایە بە چکەرەکێشان هەراسانی کردم!».. ئینجا بە دایالۆج پێی بڵێ: «تۆ چکەرە زۆر دەکێشی!» دوایی بە وەسف کردنی چیرۆك نووس: «لە ئەنیشتی‌یەوە هەلساو چوو لەولاوە دانیشت».

لە کەل ئەوەشدا نهێنی‌ی رەسەنی ئەو چیرۆك نووسانە تەنها لەوەدایە کە لەم سێ قۆلی‌یەدا ئەواو بەهەردارو وەستاو شارەزابن، بەلکوو لەوەدایە لەهەرسێکیان پێکەوە شتە سەرەکی‌یەکە.. مەبەستە سەرەکی‌یەکەی پێك بهێنێت (ئامانجە سایکۆلۆژی‌یەکە) و بیدات بە دەستەوە. ئەو لە ئەسڵدا چی مەبەستە بوو ؟!. با بڵێین مەبەستی بوو. هێزی سێکسی ناو ناخی مرۆڤێك بگاتە هۆی ئەوەی خرابەکاری‌یەك بکا کە لە عورفی کۆمەڵدا خرابەیە کە هەشن دەڵێن ئەخێر هۆی ئەو خرابەکاری‌یە برسێتی‌و دەست کورتی‌یە. جا کەوابوو ئەو لەسەرچەمی کارەساتەکانی چیرۆکەکەی کە لە نێوانی سێ قۆلی‌یەکەوە نواندنی‌و هەلیسووڕاندن، لە بنەڕەتدا ئەمەی مەبەستەو لە سەر رۆشنایی ئەو ئایدۆلۆژیا تایبەتی‌یەی خۆی لێ بدووێو تەقەلا دەدابیسە لمینێ. ئەمەیە مەبەستە سەرەکی‌یەکەی کە بە بەدی هێنانی چیرۆکێکی سایکۆلۆژی دەدا بە دەستەوە. دەنا بە پێچەوانەوە چیرۆکەکە ئاسایی دەردەچێ.



جیهانی رۆژ ناوایی بایەخ بەبیرکردنەوە داهێنەرانە ئەدات بە گشت شێوەو رێبازەکانیەوەو، وەکو کۆ لەکەیەکی پێشکەوتن سەیری ئەکات لە گشت کۆڕێکدا، بیرکردنەوە وەکو جاران تەنها کارێکی ئارەزووانە نییە کە بە ئیلهامو وەحی‌یەوە بەسترابێتەوەو جارجار بێتو جار جاریش نەیەت. بەلکو ئیستا بیرکردنەوە بۆتە کارێکی رێکو پێکی سەر بە هۆشو بی هۆشییە، واتە بێ هۆشی خەزنەی ئیلهامەو، ئەدیبی مەشق کردووش لە سەر ئیلهام وەرگرتن ئەو کەسەیە کە ئەتوانێت داهێنانەکانی خۆی رێك بخاتو، دوکمەی بۆ دابنێتو، بە بێی بارو دۆخو مواسەفاتی تایبەتی کە لە رێگەی تاقی کردنەوەوەفێری بووە دەستی پێدا بنێتو، بیری داهێنەرانەی خۆی لەبن کۆمی بێ هۆشییە سەرخاتە سەر رووی هۆش. تازەش لەم کۆڕەدا ئەوەیە ئەدیب ئەنیا بەوە دانەکەوێت کە وەحی‌خۆیی دلی داکەوێتو ئەنیا ئەوەی لە دەست بێت هۆش‌و بێ هۆشی لە سەر ئیقاعێکی تایبەتی تێکەلاوی یەکتر بکات، بەلکو لە هەولەکانی داهێنانی دا چەندو چوون لە «کۆمەلێك» هۆش‌و بێ هۆشیی دەرەوەی خۆی دا ئەکات.

وا ماوەیەکە دنیا رێبازی «ئەلبرین تریست»، یان کۆمەلە مێشکیکی بیرکەرەوەی ئرتۆئەبەر لە کۆرەکانی زانستو کۆمپانیاکانو ئابووری‌وسیاسەت دا. بەلام رێبازی «ئولتینك تانك»ی نوێ لەهەندێ لایەنی جێ بەجێ کردنی‌دا جیاوازییەکی زۆری لەگەل ئەوەی «تریست»دا هەیە بەلام لە داهێنانی ئەنقەستی بێ هۆشی وا بە ئەواوەنی وەکو ئەوە. لە جێ بە جێ کردنی ئەمانەدا، کۆمەلێك خاوەن مێشك‌دا ئەنیشن‌و بە جۆرێکی لە خۆوە بۆ هاتن دەست ئەکەن بە گفتو گۆ کردن، یان با بەشێوەیەکی وردتر بلێین بە شێوەیەکی بەرەلا یان «شێتانە» (وەك لە کاتی چارەسەرکردنی نەخۆشییە بە کۆمەلەکانی دەروون دا بەکار ئەهێنرێت). لەریگەی ئەم گفتو گۆ بەرەلایەوەبێ هۆشی ئەبزوێتو، بەرەو هۆشی هەر یەك لەو کەسانەفیچقە ئەکاتو، بیری داهێنراوی نوێیان لە لادروست ئەکاتو، هەرزووش مێشکەکانی تر وەری ئەگرنو شێوەکانی جێ بەجێ کردنی لەو کۆرەدا دەست نیشان ئەکەن.

ئەوانەی سەر بەم رێبازەن ئەلێین ئەدەب باشترینو شێواوترین کۆرە بۆ بەکار هێنانی ئەم رێبازە، ئەویش بەوەی کاتێك کۆمەلێك «مێشکی ئەدەبی، کۆ ئەبنەوە لە دانیشتنەکەیان دا ئەم رێبازەبەکار دێنن. هەر کە بیری تایبەتیی خۆی بە بێ هیچ کۆتێك بەرەلا ئەکات، ئیتر کەلەپووری نوقوم بووی ئادەمیزاد لە رێگای ئەو ئەداعییە سەربەستەوە کە لە ئیلهامی ئەدەبی‌و نووسین دا زانراوەدێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ئەم مێشکانە پێشەنگن‌و لەبنەڕەتەوە خەیاڵو توانای‌دروست کردنی وێنەی جۆر بە جۆرو تایبەتی زەینیان هەیە، بۆیە زیاتر ئەتوانن داهێنان لەکۆڕی خوی‌دا بهێننە دەرەوە.

ئەوانەی بانگ بۆ ئەم رێبازە هەلئەدەن ئەلێن، بو ئەدیب یان شاعیر بەسە لەم دانیشتنەدا ئیلهامەکەی خۆی وەرگرێت بە بێ ئەوەی بۆ ئەوانی تری بخاتە روو، تا لە کۆڕی تایبەتی خۆی دادەربڕێت، ئەمەش بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆی وەکو «دەزگایەك» خۆی لە خۆی دابپارێزێت. ئەمەش لەو جۆرەدانیشتنانە جیاوازە کە زاناکان لە ماوەی ئەو دانیشتنە دانەگەنە بیرێك‌و بۆ سوودی‌دەزگا گەورەکە رێکو پێك ئەکرێت، بۆ نموونە وەك ئەوکومپانیایەی ئەیەوێ بەم رێبازە مەنیەك دا بهێنێت کە قازانجێکی باشی لێ بکات.

لەلای ئەمانە ئەم رێبازە لەکۆڕی ئەدەبی دا خراوەتە کارئەگەر چی بە شێوەیەکی تەسکیش بێت، بابەشێوەیەکی رێك‌نەخراو یش بێت. ئەدیبێك یان شاعیرێك لە دانیشتنێك دا لەگەل براەرەکانیا لەو قسانەی ئەکرێت بیرێك دەست ئەخاتو بۆ خۆی هەلئەگرێت. ئەمەجاروبار لە کاتی بەشدار بوونی‌ژن وپیاوێکیش دا کە لە هەندی کۆڕی نووسینی ئەدەبی‌و هونەری دا شەرێك بن روو ئەدات، سەر بارەی ئەوەی لە کۆڕی سینەما یان شانۆ دا زانراوە لە بێدا چوونەوە یەکی بە کۆمەل بەدەقەکەدا.

جێ بە جێ کردنی نوێ لە کۆڕی ئەدەب دا بەم رێبازە، لە رێگای کۆر بەستنی رێکخراوەوە لە نێوان مێشکەکان دا وبەکار هێنانی ئەم رێبازە بە شێوەیەکی هوشیارانەی بەئەنقەست، بەسە بۆ ئەوەی ئیکری دا هێنانی ئەدەبی دەولەمەند بکات لەگەل هێشتنەوەی کەسایەتی ئەدیبیش دا بەبێ ئەوەی دەست بۆ تایبەتیەکانی درێژ بکرێت. بەرای ئەوانەی سەر بەم رێبازەن ئەمە رێبازێکی بەکۆمەلی رێکخراوە بۆ مەشق بە وەحی‌کردن، کە ئەشێ بە تاقی کردنەوە ئاسۆی فراوانی نوێ لە بەردەم داهێنانە ئەدەبی و شیعرییەکان دا بکاتەوە.

احمد عادل

Institut Kurde de Paris

وێنە

هەناسەیەك ...

لە شەوێکی غەریبی‌دا ..!

● لەشەوێکی وەنەوەزاوی هەمین‌دا لەشاری «جنیف»، بەشەقامەکانا ئەسوڕانەوە ... ، دوو لاوی عیراقی بوون، باری سیاسی ئالوزی ئەوسای لێکرد بوون، نیشتمانەکەیان بەجێ‌بێڵن‌وو یەنا ببنە بەر بەهەشتێکی ئەم دنیایە ... کە «سویسرا» بوو .. بەو نیازەی، بەڵکو لەوی ... دڵ‌ئەوایەك .. بۆخۆیان . دەست خەن ..

● لە ناوەراستی شەقامێکی جوانی ئەو شارەدا .. یەکێکیان .. بەگوی ئەوی تریا چریان ..

ـ لەم بەهەشتەدا ... هێشتا یادی بەغدا ئەکەی ؟!

● بەدەنگێکی غەماوی‌و دل شکاویەوە وەڵامی دایەوە ...

ـ ئاخ .. خۆزگەم بۆ شتەیەکی بازاری «صدریە» لە بەغدا ... بەراست تۆ بڵێی جاریکی تر عیراق ببینمەوە ...؟

● سالان، هات‌و ڕابوردو گەرانەوە بۆ عیراق، بەڵام، پاش دوو سال یەکێکیان بە نەخۆشیەکی گران، کە پزیشکەکان بەدەستیەوە دامابوون .. مرد ...

● ئەوانەی وا ئەژان، خۆشەویستی نیشتمان شتێکە لە کتێبدا فیری ئەبین ... درۆیان کرد .. ئەو تیشکەی لە دڵی نیشتمانیەکەوە دەر ئەچێ‌و قیز‌و تورەی تورەی ئەبڕی ... لە دوایدا .. هەر لەدڵی نیشتمانی دایك‌دا جێگیر ئەبێ ..

بدریە ...

●

دۆخی تەکنەلۆجیاو دەزگاکانی لەعیراقدا

● لە عێراقدا هێشتا لایەنێکی ناوەندی‌ی لێپرسراو نی‌یە بۆ گواستنەوەی تەکنەلوجیا لە دەرەوە بەڵکوو ئەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دایرەو دەزگا گشتی‌و تایبەتییەکانەوە جێ‌بەجێ‌دەکرێت، ئەوانەی لێپرسراون بەرانبەر چالاکی‌و کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابوری.

کاروباری ئەم گواستنەوەش بەهۆی ڕێککەوتنی سەندن‌و کڕینی کەرەسەو مەکینەوئامرازو دامەزراندنیان بەکارخستن جێ‌بەجێ‌دەکرێت بە شێوەیەکی بەش‌بەش کراو یان لە شێوەی پرۆژەیەکی ئامادەکراودا.

بەشداری‌کردنی کادری عێراقیش لەم کارەدا تابڵێیت زۆر کەمەو لە زۆربەی‌دا لەلایەن ئابووری‌یەوە کارتێکردنێکی ئەو تۆی نی‌یە.

تاکوو ئێستاش هیچ هەوڵێکی ناوەندی ئەدراوە بۆ زماردنی تێچوونی ئابووری کە پێویستە لەسەر عێراق لە ئەنجامی گواستنەوەی تەکنەلۆجیادا بیدات بێ‌گومان تێچوونەکەش زۆرگرانەو دەتوانرێت چەند بەراوردێك بکرێت لەگەل ئەو لێکۆڵینەوانەی لە چەند وڵاتێکی وادا کراون. بۆ وێنە لە پاکستان ژماردنی تێچوونی کاروباری ڕاوێژکاری کرا، ئەوە ڕوون بووەوە کە گەیشتە ١٠٠ ملیۆن دۆلار ئەمەش نزیکەی ئەسەدا یەکی دەسکەوتی نەوتەوەیی پاکستانی کرتەوە.

ئەوەش زانراوە کە تێچوونی نیش‌وکاری ڕاوێژکاری لە عێراقدا لە نێوان ٣٪و ١١٪ی تێچوونی گشتی پرۆژەکانەو بە تیکرایش نزیکەی ٧٪ی ئەو تێچوونەیە. ئەگەر هاتوو زەخشەی گەشەپێدانی ئەتەوەیی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ نزیکەی دە هەزار ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرابێت ئەوا تێچوونی نیش‌وکاری ڕاوێژکاری لە پێنج سالی دەهاتوودا نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن دینار دەگرتەوە بەشێکی ئەمەش دەچێتە ئیرفانی ڕاوێژکارە بێگانەکانەوە.

لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە چەند هەوڵێکی ڕاستەقینە درا بۆ پشت بەستن بە کادری عێراقی بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی چەند قۆناغێکی کاری گواستنەوەی تەکنەلۆجیا کە لەوەوبێش درابووە دەستی ڕاوێژکارەکانی بێگانە. ئەو هەوڵدانانەش چەند سەرکەوتنێکی بەدەی هێنا بەتایبەتی سەبارەت بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پرۆژەکانی گەشەپێدان، ئەوە بوو چەند لجنەیەك لە پسپۆڕانی عێراقی لە وەزارەتی پیشەسازی چەند لێکۆڵینەوەی سەرەتاییان ئامادەکرد سەبارەت بە ئرنگی‌ی ئابووری (جاروباریش هونەری) زیاتر لە سەد پرۆژەی پرۆژەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٤) و (١٩٧٦ ـ ١٩٨٠) ئەم لێکۆڵینەوانە جگە لەوەی پارەیەکی زۆر بۆ دەولەت کلدەدانەوە ئەوە دەگەیەنێت کە کادری عیراقی بەتوانایەکی باوەڕی بەخۆی هەیە. ئەمشمان بۆ ئەوە هێنایەوە وەك وتەیەك بۆ ئەو شتانەی بەهۆی کادری عێراقی‌یەوە جێ‌بەجێ‌بکرێت ئەگەر هاتوو باش ئاراستەکراو ماوەی بێ‌درا بۆ دروستکردنی یان تەواوکردنی هەر شتێك، وێنەی تریشمان بە دەستەوەیە لە دەزگاو کەرتە کانی تری عێراقدا دەتوانین بەوپەڕی سەربەرزی‌یەوە پەنجە ڕاکێشین بۆ ئەو شتانەی دەزگا ئیش‌کەرەکانی عێراقی لە کەرتی ئەوتی نیشتمانی‌دا بەدی‌یان هێناوە لەپێش خۆمالی کردنی ئەوتدا یان پاش ئەو لە لایەن جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەکانی کەشە پێدانەوە بار بەرەو پێشەوە دەڕوات بەتایبەتی ئەوەی بەیوەندی‌ی بە کاروباری ئەندازەی مەدەنی‌یەوەیە، ئەوەتە کومپانیایەکی پسپۆڕ بۆ ئەم مەبەستە دامەزرا ئەوەش کومپانیای بەڵێندانی عێراقی‌یە دەزگاکانی تری دەولەت سەربەرشتی جێ‌بەجێ‌کردنی زۆربەی پرۆژەکانی کەرتی کشتی دەکات جگە ئەوەی بەکاری جێ‌بەجێ‌کردنی ڕاستەوخۆی بەشێکی هەل دەستێت. ئەوەی ئرنگ کارەدا بێت لە پەرەسەندنی ئەم کارەدا ئەوەیە کە دەستی بەوە کردووە کە شێوەیەکی پسپۆڕانەی بگرێتە خۆی، ئەم پسپۆڕییەش مەرجێکی ئرنگی کاملی‌و باش لێزانینە لە ئیش‌دا چەند پێشنیارێکی زۆریش هەیە بۆ جیاکردنەوەو کاری جێ‌بەجێ‌کردن بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی پسپۆڕانە ـ هەر لە سەرتای قۆناغی شی‌کردنەوەی خاکەوە تا کۆتایی هاتن لە کارەوە تەواو کراوەکان ـ بە ڕێژەی پسپۆڕی ستوونی بەڵام بە ڕێژەی پسپۆڕی ئاسۆیی‌یەوە بلاوبووەتەوەو چەند چالاکی‌یەکی جۆراوجۆری گرتووەتەوە وەکوو کاری خانووبەرە ـ لەگەل ئەمەشدا ئاوەدان کردنەوەو خانووبەرەی گشتی .. تاد ـ هەروەها کاروباری ڕێگاو پردو هیلی ئاسن‌و ئاودێری‌و خوێ ـ ئاوگە .. تاد. تێگەیشتنی تەواوەتی گیروگرفتە کە لەسەر ئەم ڕادەیە لەوانەیە ڕێگە بە ساك بکاتەوە بۆ دروست بوونی کادری نیشتمانی نەك بۆ گواستنەوەی ئەو تەکنەلۆجیایەی بەو بەستە بەم کارانەوە بەڵکوو بۆ پەرەپێدانی لەسەر بناغەی پشت بەستوو بە واقیعی ناوخۆیی بە هەموو دوورییەکی‌هونەری‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە.

بەڵام سەبارەت بە ئیش‌و کاری دامەزراندن‌و دابەشکردن‌و بەکار خستنی سەرەتایی ئەو کارانەی لایەنی عێراقی دەیکەن هێشتاکە زۆر کەمەو لە هەندێك جاردا دامەزراندن‌و بەکارخستنی مەکینەی تاك دەگرێتەوە کە دەدرێتە دەزگایان‌و بەدەگمەنیش دەگاتە ڕادەی وەرگرتنی بەرپرسیاری دامەزراندن‌و دابەشکردنی کارگەیان دامەزرگەی تەواو چونکە ئەوە بە بەشێك لە بەڵێندانی کەرەستەی گشتی‌ی پرۆژەکان دەزانرێت کە کەرەستە هێنەرو بەڵێندەرە بێگانەکان جێ‌بەجێ‌ی دەکەن بەرانبەر بە کرێ‌یەکی زۆرگران وەك دەستمان بۆ ڕاکێشاو لەبەر ئرنگی‌ی ئەم باسە سەبارەت بە گواستنەوەی تەکنەلۆجیا ئەوەبوو دەستەلاتی نیشتمانی دەست پێش کاری کرد بۆ دروست کردنی کومپانیایەکی پسپۆڕ کە کومپانیای گشتی‌ی بەڵێندانی میکانیکی‌یە لەسەر چەشنی کومپانیای گشتی‌ی بەڵێندانی خانووبەرە دروست کردن، لە ئیش‌و کاری دامەزراندن‌و دابەستنی کارگەی تەواودا پسپۆڕی دەبێت.

بەڵام ئەم کومپانیایە هێشتا کە لە سەرەتای دروست بوونداید‌ە تاکوو ئێستاش هیچ کارێکی ئەنجام نەداوە. پشت گرتنی ئەم کومپانیا گشتی‌یە لە ئەرکە قۆناغیەکانی دەژمێردرێت کە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا بەرپرسیارەکانی پێشەسازی بۆ پەروەردەو مەشق پێکردنی کادری عراقی.

لە لایەن ڕادەی توژینەوەی زانستی‌ی‌تیوری‌و پراکتیکییەوە لەم کاتەدا لە عیراقدا نە لایەن چەند لایەکی بێ‌شومارەوە بەسەر دەبرێت هیچ ئاراستە کردنێکی ناوەندی‌ی فراوان کۆبار ناکاتەوە. چەند بەشێکی زۆرێش هەیە لە توژینەوەی تیوری لە زانکۆو ئامۆژگا زانستیەکانداا بەدەگمەن بەوەندی‌ی مەوزوعی‌ی هەیە بە سروشتی ژیانی زانستی‌و پێویستیەکانی کەشەکردنەوە. چەند دەزگایەکی گشتیش هەن توژینەوەی پراکتیکی لە مەیانی جۆراوجۆردا ڕێك‌دەخەن وەك ئەوەی پەیوەندی‌ی بە کشت‌وکاڵ‌و خاك‌و بەرهەمی باخ‌و بێستان‌و کەرەستەی خانووبەرە دروست کردن‌و پیشەسازی ئەوت‌و ووزەو توژینەوەی فیزیۆلۆجی یەوە هەیە..

نەخشەوگەشەپێدان

ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قوتریی حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب ئەوەی دووپاتە کردۆتەوە، کە هەسەلەی پەرەپێدان هەسەلەیەکی بنچینەیی هەرکەزی‌یە، بەڵکو بڕبڕەی پشتی بنیات نانی ناوخۆیە بۆ بەهێز کردنی شۆڕش‌و بەردەوامی‌و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی سۆشیالیستی عەرەبی یەکگرتوو ابورتەکە باسی ئەوەی کردوە کە هەسەلەی پەرەپێدان یەکێکەلەو هەسەلە ئەورانەی ڕاستەوخۆ دوای هەسەلەی سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابوری‌دێتە هەبیدانەوەیەکێکە لەو هەسەلە بایەخ‌دارانەی زوبەزو ئەبێت چارەسەر کرێت.

لە باسێکی ئردا ڕاپورتی سیاسی ئەوەی دوپاتە کردۆتەوە، «پێویستیکانی پەرەپێدانێکی کورج‌و کۆڵ‌و فراوان‌و زیاد کردنی داهاتی ئەوت، بەربەرەکانی کێشەی ئابوری ناوچەکە، لەگەل هەندێ بیانوی بنچینەیی‌تر، پێویستی ئەوەمان ئەخاتە بەردەم کە بە شێوەیەکی تایبەتی‌و لە قالبێکی دانسقەدا ئەرکەکانی پەرەپێدان جێ‌بەجێ بکەین‌و بەزوترین کات‌و چاکترین شێوە دژخی دواکەوتوی وڵاتەکە لە بنەڕتدا بگورین‌و بەخێرایی بەرەو پێشکەوتن هەنگاوبنێین هەروەها لە هۆی دانانی یاسای جێ‌بەجێ کردنی پرۆژە گەورەکانی پەرەپێدان دا ئەوە هاتوە «لە بەر پێویستی خیرا کردن لە هێنانە دی ئامانجەکانی پەرەپێدان‌و بێ‌ویستی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژە بایەخ دارە گەورەکان، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە بەرهەم زیادکات، وا بە چاك زانراوە کە بەرژەوەندی گشتی‌ی پێویستی‌ی بەوەیە کە یاساو بنچینەیەکی تایبەتی وا دانرێت هێنانەدی‌و ئاسان کردنی ئەو مەبەستانە ئەگەر بکات، ئەویش بەرهەم هێنانی داهاتی دارایمان بە چاکترین شێوەو کەمترین ڕەخت.

وەبەتەواوی بەرهەم هێنانی داهاتی دارایمان بەچاکترین شێوەو کەمترین ڕەخت، یەکەمین ئەرکی نەخشەی ستراتیژی شۆڕشگێرانەی وڵاتەکەمانە، وەبە تایبەتی ئەوەش پێویستی بە لێوردبونەوەیەکی قوڵ‌و بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیانەیە، کە حساب بۆ هەمو شتێ بکات‌و مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی ژیان بێت لە وڵات دا وهەنگاویکی ئەوەرە لە ئابوری وڵات‌و ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و شارستانیتی دا بە زوترین کات بنێت، ئەوەیە کە نیاو نەبرێت بە پەرەپێدانی ئەقوەو، یا پەرەپێدانێکی کەورە.

دوا کەوتویی نەفرەتیکی بەردەوام نی‌یە درابێت بە سەر ئەلەکەماندا ئەو زروفانەی دواکەوتنیان سەپاندوە بە سەر کەلەکەماندا، ئەو زروفانە بوە کە خۆمان بە باوەڕیکی قایمەوە هیچ کاریکمان نەکردوە ئەو دواکەوتنە ئیمپریالیزم سیەپاندویەتی بەسەرماندا.. داگیر کردن‌و تۆقاندن داوتی بەسەرماندا.. ئەو ئەنجامە دیارو ئاشکرایە بۆ ڕژێمێکی بیستیعماری دەرەبەگایەتی نیمچە بۆرژوازی کە بەنا ڕو باسن‌و نوکی‌ڕمی ئیمپریالیزم سەپاندراوە بە سەر ناوچەکەدا..

ئەوە شتێکی دیارو ئاشکراو ئاسایی‌یە کە شۆڕش ١٧ـ٣٠ ئەمموزی ئەتەوەیی پێشکەوتن خواز لە بارو دۆخ‌و زروفێکی ئاوادا لە مەیدانی پەرەپێدانێکی گەورە دا پەلە بکات‌و بەکورجی جێ‌بەجێ بکات بۆ دامەزراندنی عیراقێکی پێشکەوتن خوازی پێشکەوتوی ئەو تۆ کە لە سەر بنچینەی ئالو گۆڕی کۆمەڵایەتی ئابوری سۆشیالیستی دامەزراوە‌و وەبێتە نمونەیەکی پێشکەوتوی ئەو وڵاتانەی پشتیان بە نەخشەی سۆشیالیستی ئەتەوەیی پێشکەوتن خوازانە بەستوە چ لە ناوچەی وڵاتە عەرەبەکاندا، وە چ لە دنیادا..

هەتا وەکو لە نەخشەی پەرەپێداندا ئیمپریالیزم هەول ئەدا، چونکە نازانی لە خۆیەوەو بەخواپشتی خۆی خۆی بدات بەدەستەوە کە ئەو کارە بشێوێنی‌و دوای خات.. ئەپەوێت ئەودرۆ نایدولۆژیەمان بەسەردا ئێ پەرێنێت کە ئاو ئەبرێت بە پەرەپێدانی ورده ورده، واتە هەنگاو لە دوای هەنگاو بە ڕێگایەکی بەرامبەر دا، هەروەها ئەپەوێت بە پۆشینی بەرگی بۆرژوازی عەرەبەوە بێتەکایەوە وئەلێت: بۆرژوازی عەرەبی ناشتی خوازەو جەز بە شەڕو ئاژاوە ناکات، بەڵام هەلی بنیات نان‌و نیشکردنی بێ‌ئەدراوە، ئالەم جۆرە بالورانە لێ ئەدات بە هیوای ئەوەی درێژی بەتەمەنی ڕژیمی سەرمایەداری بدات‌و ڕێگا لە سۆشیالیستی‌و نەخشە کێشانی سۆشیالیستیانە بکرێت. جۆرێکی تر لە تەکەرە خستنە سەر ڕێگا ئەوەیە کە هەندێك ئەیانەویت ئەو بۆشای‌یەی هەیە بە بورژوازیەکی نەر مونیان پر بکەنەوە.. بۆ نمونە ئەوانە ئەلێین: پەرە پیدای (ئەقاوە) سەرکەوتونی‌یە، چونکە قوناغەکان ناهیلێت‌و هەنگاوی نا بەرامبەر ئەنێت، ئەوانە ئامۆژگاری ئەوە ئەکەن کە پرۆژە پچکولەکان خۆمالی کرێت و مەسەلەی کشتوکال دەست لێ ئەدرێت‌و خوێن لە قەڕەی کۆمپرادۆرە ئەوتیدن ئەدرێت‌و وەك خۆیان بهیلرێنەوە... هتد.

شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی ئەمموزی پێشکەوتنخواز کە باوەڕیکی ئەواوی بەسۆشیالیستی هەیە، ئەم بیرو باوەڕە بورژوازیە کۆنەپەرستانەیە ئیکرا ڕەفز ئەکات‌و بێیان قایل نابێت.. وای دا ئەنێت کە هەورو ئەقەلایەکە بۆ درێژ کردنی تەمەنی دواکەوتن‌و چەوساندنەوەیەکی نامرۆڤانە ئەدرێت، وە بو ئەکەرە خستنە سەر ڕێگای بنیات نانی سۆشیالیستی‌و لە ناو بردنی پەرەپێدانی ستراتیژی ئەدرێت.. شۆڕش لە نەخشە ستراتیژیە فراوانەکەیدا پرۆژگرامێکی شۆڕشگێرانەی خستۆتە ڕو، کە بریتی‌یە لە گۆڕینێکی بنەڕەتی هەیکەلی ئابوری وڵات‌و گۆڕینی زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی، ئەویش لە پێناوی گەیاندنی عیراق بەبلەی پێشەکی سۆشیالیستی ڕاستی.. و دەست کردن بە بنیات نانی وڵاتێکی سۆشیالیستی مرۆڤایەتی ئەتەوەیی شۆڕشگێڕ..

شۆڕشەکەمان بە خۆمالی کردنی ئیحتیکارە ئەوتیە بێگانەکان‌و چەسپاندنی کەرتی گشتی‌و قول کردنەوەی یاسای چاك کردنی کشتوکال بۆی ناوەتە ناو دنیای نەخشە کێشانی سۆشیالیستی ئەتەوەی‌یەوە.. کردنی خوێندن بەخۆڕایی وبەزۆر پێ‌خوێندن بناغەیەکی پێویستی بۆ چونە ناو سۆشیالیستی‌یەوە دامەزراندوە.

شارل بتلهایم کە یەکێکە لە نەخشە کێشە کەورەکانی سۆشیالیستی بەرەسەندو، بەشێوەیەکی ئاشکر جیاوازی نیوان نەخشە کێشانی سۆشیالیستی‌و ئازاوەی نەخشەکێشانی سەرمایە داریی دەست نیشان کردوە، وە بە شێوەیەکی تەواو ئەوەی دەرخستوە کە جیاوازی بناغەیی لە نیوان سۆشیالیستی‌و سەرمایەداریدا ئەکەرێتەوە بۆ نەخشەکێشان.. چونکە سۆشیالیستی ئەپەوێت‌و ئەوەی مەبەستە کەزوربەی زۆری پێویستیکانی جەماوەر بهێنێتە دی، بەڵام سەرمایەداری ئەپەوێت لە سەر حیسابی جەماوەر زۆر ترین قازاج بخاتە گیرفانی خۆیەوە.

نەخشەی سۆشیالیستی لە پەرە پیداندا باوەڕی بە دەست نیشان کردنی ئامانجە سەرەتایەکان هەیە.. لەکەل پێکەوە گونجانی ئەو مەبەستانە.. لە گەل دەست نیشان کردنی مەبەستی هەرە گەورە.. کە ئەویش برتی‌یە لە.. بەرزکردنەوەی ڕادەی گوزەرانی هێزی بەرهەم هێنەر.. هێنانە دی وتێر کردنی زوربەی پێویستی‌یە کۆمەڵایەتیکان.. وەبە ئەواوی ڕێك خستنی ئامانجەکان پێویستی بە مێشکێکی ستراتیژی ڕێکخەر هەیە.. مێشکێك بۆ سەر پەرشتی نەخشەو بڕژەکانی پەرەپێدان.. بەبێ ئەوەیشلە سەر پەرشتی کەرو ڕێك خەرە، ناتوانین قسە لە سەرکەوتنی پرۆژە جۆرەبە جۆرەکانی پەرەپێدانەوە بکەین

بڕوانە ل ١١

نهێنیەکانی: «پەستبوون» دەروون!

بە تازەترین لێکۆڵینەوەدا ئەوە ساغ بۆتەوە کە «پەستی نەخۆشیەکە» بەهۆی تێکچوونێکی کیمیاوی هێشکەوە توشی مرۆڤ ئەبێت.. وە چارە سەریش بە جۆرە دەرمانێك دەکرێت کەماوەیەکی کەم لەماوەبەر دۆزراوەتەوە «پەستی دەروونی» نەخۆشەکان چی‌یەو چۆن‌چارەسەر ئەکرێت.

ئەوشتانەی مێژوو سەلماندویەتی ئەوەیە کە نەخۆشی پەستی نەخۆش‌یەکی کۆنەو باشای بابلیەکان نبوخزنەسر پێش ٢٥٠٠ ساڵ پەر لە ئێستا توشی ئەو نەخۆشی‌یە بوە.. هەروەها دیستوفیسکیش توشی ئەو نەخۆش‌یەبوەو شارلزداروینیش ساڵو نیوێك پێرەی تلاوەتەوە لەو ساڵو نیوەدا هیچ ئیش‌و کارێکی بۆ نەکراوە تا ئەی توانیوە بش خوێنیتەوە.. هەتاوەکو چەرچلیش توشی پەستی بوەو هەمەنکەوای بەهۆی ئەم نەخۆش‌یەوە خۆی کوشتوە.. دواکەسی لەو پیاوە بەناو بانگانەی ئەم نەخۆش‌یەی گرتوە، ئەدوین ئەلدرین‌ە کە دووهەم کەسە بەسەر زەوی مانگدا ڕویشتوە. ئافرەتان دوو ئەوەندەی پیاوان توشی دەردی پەستی ئەبن‌و بە شێوەیەکی گشتی‌ی هەموو ئافرەتان نەخۆشی پەستیان توش ئەبێت..

. زروف دەورێکی بالای هەیە لە گرتنی نەخۆشی پەستی‌یدا، ئەویش بەهۆی بێ‌کاری یا کۆست کەوتنێکی ئەوەوە.. بەڵام دوای ماوەیەك ئەو کەسە ئەگەرێتەوە سەر حالەتەکەی جارانی‌و پەستیەکە بەری ئەدات.. نەخۆشی پەستی ئەو کەسەیە کە ناکەرێتەوە سەر حالەتی ئاسایی خۆی‌و ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو پەستی‌یە بەری نادات. بە ئوێرەی سەرژمار کردنێك لە ئەمەریکدا ٨ ملیون کەس توشی نەخۆشی پەستی هاتون‌و ئەو نەخۆشی‌یە وا لە هەندێکیان ئەکات کە خۆیان بکوژن‌و بەوجۆرە خۆیان لەو نەخۆش‌یە قوتارکەن جاری واهەیە مرۆڤ دوچاری ئەو دەردە ئەبێت بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت‌و بەبێ چارەسەر کردنی خۆی ژیان ئەباتە سەر، بێ هیوایی‌و هەست بە زێرکەوتن جۆرێکە لەو نەخۆش‌یە.. نوسەرێك لە دوا کتیبی خویدا کە لەژێر ناوی «وەرزێك لە دوزەخدا» دەری کردوە ناقی کردنەوەی خۆی لەکەل پەستەکاندا باس ئەکات.. ئەلێت: هەموو ژیانم ئاوەژو بیژوە روناکی هیچ هیوایەکەم لەم دنیایەدا بەدی نەئەکردو وەك کامەرانی پشتی تێ‌کردبەو هێزێکی ڕەش دلوپ دلوپ ژیانم بمژێت ئاوا قاوغێکی بەتال مابومەوە..

یەکەم دەرمانێك کە بۆ ئەم نەخۆشی‌یە دوزرابێتەوە لە ساڵەکانی پەنجادا بو، ئەوبو بە ناقی کردنەوە ئەوە دەرکەوتبو کە جۆرە دەرمانێکی کە بۆ چارە سەری باڵەپەستوی خوێن بەکار ئەهێنرا ئەبوە هۆی پەستی‌یەکی زۆرکەورە. هەروەها سەرنج لەوە درابو کە دەرمانێك بۆ نەخۆشی سیل بەکارئەهێنرا دڵخوشێکی ئەورەی بەوکەسە نەبەخشی‌و پەستێکی ئەرەوانەدەوە.. ئالەم ناقی کردنانەوە پسپۆڕەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە نەخۆشی پەستی هۆکەی ئەکەرێتەوە بۆ شلەژانی هەندی ماددەی کیمیاوی لە مێشکا.. مێشک جۆرە ماددەیەك لە هەندی شانۆکەی تایبەتی‌یەوە دەزانەکات کە پێی ئەلێن «کات کولامین» کەم بونی ئەم ماددەیە ئەبێتە هۆی ئەخۆشی پەستی.. بەبەکار هێنانی دەرمانی سیل وەك سەرەتایەك گەیشتنە چارە سەرکردنی ئەو نەخۆش‌یە.. وە بە هۆی لێك جودا کردنەوەی ماددەکانی میزەوە ئەتوانرێت نەخۆشی پەستی دەست نیشان بکرێت.. ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێتەو ئەوە جودابکەینەوە کە جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە لە نیوان پەستی ئاسای‌و نەخۆشی پەستیدا..

هەمو کەسێك بەهەری ناخۆش‌ی‌و تەنەرەو سەغلەتی‌یەوە توشی پەستی ئەبێت‌و ئەم پەستی‌یە کارئەکاتە سەر لەش‌و بەزەمانی ئەو هۆزە نەپەستێکەش ئەرەوتەوە وە ناتوانێت بۆ ئەم جۆرە ناتوانێت بەستیانە داودەرمان بەکار بهێنین چونکە چارەسەرکردنی ئەم جۆرە پەستی‌یە ئاسایە بە داودەرمان ئەبێتە هۆی گیل‌و دەبەنگی مرۆڤ‌و دەرمانەکان کارئەکەنە سەر مەشکی‌و بزوتنی ناهێڵن‌و لەوبەشاش ناتوانێت بەرامبەر گیرو ڕفت‌و ناخۆشی ژیان ڕاوەستی..

Institut Kurde de Paris

بەم زوانە

بلاوکردنەوەی ڕەنگاو ڕەنگ

لەناوچەی ئۆتۆخۆی دادەستپێ دەکا

● سەرۆکوزشتەی ڕۆژەکە :

کاتی مۆرکردنی ئەو ڕێکەوتنە هونەرییەی کە لە ٢-١٢-١٩٧٤دا کراو لە لایەن عیراقەوە بەرێز مامۆستا صدام حسینو لە لایەن فەرەنساوە جاک شیراک مۆری کرد .. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنە ئەبێ عیراق لە بلاوکردنەوەی تەلەفزیوندا سیستەمی (سیکام) ڕەچاوبکات .. لایەنی فەرەنساش بەڵێنی ئەوەیان‌دا کە کرێکارو ئەندازیارو هونەرمەندو وێنەکێشەکانی دەرهێنەرە عیراقیکان لە مەیدانی تەلەفزیوندا مەشق پێبکات . دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنەکە وەزارەتی‌ڕاگەیاندن چەند هەنگاوێکی کارامانەی بۆ دامەزراندنی تەلەفزیونی ڕەنگاورەنگ ناو کەوتە کرینی کەرەسەو پێویستی پێک‌هێنانی ئەو پرۆژەیە بە جۆرێک کە ئێزگەی تەلەفزیونی بەغدا بتوانی پرۆگرامی ڕەنگاورەنگ بەرهەم بهێنێ .. ئایەو جۆرە پرۆژە کە پێش‌کاتی خۆی بە چەند ساڵێک تەواوکرا .

لەوانەیە هەندی کەس پرسیارکەن : چۆن وێنەکان ئاوا بە ڕەنگاو ڕەنگی بلاوئەبێتەوە ؟ وە ئایا ئەم تەلەفزیونە ڕەش‌و سپیانە ئەتوانین بکەین بە تەلەفزیونی ڕەنگاورەنگ ؟

سەرچاوەیەکی هونەری لێ‌پرسراو لە دەزگای گشتی‌ی ئێزگەو تەلەفزیوندا ئەڵێت : « بلاوکردنەوەی ڕەنگاورەنگ لە پێشەوە لە ستودیوە دەست‌پێ‌ئەکات ، ستودیوکە جوار کامیرەی تەلەفزیونی تایبەتە دوای ئەچێتە ژوری کۆنترۆلی کامیرەکان لەویشەوە بۆ کەرەسەی وێنەکان ئەچنە ژوری کۆنترۆلی سەرەکی‌یەوە لەم ژوورەدا ئامرازەکانی (مایکرووویف)ی تایبەتە بە هۆی ئەمەوە پرۆگرامی تەلەفزیون لە ستودیوکانی سالحیەوە ئەچێتە ڕەخشەکانی ئەبی‌غریبو لەوێشەوە بەناو خەڵکی‌دا بلاوئەبێتەوە .. »

● ئایا ئەتوانین ئەم تەلەفزیونە ڕەش‌و سپیانە بکەین بە ڕەنگاورەنگ ؟

سەرچاوە لێ‌پرسراوەکە ئەڵێت : « گۆڕینی تەلەفزیونی ڕەش‌و سپی بۆ ڕەنگاورەنگ ، کارێکە لە کردن نایەت ، ئەگەر بمانەوێت بیکەینە تەلەفزیونی ڕەنگاورەنگ ئەبێ هەموو ئامرازەکانی ناو تا پەردەکەشی بگۆڕێن .. ئەمەش هەوڵدانێکی پێ‌سوودەو زۆر لە نرخی تەلەفزیونێک زیاتر ئەکەوێت .. »

● ئایا ڕاستە هەندی تەلەفزنی ڕەنگاورەنگ بە کەلکی کارکردن نایە ؟

– ئەوە شتێکی ڕاستە ، چونکە هەندی تەلەفزیونی هەر لە سەرەتاوە کار ناکەن .. ئەویش ئەگەرئەوە بۆ سیستەمی ئیش پێ‌کردن‌و بلاوکردنەوە – بۆ نموونە ئێمە سیستەمی « سیکام » ڕەچاو ئەکەین واتە ئەبێ ئەو تەلەفزیونە بێنین لە سیکامدا بکونجێت « تەلەفزیونی ڕەنگاورەنگ لە ناوچەی نۆتۆنومیدا دانەمەزرێت .

● ئایا بارێزگاکان .. تەلەفزیونی ڕەنگاورەنگیان تیا دانەمەزرێت ؟

ئەم پرۆژەیە وا بریار ئەدرابو لە ئەمسالدا تەواوبێت بەڵکو پرۆژەکە بەغدادو فوراتی ناوەڕاستو خوارو ژوروی ئەنەگرتەوە ، بەڵکو تەنیا بۆ بەسراو بو .. بەڵکو خواستو توانای بە هێزی کە هەرگیز نەبەزێت وای‌کرد کە لە ئەمسالدا تەواو بێتو بۆ هەموو هاووڵاتیان بێت .. لە ڕێگای ئێزگە ئەرزێکەوە بیکرووایفەوە بۆ پارێزگایی خوارو زوروو پرۆگرامی تەلەفزیون بە ڕەنگاو ڕەنگ بلاو ئەکرێتەوە .. وا چاوەڕوان ئەکرێت کە بەم زوانە ئامرازەکانی (مایکرووویف)ی ناوچەی نۆتۆنومی تەواوبێت .

تاقیگای مەرکەزی ڕەنگاورەنگ

یەکێک لەو پرۆژەگەورانەی کە لەو ڕۆژەدا کرایەوەو یەیوەندی بە تەلەفزیونی ڕەنگاورەنگەوە هەیە پرۆژەی تاقیگای مەرکەزی ڕەنگاورەنگ کە بەرێز وەزیری ڕاگەیاندن گردیەوە ، تاقی گاکە فلیمی ١٦ و ٣٥ ملیمی ڕەنگاورەنگ ئەشوانەوە .. ئەم تاقیگایە یەکێکە لە تاقیگا بێ‌وێنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ..

ئێزگەی تەلەفزیونی ڕەنگاو ڕەنگی بەغدا توانیوێتی لەم دەزگایەدا تەلێک پرۆگرامو گۆرانی نۆی‌ی گۆرانی بێژەکانمان بگرێت . لەگەڵ بەمەنەشدا چەند پرۆگرامو گۆرانی‌یەکی کوردی ڕەنگاو ڕەنگی گرتوە هەر کە ئێزگەی میکروویفەکە تەواو بو لێوەی بلاو ئەکرێتەوە .. ئێزگە وا بە تەمایە ئەوەندە پرۆگرامو گۆرانی ڕەنگاورەنگ زۆرکات پرۆگرامی مندالانیش ئەگرێتەوە کە لەگەڵ ڕەش‌و سپیدا بێتە نیوەی واتە ٥٠٪ی ڕەنگاو ڕەنگ‌و ئەوەی تریش ڕەش وسپی ..

هەرچۆنێک بێت ئەم میوانە ڕازاوە نۆیەمان خۆشی دێنێتە ناو ماڵەکانمانەوەو بۆیە پێویستە هەمیشە توانای ئەو مرۆڤە شۆڕشگێرانە لەیاد نەکەین کە بە هۆی باوەری پۆلایینی هەڤگەلاوی شۆڕشیانەوە کە ئەئەرێتەوە بۆ نیرادەی شۆڕشەو ئەگەر شۆڕش نەبوایە ئەم وێنە ڕەنگاو ڕەنگەمان ئەئەدی‌و ئەئەهاتە ماڵەکانمانەوە کە دیسان لەم نزیکانەدا ئەچێتە هەموو ماڵەکانی ناوچەی ئەتۆنۆمیشدا . ئەم میوانە ڕەنگاو ڕەنگەیان بردۆتە ماڵانی ئەهلی عیراقەوە ..



گۆڵ

لەسەر ڕێگاو بانی دەرەوە

ئامادە کردنی
بەشی لێکۆڵینەوە

مردن لەسەر ڕێگاوبانی دەرەوە بەم جۆرە دەست پێ‌ئەکا : جادەیەک تا چاو بڕئەکات درێژ بۆتەوە .. ئۆتومبیلێکیش هێندە خێرا دەئاژوێت هێندەی نەماوە لەسەر زەوی بلندبێتەوە لەو خێرایی‌یەیدا لەپڕ شتێک ڕوئەدات .. شۆفێرەکە دەسەلاتی بەسەر ئۆتومبیلەکەدا نامێنێتو ئۆتومبیلەکە تێک ئەشکێت . بەو جۆرە کارەساتێک ڕووئەدات دڵی خزمو ناسیاوان ئەتەزێنێ ..

تامبزن .. وەرکەران پان‌کردنەوە .. بەهۆی ئەم ڕوداوانەوە زۆر لە هاووڵاتیان تیانەچن .. زۆریان منالن .. یا لاو یا پیرژن بیاو .. کارەساتی ئۆتومبیل‌و ڕێگاوبان کەس نابوێرێ .. مادام تیژڕەوی هەربەردەوامەو بانەکانی دەرەوی شار نەگەرێتەوە بۆ تەنگەبەری ئەو جادانەو خێرا ئاژوتنی شوفیرەکان‌و سەرپێچی کردنیان لە ئامۆژگاری ڕێگاوبان‌و چەوت پەرینەوە ، خراپ بەریوە ڕویشتنیان .

● **باشە کاروباری بەریوە بەرایەتی ڕێگاوبانی دەرەوە چی‌یە ؟**

لە وەرامدا سەرچاوەکە وتی : بەریوەبەرایەتی ڕێگاوبانی دەرەوە هەوڵێکی زۆری بۆ کەم کردنەوەی ڕووداوی ڕێگاوبانی دەرەوە داوەو شتی ئەوتۆی کردوە کە لەوانەیە ئەو ڕووداوانە کەم کاتەوە .. مەفرەزە سەربازی‌و مەدەنێکانی بەردەوام چاودێری ڕێگاکان ئەکەن‌و بێ‌بشو شەو ڕۆژ لە چاودێری کردن ناکەون ئەم کارە وای کردوە کە ڕوداو لە جاران کەمتر بێتەوە .

● **سەرپێچی کردن کۆتایی نایەت‌و ژمارەکانیان قسە دەکەن :**

● **سەرۆکوزشتەی ڕۆژەکە :**

کاتی مۆرکردنی ئەو ڕێکەوتنە هونەرییەی کە لە ٢-١٢-١٩٧٤دا کراو لە لایەن عیراقەوە بەرێز مامۆستا صدام حسین‌و لە لایەن فەرەنساوە جاک شیراک مۆری کرد .. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنە ئەبێ عیراق لە بلاوکردنەوەی تەلەفزیوندا سیستەمی (سیکام) ڕەچاوبکات .. لایەنی فەرەنساش بەڵێنی ئەوەیان‌دا کە کرێکارو ئەندازیارو هونەرمەندو وێنەکێشەکانی دەرهێنەرە عیراقیکان لە مەیدانی تەلەفزیوندا مەشق پێبکات . دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنەکە وەزارەتی‌ڕاگەیاندن چەند هەنگاوێکی کارامانەی بۆ دامەزراندنی تەلەفزیونی ڕەنگاورەنگ ناو کەوتە کرینی کەرەسەو پێویستی پێک‌هێنانی ئەو پرۆژەیە بە جۆرێک کە ئێزگەی تەلەفزیونی بەغدا بتوانی پرۆگرامی ڕەنگاورەنگ بەرهەم بهێنێ .. ئایەو جۆرە پرۆژە کە پێش‌کاتی خۆی بە چەند ساڵێک تەواوکرا .

سەرچاوەکە ئەوەی دوپاتە کردۆتەوە کە یاسایەکی نەگۆڕاوی وانی‌یە کە بەهۆی ئەوەوە کرەساتی ڕێگاوبانەکانی دەرەوە کەمتر کاتەوە ئەویش لەبەر درێژی ئەو ڕێگایانەو زۆری ئۆتومبیل‌و قەرەباڵغی جادەکان .. لەبەر ئەوە ناتوانرێت سەرپێچی لەو ڕێگایانەدا بنەبڕکرێت بەڵام کۆملی شت هەیە ئەگەر ڕەچاو کرێن ئەوانەیە کارەسات لەو ڕێگاو بانانەدا کەمتر کاتەوە .. ڕێگاکانی دەرەوەی شار بکرێت بە دو بەر بۆ ڕویشتن‌و گەڕانەوە .. ئۆتومبیلەکان بەردەوام فەحس کرێن تا بزانرێت ئەوەندە قایمو مەحکەمن بتوانن بەبێ قورت ڕێگاکانیان ببڕن .. چاودێری خێرا ڕویشتن بکرێت‌و ئەم لاو ئەولای جادەکان بە تایبەتی چاڵو بەرزیەکان چاک بکرێن بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمۆبیلەکان ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە پارێزگاکاندا پەیوندی بە بەریوەبەرایەتی پۆلیسی ڕێگاوبانەوە کردوە تا بزانێت لە ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شاری ئەو پارێزگایانەدا چەن کارەسات ڕوی داوە لە پارێزگاکانی .. بابل کەربەلا .. واست .. دیالە .. ئەنبار .. قادسیە .. زی‌قار میسان .. بەسرە .. موسەنا .. تامیم .. دهۆک .. سلیمانیە .. هەولێر .. ئەینەوا بەسەر ژمێردا دەرکەوتوە کە سالی پار لە ڕێگاوبانەکانی دەرەوەدا ٤ هەزارو ٨٥٤ تامبۆن‌و وەرکەران‌و شێلان ڕویداوە کە ئەم ڕوداوانە بوئەتە هۆی مردنی زیاد لە ٨٣١ کەس‌و بریندارکردنی ٢٧١٤ کەس .

ڕێگای بەسرا بە مەترسی ترین ڕێگایەو لە هەموو ڕێگاکانی تر ڕوداوی زیاتر تیا ڕو ئەدات بەڕادە یەک بۆتە شەقامی خوێن .. لە ماوەی نۆ مانگی یەکەمی ساڵی‌ڕابوردودا ١٤٨١ ڕوداوی تیا ڕوداوە ئەم ڕوداوانە بونەتە هۆی مردنی ١٠٣ کەس‌و بریندار بونی ٦٠١ کەس .. ڕوداوەکانی پێنج ماڵەکی ڕابوردوی ئەو جادەیەگەیشتونەتە ٧٤٦ ڕوداو ، ئەو کارەساتانە بونەتە هۆی مردنی٤٨ کەس‌و بریندار بونی ٦٠١ کەسی‌تر .

● **پێشمێرەکان ..**

دوای ئەوەی باسمان کردولەگەڵ ئەو هەموو ژمارانەدا خستمانە پێش‌چاو پێشمێری‌ئەوەئەکەین :–

زوربەی بەریوە بەرانی‌پارێزگاکان ئەوەیان دوپاتە کردوتەوە کە زۆربەی زۆری‌ئەم کارەسات‌و ڕوداوانە لە ئەنجامی خێرا ئاژوانەوەو ئەدات لەگەڵ گوێ نەدانە ئامۆژگاریکانی ڕێگاوبان و هەندێکیشیان‌بەهۆی ماندوبون‌و هیلاکی شۆفێرەکانەوە ڕوی داوە .

● بەگورچ‌و گوڵو هەرلە ئێستاوە ڕێگاوبانەکانی دەرەوە بکرێن بە دو جادەیەکێکیان بۆ چون ئەوەی تریان بۆ گەڕانەوە .. لەگەڵ دروست‌کردنی شەقامێکی تایبەتی بۆ لۆری گەورە ..

● ئەو کەسانەی لەمەفرەزەکانی ڕێگاوباندا ئیش ئەکەن پارەی زیادەیان بدرێتی‌لەبەر ئەوەی کە زۆر هیلاک ئەبن‌و ئیشەکەیان نارەحەتە .

● دروست کردنی نوختەی‌چاودێری لە نیوان هەر ٥٠ کیلومەترێکا بۆ مەفرەزەکانی‌ڕێگاوبان‌و دروست کردنی گازینوی بشودان لە نیوان‌هەر ٢٥ کیلومەترەیەکدا بۆ هاووڵاتیان تا لە ڕێگادا پشوی تیابدەن ..

● هەرکەسی لەوڕێگاوبانانە سەرپێچی کرد ٥٠ دیناری لێ‌بسێنرێت بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوی ئەو کەسە کێ‌یە ..

● بەکار هێنانی ئەو شتە تازانەی کەڕاستەو خۆ شۆفیری سەرخۆش دەرئەخات‌وروخسەتی ئۆتومبیل لێ‌خورینی لی بسێنرێتەوە .. پاش ئەمەهیوامان وایەکە بەریوەبەرایەتی کشتی‌ی ڕێگاوبان ئەم پێشمێرانەمان پشت‌گوی نەخات‌و بە چاکی لییان‌بکۆڵێتەوە ..

صابر عبدالرحمن و دوانێک دەربارەی مەنەلۆج

شێرزاد عبدولرەحمان
ئامادەی کردووە

● **تکایە خۆت بە خوێنەران بناسێنە .**

– لە ساڵی ١٩٤٧ چاوم هەڵێنا لەدەشتێکی نزیک شاری هەولێر ، چێژی هونەریم لە ساڵی ١٩٦٦ەوە چەکەرەی کرد بەو ئامێرەی کە ئامۆژگام ئەوا وکرد ، ئەو پاشان چەند مەنەلۆجێکەم ئۆمار کردو .. نیسساس بەردەوامم .

● **بۆچی مەنەلۆجت هەبزارد ..؟**

● – هونەری مەنەلۆج لە توانای‌دا هەیە گەورەترین تیروگرفتی کۆمەڵایەتی لە تابلۆیەکی سەرنج ڕاکێشەر نیشان بدات‌و هەولی چارەسەر کردنی ئەو ئەریتە کۆنانە بدات کەیێ لە پێشکەوتنی کۆمەڵ دەکرن .

● **پێش مەنەلۆج .. ئارەزووی چی‌تر هەبوو ؟**

– دەتوانم بڵێم هونەری شانۆ ڕای کێشامە ناو گۆڕی مەنەلۆج ووتن ، چونکە بەر لە دەست پێ‌کردنی ئەم هونەرە ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو لەگەڵ شانۆو بەشداری چەندەها شانۆگەریم کردووە . مەنەلۆجیش دیسان بەشێکە لە شانۆ .

● **گۆرانیەکانت وتردی سەرزارانە .. تۆ ئەتوانی چی ؟**

– هیوام‌وایە زیاتر جێگەی خۆی لە دلی خەڵکی‌دا بکاتەوە .

● **باشە مەنەلۆج ئەبێ چۆن‌بێ ؟**

بەڵای منەوە مەنەلۆجێست پێش هەموو شتێ ئەبێ واقیعی‌بێ ، هەروەها بەرهەمەکانی ئەوەندە سادەبێ کە ڕاستەوخۆ بچێتە دڵەوە ، دیارە مەبەستم لێرەدا ئەوەنی‌یە شتەکەی کرچ‌وکاڵبێ ، بەڵکو هەر مەنەلۆجێک مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبێ‌و کاربکاتە خەڵک .

● **ئەمەیان .. چۆن ؟**

– لە ڕووداوەکانی ئەو کۆمەڵە بدوێ کە تیایدا ئەژی‌و بتوانێ بچێتە قوڵایی کیرو ڕفتەکان .

● **لێرەدا ئۆ چۆن خۆت دەبینی ؟**

– بێ‌گومان ئەو شتانەی باسم‌کرد مەبەستی ڕاستەقینەی مەنەلۆجەکانمن ، ئەگەرچی هەندێکیان لە کەم‌و کورتی بەدەرنین .

● **خوشترین مەنەلۆجی خۆت کامەیە ؟**

– ئەو مەنەلۆجەی کە خەڵکی دەست نیشانی دەکەن‌و توانای ئەوەی لە بارداییە چارەسەری دەردێکی کۆمەڵ بکات .

● **ئەی « بووکو خەسو » ؟**

– هێشتا زۆربەمان بە دەستیەوە ئەئێنین .

● **مناڵەکان مەنەلۆجە کانتیان خۆش ئەوێ .. ئەی تۆ ؟**

– خۆشەویستی‌یان ئەپارێزم مەنەلۆجەکانم بۆ ئەوانە .

● **« بازاڕی ناز » گیروگرفتێکی زۆر .. ڕات چیە لەم بارەوە ؟**

– پیاو بێ بەقەدەر بەرەکەی خۆی ڕاکیشێ چاکترە .

● **پێشنیارت چیە بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی ؟**

– زۆر بە تاسەوەم کە تیپێکی نەتەوایەتی لە مۆسیقاو شانۆی کوردی پێک بێت بۆ بەرەپێ‌دانی بزوتنەوەی هونەری کوردی هەروەها تەرخان کردنی هەفتەیەک لە هەرساڵێک بۆ نیشاندانی بەرهەمی تیپەکانی کوردستان .

پاشماوەی : شکسپیرو گەڕان بەدوای ...

لێکۆڵینەوە هەر بەردەوامە بە دوای دۆزینەوەی کلیلی ئەو ڕاسیتیەوونبوودا دەگەڕێت : هەندێک لەسەر بلیمەتی شکسپیرو ڕاستی گەڕانەوەی ئەو نووسینانە بۆ ئەو سوورن .. هەندێکی تر لەسەر ئەوە سوورن کە هێشتا کە چەند گومانێک هەیە زۆر شاراوەیە پێویستیەکی‌زۆری بەتۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی پتر هەیە .. بەڵام خۆمان لەبەردەمی دوو کەس لە هاو چەرخی‌ی شکسپیردا دەبینینەوە داکۆکی لەو ڕاستی‌یە دەکەن کە ئەو دانراوانە هی شکسپیرن‌و خۆی داینان ئەو دوانەش ڕەخنەگری ئینگلیزی بن جۆنسن‌و ئەکتەری بەناوبانگ « ولیم کیمب »ن کە هاوچەرخی شکسپیرن ، یەکەم دەڵێت « شکسپیر هونەرمەندێکی داهێنەر بوو .. پێویستی بەدروست کردن نەبوو .. ژیان قانکی دابوو .. بیرکردنەوەیەکی بەبیتی هەبوو » .. دووهەم دەڵێت « شکسپیر چووەتە ناخی خەڵکییەوەو وەها وینەی کێشاون وەکوو خۆیان چۆن هەن بەبێ ئەوەی دەستکاریان بکات » .

Institut Kurde de Paris

خێزان

تەندروستی خێزان

مەترسیی کانسەری «مەمک»ی مناڵ نەبوون

هەموکەس تا ڕادەیەك ئەزانێ کە حەبی منال نەبوون مەترسی هەیە ، لەبەر ئەوە ئەلێك ئافرەت لە جیهانا ئەم جۆرە حەبانە ئاخۆن چونکە ئەبنە هۆی رودانی نەخۆشی و ئازار .. هەندێ جاری واش هەیە حەبەکە ئەبێتە هۆی مردن ئەنانەت ئەم دواییەدا ئاژانسەکانی دەنگوباس بڵاویان کردەوە کە ئافرەتێکی بەریتانیایی بە هۆی خواردنی ئەم حەبانەوە مردوە .

ئەم ئافرەتە ٣٣ ساڵان بوەو حەبی (فالدان)ی بە درێژی هەشت ساڵ خواردوە ، لە دواییدا جۆری حەبەکەی گۆڕیوە بە جۆری (مینوفلار) .. ئەویش بە پێی ئامۆژگاری پزیشکێکی بەکێک لە نەخۆشخانەکانی نەخشەی خێزانی حکومەت لە بەریتانیا بوە .

لە دوای چەند هەفتەیەك ئافرەتەکە هەستی بە ئازاریک کردوە لەسەر سنگیداو ناوشانەکانی ، چوە بۆ لای دکتور، دوایی لە نەخۆشخانەی (لستر) لە شاری ستافنج کەوتوە .. دکتورەکان نەیانتوانیوە هۆی ئەم ئازارە بدۆزنەوە ، هەروەها مسز رتشنجز ئەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوەو لەسەر جێگا کەوتووەو دوای چەند ڕۆژێك ئارەحەت بوە ، خۆی گەیاندۆتە نەخۆشخانەی لستر .. وە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا دەرکەوتووە کە ریخولەکانی بەستراوە ، کە حەبی منال نەبون ڕۆڕیان ئەبنە هۆی ئەم نەخۆشیە .

— یاسەمین —

بوئەوەی زمانی گیرانی منال دریژە نەکێشێ

زانایان لەو باوەڕەدان کەزمان گیرانی منال هەڕۆژی گیروگرفتێکی دەرونی بێت .. کە بەزۆری لە تەمەنی ٢ـ٣ ساڵیدا دوچاری منالان ئەبێ .. ئەمە زۆرجار وەکو دیاردەیەکی ئایینەتی دەرئەکەوێ و درێژەئەکێشێ .. ئەمەش زوربەی لەوەوە ئەبێ کە گیروگرفتێکی دەرونی یان ترسناك یان کارەساتێك یان کەوکورتی لەکێشانەی ژیانی خێزانیدا ئەبێ .

هەرچەند چارەسەری ئەم زمان گیریە دوا بکەوێ ئەوەندە چارەسەر کردنەکەی دژوارو ناڕەحەت ئەبێ و بە گران چارە ئەکەرێ . وە هەروەها پێویستە لەسەر هەموان کە سەرنجی بیاری قسەکردنی منالە کانیان بدەن . هەروەکو پێویستە لە کاتی قسەکردنا هەرچەند وشەکان دوبارەو سێبارە بکاتەوەو بیان جرێنێ و لە سەریان بوەستێ بەرەنگاری نەکرێ .

وە پێویستە زمان گیران لە ئاڵزیەکانی تری قسەکردن جیابکرێتەوە .. وەکو ئەوەی لە کاتی قسەکردنا چەند وشەیەك نەخۆنەوە یان لە وشەیەك نەوەستن یان ناوبەناو قسەکانیان ئەبچڕێنن ، وە ئەمەش زۆر جار لە ساڵەکانی سەرەتای کەشە کردنیاروئەدات و بەرەبەرە کە کەورە بو ئەم دیاردەیە کەم ئەبێتەوە ..

ئەم دیاردەیە لەلای پزیشکەشارەزاکان بە چارەسەر کردنێکی پزیشکیانە ئەتوانرێ چارەسەری بکرێ .

— وەسیلە عەلی —

١٥ پرسیار و دیاری کردنی

کەسەت وهۆش

خوشکی بەریز : ئەڵێن .. هەست ناسکی یەکێکە لەو خوە جوانانەی لەگەل مرۆڤدا بێ ئەنا بەڵام راستی یەك هەیە ئەبێ بیزانی ، هەستی ناسك دوولایەنی هەیە .. لایەنی زیاد ئە پیویستی ئەنجامی پێچەوانە ئەبێ . بۆ نموونە . هەستی زۆر لە پێویست ناسك ئەبێتە هۆی ترسنوکی و سئەمینەوە . ئەنجامەکەی ڕاڕای ئەبێ لە کاروبارا .

لە لایەنی باشیشدا . هەست ناسکی ماوە ئەدا بە ئافرەت .. خۆی بەروەردە بکا کاروبارو رووداوەکانی دەوروبشتی سەرنجی ڕائەکێشن .. کە ئەو یارمەتی ئافرەت ئەدا بتوانی هەڵویستی بەرامبەر ئەوکارو بارانە دیاری بکا کە لە دەروبشتی رو ئەدەن .

بۆ ڕون کردنەوەی زیاتر .. شارەزایانی دەرونی ١٥ پرسیاریان داناوە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە .. دەری ئەخات ئز تا چ ڕادەیەك هەست ناسکە و چۆن ؟ ..

پرسیارەکان :

١ـ کاتی یەکێك ڕەخنەیەکت لێ ئەگرێ لە ناختەوە .. هەست بە بێزاری ئەکەی ؟

٢ ـ ئایا هیچ یەکی لە هاوڕێکانت لە دەست چوە لەسەر ئەوەی هەستیان بریندار کردبی ؟ .

٣ ـ ئایا ئەوانەی لە ئەلتا ئەژین بە هەست ناسکت ئەزانن ؟

٤ ـ کاتێ لەگەل کەسێکا ئەکەویتە ئاکوکیەوە ، توانای دان بەخۆ ڕتنت ئامینێ ؟

٥ ـ هەستت بەوە کردوە ، کە لەبەر هەست ناسکی توانات بەرزترە لە کەسانی تر ؟

٦ ـ ئایا کاروباری ترانی خۆت ئەدەی بەسەر خەڵکی ترا چونکە خۆت بۆت ئاکرێ ؟

٧ ـ بەلاتەوە ئاسانە کاری خەڵکی بکەیت و رووبەروی گیروگرفت ببی ؟

٨ ـ ئەبەر هەستت بە وەکرد هەڵوێستی یان کردەوەیەکت زیان بەخش و بێ ئەنجامە ، ئەوەندە بەخۆتا رائەبەرمویت لە کاتی خۆیدا لێی پاشگەز ببیتەوە ؟

٩ ـ ئایا توانای تێگەیشتت بە هێزیکی ئیجابی ئەزانی لە ژیانتا ؟!

١٠ ـ ئایا هەندێ کاروبار هەیە کە لەبەر هەست ناسکیت ناتوانی بیان کەیت ؟

١١ ـ هەست بەوە ئەکەی پێنج ساڵ لەمەوبەر بەتوانا تربوی لە ئیستا ؟

١٢ ـ خەڵکی تر هان ئەدەی بەبێ پێچو پەناو ئازایانە هەستیان دەربڕن ؟

١٣ ـ کاتی کەسێکی نزیکت توشی ئەهاوەتیەك ئەبێ ، ئایا بێزار ئەبیت و ئەو بێزاریو بەستیە ئەبێتە کوسپ لە ڕێگای یارمەتی دانیدا ؟

١٤ ـ ئایا بەرامبەر پێویستیەکانی کەسانی تر هەست ناسکی ؟

١٥ ـ ئایا بەرەی ئەو ڕەنجەی بۆ کەسانی تری ئەدەی هەستی پی ئەکەی ؟

وەڵامەکان :

وەڵامەکان ئەبن بەسێ بەشەوە :

ـ بەیوەندیەکان : ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١٢ ، ١٣

ـ دەسەڵات : ١ ، ٢ ، ٤ ، ١٤ ، ١٥

ـ هۆو بەڵگە « بەمەبەستی خۆلادان لە لێپرسینەوە »

سەرنج : ئەگەر لە هەر بەشێکدا وەڵام « بەڵێ » بو ئەوا لەرووی هەست ناسکیەوە ئەو بەشە ئەگەرێتەوە .

جا ئیستا ـ خوشکی بەریز : هەستو هۆشت بەکام لادا ئەشکێتەوە ؟! ئایا بەرەو دروست کردنی بەیوەندی بتەو لەگەل کەسانی تردا ، یان بەرەو ئارەزووی خۆسەپاندنو .. راکردن لە دەست لێپرسینەوە ؟!

— پاکیز محمد صدیق —

ڕێکخراوە پیشەیی و میللی یەکان بەردەوامن لە بایەخ دانیان بە لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی کرم بونەوەی بەرهەم .

ئەو وتووێژانەی لەو کۆڕە فراوانەدا کرا کە بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی کرم بوونەوەی بەرهەم لە هەفتەی ڕابوردودا لە بەغدا بەسترا ، لەسەر ئامادەیی وڵاتدا دەنگی داوەتەوە .

بەشداربونی بەریز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆڕەکەدا ، ئەو تێبینی و ئامۆژگاریانەی کردنی بابەتێکی گەورەو گرانی داوە بەو لێکۆڵینەوانەی کە لەگەل دیاریکردنی ڕێزەوێکی ئەو کۆ کە چارەسەری نزم بونەوەی بەرهەم بکات ، ئەویش بەدانانی چارەسەرێکی زانستیانەی تەواو بۆ ئەو مەسەلەیە .

لە هەندێك لە بارێزگاکانی وڵاتدا چەند کۆڕو کۆبونەوەی فراوان لە دامەزراوە بەرهەم هێنەرەکاندا بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێبازێکی زانستیانەی بەرهەم بەستراون .

● ئەینەوا :

لە بارێزگای ئەینەوا ڕۆژی شەممەی ڕابوردو لە کۆمەڵانیای گشتی رستن و چنیندا کۆڕێکی فراوان سازکراوە ، لەکۆڕەکەدا بەرتوەبەری گشتی کومەڵانیاکەو سەرۆکی یەکێتی ناوخۆقسەیان کردوەو ئەوەیان دوپات کردۆتەوە کە پێویستە لە بەر ڕۆشنایی ئامۆژگاریکانی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەرهەم هێنان زیاد بکرێ . وە ئەوەشیان دوپات کردۆتەوە کە ئەبێ ئەو تاقیکردنەوە سەرکەوتوەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لەم وڵاتەدا سەرکردایەتی ئەکا بەرەو پێش بەرین لە پێناوی بەجێگەیاندنی ئامانجەکانمان بۆ خزمەتگوزاری جەماوەری گەلەکەمان .

● هەولێر :

هەروەها بە پێی ئامۆژگاریەکانی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش یەکێتی ئەقابەی کرێکارانی بارێزگای هەولێر ڕۆژی دوشەممەی ڕابوردو کۆبونەوەیەکی فراوانیان ساز کرد کە ئەندامانی مەکتەبی ئەنفیزی یەکێتی ئەقابەی کرێکارانی بەڕێزگاکەو لێ بڕسراوە ئەقابەیەکانی لیبا بەشدار بون .

وە لەو کۆبونەوەیەدا باسی هۆیەکانی زیاد کردنی بەرهەمو جۆری چاك کردنی بەرهەم هێنانیان لە هەمو ڕوبەکەوە کردوە ، وە لە سەری کۆڵاونەتەوە .

● قادسیە :

ڕۆژی شەممەی ڕابردو لە بارێزگای قادسیە یەکێتی ناو خۆی ئەقابەکانی کرێکاران کۆبونەوەیەکی فراوانیان کردو لە کۆبونەوەکەدا لەو ڕێبازانە کۆڕاوانەتەوە کە زیاد بونی بەرهەم هێنان مسۆگەر ئەکات ، لەگەل زیادکردنی بەرهەمی کرێکاران لە دەزگاکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگزاریدا . هەروەها باسی ئەو هۆیانەش کراوە کە ئەبنە کۆسپ لە ڕێگای کاروباری ئەقابەگەریدا لە کۆبونەوەکەدا بۆیاری ئەوە دراوە کە هەروەزێکی کۆڕبەستن بکرێ وە لە سەر ئیش و جێگای کارکردن بەبوەندی لەگەل جەماوەری کرێکاراندا بکرێ و بایەخ بە قیمینی و ئامۆژگاری کرێکاران بدرێ کە لەوانەیە ئەو ئامۆژگاریانەی کە لەو کۆبونەوەیەدا ئەدرێن ئەو کاری و تێبینیانە بینە هۆی چاکبون و زۆر برنی بەرهەم . هێنان .

کۆچی دوایی « پاشماوە »

لە بەغدا بۆ ئەودی بەناوی سەرۆکەوە بە بۆنەی کۆچی دوایی ماوتسی تونگ ڕابەرو سەروکی کۆمۆنیستی چینەوە سەرخۆشیان لێ بکات .

هەروەها دەزگای تەلەفزیونی چین ڕۆژی دوشەممەی ڕابوردو بۆ جاری یەکەم تەرمەکەی ڕابەری کۆچکردو ماوتسی تونگی نیشاندا یە سەرکردە گەورەکانی چین و هاوکارەکانی سەرەك وەزیران دەوریان ئەدا بو .

تەرمەکەی ماوتسی تونگیان لەسەر سەکۆیەك دانابو بارچە قوماشێکی سەی یان بە سەردا دابو وە تاکو نیوەیان بە ناوی چین دابوشیبو .

هاوکاری
لە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی دەردەچێ
بەغداد ساحەی بەغداد چ . پ ٢٤٣
تەلەفون ٦٨٣٦١ / ٥ خەت
ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦
بڵاوکردنەوەی وتووێژەکانی سەرەوە لە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی بەدەستە

سەروتار (پاشماوە)

٥ ـ هاوڕێی جێگر دەڵێ : «پێویستە ئەوپەڕی ئیرادەی خێر خوا لە پێناوی خزمەتگوزاری هەموواندا بخرێتە کار » . بەم عیبارەتە ئەو وێنە قەشەنگەی بۆ مرۆڤ دەخوازرێ لە کۆمەڵگای شۆڕشدا کە کارکەرێکی بە هەوڵو کۆشش و دڵسۆز بێ ، ئەواو درووست دەبێ ، خوڵقاندنی هاو نیشتمانی (کارکەر)و (بە هەوڵو کۆشش)و (دڵسۆز) لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە ڕێگای گۆڕانی بنەڕەتی گرتۆتە بەر ، یەکێکە لە بنداویستەکانی بەدی هێنانی ئامانجەکانی نەخشەو بڕۆگرامەکانی بەرهەم هێنان تا ڕادەی وەها بەرز بێتەوە کە بگونجێ لە گەل ئەو بلانە زانستیی بەی دەیەوێ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵدا بەدی بێنێ و هیواو ئاواتەکانی شۆڕش و ئامانجە ستراتیژیەکانی بنوێنێ .

شێوەی بەیوەندی دیموکراتی لە نێوان هەردوو لای بەرهەم هێناندا ـ ئیدارەوکرێکاران ـ لەم ڕووەوە بەشداریەکی بنچینەیی دەکا ، بۆیە هاوڕی جێگر پێی لێدادەگرێ و دەڵێ : « چارەهای جار بە ڕێز سەرکۆمار (تصریح)ی داوەو لە زۆر بۆنەدا خوتبەی داوەو باسی پێویستی بەیوەندی دیموکراتیانەی نێوان سەرووخواروی کردوە » .

وەمارەسەی دیموکراتیەت لە نێوان سەرووخوارودا لە کۆمەڵگای شۆڕشدا ، جەندە دانپیانانی مافی هاونیشتمانی و قودسی یەتی مرۆڤایەتی ئەو دەگەیەنێ ، هێندەش دەبێتە (پێویستیەکی کردەوەیی) چونکە ماوە بۆ جەماوەر خۆش دەکا کە بە داهێنانەوە لە بەرەو پێش بردنی ڕەوڕەوەی شۆڕشدا بەشدار بن و بارو زرووفێکی هاندەر بخوڵقێنێ بۆ تەقاندنەوەی توانای بەهرەیان .

هەر وەها درووست بوونی بەیوەندی دیموکراتیانەی نێوان ئیدارەو کرێکاران لە (وەحدە)ی بەرهەم هێناندا دەوری هەردوولا لە کردەوی بەرهەم هێناندا دەسەلمێنێ لە نێوان ئۆرینسەوەی بیرو ڕاو سەرنج دەربارەی نەخشەی بەرهەم هێنانو چاودێری کردنی ڕێڕەوی . بەمە ئەو بەیوەندیە بارە کردار وەردەگرێ کە فراوانترین بەشی کارگەران بەشدارین لە جێبەجێ کردنی نەخشەکەدا وچاودێری کردنیدا .

ناقی کردنەوەی شۆڕشەکەمان لە ساڵانی بیشوودا سەلماندی کە لە کۆڕی بەرهەم هێناندا پێویست بە هەڵوێستێکی (ئەخلاقی) بەرز دەکا لە لایەن هەموو بەشدارانی یەوە بەوەی هەموو تینو توانایەکیانی پێ ببەخشن و لەم ڕێگەیەوە دڵسۆزی خۆیان بۆ نیشتمانو ئیلتیزامی شۆڕشگێڕانەیان بنوێنن .. بە بێ ئەم بەشداری کردنە یاخود بێدەنگ بوون لە هەڵە ، سیفەتی نیشتمانیەروەری و شورشگێڕی ون دەکەن .

سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆڕش لە کاتێکدا بێناسی شورشگێڕانەو ئیلتیزامی خۆی بە سوودو بەرژەوەندی جینە میللی یە جەوساوەکانی ناو کۆمەڵەوە دووبات دەکاتەوە ، لایەنی ڕاستی و سوودی گشتی دەگرێ بەرامبەر بەو تەقسیر کردنەی لە هەندێ لە بەشدارانی بەرهەم هێنان روو دەداتو لە رووی هەڵەو جەوتیدا کۆ ناکاتەوە ئیتر سا لە هەرکەسێك و هەر لایەنێك وەشابێتەوە ئەویش بە ئامانجی دانانی پێوانەی کردەوەیی و شورشگێڕانەو سوودی نیشتمانی لە سەرووهەر (اعتبارێکی) ترەوە .

— هاوکاری —

شەڕی توند (پاشماوە)

لە باکوریش لە جەبهەی زغرتاو طرابلس ـ زغرتاو بداوی شەڕێکی گەرم قەوماوەو شاری طرابلسو شەڕگەکانی تر بە بازوکا گوللەساران بەو هیوایە کە ئالقەی گەمارۆی شار تەنگتر بکرێتەوە .

ڕۆژی دوشەممەی ڕابردو ئاژانسی یونایتد پرێس گوتویە تۆپخانەی دورەبەریزەکانو هێزەکانی ڕێژیمی سوریا کە بەندەری طرابلسیان تەمارۆ داوە تۆپ بارانی شوێنی هێزە هاوپەشەکانیان توندو تیژ تر کردوە کە بارێزگاری دەروازەی طرابلسو کوندەکانی باکور دەگەن .

لە جنوبیش دۆخێکی ئاڵۆز هەیەو هێزەکانی هەردولا تۆپ بارانی یەکتریان کردوە بە تایبەتی لە جەبهەی (بلدەروم) کە لە شاری صیداوە نیزیکە .

هەروەها هێزەکانی ڕێژیمی لادەری سوریا کە لە دەشتی (الرملة)و شاری (جزین) دان ، کوندەکانی عازورو حمیصەیان داوەتە بەر ئاگری ڕەشاش کە هێزە هاوپەشەکانیان تێدان .

سەرجاوەکانی لایەنە شەڕکەرەکان گوتویانە شەڕ لە ڕۆژی دوشەممەی ڕابردودا ١٤٢ کوژراوو ١٩٦ بریندار بوە .

● کرامی دەگاتە قاهیرە

نیوەڕۆی ڕۆژی دوشەممە ڕشید کرامی سەرەك وەزیرانی لوبنان لە دمشقەوە گەیشتە قاهیرە پاش سەردان لە سوریا کە چەند سەعاتێکی خایاند .

کرامی لەو سەردانەدا چاوی بە سەرۆکی ڕێژیمی لادەر حافظ اسدو سەروەزیرەکەی عبدالرحمان خلیفاوی و وەزیری دەرەوە عبدالحلیم خدام کەوتوە .

لە لایەکی ترەوە صائب سلام سەرۆکی حکومەتی بیشووی لوبنان لە بیروتەوە گەیشتە دمشق بۆ ئەوەی چاوی بە سەرکردەکانی ڕێژیمی دمشق بکەوێ .

ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە بیروت گوتویە سلام لەو سەفەرەدا پاش سەردانی دمشق سەر لە میسرو سعودیش دەدا .

ریمون ادە سەرۆکی حزبی دەستەی نیشتمانی ڕایەپاندوە کە ئەگەر بانگهیشتن بکرێ بۆ سوریا ئەو کاتە ئامادەیە بچێ کە هێزەکانی ڕێژیمی سوریا لە هەمو خاکی لوبنان کشابنەوە .

● بزوتنەوەی نیشتمانی هاوکاری خۆی لەگەل سوپای عەرەبی لوبنان دەسەلمێنێ .

بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان ڕایگەیاند پێویستە هاوکاری چارەنوس لە گەل سوپای عەرەبی لوبنان دا بکات و پێزاری خۆی لەو هەوڵو تەقەلا کومان لێکراوە دەربڕی کە دەیەوێ سوپا لەگەل حیزبو هێزە نیشتمانیو پێشمەوتوەکاندا شەڕ بکا .

بزوتنەوەی نیشتمانی ئەم دواییانە لە بەیانیك دا ناشکرای کرد کە هێندێك کەسی قین لەدل دەیانەوێ بزوتنەوەی نیشتمانی بەرەو پێك هەڵبزان لە گەل سوپای عەرەبی لوبنان ڕابکێشن بۆ ئەوەی خوراکری بزوتنەوەی نیشتمانی لە بەرامبەر هێزەکانی ڕێژیمی لادەری سوریو دورەبەریزەکان دا بێ هێز بکەن .

● دوراسپاردە لە اسدەوە بۆ فرنجیەو سەرکیس

عەقید محمد الخولی نێردراوی تایبەتی حافظ اسد سەرۆکی ڕێژیمی لادەری سوریا لە زمان اسدەوە بە فرنجیەی گوتوە هەر کاتێك حەز بکا سەر لە دمشق بدا بە گەرمیەوە پێشوازی لێ دەکرێ .

هاوڕی رافعی :

وە هاوڕی عبدالمجید الرافعی ئەمینسری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە لوبنان سەری لەسەربازگەی هیزەکانی فەلەستین داوەو لەلای مەشق کەرانی ئەو سەربازگەیە وتاریکی داوە تیایدا داوای روخاندنی ڕێژیمە خۆ بەدەستەوە دەرەکانی کردوە هەروەها وتویە ڕیژیمی دیمەشق کە ئەیشتە خوارو دوژمن لەهیزەکانی ئەدا چونکە دلنیایە کە ئەم ڕیژیمە لەڕێی باوەڕ هێنانەوایە بەدوژمن .

پاشماوەی : ئەخشەو ئەشەپێدان ..

کە هەر یەکەیان ئەوی تریان ئەواو ئەکات .

وڵاتەکەی ئێمە کە بۆتە نموونەی ئەخشە کێشانی پەرەپێدانی سۆشیالیستی ئەتەوەیی و ئەنیا ئانوارتە پێویستی یەکانی وڵاتو ئەس ، بەڵکو ئەنوارتە پێویستی یەکانی هەمو نیشتمانی عەرەب ، لەبەر ئەوەی باوەری بە هێنانە دی کۆمەڵگایەکی عەرەبی دیموکراتی سۆشیالیستی یەك ئرتوهەیە .. لەبەر ئەوەیە ئەخشەکە ئەتەوەیی و قوتری نی یە .. لەبەر ئەوە ئەخشەیەکی فراوانی ئەرمە باوەری بەو شتانە هەیە کە لە کردن دێنو واقعین لەگەل هێنانەدی خواستەکاندا، بەهەر ڕێگایەکدا کەبمان گەیەنێتە ئەو مەبەستە ..

بەهۆی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ ئەمموزی ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازەوە مەرجەکانی ئەخشە کێشانێکی بەرەسەندوی سۆشیالیستی سەرکەوتو لەبەر دەست دایە .. لەو مەرجانە مێشکو بیر کردنەوەیەکی ستراتیژی ، لەگەل سەر لەنوی بنیات نانەوە ڕێکخستنی هەیگەلی دەوڵەتو قەلا چوکردنی نەخوێندەواریو خوێندنی بەخۆڕایی و بە زۆر بێ خوێندنو دانانی بەروەردە لە پێناوی بەرەسەندنی هەمەجۆرداو چەسپاندنی کەرەنی گشتیو سەرخستنی .

پاشماوەی : بیشەنگی شانۆی ...

یەك برنخت تەرخانی کردبوون بۆ ناوان پارکردن دژ بە فاشیەتو زوڵمو زۆریو سەرشۆڕیو چەوساندنەوە .

لە کۆتاییدا :

ئەوە دەمێنێتەوە کە هەردوو بەشی ئەڵمانیا هەموو ساڵێك ئاهەنگ بۆ برنخت بگێڕن ، هەموو ڕۆژێکیش کارەکانی تیدا بخرێنە پێش چاو .. هەموو ئەلمانەکان بە شاعیری داهێنەرو خەباتگێڕی ئەڵمانیای دەزانن .

بەیارمەتی ئێوە

قسەیەکی نەستەقی جیینی کۆن هەیە ئەڵێت : « بۆ ئەوەی دوارۆژت زامن بکەیت رابوردووت لەبیر مەکە » ٠

ئەم وتەیەش وەك چۆن بۆ بێستی ژیانی هەموو کەسێکە ، ئاوەها بۆ بێستی ژیانی گەلانیشە .
چونکە رابوردوو بناغەی ئێستایەو ٠٠ ئێستاش بناغەی دوارۆژە ٠٠ ئەو کەسەی رابوردووی نەبێت ، ئێستاشی نییەو ، ئینجا ، دوا رۆژیشی بارچە کاغەزێکە بە دەم باوە ٠

رابوردوو هەرچەندە تاڵیش بێتو، هەر «چەندە» ئەو ئەندێشەیەی ئادەمیزاد تیایدا کێشاویەتی سەخت بێتو ، چەند ئەو بارودۆخانەی بەسەری هاتوون ناهەموارو ، بۆ لە ناخۆشی بن ، ئەوەندە زیاتر پاڵ بە ئادەمیزادەوە ئەنێن بۆ هەوڵو کۆششی زیاتر لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی هەمان ئەو بارو دۆخانەدا جارێکی تر ٠٠ ئەمە جگە لەوەی ئەو ئەندێشەیەی ئادەمیزاد لە رابوردووی‌دا چەشتیێتی ، بێگومان هەستێکی وای لەلا دروست‌ئەکات کە بۆی بێوەبنێت بۆ بەشداری‌کردن لەگەل ئەو کەسەی کە بە هەمان بارودۆخەکەی چارانی ئەودا تێئە بەرێت . بەمەش هەستی خۆشەویستی‌و ٠٠ لێك‌نزیك‌بوونەوەو ٠٠ بەرەبی بەیەکتراهاتەوەو ٠٠ هەموو جۆرە پەیوەندی‌و پێکەوە بەستراتێکی وا لە دەروونی دروست‌ئەبێت کە بەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بە جۆرێکی وا بتەوبکات رەنگە لە هەموو کۆمەڵێکی‌تر زیاتر بێت ٠

بێجەوانەی ئەم ئادەمیزادەش ، ئەو کەسەیە کە هەول ئەدات تەواو لە بێستی رابوردووی خۆی دەرچێت ئەویش بەهۆی چەند لایەنێکی ناتاسایییەوە کە رێگای بۆ خۆش‌ئەکات وەك ٠٠ چانسێکی لەناکاو ، یان میراتێکی چاوەنواڕ نەکراو ، یان رێکەوتێکی باڕز تانیانەی گومان‌لێ‌کراو ٠٠٠

زۆر راستیشی فەرەووە ئەودی ئەڵێت :
ـــ کە ئەمڕۆ خۆش بەسەر ئەبەیت ، رابوردووت لەبیر نەچێت ٠٠ کە ئەمڕۆ کار ئەکەیت ئامانجەکەت بیر نەچێت ٠

عثمان محمد فائق
١٠ـ٩ـ١٩٧٦

١٣٠ سال
ژیاوەو .. بە هیوای ئەوەیە «١٠٠» ساڵی تریش بژی

لەم رۆژانەدا بە بۆنەی تێپەڕ بونی ١٣٠ ساڵ بەسەر لەدایك بونیا نەوەی ئەم ئافرەتەئاهەنگکیان گێرا ٠٠

ناوی (خضرة علی ربیع)ەلە گەڕەکێکی گەورەدا ئەژی ، منالەکانی بچکولەکەیان ئەمەنی ٦٠ ساڵ ئەبێ ٠٠ ئەم ئافرەتە ئەمەن درێژە ئیستا لە میسر ئەژی‌و هێشتا بە گورەو ددانەکانی نەکەوتون ، ئیستاش وەکو کچ سەما ئەکات ، بەڵام نەخێتك چاوی کزبوە ٠

لەم دواییەدا دکتورێك چوە بۆلای‌و ئەڵێ بەهۆی باریکی بەژینەوە ئەمەندە ساڵ ژیاوەو ئەندروستی هێشتا لەسەر خۆیە ، لۆچەکانی دەموچاوی‌وەکو ئافرەتێکی حەفتا ساڵی ئەنوێنێ ٠٠

بەڵام خۆی ئەڵێ : هۆی ئەوەیە چەرە ناخۆم ، هەرکات هەستم‌پەوە بکردایە کەڕۆیستم بە حەوانەوەیە ئەخەوتم ، شتی سورکراوەم زۆر نەخواردوە ، لە جاخی دوێنی‌و هەرزەکاریم‌دا کە شەست ساڵ درێژەی کیشمازوربەی خواردنەکانم ماسی‌و هێلکەو ئەژەت‌بو وەکو فەلاحێك ئەژیام ٠

● مێردەکەم راوەماسی ئەکرد ، لە پەرەپەیانا لە کەلیا هەڵئەستام لەبەر ئەوەی کەم‌کەس راوەماسی ئەکرد خێرو بێرمان زۆربو ٠٠ ئیمە هیچ جیاوازیمان نەئەخستە نێوان ماسیەکانەوە ، مێش لەناو ئەوەکەکانو خێزانەکانی دەوروبشتمانا ماسیم ئەفرۆشت‌لە ژیانم هیچی نەخۆشی نەبوم سێ جار ئەبێ ، لە نەخۆشیەکانما نەبیا نەعنام ئەخواردو بەکارم ئەهێنا ٠

● **ساڵی ١٨٤٦ لەدایك‌بوە. پەنجا ساڵ ئەبێ مێردەکەی مردوە ، دوای ئەوە کە تەمەنی ئەیشتە ٨٠ ساڵان ، بیتر دوای ئەوە شوی نەکردۆتەوە ، ٢٢ کوڕی بوەو هەمویان مردون ، تەنیا یەکێکیان ئەبێ ماوەتەوە . کە ئەویش لە هەموویان بچوکترە ، ئیستا لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدایە ، مارەیەکەی ٧ جنیەبوە قەرەوێلەیەکی مس‌و دۆلابێك‌و بوفیەیەکی بێ‌کڕیوە ، هەموو کەرەسەی ماڵەکەی مسە شتە هەڵواسراوەکانی ئەبێ کە لە دار دروست کراون ، بولو زاوایی لەسەر چارپایەبوە ، وەکو کەژاوە ٠٠ دوای ئەوە مێردەکەی خانویەکی بە ٤٠ جنیە بۆ ئەکڕێ ٠**

● لە سەردەمی خضرەدا گەرەکەکەیان هەموی (٤) هەزار کەس ئەبو ئیستاکە نیو ملیۆن ئەبێ ، لە بیری‌دێ یەکەمین ئۆتۆمبیلێك هاتۆتە گەرەکەیانەوە ، کە کوێخای گەرەکەکەیان کریبوی ٠٠ هەموو خەلکی گەرەکەکە چوبون بۆ سەیرکردنی ٠

شورشەکەی عرابی لە یادە کە خەلك چۆن خۆنیشاندانیان ئەکردو ئینگلیزەکان ئەقەیان بەسەریانا ئەکردو نوێنەرێکی بەریتانیایی بریندارکرابو ، تا ئیستا شوێنی برنێیك بەسەریەوە ماوە ٠

لە بیریە یەکەمجار رادیۆیان هێنایە کەرەکەکەیانەوە ، بەڵام زۆر لە تەلەفۆن ئەترسان ئەیانوت جنوکە لەناو ئاسنا قسە ئەکات ٠٠

تا ئیستا چاوی بە قاهیرە نەکەوتوە ، (ترامو مترو)ی نەدیوە ، بەڵام دوجار سواری شەمەندەفەریوە کەیریان ئەوت (ماری‌رەش) یەکەمجار چو بۆ سمنود کە لە گەرەکەکەیانەوە نزیك‌بو ، بەڵام دوەمجار چو بۆ سەردانی (السید البدوی) لە طنطا ٠

سەرنج

بەیامێری « هاوکاری » لە سلیمانی

خوێنەرانی بەرێز ئاگادارنەکەین ، بەتایبەتی لە پارێزگای سلیمانی ، کە « کاك حمە سعیدحمەکریم» دانراوە بەبەیامێری رۆژنامەکەمان لە پاریزگای‌سلیمانی ٠ بۆ ئەم مەبەستە ، وە ناسینی بەیامێرە کەمان لەلایەن خوێنەرانەوە ٠ ئەم سەرنجەمان بڵاوکردەوە ٠

ـ هاوکاری ـ

پێتان بڵێم

ـ احمد محمود ـ

● کاتێ کارئەکەین ، وە ئەمانەوێ کۆمەڵێکی نوێ دابمەزرێنین ، وە بنیات نانەکەمان بەرەو پتەوکردنی بنکەی مادی ئەو گۆڕانە تێکڕاییە بەرەو سۆشیالستیە بێ بەپێی بەرنامەو ئەخشەی زانستی ئەروات‌و لەسەر رێرەوی تازەترین گۆڕانەکانی تەکنیکی ، لەکاتی وادا ، هەندێ جار هەلە رووئەدا ، وە سەیریش نابێ لە یەکەم تاقی کردنەوەدا توشی هەندێ نانەواوی لە تقدیر کردناو بۆچوندا ببین ٠

● ئەمە شتێکی ئاسایی‌یە ، بۆ وماتیش لەوانەیە هەمان کێشە توشی ئەو کەلانەی تریش بوبێ کە ئەرکی گۆڕان کاری شۆڕشگێڕانەیان بەدی هێناوە ، بەڵام ئەوەی چێای خۆی نیەو ئەوەی بەپێی بەوەفایی شەرەفی‌هەو نیشتمانیەتی‌و دلسۆزی بۆ خاکی نیشتمان ئاسایی‌نیە ئەوەیە کە هەلە دابپوشرێ‌و بڕوبیانوی سەیر لەکاتی رووبەرروو بونی ئرنگ ترین ئەرکی میژووی ژیانی کەلی عیراقدا بێتەکایەوە ٠

● وە لە کاتێکدا سەرکردایەتی سیاسیمان بە ئازایانەو ئاشکراکاری رەخنە لە خۆگرتنی لەرووی زۆر هەلەی لایەلایی‌و کاروباری ئاستراتیجی‌دا لەسەر لایەرەکانی راپورتی سیاسی‌هەشتەم کونگرەی قوتری حزب بەکارهێنا لەسەر هاونیشتمانیە کانیشە بلەی لێبرسینە وەیان هەرچەندێ لە باوەری سەرکردایەتیە وە ئیانی هاتنەکایەوەی هەبێ دەوری ئازاترین چاودێری کاری لە سەر خۆی بنوێنێ بەرامبەر هەموو دەسکەوتەیەکی رۆژانەی لە چوارچێوەی چالاکیەکانی گشتی کۆمەڵدا ، وە بۆ چەسپاندنی رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن لە نیلتیزامیو ئیلتیزامی لەنو چالاکیەکانیا ٠

● لەم بۆچونەوە ، هەنگاوەکەی هاوری صدام حسین لە سەر پەرشتی کردنی راویژەکانی کوری لیکولینەوەی ئەو دیاردانەی کاریان کردۆتەسەر ئزمبوونەوەی بەرهەم ، هەنگاویکی لەجێگای خۆیدابو ، تا کادیری تەکنیکی‌و ئیداری لە دەزگا بەرهەمەم هینەرەکانمانا لەبەردەم دەست نیشان کردنی شۆڕشگیرانەدا بن بۆ دۆزینەوەی لایەنی بێهێزی کاری بەرهەم هێنان تا کاروانی کەشەکردنمانی رێگای راستی‌خۆی بەرەو خێرای‌کردنی لە گۆرانی مەبەستمانا بەدی‌بێنێ ٠

● وە هەروەك هاوری صدام حسین سەلماندی ئەوەی دوا وزەی توانای بۆ سودی بەرزی نیشتمان‌و خواستەکانی گەلەکەمان ئەخاتەکار ٠٠ لەناو ئیمەدا جێگای‌نیە ٠

ابی حکیم محمدو

هونەری گۆرانی وشتی‌تر

ـ ئیبراهیم محەمەد ی

هونەرمەند لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لەدایك‌بووە ٠ لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستی‌کردووە بە گۆرانی ووتن‌و لە رێی چەند گۆرانیەکی تازەوە خۆی بە خەلك ناساندووەو سەرنجی‌ژۆرەمانی راکێشاوە ٠

لە چاوپێکەوتنێکی هونەری لیمان پرسی :

● ـ ئیبراهیم محەمەد ـ چۆن خۆی ئەناسێ ؟

ـ هونەرمەندێکی سەرقال ٠٠ ژیان ئەکەم بە دوو بەشەوە لە نێوان گۆرانی‌و خەیاتی‌دا ٠

● ئەگەر دەنگت خۆش ئەبوایە ، چیت هەڵدەبژارد ؟

ـ هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە خزمەتی مرۆڤایەتی پێ‌ئەگرێ ، بێ‌گومان ئەگەر گۆرانی ئەبوایە لقێکی‌تری هونەرم هەڵئەبژاردو لەو رێگەوە رازی دەروونی خۆم دەرئەبڕی .

● کەی گۆرانی ئەبێتە، خۆراکی گیان ؟

ـ ئەوکاتەی پێویستی‌یە بنەڕەتیەکانی ئیمە ژیانیە مسۆگەر بکاو ببێتە پارچەیەك لەهەست‌و لێکدانەوەی کۆمەڵو هونەرمەند بیر لەو ڕاستی‌یە بکاتەوە کە گۆرانی ئەنیا بۆ وەخت بەسەربردن نی‌یەو پێویستی‌یەکە لە پێویستی‌یەکانی گۆڕان‌و بەردەوام‌بڕون ٠

● پەیوەندی ئێوان هۆنراوەو ئاواز چیە ؟

ـ بێ‌گومان هیچ گۆرانیەك بەبێ پوونی ئەو دوو رەگەزە لەدایك نابێ ٠٠ بەلای منەوە کاتی ئەوە هاتووە هونەرمەندی کورد لەو راستی‌یە ووریابێتەوە کە دروست بوونی گۆرانی‌نەنیا بەو دوو شتە کۆتایی نایەت‌و پێویستە گۆرانی کوردی ناوەرۆك‌و شێوەیەکی تازە بگرێتە خۆی کە لەگەل پێویستی‌یەکانی ئەم سەردەمە بگونجێ ٠

● لەو بارەوە چی لە ئارادایە ؟

ـ هەنگاوی ئیمەرۆ بۆ سڵ‌مینەوە ئاسۆیەکی رووناکی لەبەردەمدایەو هونەرمەندی کورد خەو بە سبەینێیەکی گەشتر ئەبینێ .

● خۆشەویستی هونەر لە کوێوە هەڵئەقوڵێ ؟

ـ سەرچاوەی هەموو داهێنان و جوانی‌و خۆشەویستیەك لە چاوی نیشتیمانەوە هەڵئەقوڵێ‌و هونەرمەند بەشێکە لەو

● چی تر ٠٠؟

ـ سوپاس ٠

ئەم گیان لەبەرە بەبێ دەنگ‌یەلامارەدا !

نزیکەی ١٥٠ ملیۆن ساڵ ئەبێ کە سیسرك لەسەر زەوی ئەژی ، لەهەل هەموو ئۆرانێکی ئاوو هەواو جیۆلۆجی‌دا هەرزیاوە ، لەبەر ئەوەی توانایەکی تەواوی هەیە کە لەگەل دەورو بەرە ئەیا بکونجێ ٠

بەڵام وەئەبێ ئەزانرابێ کە ئەم گیان‌لەبەرە بچوکە لەم رۆژگارە تازەیەدا مەترسی بۆ مرۆڤ هەیە ، بەهۆی ئەوەوە کە زۆر بە گورجی زیادئەکەن‌و زۆر ئەبن ٠

تەنانەت لە ئەوروپادا کار بە دەستانی شارەوانی خەلکی لە بارەی لەناوبردنیانەوە ئاتادار ئەکەن ٠ ئەم سیسرکانە هەمو هاونێیك دو چەندانی ساڵی رابوردویان زیادئەکەن ٠

هۆی زۆربون‌و مانەوەو ژیانی ئەم گیانەبەرانە ئەوەیە شتی پیس‌و باشماوەی خواردەمەنی زۆر فڕێ ئەدرێ‌و ئەو سیسرکانەش بەوانە ئەژین ٠

بەڵام مەترسی بۆسەر ئەندروستی مرۆڤ وەئەبێ بەنیا هۆ سیسرەکانەن ، بەڵکو ئەوەیە ئەمانە بە قاچەکانیانەوە و هەموو لەشیانەوە شتی پیس‌و میکروب لەگەل خۆیانا ئەبەن ٠٠ کیمیاشناسەکان لە دوای لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتوە کە سیسرك ٧ جۆر پیسی ئەخۆشیدارو ٥٩ جۆر میکرۆبی سامناك‌و ٢٦ جۆر کرم لەگەل خۆیا هەڵئەگرێ ٠

سیسرك لە شوێنی تارێك‌و شێداردا ئەژی کە بە زۆری شتی پیسی تیایێ ، بە شەوا ئەکەڕێ‌و سەوزو وشك بەبێ جیاوازی ئەخوات چونکە دو لاشەویلەی بەهێزی هەیە ٠

زانایانی گیان‌لەبەر شوناس ئەڵێن : هەمو سیسرکێك لە جێگایەکی ئاودارداو لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئەبیتە سەد دانە ٠٠ وە ئەبەر ئەمە پێویستە بە مادەی کیمیاتەریانە ئەم بەڵایە قەلاچۆ بکرێ ٠

٧ ملیون کەس لەناو بوری‌دا ئەژین

خەلکی دەوڵەتی چین بۆ ئەوەی خۆیان لە زیانی بومەلەرزەکان بپارێزن ئیستا زیاتر لە حەوت ملیون کەسیان لە شەقامەکانی بەکین‌و بەناکاکانی خۆشاردنەوەدا ئەژین ٠٠ زۆر لەو بەناکایانەی خۆیانی تیائەپارێزن ناو بڕی گەورەیە هەروەکو لەم وێنەیەدا دەرئەکەوێ لەگەل منالان‌و ئەندامی خێزانەکەیا خۆی تیا حەشارداوە ٠٠ دەوڵەت لەو جۆرە شوێنانە دا پزیشك‌و داوودەرمانی بۆ مسۆگەرکردون بۆ ئەوەی هەر کات برینداربون تیماریان بکەن‌و بڕی ئەندروستیان بپارێزن ٠

ساڵێکی جیهانی بۆمنالان

ئەنجومەنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی سەربەئەتەوە یەکگرتوەکان دەستی کردوە بە دانانی بەرنامەیەکی‌و کێشانی ئەخشەیەك بۆ ئەوەی ساڵێك بۆ منالانی جیهان دیاری بکرێ هەروەکو ساڵی ئافرەتان کە یەکەجار لە ساڵی ١٩٧٥دا رێك‌خرا ٠

ئەرویچ لەم روەوە پێشنیاری کردوە کە ساڵی ١٩٧٩ ساڵی منالانی جیهان بێ ٠

وە هەربەم پێیەیەوە راپورتێك لە بانقی دەوڵەتانەوە هاتوە کە ٩٠٠ ملیون کەس لە وڵاتەکانا گیروگرفتە کانیان بە شێوەیەکی تایبەتی دەرخستوە کە خواردەمەنی باش‌و سەربەرشتی ئەندروستیان نیە ٠

راپۆرتێکی تر لە رنکخراوی کاری دەوڵەتانەوە ئەڵێ : سەر ژماری ئافرەتە کرێکارەکان لە جیهانی سێیەمدا تا ئیستا کەیشتۆتە ٣٨٥ ملیون کرێکاری ئافرەت ٠٠ وە وا چاوەڕوان ئەکرێ ئەم ژمارەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ دا بکاتە ٥٨٨ ملیون ٠

راپورتەکەی رنکخراوی کاری دەوڵەتان کە دەزگای کاری دەوڵەتان لە قاهیرە بڵاوی کردۆتەوە ئەڵێ : نیسبەتی کرێکارە ئافرەتەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم کەیشتوتە ٦٤٪ی هەموو ئافرەتانی جیهان ، وە هەروەها وەکو بەراورد کراوە ئەم نیسبەتە ئەگاتە ٧٠٪ لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠دا ٠ راپۆرتەکە وای‌داناوە ئەبەر ئیش‌کردنی ئافرەتان بەم جۆرەو بە فراوانی بروات لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا زۆربەی ئەو ئیشانەی ئیستا بیاوان ئەیکەن ئەکەوێتە دەست ئافرەتان‌و بیاوان زۆرتری بە ئیش‌و کاری ناومالەوە خەریك ئەبن ٠

Institut Kurde de Paris